# لاوان

## 53-54

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

بەهاری ٢٧١٤ی کوردی (١٣٩٣)
دەوری دووهەم، ساڵی چواردەهەم

فایلی ژمارە:
فیدراڵیزم لە ئێرانی فرە نەتەوەدا


- دوورنمای فیدراڵیزم
- ڕامانێک لە فیدراڵیەت
- فیدراڵیزم، ئاڵترناتیوی دەسەڵاتدارێتی سەرەڕۆ
- ستراتیژییەکی هەڵە
- وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵا سۆهرابی
  نوێنەری پێشووی پارلمانی ئێران و ئەندامی بەرەی یەکگرتووی کورد
- وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ بەڕێز جەلال خۆشکەلام
  ئەندامی ڕێبەریی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و فیدراڵیزم لە ئێران دا
- فیدراڵیزم، ڕێگاچارەیەکی گونجاو نیە بۆ کێشەی گەلی کورد
- بە بیانووی "شەست ساڵ"




وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ ڕێزدار سەید برایم عەلیزادە
سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران



وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ ڕێزدار حەسەن جاتەمی
ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان





## وته بەنرخەکانی شەهیدی نەمر دوکتور سادق شەرەفکەندی!

ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕات، حیزبی شەهیدان، ئەم ئەرکە گرانە کە کەوتۆتە سەر شانمان زۆر باش هەست پێ دەکەین‌و زۆر بە ئاگاهی‌یەوە بڕیاری یەکجاریمان داوە کە هەموو هێزو توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، یانی ڕێگای خەباتی کۆڵنەدەرانە لە پێناوی ئازادی‌و دێمۆکڕاسی‌و مافە ئینسانی‌یەکان‌دا بکەین تا لەم ڕێگایەدا ــ کە ڕێگای سووری شەهیدانە ــ یان سەر بکەوین، یان بە شانازی‌یەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دابنێین.

لاوان

ژماره: ٥٤-٥٣

دەوری دووهەم، ساڵی چواردەیەم

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

٢٠١٤ی زایینی ٢٧١٤ی کوردی(١٣٩٣)

**خاوەن ئیمتیاز:**

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



فێدڕالیزم، ئاڵترناتیوی دەسەڵاتداریتی سەرەڕۆ!




مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکانو فیدڕالیزم لە ئێراندا



لێکدانەوەی چەند مێژوونووسێکی شووڕەوی(رووس) لەسەر جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد!




٥٠٠ ساڵەی دابەش بوونی کوردستانو دۆزی رەوای کورد



فێدڕالیزم، رێگاچارەیەکی گونجاو نییە بۆ کێشەی گەلی کورد!

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن: www.lawan.com/farsi – www.lawan.com

**سەرنووسەر:**
سەید جەلال ساڵحی
Email:
jalalsalehi@yahoo.com

**بەرگ:**
ئەیووب شەهابیراد

**دیزاینی ناوەوە:**
ئازاد محەممەدزادە

**دەستەی نووسەران:**
مەنسوور سەممار
عەباس حەقبین
سامان فەقێنەبی
ئازاد محەممەدزادە

**تایپ:**
سمکۆ عوسمانی
فەرهاد ئیسفەندیاری
سیامەند شێخەپوور

**بۆ پێوەندی زیاتر بە لاوانەوە:**
Email:
lawan1945 @yahoo.com

وتەی ژمارە:

# بەرەو حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یادگارێکی کۆمەڵەی «ژ.ک» لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕەوڕەوەی خەباتی ڕزگاری خوازیی کورد لەو بەشەی وڵاتدا تۆمار کردوە.

یەکیەتیی لاوان لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەردەوام نوێ بوونەوەی بەخۆیەوە دیوە؛ بە تایبەتی لە سەردەمی کۆماری کوردستانو هەروەها لە جەریانی جووڵانەوەی چەکداریی ساڵەکانی **٤٦ـــ٤٧** و دواتر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی **١٣٥٧**ی هەتاویدا.

لە قۆناغی هەنووکەییشدا یەکیەتیی لاوان لە سۆنگەی باوەڕمەندی بە بەها و بنەماکانی مافی مرۆڤو هەروەها تەرکیز خستنەسەر هێڵی نەتەوایەتی وەک گرینگترین پێداویستی ئەمڕۆیی نەتەوەیی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ڕۆڵ دەبینێو لە ژێر ڕووناکایی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی شەشەمی، هەوڵی بەردەوامی داوە کە لە چوارچێوەی ڕەچاو کردنی هێڵی نەتەوایەتی پێوەندییەکانی لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە توێژی لاوان لە هەر چوار پارچەی کوردستان پتەوتر بکا.

لەو ماوەیەدا سەرەتا بە ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانو دواتر بە گرتنە ئەستۆی سەرۆکایەتی فێدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێرانو گرتنی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەورو ڕۆڵی خۆی بەرپرسیارانە بەجێ گەیاند.

لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، یەکیەتیی لاوان بە بەشداریی لە سێیەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕمیلان(ڕۆژئاوای کوردستان) بە کردەوە بێ نرخی سنوورە دەستکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردستانی دووپات کردەوە. لە لایەکیتر لە سەرجەم کۆڕو سمینارەکاندا پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستانو دەستکەوتەکانی دەربڕیوەو لە هەوڵدان بە مەبەستی بەڕێوە بردنی چوارەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچە درێغی نەکردوە.

لەم نێوەشدا یەکیەتیی لاوان لە چوارچێوەی باوەڕمەندی بە پڕەنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەییو نوێ کردنەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا حەوتەمین کۆنگرەی خۆی دەبەستێو لە ڕێگای دەنگو ویستی بەشدارانی کۆنگرە هەنگاوەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی پتەوتر دەکا و بە گیانێکی نوێو بە ڕۆحێکی شۆڕشگێرانە بۆ لابردنی کۆسپو لەمپەرەکانی سەر ڕێگای خەبات تێدەکۆشێ.

سامان فەقێنەبی

# فایلی ژمارە:

## فیدرالیزم لە ئێرانی فرەنەتەوەدا





# فیدڕالیزم، ئاڵترناتیوی دەسەڵاتداریێتی سەرەڕۆ!






ڕەحمان پیرۆتی

**پێشەکی:**

بە شێوەیەکی گشتی، پێوەندی نێوان حکوومەتی ناوەندی و ژێر کۆماکانی (زیرمجموعە)، لە وڵاتانی جۆراوجۆر، بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکرێن. باوترین شێوە، ئەو سیستمانەن کە دەسەڵات بە تەواوێتی لە ناوەند کۆ بۆتەوەو دەوڵەتی ناوەندی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەسەر داموو دەزگاکانی ژێرکۆمای خۆیدا حکوومەت دەکا. شێوەی دووەم، سیستمی کۆنفیدڕاسیۆنە کە لەمەیاندا، یەکیەتییەکی ڕواڵەتی لەنێوان ویلایەتە سەربەخۆکان دروست دەکرێ. لە یەک کۆنفیدڕاسیۆن، حکوومەتی نەتەوەیی لاوازەو تەواو یا تەقریبەن تەواوی دەسەڵاتەکان لە دەستی لایەنەکانی پێکهێنەری حکوومەت، وەکوو ویلایەتە جیاوازەکان دایە. گرینگ‌ترین کۆنفیدڕاسیۆنەکانی ئەمڕۆی جیهان بریتین لە: سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتی ئوروپاو یەکیەتی عەرەب. سێیەمین سیستم، سیستمی حکوومەتی فیدڕاتیڤە کە لەم شێوە بەڕێوەبەرایەتییەدا، دەوڵەتی ناوەندی خاوەن دەسەڵاتێکی ڕێژەیی‌یەو ویلایەتەکانی ژێرکۆماشی دەسەڵات و هێزی بەرچاویان هەیە. ئێستا، زیاتر لە بیست و پێنج وڵاتی جیهان لەوانە وڵاتانی کانەدا، برێزیل، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوستوڕالیا، هێندوستان و ئاڵمان بە شێوەی فیدڕاڵ بەڕێوە دەبردرێن.

سیستمە حکوومەتی و تیۆرییە سیاسی‌یە جۆراوجۆرەکان بەرهەم و دەرەنجامی ڕەوت و هەلومەرجی مێژوویی جیاوازن. هەنووکە، فیدڕالیزم وەکوو ئامرازێکی لێک گرێدانی ئاشتی‌یانەی جیاوازی نەتەوەیی، ئێتنیکی، کولتووری، ئایینی و زمانی لە بنیات‌نانی دەوڵەتێکی کارا و یەکگرتوو ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ، کەواتە لێکۆڵینەوە لە چییەتی پێوەندی‌یەکانی نێوان حکوومەتی ناوەندی و ویلایەتەکانی ژێرکۆمای حکوومەتی فیدڕاڵی دەتوانێ وەڵامدەری بەشێکی هەراو لە پرسیارە ئارایی‌یەکانی پێوەندیدار بەو سیستمە بێ. لێکۆڵینەوە لەو سیستمە، کاناڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو پرەنسیپە سەرەکی‌یانەی کە سنووربەندی نێوان حکوومەتی ناوەندی و ژێرکۆما سیاسی‌یەکانی دیاری دەکا.

**چەمکی فیدرالیزم:**

سەرەڕای ئەوە کە بە درێژایی مێژوو، دابەش کردنی دەسەڵات لەنێوان ئیمپراتۆڕ، دەوڵەت و گەورەشارەکان بە شێوازی جۆراوجۆر بوونی هەبووە، بەڵام دابەش‌کردنی دەسەڵات و حاکمییەت لەنێوان خەڵک و دەوڵەتەکان دیاردەیەکە کە تا سەردەمی ڕێنێسانس و شۆڕشە کۆمەڵایەتی‌یەکان بوونی نەبووە و بەرهەمی خەباتی لیبڕاوانەی خەباتگێڕان و ڕووناکبیرانی سەردەمی ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەیی‌یە. بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، دەسپێکی سەرەتایەکی نوێ لە گۆڕانکاری گەورەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی بوو و کۆمەڵانی خەڵک ئاگایانەو بە ئیرادەی بەهێز لە بنیاتنانی دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان، ڕۆڵی کارا و چارەنووس سازی خۆیان گێڕا کە لە «گرێ‌بەستی کۆمەڵایەتی» «ژان ژاک ڕۆسۆ» تەرکیزی لەسەر کرا: «نەتەوەکان، کاتێک بەڕاستی نەتەوە بە ئەژمار دێن کە دەسەڵاتی خۆیان، واتە دەوڵەتی خۆیان دروست کردبێ»، بەڵام لە دروست کردنی دەوڵەتیش‌دا کێشەیەکی گەورە هەیەو: «پێویستە سەرەتا دەوڵەت، توانای کۆنترۆڵ کردنی دانیشتووان و هاووڵاتیانی خۆی هەبێ و لە قۆناغی دواتردا دەبێ ناچار بکرێ کە خۆشی کۆنترۆڵ بکا». هەر لە ڕەوتی گۆڕانکاری‌یە کۆمەڵایەتی و

ئابووری‌یەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، یەکەم نیشانەکانی فێدڕالیزمی ئەمڕۆیی، لە چوارچێوەی دابەشکاری‌یەکانی دەسەڵات لە رابردوو، دەرکەوتن، بەڵام تا بەرلە سەدەی شازدەیەمی زایینی پێناسەو تاریفێکی دیار لە فێدڕالیزم ناکەوێتە بەرچاو. یەکەم پێناسەی تیۆریک‌و فەلسەفی فێدڕالیزم، بەرهەمی بیردۆزی‌و لێ‌ڕوانینی «یوهانس ئاڵتۆزیۆس» یاساناس‌و فیلسووفی سیاسی ئاڵمانی سەدەی شازدەیەمە کە لە کتێبی «سیاسەتی شێوازمەند»(Politica Methodice Digesta) شرۆڤەی کردوە. دۆکتۆرینی ئەو پەرتووکە، بنیاتنانی شێوە بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی هاوشێوەی پێوەندی‌یەکی سیاسی بنکە فراوانە کە لە ڕێگەی ئەنجومەنەکان‌و لەسەر بنەمای ڕەزامەندی هاووڵاتیان، نەک بە بڕیاری دەوڵەت‌و گەلالەی چینی بژاردە دامەزرابێ. «پێکهاتەی بۆڕۆکراتیکی فیۆداڵی دەوڵەت دەبێ بە شێوەیەکی نوێ لە فێدڕالیزم، لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی بگۆڕدرێ. یاسای بنەڕەتی دەبێ لەسەر بنەمای خودموختاری‌و ڕەخساندنی هەل بۆ کارکردنی لایەنەکان‌و هەروەها بەشداری پێ‌کردنیان لە پێک هێنانی هەڤاڵ‌بەندی‌یەکی گەورەدا گەڵاڵە بکرێ. ئەو لایەنانە لە بنەماڵەڕا بگرە تا یەکیەتی پیشەیی، کاربەدەست‌و خاوەن‌پیشە جۆراوجۆرەکان‌و هەروەها شار، پارێزگاو دەوڵەتەکان، بە بەشداری پێ‌کردنیان، ئیمپراتۆری‌یەکی بەدەسەڵات بنیات دەنێن». ئاڵتۆزیۆس بنەمای تیۆریکی بۆ هەڵس‌وکەوت لەگەڵ پرسی حاکمییەت خستەڕوو و ژێرخانی فەلسەفی پێویستی بۆ ساز کرد.

دوابەدوای ئەوە بیرمەندان‌و زانایانی وەکوو کانت، مۆنتێسکیۆ، ژۆزێف پرۆدۆن، باکۆنین، کرۆپۆتکین، ڕێیمۆن ئارۆن، سەن سیمۆن، کارلۆ، تۆکۆیل‌و هتد. لەمەڕ چەمکەکانی کۆماری فێدڕاتیو باس‌و گەنگەشەیان کردوە. ڕێیمۆن ئارۆن بەم شێوە رای خۆی دەربڕیوە: «لە ژمارەیەک وڵات، فێدڕالیزم وەڵام دانەوەیەکە بۆ کێشەی پێکەوەژیانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەنێو سنوورەکانی یەک وڵات»دا. مۆنتێسکیۆ بەم ئاکامە گەیشتووە کە:» ئەو شێوە حوکمڕانی-یە بریتی‌یە لە ڕێک کەوتن‌نامەیەکی نێوان لایەنە سیاسی‌یەکان کە بەگوێرەی ئەو، کار بۆ بوون بە شارۆمەندانی دەوڵەتێکی گەورەتر دەکرێ کە بڕیارە دابمەزرێندرێ. ئەو پێکهاتە نوێ‌یە،

**هەر لە ڕەوتی گۆڕانکاری‌یە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری یەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، یەکەم نیشانەکانی فێدڕالیزمی ئەمڕۆیی، لە چوارچێوەی دابەشکاری‌یەکانی دەسەڵات لە رابردوو، دەرکەوتن، بەڵام تا بەرلە سەدەی شازدەیەمی زایینی پێناسەو تاریفێکی دیار لە فێدڕالیزم ناکەوێتە بەرچاو!**

● ●

کۆمەڵەی جۆراوجۆری لەخۆی‌دا کۆ کردۆتەوەو بۆی هەیە بە پەیوەستبوونی لایەنەکانی دیکە گەورەتریش بێ».

فێدڕالیزم، یەکیەتی چەند دەوڵەتی سەربەخۆ و پێک هێنانی دەوڵەتێکی ناوەندی یەکگرتوو لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی‌یە. لەڕاستی‌دا، فێدڕالیزم میکانیزمێکی شیاو بۆ دابەش کردنی دەسەڵات‌و سامان بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی‌و بە ڕەزامەندی لایەنەکان، لە نێوان دەوڵەتی فێدڕاڵ‌و ژێرکۆما سیاسی‌یەکانی ئەو دەوڵەتەیە. لەم سیستمەدا، دەوڵەتانی پێک‌هێنەری حکوومەت، وێڕای پاراستنی مافە بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانیان، چاوپۆشی لە هێندێک لە دەسەڵات‌و مافەکانی خۆیان وەکوو بەرگری نەتەوەیی‌و سیاسەتی دەرەوە بە قازانجی دەوڵەتی ناوەندی دەکەن‌و دەوڵەتی ناوەندی بە نوێنەرایەتی لە هەموو ئەو دەوڵەتە پاژەکی-یانە ئەم بەرپرسیارەتی‌یانە ڕادەپەڕێنێ.

بەم شێوە دەکرێ فێدڕالیزم وەکوو یەکیەتی چەند دەوڵەتی سەربەخۆ پێناسە بکرێ کە بە هۆکاری جۆراوجۆری سیاسی(بۆ وێنە مەترسی سیاسی ـــ نیزامی)، ئابووری(گەیشتن بە خۆش بژێوی هاوبەش)، جوغرافیایی(بەربڵاوبوونی پانتایی وڵات) و فاکتەری ئینسانی(جیاوازی نەتەوەیی‌و گرووپە ئێتنیکی، ئایینی‌و کولتووری‌یە جۆراوجۆرەکان) لە پێک هێنانی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێزدا بەشداری دەکەن‌و بەرپرسایەتی‌یە دووانەیی‌یە نەتەوەیی‌و ناوچەییەکان، جیا و دیاری دەکەن. لە سیستمە فێدڕاڵەکان‌دا هیچ کام لەو دوو لایەنە ـــ دەوڵەتی نەتەوەیی‌و دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکان ـــ مافی دەست تێوەردانیان لە کاروباری یەکتردا نیە.

دەوڵەتانی ناوچەیی وەکوو یەکەی سیاسی سەربەخۆ بەئەژمار دێن، لە دابەش کردنی دەسەڵات‌و بەرپرسایەتی‌یەکان بەشداری یەکسان‌و هاوئاهەنگ دەکەن، هەرکام لە حکوومەتە ناوچەیی‌یەکان لەمەڕ پرسە نێوخۆیی‌یەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی سەربەخۆیەو هەمووان بە شێوەیەکی یەکسان لە سەرچاوە، ئیمکانات‌و داهاتی وڵات بەهرەمەند دەبن. پرسی هەرەگرینگ ئەوەیە کە هەموو ئەو پرۆسەیە، بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی فێدڕاڵ ڕێک دەخرێ واتە، هەر دەوڵەتێکی فێدڕاڵ، یاسای بنەڕەتی هاوبەشی هەیە کە پێوەندی نێوان دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دیاری دەکا. یاسای بنەڕەتی، وەکوو کۆنتراکت‌و گرێ‌بەستی هاوبەش هەم لە نێوان حکوومەتە ناوچەیی‌یەکان‌و هەروەها حکوومەتە ناوچەیی‌یەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی‌یەو پەسەندکران‌و پێداچوونەوەو گۆڕینی ئەو یاسایانە، دەبێ بە بەشداری گشت دەوڵەتانی پێک هێنەری حکوومەتی فێدڕاڵ بێ.

### شێوازەکانی دروست بوونی دەوڵەتێکی فیدراڵ:

هەنووکە زیاتر لە بیستو پێنج وڵاتی جیهان، بە سیستمی حوکمڕانی فێدڕاڵیستی بەڕێوەدەبردرێن: لە ئاسیا (هێندوستان، میانمار، مالێزیو عێراق)، ئوروپا (رووسیە، بێلژیک، ئۆتریش، ئاڵمان و سوئیس)، ئەمریکا (کانادا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مێکزیک، برێزیل، ئارژانتینو کۆلۆمبیا) ئەفریقا (نیجێریە، کامێرۆن، کۆمۆر، ئۆگاندا، تانزانیاو ئەفریقای باشوور)و لە ئۆقیانووسیەو ئۆستوڕاڵیا. سیستمی فێدڕاڵیستی هەر کام لەو وڵاتە جیاوازو سازوکاری تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بەگشتی لەسەر بنەمای یەکێک لەو دوو شێوازەی خوارەوە پێک هاتوون:

ئەلف: یەک‌گرتنو هاتنە نێو یەکتری: واتە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ یەک دەگرن، یا ئەوەی کە دەبنە یەکو دەوڵەتێکی گەورەترو بەهێزتر لە دەوڵەتە ژێرکۆماکان دادەمەزرێنن. بەو شێوازە هەر یەک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سوئیس، کانادا و ئوستوڕاڵیا و یەکیەتی ئەفریقای باشوور پێک هاتوون. لەو شێوە فێدڕالیزمەدا، مافی دەوڵەتە ئەندامەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆرە، چونکە دەوڵەتانی پێک هێنەری دەوڵەتی فێدڕاڵ تەنیا واز لە هێندێک دەسەڵاتو مافی خۆیان بۆ دەوڵەتی یەکگرتوو دێننو هەوڵ دەدەن بە پاراستنی زۆرینەی مافەکانی خۆیان، لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فێدڕاڵی کەم بکەنەوە.

ب: یەک‌گرتن بە لێک جیابوونەوە: واتە یەکیەتی فێدڕاڵی لە ڕێگای لێک دابڕانو لێک بوونەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناوەندئاژۆ بۆ چەند دەوڵەتی ئەندام یا چەند ویلایەتێک پێک دێ کە لە ژێر سێبەری دەوڵەتێکی یەکگرتووی فێدڕاڵدا هەرێمەکانیان بەڕێوە دەبەن. هەرکام لە یەکیەتی سۆڤیەتیی پێشوو، برێزیل، ئارژانتین، مێکزیک، ڤێنێزۆێلا، کۆلۆمبیا، هێندوستان، مالێزی، نیجێریەو یۆگسلاڤی پێشوو دەکرێ وەکوو نموونەی ئەم جۆرە پێک‌هاتنە ئاماژەیان

**دەوڵەتانی ناوچەیی وەکوو یەکەی سیاسی سەربەخۆ بەئەژمار دێن، لە دابەش کردنی دەسەڵاتو بەرپرسایەتی‌یەکان بەشداری یەکسانو هاوئاهەنگ دەکەن، هەرکام لە حکوومەتە ناوچەیی‌یەکان لەمەڕ پرسە نێوخۆیی‌یەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی سەربەخۆیەو هەمووان بە شێوەیەکی یەکسان لە سەرچاوە، ئیمکاناتو داهاتی وڵات بەهرەمەند دەبن!**

●●

پێ بکرێ؛ بەم هۆیەوە کە ئەو دەوڵەتانە، دەوڵەتی یەکگرتووی سادە بوون کە لە ژێر گوشاری حەرەکەتی شوناس ویستانەو ماف‌خوازانەی نەتەوە پێک هێنەرەکانی ئەو وڵاتانە، ناچار بوون تا سیستمی فێدڕاڵی وەک ڕێگاچارەیەک بۆ پێش‌گرتن لە جیابوونەوەو سەرهەڵدانی شۆڕشو حەرەکەتی سەربەخۆخوازانە، پەسەند بکەن. ئەزموون نیشانی داوە کە لەو شێوازەدا، دەوڵەتی فێدڕاڵی زیاترین ڕێژە لە دەسەڵاتەکان بۆ خۆی پاوان دەکاو سەرەڕای ئەوە کە ڕێژەو ئاستی دەسەڵاتەکان لە بڕگە یاساییەکان‌دا دیاری دەکرێن، بەڵام بە کردەوە لە بەشێک لە مافو دەسەڵاتە دیاری کراوەکانیان بێ‌بەش دەکرێن.

### پرەنسیپە سەرەکیەکانی سیستمی فێدراتیو:

هەر سیستمێکی فێدڕاتیو لەسەر بنەمای سێ پرەنسیپی سەرەکی جێگیرە:

**١: ئەسڵی دیاری کردن یا جیاکردنەوە:** بەپێی ئەم ئەسڵە، دەسەڵاتی سیاسی لە سیستمێکی فێدڕاڵدا بەسەر دوو ئاستی نەتەوەیی ــــ ناوەندیو ناوچەیی دابەش دەکرێ؛ بەم شێوە کە بەشێک لەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای بنەڕەتی فێدڕاڵ دیاری دەکرێن، بە دەوڵەتی ناوەندی رادەسپێردرێن. لەم ڕەوتەدا، بەرژەوەندی نەتەوەییو ناوچەیی لێک جیا دەکرێنەوەو هەر دوو یەکەی سیاسی، بەرپرسایەتی راپەڕاندنی ئەرکەکانیان وەئەستۆ دەگرن. بەڵام هەندێ جار بە گوێرەی ئەولەوییەتە بەرژەوەندی‌یە نەتەوەییەکان، دەوڵەتی فێدڕاڵ بەسەر دەوڵەتە ناوچەییەکان‌دا بانترەو پێویستە ئەو دەوڵەتانە کردەوەو هەنگاوەکانی خۆیان لەگەڵ ڕێڕەو و یاساکانی فێدڕاڵی ڕێک بخەنو دەوڵەتی ناوەندی چاوەدێری ڕەوتەکە دەکا.

**٢: ئەسڵی خودموختاری:** بەپێی ئەم پرەنسیپە، پێویستە دەوڵەتە ناوچەییەکان لە گشت دەسەڵاتەکانی یاسادانان، بەڕێوەبەریو قەزایی بۆ راپەڕاندنی کاروباری ناوچەیی خۆیان بەهرەمەند بن. هەرکام لەو دەوڵەتانە یاسای بنەڕەتی ناوچەیی، سەرۆکی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری، نوێنەرانی پارلەمانو بەرپرسانی دادپەروەری تایبەت بە خۆیان هەیە کە لە ڕێگای هەڵبژاردنو لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. هەروەها یاسای بنەڕەتی فێدڕاڵ، خودموختاری ڕێژەیی هەرکام لەو دەوڵەتە ناوچەیی‌یانە بە فەرمی دەناسێو بە جەخت -کردنەوە لەسەر جیاکردنەوەی بەرپرسایەتی‌یەکان، ڕێگە دەدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادا حاکمییەتی خۆیان بکەن.

**٣: ئەسڵی بەشداری کردن:** دەوڵەتە ناوچەییەکان تەنیا بەرپرسی راپەڕاندنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان نین، بەڵکوو بە هاوکاری یەکترو لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە لە ئیدارەی دەوڵەتی نەتەوەییو فێدڕاڵدا بەشدار دەبن. بە گشتی، ئەو بەشداری‌کردنە لە ڕێگای پەرلەمانی دووهەمەوە (وەکوو مەجلیسی سێنا لە ئەمریکاو شووڕای ویلایەتەکان لە ئاڵمان) دەکرێ کە نوێنەرانی تەواوی دەوڵەتە ناوچەییەکان لەخۆ دەگرێ. دەوڵەتە ناوچەییەکان بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکاو ئاڵمان لە کاروباری پلان‌دانان‌و دیاری کردنی ڕێ‌و شوێن‌و...، پرسە گرینگەکانی وڵات لایەنی ڕاوێژکاری حکوومەتی ناوەندی بە ئەژمار دێن.

**میکانیزم‌و سازوکار:**

بەپێچەوانەی سیستمە سیاسی‌یە یەک‌پارچەکان، میکانیزمەکانی سیستمی فێدراڵی بۆ دەسەڵاتداریێتی لە وڵاتانی فێدراڵیستی بەهۆی چییەتی دووانەی ئەو سیستمە پێچاوپێچە. لەو وڵاتانە لە لایەک دەوڵەتی ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دەسەپێنێ‌و لەلایەکی‌تر، دەوڵەتانی ناوچەیی لە سنووری جوغرافیایی دیاری کراوی خۆیان‌دا حکوومەت دەکەن. لەڕاستی‌دا پێوەندی ئارایی ئەو سیستمانە چەند ڕەهەندی‌یە. پێوەندی نێوان خەڵک‌و دەوڵەتی فێدراڵ‌و دەوڵەتانی ناوچەیی، پێوەندی نێوان دەوڵەتانی ناوچەیی‌و دەوڵەتی فێدراڵ‌و سەرەنجام پێوەندی نێوان دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکان.

دام‌و دەزگاکان: بۆ ڕێکخستن‌و هاوئاهەنگ کردنی ئەو پێوەندی‌یانە لە وڵاتانی فێدراڵ، بە گشتی دوو دەستە دام‌و دەزگا بنیات دەنرێن: یەکەم، ئەو دامەزراوانەن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی ناوەندی دان‌و بە نوێنەرایەتی لە سەرتاسەری وڵات کارەکانیان ڕادەپەڕێنن. لەو سیستمەدا، دەوڵەتی ناوەندی لە سێ دەسەڵاتی سەربەخۆ پێک دێ، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە متمانەیان پێ‌دەدرێ. لە ئەمریکا سەرۆک کۆمار لەلایەن خەڵک‌و لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەخۆو لە ئاڵمان لەلایەن لێژنەیەکی پێک‌هاتوو لە پارڵەمانتارانی فێدراڵ‌و نوێنەرانی ویلایەتەکان هەڵدەبژێردرێ.

دەزگای یاسادانان لە گشت وڵاتانی فێدراڵیستی، لە دوو پارڵەمان پێک هاتووە: پارڵەمانی ئەوەڵ نوێنەرایەتی تەواوی چین‌و توێژەکانی وڵات دەکاو هەر ویلایەتێک بەپێی ڕێژەی حەشیمەتەکەی، نوێنەری لەو پارڵەمانەدا هەیە(ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا). پارڵەمانی دووهەم، لە

**پێوەندی نێوان خەڵک‌و دەوڵەتی فێدراڵ‌و دەوڵەتانی ناوچەیی، پێوەندی نێوان دەوڵەتانی ناوچەیی‌و دەوڵەتی فێدراڵ‌و سەرەنجام پێوەندی نێوان دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکان. دام‌و دەزگاکان: بۆ ڕێکخستن‌و هاوئاهەنگ کردنی ئەو پێوەندی‌یانە لە وڵاتانی فێدراڵ، بە گشتی دوو دەستە دام‌و دەزگا بنیات دەنرێن: یەکەم، ئەو دامەزراوانەن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی ناوەندی دان‌و بە نوێنەرایەتی لە سەرتاسەری وڵات کارەکانیان ڕادەپەڕێنن!**

● ●

نوێنەرانی ویلایەتەکان پێک دێ‌و لەڕووی ژمارەی نوێنەران، هەموو ویلایەتەکان یەکسانن ـــــ جگە لە سیستمی فێدراڵی هێندوستان، ئاڵمان‌و کانادا کە هەرێمە پڕحەشیمەتەکان، نوێنەرانی زیاتریان لە پارڵەمانی دووەم‌دا هەیەـــــ .

بە پێی پڕەنسیپەکان، هەر دوو پارڵەمان خاوەن دەسەڵاتی یەکسانی یاسادانان، هەرچەند کە گەڵاڵەکردنی یاساکانی پێوەندیدار بە بوودجە لە دەسەڵاتی پارڵەمانی یەکەم دایە. لەڕاستی‌دا، ڕادەو چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەڵاتی پارڵەمان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا جیاوازە؛ بۆوێنە مەجلیسی سێنای ئەمریکا بە بەراورد بە ئەنجومەنی نوێنەران خاوەن دەسەڵاتێکی زیاترە، لەحاڵێک‌دا کە پارڵەمانی فێدراڵی ئاڵمان (پارڵەمانی یەکەم) دەسەڵاتی زیاتری بە بەراورد بە شووڕای فێدراڵ هەیە.

دەزگای دادوەری لە وڵاتانی فێدراڵیستی خاوەن پێگەیەکی تایبەتە، چونکە دوو ئەرکی گرینگی جگە لە ئەرکە ئاسایی‌یەکانی هەموو سیستمە قەزایی‌یەکان هەیە:

یەکەم، ناوبژیوانی لەنێوان ویلایەتەکان، نێوان ویلایەتەکان‌و دەوڵەتی فێدراڵی‌و سەرەنجام نێوان خەڵک‌و دەوڵەت‌و ویلایەتەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی‌یەکان‌و چارەسەری گیروگرفت‌و کێشەکان.

دووەم، ئەوە کە بەرزترین سەرچاوەی دادوەری فێدراڵ (دیوانی بەرزی وڵات لە کانادا، ئەمریکا، برێزیل‌و هێندوستان یا دادگای یاسای بنەڕەتی لە ئاڵمان، ئۆتریش‌و ڕوسیە)، بەرپرسی هاوڕێکی‌و پێکەوەگونجاندنی یاسا پەسەندکراوەکانی دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکان‌و یاسای بنەڕەتی فێدراڵە؛ تا ئەو بڕگە یاسایی‌یانەی کە لەگەڵ یەک ناکۆکن، بە مەبەستی هەموار کردنەوە، پێداچوونەوەیان بۆ بکرێتەوە. لەڕاستی‌دا، دادگاکان پێویستە سەنگەری یەک یاسای بنەڕەتی بەرتەسک، لە بەرامبەر دەست‌درێژی دەزگای یاسادانان بن. بە شێوەیەکی گشتی، بەرپرسانی دەزگای دادوەری، بە پێشنیاری سەرۆک کۆمارو پاش پەسەندکردنی پارڵەمانی دووەم هەڵدەبژێردرێن.

دەسەڵات‌و سەڵاحیەتەکان: یاسای بنەڕەتی دەوڵەتی فێدراڵ لە دابەش کردنی دەسەڵاتەکانی حکوومەت، لە سیستمێکی دووانە پەیڕەوی دەکا؛ بەم شێوە کە بەڕێوەبەرێتی ئەو کۆمەڵە ئەرکانەی کە ڕەهەندی نەتەوەیی‌و فێدراڵی‌یان هەیە بە دەوڵەتی فێدراڵ‌و بەڕێوەبەرێتی کاروباری پێوەندیدار بە ناوچەکان یا پرسە ساکارەکان دەخاتە ژێر حاکمییەتی دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکان.

بەپێی مێتۆدێکی گشتی، دابەشکاری دەسەڵاتەکان لە سیستمە فێدراتیڤەکان‌دا بە دوو شێوەی سەرەکی دەبێ: یاسای بنەڕەتی فێدراڵی بەشێک لەو وڵاتانە، لە سەرەتاوە سەڵاحییەت‌و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی ناوەندی دیاری دەکا و ئیتر دەسەڵات‌و ئیختیاراتەکانی حکوومەت بە حکوومەتە ناوچەیی‌یەکان دەسپێرێ وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ یا ئەوە کە لە بنەڕەت‌دا هەموو

دەسەڵاتو بەرپرسیارەتی‌یەکان دەخرێتە ژێر چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسایی حکوومەتی فێدراڵو تەنیا ژمارەیەکی بەرتەسکو کەم لە بەرپرسیارەتی‌یەکان بە دەوڵەتانی ژێرکۆما رادەسپێردرێن، وەکوو سیستمی گەلاڵەکراو لە کانادا و هێندوستان. یاسای بنەڕەتی برێزیلو ئاڵمان بە کاریگەری وەرگرتن لە شێوازی یەکەم، کۆمەڵێک ئیختیاراتو دەسەڵاتی هاوبەشی بۆ دەوڵەتی فێدراڵو هەروەها دەوڵەتانی ناوچەیی لەبەرچاو گرتوە. لەڕاستی‌دا لە زۆربەی وڵاتانی فێدراڵ، بەرپرسیارەتی بنەڕەتی‌و ئەساسی‌یەکانی وڵات وەک سیاسەتی دەرەوەو بەرگری‌و کاروباری ئابووری‌و بازرگانی بە دەوڵەتی فێدراڵ دەسپێردرێن مەگەر ئەوە کە پێشتر بە ڕێککەوتن‌و سازان ئەو پرسانە لە یاساکان یەکلا کرابنەوەو کۆدەنگی‌یان لەسەر کرابێ. کێشەکانی سەرچاوەگرتوو لە جیاکردنەوەو دابەش کردنی دەسەڵاتەکان، لە دادگاکانی فێدراڵ چارەسەر دەکرێن.

## فێدراڵیزم‌و جیایی‌خوازی:

فێدراڵیزم بە مانای جیایی‌خوازی نیە، بەڵکوو ئەو سیستمە جگە لە سێ پێشهات لە یەکیەتی کۆماری‌یەکانی سۆڤییەت، یۆگسلاڤی‌و چێکسلۆڤاکی پێشوو، ئەزموونێکی تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتووی لە جێگیرکردنی یەکیەتی‌و سەقامگیری نەتەوەیی داوەتە دەست، بەڵام هەر کات دەوڵەتی ناوەندی نەتوانێ سیستمێکی دادپەروەرو هاوسەنگ لەنێو ویلایەتەکان دابمەزرێنێ، لەگەڵ مەترسی هەڵوەشانەوەو لێک‌ترازانی سیستمی فێدراڵی رووبەڕوو دەبێتەوە. دەوڵەتە ناوەندئاژۆو تۆتالیتێرەکان کە رادەی دەست تێوەردان‌یان لە کاروباری خەڵک‌و خۆهەڵقورتاندنیان لە گشت بەستێنەکان، بەرتەسک نابێتەوە لە نیهایەت‌دا بەرەوڕووی هەڵوەشانەوەو بچووک بوونەوە دەبنەوە. دەوڵەتی بچووک، دەتوانێ دەوڵەتێک بە چوارچێوەی جوغرافیایی بچووکتریش بێ. بەپێی بۆچوونی دەیوید تارۆ، نووسەری کتێبی «نافەرمانی مەدەنی»: «باشترین دەوڵـەت، دەوڵەتێکە کە بە شێوەی، لانی‌کەمو بەرتەسک حکوومەت بکا». دەوڵەتانی بچووک یا ئەوانەی کە بە سیستمی فێدراڵ حکوومەت دەکەن، لەگەڵ پێوانەکانی حکوومەتی لانـی‌کـەم، زیاتر تەبا و هاوڕێکن.

زۆربەی سیستمە فێدراڵیستی‌یەکان بە شێوەی دێمۆکراتیک‌و کۆماری بەڕێوە دەبردرێن، هەر چەند زۆربەی دێمۆکراسی‌و کۆماری‌یەکان، فێدراڵ نین. رێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان بەشێوەیەکی گشتی هۆگری ناوەندسڕینەوە(تمرکز زدایی)و دابەش کردنی دەسەڵاتو ئیختیاراتەکان لە چوارچێوەی نەتەوەیی‌دا نین، بەڵام هەم یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو و هەم یۆگسلاڤی‌و چێکسلۆڤاکی پێشوو بە سیستمی سیاسیی فێدراڵ کاریان دەکرد کە وێ‌دەچێ رەنگ دانەوەی حەشیمەت‌و جیاوازی موزاییکی وڵاتەکانیان بوو. لە هەرکام لەو وڵاتانە، تا کاتی هەرەس هێنان، حکوومەتی ناوەندی دەسەڵاتی یەکلاکەرەوەی لەدەست دابـوو. بە تەشەنەسەندنی دێمۆکراسی بۆ ئەو وڵاتانە، حکوومەتی نەتەوەیی ناچار بە گۆڕانکاری بوو و چەندین دەوڵەت نـەتـەوەی دیـکـە دروسـت بـوون.

بەپێی بۆچوونەکانی تۆکۆیل: «بۆ دامەزراندن‌و بەڕێوەبردنی حکوومەتێکی فێدراڵ، تەنیا یاسای باش‌و شیاو بەس نین، بەڵکوو پێویستە ئەو نەتەوانەی کە بڕیارە پێک بگرن‌و کار بەو یاسایانە بکەن، خاوەن هەندێک تایبەتمەندی هاوبەش بن، تا فرەیی جیاوازی‌یەکان نەبێتە لەمپەر لە بەردەم پرۆسەی پێکەوەژیان. نەتەوە پێکهێنەرەکانی حکوومەتی فێدراڵ، زۆربەی کات لەژێر چەتری بەرژەوەندی هاوبەش کۆدەبنەوەو هەر ئەو بابەتەشە کە پێوەندی زەینی‌و فکری بەشداری‌و یەکگرتوویی لە نێوانیان دروست دەکا».

بەم پێیە گرینگ‌ترین سەرێتی ئەو شێوە حکومڕانی‌یە ئەوەیە کە وێڕای ئەوە کە سەربەخۆیی رێژەیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی پێک‌هێنەری دەوڵەتی فێدراڵ رێ‌تێچوو دەکـا، هـاوکـاری‌و هاوبەشی گرووپە جیاوازەکانیش بەباشی رێک دەخاتو وڵاتێکی بەهێز پێک دێنێ. لە بەرامبەردا لاوازترین خاڵی ئەو جۆرە سیستمانە ئەوەیە کە بەهۆی جیاکاری دووانەی حاکمییەت، ئەگەری پەرتەوازەیی‌و شـپـرزەیـی دەزگـــای بۆرۆکراتیک لە ئـارادایـەو ئیمکانی دامەزراندنی هاوئاهەنگی‌و کـردەوەی هاوبەش لە گشت بەستێنەکان‌دا لاواز دەکا؛ تەنانەت ئەگەر بەردەوام لە رێگەی گشتگیرکردنی یاساکان، حەولی هەموارکردنەوەو چـارەسـەری گـرفـتـەکـان بـدرێ.


سەرچاوەکان:

١: نگاهی به فدرالیسم، مسعود فریادی همـایـون حبیبی، مطالعات حقوقی.

٢: فدرالیسم در گذرگاه تاریخ، ضیا بهاری، نشریه الکترونیکی سیاسی، فرهنگی، اجتماعی خـاوران. (bazaar.af)

٣: ایـران، روسیه‌و چین: فدرالیسم یا تجزیه، مجید محمدی، بی‌بی‌سی فارسی.

٤: فیدرالیت‌و دەرفەتی پیادەکردنی لە ئێراق‌دا، د. محەممەد عومەر مەولوود، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦



## وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ ڕێزدار سەید ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لەسەر پرسی فیدڕالیزم لە ئێرانی فرەنەتەوەدا!

**چاوپێکەوتن: سەید جەلال ساڵحی**

هەرچەند باسی فیدڕالیزم لەگەڵ بەرنامەو پرۆگرامی کۆمەڵە ناتەبایەو یەک ناگرێتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نیە کە لە داهاتووی ئێراندا کاتێک کە هاتە گۆڕێ‌و خەڵک بە گشتی قەبووڵیان بوو و لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیش یەکیان گرتەوەو بە قەول داهاتووی ئێران لەسەر فیدڕالیزم بنیات نرا، کۆمەڵە خۆی تەریک بگرێ‌و بڵێ هەر قەبووڵم نیە، وەک لە چاوپێکەوتنەکەش‌ڕا دیارە بەڕێزیان ئەوە بەجوانی ڕوون دەکاتەوە کە بە چ مەرجێک قەبووڵیانە، دەنا هەنووکە وەک بەرنامەی کۆمەڵە ڕەدی دەکەنەوەو پێیان وایە بۆ داهاتووی ئێران جیا لە کێشەو دەردی سەری شتێکی دیکەی بەدواوە نیەو دەبێ لە ڕێگای ڕاپرسی‌و بە دەنگی خەڵک خۆی جۆری حکوومەت دیاری بکرێ! بەهەرحاڵ جیا لە هەمووی ئەوانە، بی‌خوێنەوەو قـەزاوەت بکە؟!

پ: پێم خۆشە سەرەتا پێناسەیەک لە فیدڕالیزم بکەین بزانین فیدڕالیزم چیەو بۆچی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ئەم سیستمە پێڕەو دەکەن؟ یان بەواتایەکی دیکە بەچ جۆرە حکوومەتێک دەڵێن حکوومەتی فیدڕاڵو لەسەر چ بنەمایەک؟!

و: فیدڕالیزم جۆرێک لە دابەش کردنی دەسەڵاتە لە نێوان حکوومەتی ناوەندو بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکی دیاری کراودا. دوو جۆر فیدڕالیزم لە دونیا ناسراوە، جۆرێک لە فیدڕالیزم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی‌و جۆرێک لە فیدڕالیزم ئیداری وەکو شێوەیەکی دێمۆکڕاتیک‌تر لە بەڕێوەبردنی وڵاتێک کە کێشەی نەتەوایەتیشی تێدا نەبێ. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا یان لە ئاڵمان ولات بە چەند بەشی ئیداری دابـەش کـراوە و بەشێکی بەرچاو لە دەسەلاتی مەرکەزیان پێدراوە. جۆرێکیکە لە فیدڕالیزم وەکوو ڕێگایەک بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دێتە گۆڕێ و ماف‌گەلێکی دیاری کراو بەو نەتەوانەی لە چوارچێوەی وڵاتێک‌دا دەژین دەدرێ. سویسی ئەمڕۆو یەکیەتیی سۆڤیەتی دوای شۆڕشی کرێکاری وەکوو دوو نموونە.

پ: ئایا دەتوانین بڵێین فیدڕالیزم پڕۆسەیەکە نەک‌شتێکی ستاتیک‌و نەگۆڕ؟!

و: فیدڕالیزم جۆرێک لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی ولاتێکە. بێ‌گومان چ وەکـوو فیدڕالیزمی ئیداری دەتوانێ گۆڕانکاری بە سەرداببێت‌و بـەردەوام کاراترو دێمۆکڕاتیک‌تر بکرێ بڕۆکڕاسی بە لانی کەمی خۆی بگەیەنێ‌و وەکوو فیدڕالیزمی نەتەوەییش بە پێی هاو سەنگی هێزی نیوان دەوڵەتی ناوەندی‌و دەسـەڵات ناوچەی فیدڕاڵ دەتوانێ گۆڕانکاری بەسەر دابێت. پێش هەر جۆرە قەزاوەتێک سەبارەت بە فیدڕالیزم دەبێ ئەو دوو جۆرە کە باسمان کرد لێکیان جیا بکەینەوە. فیدڕالیزمی ئیداری شێوەیەکی دێمۆکڕاتیکی جێ‌کەوتووی ناسراوە کە کاروباری ئیداری بەڕێوەبردنی وڵاتێک ئاسان‌تر دەکاتەوە. ئەو بڕۆکڕاسی‌یەی کە لە بەڕێوەبردنی وڵات‌دا دەست‌و پێ گیرە، خەڵک ماندوو دەکا، تواناییەکانیان‌و کات‌و تاقەتیان بەفیڕۆ دەبات. ئەو بڕۆکراسی‌یە لادەداو ئەو دەسەڵاتانەی کە پێویستە دەسپێرێ بە بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵات. بۆ ئەو جۆرە لە فیدڕالیزم دابەش کردنی جوغڕافیایی وڵات هیچ جۆرە تایبەتمەندی‌یەکی نیە. بەڵام کاتێک باس لە کێشەی نەتەوایەتی دەکەین ئەو کاتە مەوزوعی فیدڕالیزم جیاوازە. دیارە خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لە ئەساس‌دا دوو بابەتی جیاوازن. ئەگەر ویلایەتی مۆنتڕاڵ لە کانادا ویلایەتێکی جیاوازە، ئەو جیاوازی‌یە لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە ئەوان فەڕانسەیی زمانن تایبەتمەندی‌یەکی نەتەوایەتی لەچاو باقی شوێنەکانی دیکە بۆخۆیان بەڕەسمی دەناسن یان لە سویس کە ئیتالیایی، فەڕانسەیی، ئاڵمانی لە سێ کانتۆنی جیاوازە لە ژێر چەتری حکوومەتێکی فیدڕاڵ‌دا دەژین ئەوانە دابەش بوونیان لەسەر بنەمای جیاوازی نەتەوایەتی‌یە. هەرکام لەو دوو شێوە فیدڕالیزمە پێناسەی جیاوازی خۆیان هەیە، ناتوانین وەک یەک چاویان لێ‌بکەین.

پ: کەواتە ئەو جۆرە دووهەمی فیدراڵیزمە دەچێتە چوارچێوەی قانوونیشەوە، وانیە؟ لەو چوارچێوەیەدا ئەو میکانیزمە قانوونیانە چین کە ئەو فیدراڵیزمەیان لەسەر بنیات دەنرێ؟!

و: ئەمە ئیتر پێوەندی بەوەوە هەیە کە دەزگای یاسادانەر لەو وڵاتە چۆن بە پێوانەی بەرژەوندی خۆی بۆ کێشەکە دەچێت. ئەمە یەک فۆرمۆڵی نەگۆڕی نییە. بۆ نموونە جیاوازی ویلایەتەکان لە ئەمریکا لەڕووی ئیختیاراتو جۆری دابەش بوونی دەسەڵاتی ناوەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە لە دابەش کردنی دەسەڵات کە لە ئەڵمان هەیە. واتا ناتوانین یەک پێناسەی وەکوو یەکیان بۆ بکەین. لەڕاستی‌دا یەک سیستمێکی نەزەریو تیۆریکی جێ‌کەوتوو نییە کە تێی‌دا هەموو جۆرەکانی فیدراڵیزم لە هەموو گۆشەیەکی دونیا کە بەڕێوە دەچێ وەڵام بداتەوە. بە شێوەیەکی گشتی هەر دەتوانین ئەوەندە بڵێین کە فیدراڵیزمی ئیداری ڕەوشێکی دیمۆکراتیک‌تری بەڕێوەبردنی وڵاتە لە چاو ڕەوشی موتەمەرکیز. لێرەش‌دا ڕادەی دیمۆکراتیک بوونی بەندە بەوەی کە چەندە ئەو دیمۆکراسی‌یە چوبێتە نێو ناخی کۆمەڵگا، بەو پێیە دەتوانن ئەو دەسەڵاتەی کە دەدرێ بە ویلایەتەکان زۆرتری بکەن. تا ئێستا باسەکەمان لە چوارچێوەی فیدراڵیزمی ئیداری دایە. فیدراڵیزم لەسەر ئەساسی دابەش بونی نەتەوەیی تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە فیدرلیزمی نەتەوەیی‌دا سێ کۆڵەکەی سەرەکی دەسەڵات واتە بەرنامەڕێژی درێژماوەی ئابوری، ئەرتەشو سیاسەتی دەرەوە لە دەست دەوڵەتی مەرکەزی دایە، ئەوەی کە دەشمێنێتەوە دەبێتە جێگەی مشتو مڕو موناقەشە.

پ: هەر لە سەر ئەو بنەمایە ئێستا دەتوانین بڵێین ٢٥ بۆ ٣٠ وڵاتمان هەن لە دونیادا کە لەسەر شێوەی فیدراڵیزم بەڕێوە دەچن، ئەوەی کە زۆر باو بێ شێوەی ئەمریکایی‌یە لەگەڵ سویسیەکەی

**لەڕاستی‌دا یەک سیستمێکی نەزەریو تیۆریکی جێ‌کەوتوو نییە کە تێی‌دا هەموو جۆرەکانی فیدراڵیزم لە هەموو گۆشەیەکی دونیا کە بەڕێوە دەچێ وەڵام بداتەوە. بە شێوەیەکی گشتی هەر دەتوانین ئەوەندە بڵێین کە فیدراڵیزمی ئیداری ڕەوشێکی دیمۆکراتیک‌تری بەڕێوەبردنی وڵاتە لە چاو ڕەوشی موتەمەرکیز. لێرەش‌دا ڕادەی دیمۆکراتیك بوونی بەندە بەوەی کە چەندە ئەو دیمۆکراسی‌یە چوبێتە نێو ناخی کۆمەڵگا، بەو پێیە دەتوانن ئەو دەسەڵاتەی کە دەدرێ بە ویلایەتەکان زۆرتری بکەن**

● ●

کە هەر دووکیان مێژوویەکی کۆنیان هەیە بە تایبەت سویسیەکە کە دەتوانین بڵێین هەرچەند فیدراڵیزم مێژوویەکی کۆنی هەیە بەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین ئەو دەمی کە لە تایفە بەنی ئیسرائیلیەکانەوە بە قەول کە دەڵێ لەنێو تایفەکان‌دا جێگریان کردوە، بووە بەڵام، نەک بەو شێوەی ئێستا واتە، هەر دەورەو کە هاتووە پێش کەوتووە، بەڵام زیاتر ئەوەی کە ئێستا باوە شێوەی سویسیو ئەمریکاییەتی تۆ پێت وایە کام شێوەیان دەتوانێ زیاتر بۆ داهاتووی ئێران دەتوانین چاویان لێ‌بکەین یانی دەکرێ ئەزموونی لێ وەرگرین؟!

و: ئەم پرسیارە وەکوو ئەوە وایە بڵێین مەسەلەن سێو باشترە یان پرتەقاڵ، هەرمێ باشترە یان سێو، ئەمە دوو بابەتی تەواو لێک جیاوازن، سیستمی ئیدارەی فیدراڵی سویس لەسەر بنەمای دابەش کردنی نەتەوەکان، نەتەوەی ئاڵمانی، نەتەوەی ئیتالیاییو، نەتەوەی فەڕانسەوی

دامەزراوە. سیستمی فیدراڵی لە ئەمریکا دابەش کردنێکی ئیداریو جوغرافیاییە. لە ئەمریکا ویلایەتەکانیان هێناوە بە خەت کێش دابەشیان کردوە بەو مەنزورە کە چەندە بتوانن دەسەڵاتی ناوەندی دابەش بکەن لە نێوان ویلایەتەکان کە کاری بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە ئاسان بێتەوە.

پ: کەواتە ئێمە لێرەدا هەردووک کێشەکەمان بۆ دێتە پێش بۆ داهاتووی ئێرانێ؟ هەم بەشی ئیداریەکەی هەم بەشی نەتەوایەتیەکەی؟ ئێستا شتێک کە ئێمەی کورد بەدەستی‌یەوە گیر دەکەین لە ئێرانی فرە نەتەوەو فرە ئایینیش‌دا کە وەک دەبینین ئەو کێشەیەمان هەیە هەم بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکەی کە چارەسەری بکەینو هەم بۆ شێوە ئیداری‌یەکەی، ئێستا وەک دەبینین لە هەرێمی کوردستان شێوەیەکی فیدراڵی نەتەوەیی— هەرێمی باوە، تا چەندە پێمان وایە ئەو کێشانە لە ئێرانێ‌دا ئەوەی کە دەفەرمووی ڕاستە، بەڵام چ ڕێکارێکی وا هەیە کە بتوانێ ئێمە تووشی ئەو کێشە نەبینەوە کە دەبینین هەن لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ئەو کێشانەی تێدا باوە بە تایبەت بۆ ئێرانی داهاتوو؟!

و: بۆ ئێرانی داهاتوو! بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە وڵاتێکی فرە نەتەوەیە ڕێگا چارەی فیدراڵی ناتوانێ کێشەی نەتەوەکان چارەسەر بکا، بێ‌گومان ئەگەر وڵاتێکی دیمۆکراتیک بێ، ئەگەر وڵاتێک بێ کە تێیدا هیچ چەشنە ستەمێکی نەتەوایەتی بەسەر هیچ بەشێک لە دانیشتوانی ئەو وڵاتەدا نەسەپێ لەوەها وڵاتێک‌دا دابەش کردنی دەسەڵات بە شێوەی فیدراڵی شتێکی پێشکەوتوویە، بەڵام ئەگەر مەسەلەی نەتەوایەتی هەر هەبێ یانی ئەگەر میللەتانێک هەبن لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە ستەمی نەتەوایەتیان لێ‌بکرێ لەو سوورەتەدا فیدراڵی چارەسەری مەسەلەکەیان ناکا، کێشەکە وەک ئێسقانێکی ناو برین ئازارەکەی هەر دەمێنێتەوەو گەلێک کێشەی

لاوەکیشی لێدەبێتەوە کە هەرکامەیان دەتوانن سەرچاوەی کارەساتێک بن. بە تایبەت لەو ناوچانەی کە نەتەوەکان تێکەڵ بە یەک دەژین. ئەوەی ئێستا لە کەرکووکو شوێنە جێناکۆکەکان لە کوردستانی عێراق دەی بینین.

پ: دەتوانین بڵێین لەو وڵاتانەی کە فیدڕالیزمیان تێدا جێگیر بووە ئێستا لەسەر سیستمی فیدڕاڵی بەڕێوە دەچێ ئەو فیدڕالیزمە بناغەیەکە بۆ ئاشتیو ئاشت کردنەوەی بە قەول دەڵێ؛ بوونی دەوڵـەت لەگەڵ ئـازادی مرۆڤەکان‌دا؟!

و: ئەگەر مەسەلەی جیاکردنەوەیەکی نەتەوایەتی بێت نەک دابەش بوونێکی ئیداری، لەو سووڕەتەدا کێشەکە بەندە بەوەی کە ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندی چ بێت. بەبێ ئەوە کە ئێمە قسە لەسەر ناوەڕۆکی دەوڵەتی ناوەندی بکەین‌و بە وردی بیناسین، ناتوانین قەزاوەت بکەین لەسەر ئەوە کە لەو بەشانەی کە بە شێوەی فیدڕاڵی بەڕێوە دەچن چ دەگوزەرێ، بۆیە لەهەرحاڵ‌دا فیدڕالیزم وەک ڕەوشێکی ئیداری بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەر چۆنێک بێ دێمۆکڕاتیک‌ترە، لەوەها وڵاتێک‌دا کە کێشەی نەتەوایەتی تێدا نیە ئاشت بوونەوەیەک لەگۆڕێ نییە، کێ لەگەڵ کێ ئاشت بێتەوە؟ ئەگەر قسە لەسەر ئاشت بوونەوەی چینە نەیارەکانی نێو کۆمەڵگایە، چینی کرێکارو چینی سەرمایەدار، فیدڕالیزم چارەسەری ناکا. دەی ئەگەر قسە لەسەر ئەوە نیە، کێشەیەکی دیکە نیە تا بتەوێ لە ڕێی فیدڕالیزمەوە چارەسەری بکەی، کەوایە فیدڕالیزم ئەو کات دەبێتە کێشەیەک کە دەوڵەتێکی دەسەلاتدار جیاوازیو هەڵاواردن دەخاتە نیو نەتەوەکانی وڵاتێک. تەنانەت کاتی وا هەیە لە یەکتر دڕدۆنگیان دەکات تۆوی جیاوازیو دووبەرەکایەتی لە ناوەند دەچێنێت. ئەوەی کە ئێستا لە ئێرانێ هاتۆتە بەرباس‌و پێم وایە دەتوانێ سەرچڵی باسی ئەو وتووێژەی ئێمە بێ ئەو پرسیارەیە کە ئایا لە وڵاتێکی وەکوو ئێران شێوەی ئیدارەی فیدڕاڵی یان دابەش کردنی فیدڕاڵی وڵات دەتوانێ کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر بکا یان ناتوانێ؟ لێرەدا پێش ئەوەی کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە دەبێ پرسیارێکی‌تر لە خۆمان بکەین کە ئەوە داخوازیە لە چ دەوڵەتێک دەکرێ؟ ماهییەتی ئەو دەوڵەتەی کە لە قوناغێکی دیاری کراودا و بە پێی هاوسەنگی هێز مافی فیدڕاڵیەت دەسەلمێنێ چییە؟!

پ: لە راستای ئەو روون کردنەوەی جـەنـابـتدا هـێـنـدێـک لـە حیزبە سیاسی‌یەکان مەسەلەی فیدڕالیزمیان هێناوەتە گۆڕێ یان تەنانەت زۆر لە چالاکە مەدەنی‌یەکانیش لە نێوخۆ ئەو باسەیان هێناوەتە گـۆڕێو لەسەری دەدوێـن، بـەڵام موناقشەیەکی زۆر لە نێوان شۆڤێنیزمە فارسەکان یان بڵێین غەیرە کوردەکان‌دا کراوەو پێیان وایە ئەگەر داوای فیدڕالیزم بکەین بۆ ئێرانێ هەرچەند فیدڕالیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەشرووتیەتیش کە کاتی خۆی لە زەمانی مەشروتیەت‌دا ئەو باسە هاتۆتە گـۆڕێ هەتا ئێستاش پیادە نەکراوە لە ئێرانێ‌دا، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا پێیان وایە ئێران بەرەو پارچە پارچە بوون دەبا یان ئێران لەو حاڵەتی «تەمامیەتی ئەرزی»یەی ناپارێزێ، ئایا چ وەڵامێک بێت بۆ ئەوان کە وا تێبگەن نە کورد ئەو بۆچوونەی هەیەو نە فیدڕالیزمیش تا ئێستا لە دونیادا هەمچین وەڵامێکی داوەتەوە؟!

و: من دەمـەوێ شتێک عەرز بکەم لێرەدا، نەک شۆڤێنیستەکانی کە دژی فیدڕالیزمن لە ئێران‌و پێیان وایە کە ئەمە شێوەیەکە بۆ پارچە پارچە کردن، بەڵکە ئەوانەی کە موافیقی فیدڕالیزمیشن لەنێو جەریان‌و ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی‌دا، ئەوانیش ڕەگەیەکی بەهێزی ئەو شۆڤێنیزمەیان تێدا دیارە، چونکە ئەوان کاتێک فیدڕالیزم بۆ داهاتووی ئیران دەسەلمێنن لە رووی ئەوەوە نییە کە گۆیا دەیان هەوێ راستگۆیانە دان بە مافێکی دێمۆکڕاتیکی خەڵکی کورددا بنێن، بەڵکوو نیگەرانی ئەوان شتێکی دیکەیە، ئەوان ئاوری میللەتی بن‌دەست هەڵی نەگرتوون تا بڵێن جا ئەو میللەتە بن‌دەستە با ڕێگا چارەیەکی بۆ ببینینەوە بۆ ئەوەی لەو بێمافی‌یە رزگاری بێ، جا ئەو ڕێگا چارەیەش بریتی‌یە لە؛ بە فیدڕاڵ کردنی وڵات. ئەوان مەسەلەکەیان ئەوەیە کە فیدڕالیزم ڕێگا دەگـرێ لە پارچە پارچە بوونی وڵات. ئەوان فیدڕالیزمیان لەبەر چاو و بڕۆی من‌و تۆ خۆش ناوێ، ئەوان فیدڕالیزمیان بۆیە خۆش دەوێ کە



یەکێتی خاکی ئێرانی پێ بپارێزن، هەر بۆیە ئەو ئامادەییە لە ناخی بۆچوونەکانیان‌دا هەیە کە ئەگەر ئەو ئامانجەیان لە رێگەی فیدراڵیزمەوە نەهات بە زەبری ئاگرو ئاسن‌و داپڵوسین وەدی بێنن، چاو لێ‌دەکەن چەند حیزبێکی چالاک لە کوردستان هەن کە داوای فیدراڵیزم دەکەن، باشە جۆرێک سازش لەگەڵ ئەوانە باشترە تا ببن بە جیایی‌خواز، ئەوە باشترە تا یەکیەتی خاکی ئێران تێک بدەن. هەربۆیە دەڵێم لە نێوەرۆکی بۆچوونەکەی ئەوانیش‌دا ئەو ناسیۆنالیزم‌و شۆڤێنیزمەی تێدا دیارەو هەر بۆیەشە ئەگەر ئێستا بەهەر هۆیەک ددانی پێدادەنێن لەبەر ئەوەیە کە ئەوان ئەولەویەتیان شتێکی دیکەیەو بریتی‌یە لە؛ پاراستنی وەحدەتی خاکی ئێران. بەو بۆچوونەی کە لە ناخیان دا هەیە، خەڵکی کورد ناحەقی نابێ ئەگەر هەر لە ئێستاشەوە باوەڕیان پێ نەکات.

پ: لەنێو فەرمایشتەکانتدا فەرمووتان کە فیدراڵیزم وەڵام دەرەوەی ئەوڕۆی ئێرانێ نیە، دەبێ بەدیلێکی دیکەمان بێ، بەڵام باسی دوو جۆر فیدراڵیزمیش کرا، ئیداریەکەی‌و بەشی نەتەوایەتی‌یەکەی. فیدراڵیزم ئەگەر ئاوا بێین دابەشی بکەین باشە دەکەوێتە بەشی نەتەوایەتی‌یەکەی یان بەشی سیاسی‌یەکەیەوە، لەو چوارچێوەیەدا فیدراڵیزم لەسەر چوارچێوەی نەتەوایەتی، جوغرافیایی، ئابووری وەک ئەوەی بینیمان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌دا موحسین رەزایی زۆر جار ئاماژەی بە فیدراڵیزمی ئابووری دەکرد وەک ئەوەی کە بڵێ ئەمنیش سینگم هێناوەتە پێشێ‌و شتێک هەیە لەوەدا بۆ وەدەست هێنانی دەنگەکانی خۆی، لەو نێوەدا ئایا دەتوانین بڵێین فیدراڵیزم لە چوارچێوەی جوغرافیایی‌دا یان ئەگەر بوارە نەتەوایەتی‌یەکەشی دووبارە گەڵ خەینەوە بتوانین تا ئەندازەیەکی جێگیر ببێت یان نەخێر هەر وەڵام دەر نابێ؟!

و: فیدراڵیزم بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی

**فیدراڵیزم بەو مانایە بەرهەمی هاوسەنگی هێزە، یانی لە ئاکامی خەباتێک‌دا، لە ئاکامی بارودۆخێکی راستەقینەدا، لە ئاکامی تەزادو ناکۆکی‌و کێشمەکێشمی نێو وڵاتێک‌دا هاوسەنگی‌یەک پێك هاتووەو بەپێی ئەو هاوسەنگی‌یە بە گفت‌وگۆ بووە، بە خۆشی بووە، بە ناخۆشی بووە، بە هەر شێوەیەك بووە، رێگا چارەیەک شکڵی گرتووە، واتە هەر کەسە حیسابی خۆی تا رادەیەک جیا دەکاتەوە واتە پێش ئەوەی کە نەخشەیەکی ناوەندی بێ بۆ جۆری ئیدارەکردنی وڵات، چ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی، چ بۆ ئیدارەیەکی دێمۆکراتیک، بەرهەمی کێشەیەکی واقعی لەنێو وڵات‌دا بووە**

● ●

نەتەوایەتی، ئەگەر جارێ فاکتۆر بگرین لە ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندی‌و لەوە گەڕێین داخوا ناوەرۆکەکەی چیە، ناسیۆنالیستە، شۆڤێنیستە، ئیسلامی‌یە، هەرچی هەیە جارێ لێی گەڕێین، فیدراڵیزم بەو مانایە بەرهەمی هاوسەنگی هێزە، یانی لە ئاکامی خەباتێک‌دا، لە ئاکامی بارودۆخێکی راستەقینەدا، لە ئاکامی تەزادو ناکۆکی‌و کێشمەکێشمی نێو وڵاتێک‌دا هاوسەنگی‌یەک پێک هاتووەو بەپێی ئەو هاوسەنگی‌یە بە گفت‌وگۆ بووە، بە خۆشی بووە، بە ناخۆشی بووە، بە هەر شێوەیەک بووە، رێگا چارەیەک شکڵی گرتووە، واتە هەر کەسە حیسابی خۆی تا رادەیەک جیا دەکاتەوە واتە پێش ئەوەی کە نەخشەیەکی ناوەندی بێ بۆ جۆری ئیدارەکردنی وڵات، چ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی، چ بۆ ئیدارەیەکی دێمۆکراتیک، بەرهەمی کێشەیەکی واقعی لەنێو وڵات‌دا بووەو لە ئاکامی ئەو کێشەیەدا هاوسەنگی‌یەک پێک هاتووە کە لێرەدا ئەو هاوسەنگی‌یە پێوەندی هەیە بەوەی کە بۆ میسال نەتەوەی کورد چەندە هێزو توانای هەیە بۆ ئەوەی کە داخوازی‌یەکانی خۆی بەرێتە نێو سیستمی فیدراڵی‌یەوە. بەو پێیە دەتوانێ فیدراڵیزمێکی بابی دڵی خۆی بۆ ئەو قۆناغە کە بگونجێ لەگەڵ تواناییەکانی بسەلمێنێ یان بە کردەوە دابینی بکا. هەربۆیە لەو باسەی کە ئێوە هێناوتانەتە گۆڕێ مەسەلەی خەبات‌و کێشەو ناکۆکی‌و هەموو ئەوانە کێشەگەلێکن لەنێو وڵاتێک‌داو دەوریان هەیە لەوەی کە چ جۆرە فیدراڵیزمێک لەو وڵاتە خەریکە شکڵ بگرێ. بۆ نموونە ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە هۆی لاوازی دەوڵەتی ناوەندی فیدراڵیزمێک بە کردەوە بەڕێوەدەچێ کە لەوەی وا لە یاسای بنەڕەتی(قانون اساسی) ئەو وڵاتەدا هاتوە ئەولاتریشە، لێرە چوارچێوەیەکی ئیداری‌و ئابووری‌و سیاسیان دامەزراندووەو وردەو هەنگاو بە هەنگاو خەریکن لێی تێ‌پەڕ دەبن. بەڵام لە وڵاتێک‌دا کە میللەتی بن‌دەست چۆتە نێو چوارچێوەی فیدراڵی‌یەوە، ئەوەندەی هێز نەبووبێ، بەو پێیە ناچار بووە زۆرێک لە مەحدودیەتەکان قەبووڵ بکا. ئەگەر فاکتۆری هاوسەنگی هێز لەبەرچاو نەگرین‌و هەر فیدراڵیزم وەکوو سیستمێکی حقووقی دیاری کراو مەترەح بێ لەو سووڕەتەدا دەبێ بچینە سۆراغی دەوڵەتی ناوەندیش بزانین ماهییەتی چیە! ئەگەر ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندی ماهییەتێکی دێمۆکراتیک بێ واتە، هیچ بەرژەوەندی‌یەکەی لەوەدا نەبێ کە مافی هیچ بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان پێشێل بکات مەسەلەن وەکوو دەورەیەک لە یەکیەتیی سۆڤییەت، تەنیا دەورەیەک وابوو، کاتێک لەوێ حکوومەتی کرێکاری هاتەسەرکار، ئەوان هەموو ئەو قەراردادانەی کە رووسیەی تزاری لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە بەستبووی ناعادلانەو زاڵمانە بوون، ئەوانەیان هەموو



ژمارە: ٣٥–٣٦ ی ٢٧١٤ی کوردی(١٣٩٣)

یەک لایەنە هەڵوەشاندەوەو داوایان لە میللەتانی دەوروبەری رووسیە وەکوو ئەو ١٦ جمهوریەی لە یەکیەتیی سۆڤییەتدا بوون، کردو، گوتیان ئەگەر ئێوە پێتان خۆش بێ دەتوانن بە حکوومەتی کرێکاری پەیوەست بن و ئەوان هەموویان دڵخوازانە یەکێتی سۆڤیەتیان پێک هێنا. کەچی هەر ئەو سیستمە ١٠ــ١٥ ساڵ دواتر لە سەردەمی ستالین دا کە ماهییەتی ئەو حکوومەتە دەگۆڕدرێ، دەبێتە زیندانی ئەو میللەتانە، کاتێک کە دەوڵەتی ناوەندی یەکیەتیی سۆڤیەت لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتاو سەرەتای ساڵەکانی **٩٠** و **٩١** کە دەوڵەتی ناوەندی وا لاواز دەبێ هەموویان بە پەلەپرووزە هەولدەدەن حیسابی خۆیان لەو دەوڵەتی ناوەندی یە جیا بکەنەوە. مەبەستم ئەوەیە لەو باسەدا کاتێک کە دەچیە نێو لایەنی کۆنکرێتی مەسەلەکەوە ناتوانین فاکتۆر بگرین لەوەی چ دەوڵەتێک لەسەر کارەو ماهییەتی ئەو دەوڵەتە چیە.!

پ: یەکێک لەو کێشانەی کە ئێستا یەکیەتیی سۆڤییەتت بە نموونە هێناوە دەتوانین بڵێین ئەوە یەکێک لە هۆکارە سەرەکەوتووەکانی نەبوونی دیمۆکراسی یە، ئایا لێرە دەتوانین بڵێین بەینی فیدراڵیزم و دیمۆکراسی هاوسەنگی یەک هەیە یا نەخەیر دەتوانێ حکوومەتێک فیدراڵی بێ، بەڵام دیمۆکراسی تێدا حاکم نەبێ یان ئەو وڵاتە دیمۆکراتیزە نەبووبێ یان بە پێچەوانەکەی؟!

و: تەبعەن دیمۆکراسی زۆر گرینگە، بەڵام دیمۆکراسی بە مانای بەرفراوانی وشەکە، یانی دیمۆکراسی ئابووری، دیمۆکراسی سیاسی، دیمۆکراسی ئیداری، دیمۆکراسی کۆمەڵایەتی، لە هەموو بوارێکدا، بەو مانایە مەسەلەن لە وڵاتێکدا کە دەوڵەتی ناوەندی یەکەی هیچ قازانجێکی لە چەوساندنەوەی میللەتانی بن دەستدا نەبێ، لە وڵاتێکدا کە چینی چەوساوەی ئەو وڵاتە دەسەڵاتدار بن وەکوو چینی دەسەڵاتدار بن نەوەکوو تاقمێک کە خۆیان بە نوێنەری ئەو چینە بزانن، وەکوو ئەوان دەسەڵاتدار بن بەومانایە مەسەلەن یەکسانی هەبێ لەو وڵاتە، بەرابەری هەبێ لە هەموو بوارێکدا، بەرابەری هەبێ لە بواری ئابووریدا، بەرابەری هەبێ لە بەرامبەر قانووندا، بەرابەری هەبی لە حقووقی کۆمەڵایەتیدا، لە هەموو بوارێکدا یەکسانی هەبێ، ریفاه و ئاسوودەیی هەبێ، لە وەها وڵاتێکدا بەڵێ فیدراڵیزم دەتوانێ رێگاچارەیەکی زۆر گونجاو بێ بۆ کێشەی نەتەوایەتی.

بەو مانایە دیمۆکراسی زۆر گرینگەو دیمۆکراسی لە ئاکامی هاوسەنگی هێز بە وجود دێ لە وڵاتێکدا. وڵاتێک دیمۆکراسی لێ دابەش ناکرێ، ناتوانێ دەوڵەتی ناوەندی دەوڵەتێکی دیکتاتۆر بێ، بەڵام بە نیسبەت میللەتانی ژێر دەست بە شێوەی دیمۆکراتیک هەڵس وکەوت بکات. بۆچی، لەبەر ئەوەی کە ئامرازگەلێکی بەدەستەوەیە کە هەر کات بی‌هەوێ و مەعمولەن دەی هەوێ، دەتوانێ ئەو ماف و ئازادی یە سەرەتاییانەش کە داویەتی بی‌ستێنێتەوە. لەحالێکدا گەڵاڵەی ئابووری درێژماوەی وڵات بەدەست دەوڵەتی ناوەندی یەوەیە. دەتوانێ ناوچەی فیدراڵ دواکەوتوو و برسی رابگرێ، کە سووپایەکی سەرتاسەری پیشەیی تەیار بە هەموو چەک و چۆڵێک پێک هێناوە، هەرەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەندنەوەی هەر دەسکەوتێک، کە پێوەندیەکانی دەرەوەی بە دەستە، رێگە نادەن دەنگت لە هیچ ناوەندێکی نیونەتەوەیی بە رەسمی بەرز بێتەوە. ئامرازی برسی کردن، ئامرازی سەرکوت کردن، ئامرازی بێدەنگ کردن، هەمووی بەدەست دەوڵەتی ناوەندی یەوە



بێ، ئەو وەخت تۆ بە خەڵک بڵێی بڵێی بە دڵنیایی‌یەوە لە پڕۆژەی فیدراڵیزمەکەی مندا هەموو مافێکی نەتەوەی کورد دابین دەبێت، واقعی نییە. کەوایە دێمەوە سەر ئەو وەڵامەی کە پێشتر عەرزم کردی، ئەویش ئـەوە کە فیدراڵیزم چەندە دەتوانێ چارەسەر بێ سـەرەڕای ئەوە کە چ دەوڵەتێک لەسەر کارە، روونی ناکاتەوە مەسەلەکە چۆنە. ئەگەر لە ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندی دڵنیا نەبی، فیدراڵیزم تەنیا دەتوانێ پشوویەک بێت تا کاتێک کە هاوسەنگی هێز دەگۆڕێت.

پ: دەتـوانـیـن بڵێین ئێمە بۆ هـەر جـۆرە فیدراڵیزمێک ئەگەر لە وڵاتێکدا پیادە بکرێ گەرەنتی‌یەکی نێو نەتەوەیی پێویستە، ئەگەر ئەو گەرەنتی‌یە نێونەتەوەیی‌یە نەبێ ئەو وڵاتـە یـان ئـەو هەرێمەی کە بەشی فیدراڵیەکەی دراوە یانی بە شێوەی فیدراڵی بەڕێوە دەچێ، دەکەوێتەوە سەر حاڵو وەزعی پێشوو کە بوویەتی هەر ئەو سەرکوتو زەبرو زەنگەیە؟!

و: گەرەنتی نێونەتەوەیی چارەسەر نیە، لەبەر ئەوە گەرەنتی نێودەوڵەتی ئەگەر مەسەلەن ئەو دەوڵەتە پابەند نەبوو بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکان، دەڵێی چی؟ ئەوە کۆماری ئیسلامی **٣٥** ساڵە پابەند نیە بە هیچ کام لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوە دەوڵەتی ئیسراییل لەوەتی پێک هاتووە بـەردەوام نەتەوە یەکگرتووەکان هەر بڕیارنامە لە دژی دەردەکا، دانەیەکیشیان بەفەرمی ناناسێ. ئیستاش هەر دارو دەستەیەکی چـەکدار لە جێگایەک مەسەلەن ئەوە لە سووریە ئیسلامیەکان هاتوون ئەوە گەرەنتی نێونەتەوەیی هەیە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لەوێ، چەندین گرووپی ئیسلامی بە یارمەتی عەرەبستانی سعوودی ئەو وڵاتەیان کردۆتە گۆمی خوێن، ئەوە لەلایەکەوە، دەوڵەتی بەشار ئەسەد کە دەزانی چەندە جینایەتکارە ئەو وڵاتەی کردۆتە گۆمی خوێن، لەبەر ئەوە گەرەنتی نێونەتەوەیی بەبێ ئەوەی کە لە خودی وڵاتەکە هێزێکی وا پێک هاتبێ کە بتوانێ پارێزگاری لە دەسەڵاتێکی بکات کە دامـەزراوە، ئەگەر میللەتێک ئەو زەرفیەتەی بوو کە پارێزگاری بکا لە مافی خۆی، ئەوکاتە دەتوانێ لە گەرەنتی نێونەتەوەییش کەڵک وەربگرێ وەک فاکتۆرێکی موسبەت. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین لە ئێران لە رووی نەزەریەوە تەسەوری ئەوە بکەین کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران سیستمێکی فیدراڵی بەسەر دەوڵەتی ناوەندی یان هەر بەو دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی‌یە بسەپێنێ، بەڵام دەبێ بزانێ کە ئەوە زۆر کاتی‌یە، چونکە ئامرازەکانی سەرەکی دەسەڵات هەر بەدەست دەوڵەتی ناوەندیەوەن. وەها دەسکەوتێک دەتوانێ کاتی بێ.



نابێ بە خەڵک بڵێ خەڵکینە ئەوە دوایین ڕێگاچارەی کێشەکەی ئێوەیە ئەوە ئیتر بە بەهەشتی خۆتان گەیشتن لەوە بەولاوە پاڵی لێ بدەنەوە، دەبێ بڵێین خەڵکینە ئەوە ئێستا ئەو دەوڵەتە لە ژێر تەوژمی ئێمەدا، خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی سیاسی، خەباتی جەماوەری، ئەوانەی قەبووڵ کردوە، بەڵام لەبەر ئەوە ئێمە ئەرتەشمان نیە ئەو هەیەتی، ئێمە جارێ پشت ئەستوور بەهێزی پێشمەرگەو تواناییەکانی خۆمانین، لەبەر ئەوە نانمان بەدەست ئەوە، ئەگەر نەتوانین بە پێی ئابووری خۆمان‌و لەسەر پێی خۆمان راوەستین نانمان دەبـڕێ، لەبەر ئەوە نابێ رەوابیتو پێوەندی‌یەکانی جیهانی خۆمان بیسێنین، دەبێ لەو فورسەتە کە دەوڵەت لاوازە کەڵک وەربگرین بۆوەی کە بتوانین توانایی‌یەکانی خۆمان بەهێزتر بکەین. مەسەلەن ئێمە لە ماوەی ئەو **٣٥** ساڵەی رابردوودا ئەگەر توانیبامان—— دیارە هەوڵیشمان دا—— هەر بستێکی کوردستانمان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دەهێنادەرێ، خەباتمان دەکرد بۆ پاراستنی تاقە شارێکی وەکوو بۆکان کە بەدەستەوە مابوە. هەروەها شوێنەکانی دیکە. دەگەڕێمەوە ئەو وەڵامەی کە پێشتر عەرزم کردی فیدراڵیزم لە بارودۆخێکی دیاری کراودا دەتوانێ پلەیەک لە ئازادی نەتەوەیی، دەتوانێ پشوویەک بێ تا ماوەیەک، هەرکە دەوڵەتی ناوەندی تواناییەکانی بەدەست هێناوەو لەو لاشەوە ئێمە نەمان‌توانی ئەو شێوەی کە پێویستە یەکگرتوویی خەڵک بپارێزین‌و بزووتنەوەکەیان لاواز بووبێت، دەسەڵاتی ستەمکار سەرلەنوێ دەست پێ‌دەکاتەوە. سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئەزموونی سێ دەیەی رابردوو لە وڵاتانێک کە فیدراڵیش بوون، وەکوو یوگسلاوی جاران، دیتمان کە چلۆن دەتوانێ ببێ بە گۆمی خوێن‌و چلون شۆڤێنیستەکان دەتوانن جەماوەری خەڵکێک کە تا دوێنێ بە ئاشتی لە پاڵ دەستی یەکتردا ژیابوون، بخەن گیانی یەکتر. هەربۆیە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی دەسـەڵات بۆ ناوەڕۆکی

ئەو هێزانەی کە خەباتی نەتەوەیەک بۆ گەیشتن بە ئـازادیو بە مافی دیاری کردنی چارەنووس ڕێبەری دەکەن.

پ: کەواتە دەتوانین بڵێین فیدراڵیزم ئـەوەی کـە چـاوەڕوانـی لـێدەکـرێ دابینکەری هەموو بەرژەوەندییەکانی کـۆمەڵانی خەڵکە لـە بـەرژەوەنـدی کێشەی سیاسیو ئابووریو تەنانەت کولتوورییشەوە بێ ئەو وەڵام دەرەوە نیە؟!

و: بێگومان وەڵام دەرەوە نیە مەگەر دەوڵەتی ناوەندی ماهییەتی گۆڕابێ، مەگەر دەوڵەتی ناوەندی دەوڵەتێکی دێمۆکڕاتیک بێ، مەگەر دەوڵەتی ناوەندی دەوڵەتێک بێ کە هیچ بەرژەوەندییەکی لە پێشێل کردنی مافی نەتەوەکاندا نەبێ، بۆیە مەسەلەن لە ئێران خەبات بۆ بە فیدراڵ کردنی کوردستان ناتوانێ لە خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیو خەبات بۆ دانانی سیستمێکی پێشکەوتووی دێـمـۆکـڕاتـیـکو یـان کـرێـکـاریو سوسیالیستی لە ئێران جیا بێ هەربۆیە ئەو دروشمەی پێشووی حیزبی دێمۆکڕات لە چوارچیوەی بۆچوونو ڕێبازی خۆیاندا واقیعبینانەتر بـوو کە دەی گوت؛ «دێمۆکڕاسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان»، چونکە بەبێ ئێرانێکی دێمۆکڕاتیک تەسەور ناکرێ سیستمێکی سەقامگیری فیدراڵی لە کوردستانو لە هیچ بەشێکی ئێران دابمەزرێ.

پ: شتێکی کە لێرەدا گرینگەو بۆوە دەبێ هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین، پێت وایە لە حکوومەتێکی فیدراڵدا، حکوومەتەکە فیدراڵ بێو، بەڵام یەکێک لە هەرێمەکان کۆماری بێ! ئایا ئەوە تا چەندە بە قـەول دەڵـێ دەکەوێتە چوارچێوەی حقووقیو قانوونییەوە یان چەندە ئاقڵانەیەو دەگونجێت؟!

و: هەموو ئەوانە دەگونجێ بە مەرجێک جەماوەری خەڵک خۆیان بیانهەوێ، واتە بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتە کە خەبات

**ئێران خەبات بۆ بە فیدراڵ کردنی کوردستان ناتوانێ لە خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیو خەبات بۆ دانانی سیستمێکی پێشکەوتووی دێمۆکڕاتیکو یان کرێکاریو سوسیالیستی لە ئێران جیا بێ هەربۆیە ئەو دروشمەی پێشووی حیزبی دێمۆکڕات لە چوارچیوەی بۆچوونو ڕێبازی خۆیاندا واقیعبینانەتر بوو کە دەی گوت؛ «دێمۆکڕاسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان»، چونکە بەبێ ئێرانێکی دێمۆکڕاتیک تەسەور ناکرێ سیستمێکی سەقامگیری فیدراڵی لە کوردستانو لە هیچ بەشێکی ئێران دابمەزرێ**

● ●

دەکەن بۆ ئازادی خۆیان، مومکینە بە پێی هاوسەنگی هێزی خۆیان، ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی غەیرە دێمۆکڕاتیکیش بێ، بە شێوەیەکی دوفاکتۆ ئازادی بڕیاردانی خۆیان بەدەست بێنن. بەڵێ؛ دەگونجێ بەڵام وەکوو ئەوەی ئێمە دەسەڵاتێکمان هەیە ئەوان ناچارن ئەوە قەبووڵ بکەن، کۆنفێدراڵی قەبووڵ دەکـەن، ئەوانە هەمووی شێوەگەلێکن کە لە ئاکامی خەبات بەدەست دێن. ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی دەوڵەتێکی دێمۆکڕاتیک بێ لەو سووڕەتەدا فیدراڵیزم یانی دابەش کردنی جوغرافیایی وڵات بە ناوچەگەلێک کە تێیدا بڕۆکڕاسی کەمتر بێ شێوەیەکی گونجاوە. بۆیە هەمیشە کە باسی فیدراڵیزم دێتە پێش، دەست بەجێ مەسەلەی ماهییەتی دەوڵەتی ناوەندی دەبێتە پرسیار.

پ: باسی هاوسەنگی هێزت کرد لەو نێوەدا لێرەدا پێم خۆشە ئەو پرسیارە زۆر لێی دوور نەکەوینەوە پێت وایە بۆ دروست بوونی هاوسەنگییەکی سیاسی لەنێو هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەسەر داوای سیستمی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ قۆناغو پێویستییەک پێت وایە کاریگەرن، بە مەرج دادەنێین، لەسەر چ بنەمایەک؟!

و: گرینگترین مەسەلە ئەوەیە کە حیزبو لایەنە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان سەرەتا هەموویان ڕێک بکەونو ئەوە بسەلمێنن کە دەسەڵات مافی جەماوەرەو دەسەڵات بە دەنگی ئازادانەی جەماوەر دیاری دەکرێ نەک بەسەر سەری خەڵکەوە لە نێوان حیزبەکاندا دابەش بکرێ.

پ: بـۆ ئـەوەی وەڵامـی ئـەو پـرسـیـارەشـت دابـێـتـەوە باسی سیاسی، کۆمەڵایەتیو جەماوەری لەم پـرۆسـەیـەدا تـا چـەنـدە کـاریـگـەرە؟!

و: ئەو جار پێویستە حیزبە سیاسییەکان ڕێک کەون لەسەر ئەوە کە بە ئیمکاناتێک کە هەیانە، بە نفووزێک کە هەیان، بە خەباتێک کە دەیکەن، هەوڵ بدەن ئەو مافە سەرەتاییەی خەڵک دابین بێ. ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن لەو سووڕەتەدا ئیتر نابێ بە خەڵک بڵێین ئێمە فیدراڵیزممان بۆ دیاری کردوونو تەواو. هەر حیزبێک دەتوانێ بڵێ ئەوە بەرنامەی منە، ئەوە فیدراڵیزمە، ئەوە خودموختارییە، هەرچی هەیە، بەڵام مافی ئێوەیە کە بڕیار بدەنو، لێرە دایە کە ئەو فۆرمۆلی مافی دیاری کردنی چارەنووس دێتە گۆڕێ یانی ئەو مافە بۆ خەڵک بە ڕەسمییەت بناسن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە بارودۆخێکی ئازاددا، بێنە بەردەم سندووقی دەنگدان، بێنە پای ڕێفراندۆم، بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان بڵێن کە چ ڕێگایەک هەڵدەبژێرن. مەسەلەن چەند ڕێگایان لە بەرامبەر دایە هەموویان بۆیان بنووسینو هەموو حیزبەکان هاوکاری بکەن لەوەی کە ئەم خەڵکە بتوانێ ئازادانە دەنگی خۆی بدا ــــ جا ئەوە ئێستا باسی ئەو فاکتۆری ئازادانەش دەکەم بە جیاواز ــــ بەڵام کە

دەنگیان دا یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ جیا بینەوە، دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکەین، نا ئێمە ناماناوێ جیا بینەوە، دەوڵەتێکی ناوەندی دێمۆکراتیک لەسەر کارەو ئەو دەوڵەتە شتێکی خراپی تێدا نیەو ئێمە دەتوانین لەگەڵی بژین. گارانتیمان دەوێ بۆ مافەکانمان، فیدراڵیەتمان دەوێ یان خەیرو خودموختاریمان دەوێ هەرچی بێ‌و، دەسەڵاتی خۆمان لەو چوارچێوەیەدا رێک دەخەین. ئەگەر ئەو سەرەتایە بە رەسمییەت ناسرا واتە هیچ حیزبێک ئیرادەی خۆی بەسەر جەماوەردا نەسەپاند لەو سوورەتەدا ئەوە بنەمایەکی باشە بۆ رێکەوتن تاوەکوو بڵێین مەسەلەن هەمووسمان با بێین لەسەر فیدراڵیزم رێک بکەوین یان هەمووسمان لەسەر خودموختاری رێک بکەوین.

لە مەسەلەی ئازادی بریاردانیش پێویستە ئەوە بڵێم کە، کاتێک باسی ئەوە دەکەین دەڵێین خەڵکی کورد دەبێ ئازاد بێ بۆ ئەوەی کە شێوەی ژیانی خۆی بە ئیرادەی خۆی‌و ئازادانە هەڵبژێرێ، دەبێ ئیمکانی ئەو ئازادی‌یەشی بۆ دابین بووبێ. بۆ نموونە فەرز بکە بە خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق بڵێن ئێوە ئازادن ئەگەر پێتان خۆشە جیا ببنەوە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆتان دروست بکەن، بەڵام لە دوورەوە چاویان لێ سوور بکەنەوە بڵێن جا ئەگەر ئەورۆ بریاری سەربەخۆیی بدەن لوولە نەوتەکانتان قەتع دەکەین، سنوورەکانتان لێ دەبەستین، لە برسان دەتان کوژین، دەی خۆ ئەوە ئازادی بریاردان نییە، ئەوە چ ئازادی‌یەکە، ئەوە جۆرێک لە دیکتاتۆریە، مونتەها شێوەکەی جیاوازە لە جیاتی ئەوە بە شەللاقێکەوە بەسەر سەرتەوە راوەستا بێ‌و زیندان‌و ئەشکەنجەی بۆ بە تەدارۆک دیبی، هەرەشەی برسی کردنت لێ‌دەکا، یان ئەگەر مەسەلەن تۆ توانایی بەرگری کردنت پێک نەهێنابێ ئەویش ئەرتەشێکی بەهێزی بێ بڵێن جا باشە رێفراندۆم بکەن ئازادن، بەڵام بریاری جیابوونەوەتان لێ قەبووڵ ناکەم، ئەوە نابێ. ریفراندۆمی ئازاد مەسەلەن وەکوو

**بێ‌گومان ئەو هەل‌ومەرجە نەرەخساوە، جەماوەری خەڵک بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ وەها ئامانجێك لە مەیدان‌دا نین، خەباتی چەکداری پاشەکشەی کردوە، رەوشی ئابووری خەڵک زۆر پەرێشانە، ئێستا ئەو ئامادەبیەی نیە بەڵام، دەبێ هەموو ئەو تەوژمانە هەڵگیرێ جا ئەوکات مەسەلەن ئەرتەشی جمهوری ئیسلامی لە کوردستان بکشێتەوە، ماوەی شەش، حەوت مانگ ساڵێک ئازادی بێ، خەڵک ئازاد بێ حیزبە سیاسی‌یەکانی خۆی هەڵبژێرێ بە ئازادی، تاقیان بکاتەوە گوێ بگرێتە قسەکانیان، پرۆژەکانیان هەڵسەنگێنێ، دەورەیەکی دەیان ساڵەی دیکتاتۆری تێپەر کردوە، شەش مانگیش کەمە، ساڵێک دوو ساڵیش تازە دەبێ دەرفەتی پێ بدرێ لە کەش‌و هەوایەکی ئازاددا حیساب‌و کیتابی خۆی بکا تا بتوانێ ئازادانە دەنگ بدا**

ئەوەیە کە لە کانادا دەکرێ، لەوێ خەڵک هیچ تەوژمێکی بەسەرەوە نیە ئازادە بە مانای واقیعی کەلیمە دەتوانێ بریار بدا کە لەگەڵ کانادا بمێنێتەوە یان جیا ببێتەوە، ئەوەش کە دەگوترێ مەسەلەن فەرز بکە دەڵێن ئێستا ئەورۆ لە هەرێمی کوردستان ئازادی هەیەو خەڵک دەتوانێ ریفراندۆم بکا، خەڵکی کورد لە هەرێمی کوردستان کە هیچ دلخۆشیەکی بە مانەوە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی نییە، لە حاڵێک‌دا کە ئاواتی پێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە، **٩٠** لەسەدی خەڵک زیاتریش

خەڵکی فەقیرو هەژارو خەڵکی ئاسایی ئەو وڵاتە پێی خۆشە سەربەخۆ بێ، پێی خۆش نیە لەگەڵ ئەو مەرگەساتەی کە ئێستا لە عێراقێ هەیە لەگەڵ ئەوە تێکەڵاو بێ، بەڵام لە هەمان کات‌دا تۆ برۆ ریفراندۆم بکە بۆ سەربەخۆیی خەڵک لەوانەیە دەنگ نەدا، چونکە دەڵێ برسی دەبین، دەڵێ نانمان دەبرێ، دەڵێ ژیانمان لێ تاڵ دەکەن، سنوورەکانمان لێ‌دەبەستن، بۆیە کە دەڵێم ئازادی بریاردان، ئازادی بە مانای بەرفرەوانی وشەیە.

پ: پێت وایە قۆناغی ئێستا ئەو هەل‌ومەرجە رەخساوە مادام کە ئێمە ئەو ماوەی کە باسمان کرد لەسەر فیدرالیزم ئەو کێشەو گیروگرفتانەی تایبەت بەخۆی هەیە، پێت وایە ئێستا هەل‌ومەرجی ئەوە هاتبێ کە هێزو لایەنە سیاسی‌یەکان بە گشتی یان خەڵکی رۆژهەڵات ئەوەی کە دەرفەتی بێ داوای سەربەخۆیی بکات سەربەخۆیی بەو مانایە کە لە ئێرانێ جیا بێتەوە بەو هەموو تەنگو چەڵەمەو لەمپەرانەی کە لە بەردەمی‌دا هەن؟!

و: نا، بێ‌گومان ئەو هەل‌ومەرجە نەرەخساوە، جەماوەری خەڵک بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ وەها ئامانجێک لە مەیدان‌دا نین، خەباتی چەکداری پاشەکشەی کردوە، رەوشی ئابووری خەڵک زۆر پەرێشانە، ئێستا ئەو ئامادەییەی نیە بەڵام، دەبێ هەموو ئەو تەوژمانە هەڵگیرێ جا ئەوکات مەسەلەن ئەرتەشی جمهوری ئیسلامی لە کوردستان بکشێتەوە، ماوەی شەش، حەوت مانگ ساڵێک ئازادی بێ، خەڵک ئازاد بێ حیزبە سیاسی‌یەکانی خۆی هەڵبژێرێ بە ئازادی، تاقیان بکاتەوە گوێ بگرێتە قسەکانیان، پرۆژەکانیان هەڵسەنگێنێ، دەورەیەکی دەیان ساڵەی دیکتاتۆری تێپەر کردوە، شەش مانگیش کەمە، ساڵێک دوو ساڵیش تازە دەبێ دەرفەتی پێ بدرێ لە کەش‌و هەوایەکی ئازاددا حیساب‌و کیتابی خۆی بکا تا بتوانێ ئازادانە دەنگ بدا. بەڵام چارە

هەر ئەوەیە ئەگەر دەت هەوێ کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران‌و لە کوردستان چارەسەر بکەی دەبێ ئەو خەڵکە ئازاد بێ بۆ بڕیاردان ڕۆژێـک لە ڕۆژان.

پ: کەواتە تاکوو ئەو حکوومەتە وەک دەزانین لەسەر کار بێ ئەو شتانە ئیمکانیان نیە ئەوەی کە باسی دەکەین بۆ داهاتووی ئێرانێ‌یە بەو پێکهاتە جۆراوجۆرە نەتەوەیی‌و فرەئایینی‌یە کە لە ئێرانیش‌دا هەیە، کەواتە ئەگەر ئێمە بێین بۆ ئەوکاتیش مادام کە دابین بوونی فیدراڵیزم بەو ئاستەنگەی بێ کە وەک دەفەرموون، بەو شێوەیە بێ کە بە قەول دەڵێ وەڵامیش نەداتەوە ئەو کێشانەی کە هەن‌و سەربەخۆییش لەو نێوەدا بازەم ئەو کێشانەی تایبەت بەخۆی بن، کەواتە لێرەدا دەبێ بەدیلێک ببێ، ئەو ئەڵتەرناتیڤە پێتان وایە چیە؟!

و: ئەو بەدیلە ئەوەیە کە ئێمە وەک ئەوەی کە دەڵێن موویەک لە بەرازی وەبێ یانی بەهەر پلەیەک بتوانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی پاشەکشە پێ‌بکەی ئەوە کارێکی باشە، بەڵام نابێ ئەوە وەکوو ئیدەئالێک بە خەڵک نیشان بدەی، نابێ بڵێی بەهەشتی ئێوە ئەوەیە، دەبێ بڵێی خەڵکینە ئێوە بۆیە توانیوتانە ئێستا ئەوەندە ئازادی‌یە بەدەست بێنین، چونکە ئێوە هەر ئەوەندە ئامادەیی‌یەتان لە خۆتان نیشان دا، چونکە ئێمە هەر ئەوەندە ئامادەیی‌یەمان هەیە ئەگەر دەمانەوێ زۆرتر بەدەست بێنین دەبێ ئامادەیی زۆرتر پەیدا بکەین دەبێ توانایی زۆرتر بخەینە کار، دەبێ فیداکاری زۆرتری بۆ بکەین، جا لە پێناوی ئەوە دایە دەڵێم هەر پلەیەیەک پاشەکشێی ئەو ڕێژیمە تەنانەت ئەگەر بڵێ ئێستا فیدراڵیزم قەبووڵ دەکەم زۆر باشە خۆناڵێین چونکە ئێمە پێمان وایە فیدراڵیزم ڕێگا چارەی مەسەلەی نەتەوایەتی نیە، نامان هەوێ. هەر پلەیەک بکشێیەوە هەر قەبووڵە، بەڵام بە مەرجێک بە خەڵک بڵێی ئەوە بە زۆر کشاوەتەوە، لە ژێر تەوژمی خەباتی ئێوە پاشەکشەی کردوە سبەینێ

دووبارە دێتەوە، ئەگەر دەتەوێ ئەوەی کە بە دەستت هێناوە بی‌پارێزی دەبێ بەهێزتر بی، ئەگەر ئاوا قسە لەگەڵ خەڵک بکەی خەڵکیش حاڵی‌یە لە فیدرالیزمیش حاڵی‌یە لە خودموختاریش حاڵی‌یە—— تەنیا یەک پەڕانتێز من بکەمەوە لە مەسەلەی فیدراڵیزم‌دا، ئەویش ئەوەیە ئەگەر مەسەلەی دێمۆکراسی‌و مەسەلەی ئازادی‌گەلی دێمۆکراتیک لە ئاستی ئێران‌دا لەو پرۆژەی فیدراڵیزمە بێنیەدەر لەو سوورەتەدا کارەساتێکی‌تر لە ڕێ دایە. لە کوردستانی ئێران لە چەندین شوێن ئەوە لە ناوچەی نەغەدەو ورمێ، لە ناوچەی میاندواو و ساین‌قەڵاو مەحموودجغ، لە باشوور هەروا لە ناوچەی کرماشان‌و شوێنی دیکەش، خەڵکی کوردو غەیرە کورد تێکەڵاون. خەڵکی کورد تیکەڵن لەگەڵ لە خەڵکی توورک، خەڵکی فارس، لەگەڵ ئایین‌و مەزهەبی دیکە. تۆ چاو لێ‌بکە لە عێراق تاقە یەک کەرکووک هەیە چەندە بۆتە گرێ پووچکەیەک بۆیان ناکرێتەوە لە هیچ لایەکەوە، لەهەر کوێوە بۆی دەچن مەترسی کێشەی قەومی‌و مەزهەبی‌و دوژمنایەتی خەڵک لەگەڵ یەکترو هەموو ئەوانە سەر هەڵ دەدا، لە ئێران چەندین شوێنی ئاوا هەیە لەبەر ئەوە، مەسەلەی ئەوە کە دێمۆکراسی دەبێ بە ناخی ئەو کۆمەڵگایەدا بچێتە خوارەوە. ڕۆحی بەیەکەوە ژیان پەروەردە بووبێ. هەر بۆیە لایەنێکی گرینگی خەبات بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا و بەو هەموو کارەساتەی کە لەم سەردەمەدا خوڵقاوە، هاندانی ڕۆحی بەیەکەوە ژیانی نەتەوە جیاجیاکانە. بگژاچوونەوەی بەرچاوتەنگی نەتەوەییە. بەرجەستە کردنەوەی ئامانجی هاوبەش‌و دەردو ئـازاری هاوبەشی ئینسانی چەوساوەو بێ‌بەشی کۆمەڵگایە، لە هەر نەتەوەو ئایینێک بن‌و بە هەر زمانێک قسە بکەن. دەمـارگـرژی نەتەوەیی لە کوردستانی ئازادی سبەی ڕۆژدا نابێ جێگەیەکی هەبێ—— .

پ: وەک ئەوەی فەرمووتان کەواتە، ئێمە جیاواز لەوەی کە ئێستا لە حاڵی خەبات داین بۆ دواڕۆژی ڕۆژهەڵاتیشمان کە بچینەوە نێوخۆی ئێرانێ ئینشائەڵڵا کە ئەو حکوومەتە نەمێنێ‌و نەما، ئێمە خەباتێکی دژوارتری دیکەمان لە پێشە کە هەم بە خەڵکەکەی خۆمان دووبارە سەرلەنوێ بسەلمێنینەوە کە ئەوەن کارو بارەکان، ئەوەن بەرنامەی ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات‌و جوان تێیان بگەیەنین‌و تێشیان بگەیەنین کە نەتەوەکانی دیکە بە نیسبەت ئێوەوە چۆنن‌و حکوومەتی ناوەندیش کە پێک دێ یانی خەباتی دژوارترمان ئێمە لەسەر شانە بە تایبەت بۆ ئەو ناوچانەی کە ئێستا حکوومەت‌و زۆر لە نەتەوەکانی غەیرە کوردیش بە کوردستانی نازانن وەکـوو کرماشان‌و ئیلام‌و ورمێ‌و ئەو بەشانەی کە هەمانن کەواتە، خەباتێکی قـورسـتـرمـان ئێمە لـەسـەر شـانـە؟!

و: بێ‌گومان وایە، بەڵام ئەوەش نابێ ڕاگرین بۆ ئەو وەختی بە قەولی ئێوەە کە دەچینەوە. ئێمە بۆ کوێ دەچینەوە؟ ئێمە ئێستا لەوێین، لە دەرەوەی ئەو خەڵکە نین کە بچینەوە، تەنیا سەرکردایەتی‌و بارەگاو مقەڕەکانمان لێرە داناوە، ئەویش بەوهەمموو پەیوەندیەی کە لەگەڵ ناوەوەی وڵات هەیە. کوردستان کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەکی زۆر حیزبی‌یە. ئەو هەموو خەڵکە کە خۆی بە لایەنگری، ئەم حیزب‌و ئەو حیزب دەزانێ، ئەوە لەوێ دانیشتوون بۆیە بەردەوام دەبێ ئێستا بیڵێین بە تایبەت کە ئێستا میدیامان هەیە، دەزگای تەبلیغاتی‌و ڕاگەیاندنی گشتی‌مان لەبەردەستە، دەبێ بەردەوام ئەو هەستی هاوسەرچارەنووسی نێوان میللەتەکان تەبلیغ بکەین‌و پێشی ئەوە بگرین کە دەوڵەتی ناوەندی بتوانێ بە هاندانی هەستی نەتەوایەتی‌و بە هاندانی شۆڤێنیزم‌و بە مەترەح کردنی بۆچوونی دواکەوتوو لەنێو کۆمەڵگادا کەلێن بخاتە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران‌داو ئەوە زۆر زۆر گرینگەو کارێکە بە قەدەر چالاکیمان بۆ دابین کردنی مافی نەتەوەی کورد گرینگە، یانی ئەگەر

ئەوە نەبێ ئەوی دیکەشت هەموو لێ هەڵدەوەشێتەوەو لە جیاتی ئەوەی مافی نەتەوەی کورد بەدەست بێنی کوردستان دەبێتە گۆمی خوێن بۆ ماوەیەکی درێژ کە ئەوە هەڵ ناگرێ بەڕاستی، ئەوە ناهێنێ، ئێمە بە فەرز ئەوە چەندین ساڵە عێڕاق ئەو مەرگەساتەی تێدایە، لە کەرکوک لە خانەقین، لە شوێنە کورنشینەکانی دیکەی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی مەرکەزی، لە باقی شوێنەکانی دیکەی عیراق، ئێمە ناتوانین بڵێین قەی‌ناکا لە پێناوی ئەوەی کە دەمانەوێ سەربەخۆیی بەدەست بێنین یان فیدڕالیزم بەدەست بێنین، با هەزارانی دیکە قوربانی بدەین، بۆچی؟ مەسەلەن ئەوە ئێستا ٢٢٠ دەوڵەتی سەربەخۆ لە دنیادا هەیە، نیوەی زیاتریان زۆربەی خەڵکەکەیان لە ژێر هێڵی هەژاری‌دا دەژین، سەربەخۆیی خۆی لە خۆی‌دا چی بە دیاری بۆ هێناون؟ دەوڵەتی سەربەخۆی دیکتاتۆڕو گەندەڵو چەوسینەرمان بۆچییە، کە قەرار بێ ڕەنجو قوربانیشی بۆ بدەین. دەیان دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئەفریقا هەیە کە میللەتەکەیان لە برسان زگو پشتیان پێکەوە نووساوە. وڵاتێکی وەکوو پاکستانمان بۆچییە بە ئەو هەمووە کێشەو دووبەرەکی‌یەی تێ دایە؟ دڵ خۆشی‌یەک نیە بۆ خەڵک کە پێی بڵێی بەو ڕێگایەت‌دا دەبەم. ئەوە کێشەیەکە دەبێ هەوڵ بدرێ ئاسانترین ڕێگاو کەم دەردی سەرترین ڕێگای بۆ ببیندرێتەوەو ڕێگا نەدرێ بەهیچ جۆرە دووبەرەکی‌و سوئیستیفادەیەک کە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی‌یەوە دەکرێ، ئەوە زۆر زۆر گرینگە، بۆیە مەسەلەی ئەوە کە بۆ خەباتی سەراسەریمان، بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەبێ هاوپەیمانانی سەراسەری خۆمان ببینینەوەو دەبێ لەگەڵ هاوپەیمانانی واقیعی سەراسەریمان یەکگرتوو بین، مەسەلەیەکی گرینگە. بۆ نموونە دەڵێم ئێمە پێمان وانیە مەسەلەن زۆرێک لەو حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یانەی ئێرانی کە ڕەگەی شۆوێنیستی‌و ڕەگەی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگی ئێرانی‌یان تێ‌دایە هاوپەیمانێکی باش بن بۆ میللەتی کورد.

**که دەمانەوێ سەربەخۆیی بەدەست بێنین یان فیدڕالیزم بەدەست بێنین، با هەزارانی دیکە قوربانی بدەین، بۆچی؟ مەسەلەن ئەوە ئێستا ٢٢٠ دەوڵەتی سەربەخۆ لە دنیادا هەیە، نیوەی زیاتریان زۆربەی خەڵکەکەیان لە ژێر هێڵی هەژاری‌دا دەژین، سەربەخۆیی خۆی لە خۆی‌دا چی بە دیاری بۆ هێناون؟ دەوڵەتی سەربەخۆی دیکتاتۆڕو گەندەڵو چەوسینەرمان بۆچییە، کە قەرار بێ ڕەنجو قوربانیشی بۆ بدەین. دەیان دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئەفریقا هەیە کە میللەتەکەیان لە برسان زگو پشتیان پێکەوە نووساوە. وڵاتێکی وەکوو پاکستانمان بۆچییە بە ئەو هەمووە کێشەو دووبەرەکی‌یەی تێی دایە؟**

● ●

لەبەر ئەوە هەروەکوو ئەوەی لە سەرەتای قسەکانم‌دا ئاماژەم پێ‌کرد زۆرێک لەوانە تەنانەت ئەگەر فیدڕالیزمیشمان لێ‌قەبووڵ دەکەن بۆ ئەوەیە کە وەحدەتی خاکی ئێرانی پێ بپارێزن. ئەوە زۆر گرینگە کە خەڵکی کورد هاوپەیمانی ڕاستگۆو وەفاداری سەراسەری خۆی بناسێ. لەگەڵ ئەوەش‌دا کە لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان— باکوور، باشوورو ڕۆژئاوا— زۆر شتی هاوبەش هەیە کە پێکەوەمان گرێ دەدا، بەڵام ستراتیژی سیاسیمان لەڕووی واقیع‌بینی‌یەوە دەبێ رووی لە گۆڕینی دەسەڵاتی ئێران بێ.

پ: ئەوەی عەرزم کردی چوونەوەمان بەو نیسبەتەکەی کە لەنێو خەڵکی خۆمان‌دا نینو تۆزێک لێ‌یان دوورین دەنا هەر لەنێو خەڵکی خۆمان داینو خەباتەکەشمان لێرەوە هەر لەو راستایە دایە، بەڵام هەر لە راستای فەرمایشتەکەنت‌دا ئێستا زۆر لە شۆوێنیستەکان ئەوانەی کە خۆیان بە رووناکبیریش دەزانن بەڕاستی، بۆیە زۆر وشەی شۆوێنیست بەکار دێنم پێم وابێ ئەوان بە نیسبەت ئێمەوە زۆر جار پێیان لە بەڕەی خۆیان زیاتر درێژ کردوە، هەمیشە ئێمە یان وەڵامێکی وامان نەداونەوە یان ئەوەتا بە قەدەر بارتەقای وەڵامی خۆیان نەبووە، تەنانەت رووناکبیرەکانیشیان لە دەرەوە کە پێگەیشتوو بە قەولێ تەحسیل کەردەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانن، ئێستاش لەوێ بە نیسبەت کوردەوە ئەو تەنگ نەزەریەیان هەیەو بە جۆرێکی کەم چاو لە کورد دەکەن، جا بۆیە دەڵێم خەباتەکەمان ئەو کاتی کە لەنێو خەڵکی خۆمان داین جیاواز لەوەی کە ئێستا هەر خەریکین، قورستر بێ؟!

و: بۆ تەئیدێک بۆ قسەکەی جەنابت لەو کۆبوونەوانەی کە ئێمە تێیدا نین، بەڵام حیزبە سیاسی‌یەکانی دیکەی کوردستانی ئێران تێی‌دان، بەشداری دەکەن لەو کۆبوونەوانەی کە لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، لە پڕاگ لە ستوکهولم، لە واشنتۆن، لە لێدوانەکانیادا بە چاوی سووک دەڕواننە خەباتی خەڵکی کورد.

پ: هۆکارەکەی چیە، پێت وایە لاوازی حیزبەکانە بەو نیسبەتەوە یا لاف لێدانو پێ درێژکردنی زیاتری ئەوانە؟!

و: نا، لاف لێدانی ئەوان دەتوانێ پاشەکشەی پێ‌بکرێ، بەڵام بە بڕوای من نەبوونی بڕوا بە خۆیە، نەبونی بڕوا بە هێزی جەماوەرێکە کە ئەو خەباتەیان تا ئیرە هێناوە.

پ: لە کۆتاییەکانی وتووێژەکەمان داین ڕێگاچارەی ئێوە وەکوو کۆمەڵە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێرانی داهاتوودا ئێستاش کە لە بەرنامەی کاریتان‌دا بێ، چیە؟!

و: ئێمە پێمان وایە کە بە پلەی یەکەم دەبێ کەشێکی دیمۆکڕاتیک لە ئێران‌دا پێک بێ، کەشێک کە تێیدا ئینسانەکان بتوانن ئازادانە بڕیاری خۆیان بۆ چارەنووسی خۆیان بدەن، ئازادییش بە مانای بەرفراوانی وشە. وتم؛ ئازادی‌یەک بێ کە تێیدا هەڕەشەی بەسەرەوە نەبێ، نەک هەر ڕۆژی دەنگ‌دانەکە، مومکینە کەس بە زۆر کەس نەباتە بەردەم سندووقی دەنگ‌دانەکە، بەڵام ئازادی‌یەک بێ کە خەڵک بتوانێ هەناسەیەکی ڕاحەت بکێشێ هەڕەشەیەکی بەسەرەوە نەبێ، لەوەها ڕۆژێک‌دا دەبێ لە خەڵک بپرسرێ کە ئایا دەتانەوێ لە ئێران جیا ببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆتان پێک بێنن؟ ئەرێ یا نا؟ ئەوە پرسیارێکی زۆر گرینگە کە دەبێ خەڵک وەڵامی پێ‌بداتەوەو ئەگەر وتیان جیا دەبینەوە ئەوە دەست بەجێ بڕیار بدرێ‌و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ڕابگەیەندرێ.

پ: ئەوە یەکێک لە ڕێگاکان، بەڵام ئەگەر نا بوو؟!

و: ئەگەر گوتیان جیا نابینەوە لەو سووڕەتەدا، دەبێ بڵێین ئەو میللەتە وەکوو هەموو ئینسانێکی ئەو وڵاتە لە مافی یەکسان لە هەموو بوارێک‌دا بەهرەمەند بێ. دیارە بۆ ئەوەش دەبێ زەمانەتی پێویست بدرێ، بەڵام وەختێک دێینە پای زەمانەتەکان ئەو وەختە چاو لەوە دەکەین بزانین کێ‌یە ئەو زەمانەتە دەدا، ئاخر یەکێک دێ زەمانەت دەدا بەڵام خۆی «زامن لە ژێر پرسیار دایە»، زامنی مەسەلەکە، ئەگەر دەوڵەتێکی کرێکاری، دەوڵەتێکی پێشکەوتوویە، دەوڵەتێکی سوسیالیستە، کە بە خەباتی هاوبەشی جەماوەری لە کوردستان‌و لە سەرتاسەری ئێران هاتۆتە سەرکارو هیچ بەرژەوەندێکی لە هەڵاواردن‌و ستەم‌دا نییە، تۆ دەتوانی زەمانەتەکانی قەبووڵ بکەی. مەسەلەن بڵێ زمانی دایکی ئازادە، بە زمانی خۆتان بخوێنن‌و بنووسن، بڵێ ئیدارەی کاروباری وڵات

**ئێمە پێمان وایە کە بە پلەی یەکەم دەبێ کەشێکی دیمۆکڕاتیک لە ئێران‌دا پێک بێ، کەشێک کە تێیدا ئینسانەکان بتوانن ئازادانە بڕیاری خۆیان بۆ چارەنووسی خۆیان بدەن، ئازادییش بە مانای بەرفراوانی وشە. وتم؛ ئازادی‌یەک بێ کە تێیدا هەڕەشەی بەسەرەوە نەبێ، نەک هەر ڕۆژی دەنگ‌دانەکە، مومکینە کەس بە زۆر کەس نەباتە بەردەم سندووقی دەنگ‌دانەکە، بەڵام ئازادی‌یەک بێ کە خەڵک بتوانێ هەناسەیەکی ڕاحەت بکێشێ هەڕەشەیەکی بەسەرەوە نەبێ، لەوەها ڕۆژێک‌دا دەبێ لە خەڵک بپرسرێ کە ئایا دەتانەوێ لە ئێران جیا ببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆتان پێك بێنن؟ ئەرێ یا نا؟ ئەوە پرسیارێکی زۆر گرینگە کە دەبێ خەڵک وەڵامی پێ‌بداتەوەو ئەگەر وتیان جیا دەبینەوە ئەوە دەست بەجێ بڕیار بدرێ‌و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ڕابگەیەندرێ.**

بەدەست خۆتان بێ، هەر کەس پێتان خۆش بوو بۆ شارەوانی، بۆ فەرمانداری، بۆ ئوستانداری، بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، شووڕا، ئەنجومەن‌و... خۆتان دابینی بکەن، ئەگەر وتی؛ ئابووری ئەو وڵاتە دواکەوتووە دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە ئەوە پرۆژەکەمانە باوەڕی پێ دەکەین، خەریکی پێکەوەنانی ئەرتەشێکی پیشەیی نەبوو کە خۆی بۆ گیانی خەڵکی وڵاتەکەی تەیار بکات، ئازادی بێ شەرت‌و مەرجی سیاسی لە هەموو وڵات دابین کرد، مافی یەکسانی بۆ ژن‌و پیاو دابین کرد وەها دەوڵەتێک زەمانەتەکەی جێگەی بڕوایە، بەڵام ئەگەر ئەوانە نەبوو دیارە جێگەی باوەڕ نییەو لەو سووڕەتەدا ئیتر دەبێ بە خەڵک بڵێین، هەڵبژاردنێکی خراپتان کردوە. کێشەکەتان چارەسەر نەبووەو خۆتان ئامادە بکەن بۆ فورسەتێکی دیکە.

پ: کەواتە لەو شێوەیەدا یان دەبێ هەر ئەوەی کە لە سەرەتاوە باست لێوەکردو فەرمووتان فیدرالیزم گونجاو نیە بۆ ئەوڕۆی ئێرانێ یان نەخەیر بە شێوەیەکی کۆنفێدڕاڵی، پێتان وایە ئایا ئێران دەچێتە ئەو قۆناغەوە بۆ داهاتوو یان ئەگەر تۆ ویستی خەڵکەکەت ڕاپرسی‌یەکت کردو سەربەخۆییەکەی بە گونجاو نەزانی هەل‌ومەرجەکەی وا نەخوازرا بوو؟!

و: بە هیچ شتێک لە ئێستاوە پێش بینی ناکرێ، ئێمە ناتوانین پێش بینی بکەین بڵێین ئێران بەرەو کوێ دەچێ، یا مەسەلەن ئایا باروودۆخێکی شۆڕشگێڕانە لە ئێرانێ دێتە کایەوە؟ شۆڕش دەکرێ؟ کەی دەکرێ یان چۆن دەکرێ؟ بەڵام دەتوانین بڵێین ستراتیژی ئێمە چیە، دەمانەوێ بە چ ڕێگایەک‌دا بڕۆین، کە مەسەلەی کوردیش چارەسەر بکات؟ دەزانین کە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، دەوڵەتی ناوەندی ماهییەتەکەی بگۆڕێ دەبێ خەبات بکەین بۆ گۆڕینی ئەو دەوڵەتە نەک هەر کۆماری ئیسلامی بڕووخێ وێ دەچێ دوای ئەو دەوڵەتێکی سەرکوتگەری دیکە بێتە سەرکار لە چاڵیکەوە بکەوینە سەر چاڵاوێکەوە، بەڵام دەبێ خەبات بکەی بۆ پێک هێنانی حکوومەتێک، دەسەڵاتێک کە تێیدا میللەتی کوردیش بتوانێ هەناسەیەک بە ئازادی بکێشێ ئەوە ڕێگاچارەی ئێمەیە. ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی کە خەڵکی کورد لە ژێر چەتری حکوومەتێکی کرێکاری‌و سوسیالیستی‌دا لە چوارچێوەی ئێران‌دا بمێنێتەوەو مافەکانی دابین بێت. پرۆژەی ئێمە لەسەر ئەساسی مافی دیاری

●●

کردنی چارەنووسە. مافی دیاری کردنی چارەنووسە بەو مانایە مافی بڕیاردان بۆ جیابوونەوە یان مانەوە، بەڵام ئەو مافە تەنیا لە دەوڵەتێک داوا دەکرێ کە دەوڵەتەکە دێمۆکراتیک بێ یان دەنا ئەو مافە لە بارودۆخێکدا دێتە کایەوە کە دەوڵەت بە زۆر پاشەکشەی پێ کرابێ بۆ مانەوەش لە چوارچێوەی ئێراندا» بەرنامەی دەسەڵاتداریەتی جەماوەرمان هەیە.

پ: گـەورە پیاوێک دەڵـێ؛ داهاتوو مەحکووم بە دێموکراسییە، بەڵام کاتێک پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن دەبێتە پرسێکی جیددیی بۆ دوارۆژی وڵات، ناکرێ گرینگی فیدراڵیزم لەبەر چاو نەگیرێ، تا چەندە لەگەڵ ئەم رایەی؟!

و: بێگومان فیدراڵیزم وەک شێوەیەک بۆ ئیدارەی وڵات زۆر پێشکەوتوو و گرینگیشە، لەبەر ئەوە ئەو هەموو دەسەڵاتە بۆ دەبێ لە ناوەند کۆبێتەوەو بۆ دابەش نەکرێ. بۆیە من لەسەر ئەوە کێشەیەکم نیە ئەوە واقیعییە، بەڵام قسە لەسەر خودی دێمۆکراسییە، چونکە دێمۆکراسی هەر کەسەو بە شێوەی خۆی تەفسیری دەکا، هەر کەس‌و چین‌و توێژێک بە پێوانەی بەرژەوەندی خۆی هەڵی دەسەنگێنێ‌و تەفسیری دەکات. مەسەلەن فەرز کە لە روانگەی ئێمەوە دێمۆکراسی ئەو بارودۆخە نیە کە تێیدا خەڵک دێن هەر چوار ساڵ جارێک نوێنەر هەڵدەبژێرن‌و دەیان نێرنە پارلمان، تا چوار ساڵی‌تر هیچ دەسەڵاتیان بەسەریانەوە نیە کە چ دەکەن‌و چ ناکەن. یان دێمۆکراسی ئەوە نیە مەسەلەن کە من‌و تۆیەک ئیمکانی تەبلیغمان نیە، ئیمکانی خۆناساندنمان نیە بە کۆمەڵگا، ئیمکانی ئەوەمان نیە کە بڵێین خەڵک دەنگمان پێبدا، چونکە نە مزگەوتمان دروست کردوە، نە مەدرەسەمان دروست کردوە، نە خێرو خێراتمان کردوە، نە دەنگمان خۆشە، نە شاعێری باشین، هیچ کام لەوانە نین کە بەو حیسابە مەشهوور بین لەنێو کۆمەڵگادا، مەعلوومە ئاغای بەهادینی ئەدەب دەنگ دێنێتەوەو من‌و تۆ دەنگ ناهێنینەوە. بۆیە تەفسیر بۆ دێمۆکراسی گرینگە، دەبێ ئێمە ئینسانەکان لە بارودۆخێکی یەکساندا دابنێین بۆ ئەوەی خۆیان دەرخەن، بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆیان دەربخەن، بۆ ئەوەی دەنگ بدەن یان دەنگیان پێ بدرێ، لەو سووڕەتەدا دەبێ میکانیزمێکی وا رەچاو بکرێ کە ئەو ئیمکانە بۆ هەمووان وەکوو یەک بخوڵقێ، ئەوە دێمۆکراسییە. ئەگەر ئەو تەفسیرەمان بێ لە دێمۆکراسی، ئەو وەختەی ئەو تەعبیرەی کە ئێوە باستان کرد لە جێی خۆیەتی. بە بڕوای من ئیدارەکردن بە شێوەی فیدراڵ زۆر دێمۆکراتیک‌ترە لە شێوەی ئیدارە کردنی «متمرکزی» بڕۆکراتیک.

کـاک سـەیـد زۆر سـپـاس بـۆ ئەو ئـامـادەگـی‌یـەت بـۆ ئـەو وتـووێـژە!

سپاس بـۆ ئـێـوەش، بەخێر بێن!

تێبینی:

ئـەم چاوپێکەوتنە رۆژی چوارشەممە **٣١**ی بانەمەڕی **١٣٩٣**ی هەتاوی بەرامبەر بە **٢١**ی مای **٢٠١٤**ی زایینی لە زرگوێز کراوە. سپاس بۆ کاک «رێبوار مووسەی» زەحمەتی کێشاو دای بەزاندو هەروا سپاس بۆ کاک «عومەر ئەسپەندار»یش بۆ کـاری فیلم کە وەک کوردکاناڵ هاتبوو! هەروەها سپاس بۆ کاک کەریم سەقزی بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە سلێمانی بۆ هاوکاری کردنی.



# مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکانو فیدڕالیزم لە ئێراندا




**کوڕی کیلەشین**

ئەسڵی دیاری کردنی مافی چارەنووس(The Right of self-Determination)

ئەو ئەسڵە لەسەر بنەمای چارەنووسی تاکەکەسیو کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لە ڕەوتێکی ئازاددا شکڵ دەگرێو هێماو ڕەنگ دانەوەی سەربەخۆییو بڕیاری ئازادانەی خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆیانە. ئەو چەمکە وەک «خۆبەڕێوەبەری»ش لێک دراوەتەوە. مافی دیاری کردنی چارەنووسی خەڵک لە لایەن خۆیانەوە، یەکێک لە بنەڕەتیترین بنەماکانی مافی مرۆڤە. ئەو ئەسڵە بە ڕادەیەک گرینگە کە وەک بنەماو کۆڵەکەی هەموو مافی مرۆڤ پێناسە دەکرێ. لەڕاستیدا بۆ گەیشتن بە بنەماو ئوسوولەکانی دیکەی مافی مرۆڤ، وەدیی هاتنی ئەسڵی مافی دیاری کردنی چارەنووس خاوەن گرینگییەکی تایبەتەو ئەگەر ئەو ئەسڵە جێبەجێ نەکرێ ناتوانین چاوەڕوان بین، دەسەڵاتێک کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵنەبژێردراوە، لە بەرانبەر پاراستنی مافی مرۆڤدا دەروەست بێت. ئەسڵی مافی دیاری کردنی چارەنووس لەسەر بنەمای مافی دەسەڵاتداریەتی خەڵک داڕێژراوە. بەو پێیە خەڵک دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەستو ئازادانە چۆنیەتیو شێوازی بەڕێوەبردنی سیاسی کۆمەڵگەی خۆیان دەست نیشان بکەنو بەشیان بەسەر سامانە سروشتییەکانی وڵاتی خۆیانەوە هەبێ، هەروەها مافی ئەوەشیان هەیە کە بەدواداچوون بۆ گەشەی ئابووری ـــ کۆمەڵایەتیو کولتووری کۆمەڵگەی خۆیان بکەن. مافی دیاری کردنی چارەنووس، مافێکە کە بە مەبەستی وەدی هێنانی خودموختاری سیاسی ـــ کۆمەڵایەتی بە خەڵک، ئەتنیک یا نەتەوەیەک دراوە. بە پێی ئەو مافە هەر کۆمەڵگەیەک دەتوانێ کاروباری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری خۆی بەو شێوەیەی بە گونجاوی دەزانێ، دوور لە دەستتێوەردانی دەرەکی بەڕێوە ببات. لە دۆخێکی ئەوتۆدا و لە پەیوەندیی لەگەڵ پرسی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەکدا، سێ ڕێگە بۆ دیاری کردنی ئەو مافە دیاری کراوە، کە بریتین لە: ئەلف) سەربەخۆیی. ب) خودموختاری. ج) فیدراڵی.

بۆچی سیستمی فیدراڵی؟

لە دۆخی ئێستادا ئایدیای دەوڵەت ـــ نەتەوەو ئەو پێکهاتە سیاسییەی لێیکەوتەوە، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ژێر تەوژمێکی جیددیی دایە. جگە لە ڕەوتی ئابووری جیهانیو بەجیهانی بوونی ئابووری، تەوژمی لۆکاڵی بۆ بەدەست هێنانی شوناسی نەتەوەییو

دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی بۆ ئەو نەتەوانەی مافە سیاسیو کولتووریەکانیان لە بەرچاو نەگیراوە یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە تەوژمی گەورەی لەسەر دەوڵەت ـــ نەتەوە بچووکو گەورەکان لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا دروست کردوە. ئەو تەوژمە دووانەیە بەرۆکی وڵاتی فرەنەتەوەی ئێرانیشی گرتۆتەوەو زوڵمی راستەوخۆی ناوەند لە نەتەوە ژێردەستەکان، ئاستی ئەو تەوژمو گوشارەی بەرز کردۆتەوە. ئەمڕۆ لە دونیادا ناتوانین وڵاتێکی فرەنەتەوە بدۆزینەوە کە سیستمی دەوڵەت ـــ نەتەوە تێیدا لەسەر بنەمای زاڵ بوونی سیاسی ـــ کولتووری یەک نەتەوەدا پێناسە کرابێو نادادپەروەری ئابووری، سیاسیو کولتووری لە نێوان نەتەوەکانی دیکەدا چەشنێک لە هەڵاواردنی دروست نەکردبێو لە کردەوەدا ئاستی ئەو نەتەوە ژێردەستانەی بۆ هاووڵاتی پلە دوو و سێ دانەبەزاندبێ. ئەو زاڵ بوونە بەر لەهەر شتێک خۆی لە ڕێگای میکانیزمی فەرمانڕەوایی سیاسیو زاڵ بوون بەسەر سیستمی سیاسیدا دەردەخا، بەڵام لە درێژخایەندا لە ڕێگای دروست کردنی مەودای جیددی لە نێوان نەتەوەکەی خۆی(نەتەوەی بان دەست) لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە(نەتەوە ژێردەستەکان)، تەنانەت ئەگەر بەشی هەرەزۆری ئەو نەتەوەیە(بۆ نموونە: فارس) ئاگاداری ئەو ڕەوتە نەبنو هەستیان پێنەکردبێ یان لە بواری سیاسیدا لەگەڵ دەسەڵات نەبن، لە کردەوەدا بەستێن بۆ حاکمیەتی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیە خۆش دەکا. ئاکامی کردەوەییو روونی ئەو ڕەوتە ئەوەیە: زاڵ بوونی سیاسی دەسەڵاتێکی دیاری کراو، کە بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکی دیاری کراو و لە پێناو بێبەش کردنی نەتەوەکانی دیکەدا هەنگاو هەڵدەگرێ، بەستێنی چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە لایەن نەتەوەی باندەست دەڕەخسێنێو لە پڕۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووریدا نەتەوە ژێردەستەکان لە ژیانی سیاسیو ئابووریو تەنانەت

**ئەمرۆ لە دونیادا ناتوانین وڵاتێکی فرەنەتەوە بدۆزینەوە کە سیستمی دەوڵەت ـ نەتەوە تێیدا لەسەر بنەمای زاڵ بوونی سیاسی ـ کولتووری یەک نەتەوەدا پێناسە کرابێو نادادپەروەری ئابووری، سیاسیو کولتووری لە نێوان نەتەوەکانی دیکەدا چەشنێک لە هەڵاواردنی دروست نەکردبێو لە کردەوەدا ئاستی ئەو نەتەوە ژێردەستانەی بۆ هاووڵاتی پلە دوو و سێ دانەبەزاندبێ. ئەو زاڵ بوونە بەر لەهەر شتێک خۆی لە ڕێگای میکانیزمی فەرمانڕەوایی سیاسیو زاڵ بوون بەسەر سیستمی سیاسیدا دەردەخا، بەڵام لە درێژخایەندا لە ڕێگای دروست کردنی مەودای جیددی لە نێوان نەتەوەکەی خۆی(نەتەوەی بان دەست) لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە(نەتەوە ژێردەستەکان!**

● ●

کۆمەڵایەتیشدا دەخاتە پەراوێزەوە. ئەو ڕەوتە کەلێنە ئەتنیکیو نەتەوەییەکان قووڵتر دەکاتەوەو بەستێنی هاتنە ئارای بوومەلەرزەیەکی سیاسی ـــ کۆمەڵایەتی گەورە لەو چەشنە کۆمەڵگەیانەدا پێک دێنێ.

فیدراڵیزم چیە؟

فۆرمۆڵی فیدراڵی بەبێ ئەوەی کە چارەسەری ڕەهای هەموو کێشە سیاسیو ئابووریو هەموو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بێ، ڕەچەتەیەکی(نسخە) گونجاو و هەوڵدانێکە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی نەتەوەکان، دروست کردنی ئەنتگراسیۆنی نێوان نەتەوەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ گۆڕان لە پێکهاتەی سیاسی حکوومەتدا، لابردنی هەڵاواردنی ئابووری لە نێوان نەتەوەکانو هێنانە ئارای وەڵامێکی دیمۆکراتیکو ئاوەزمەندانەیە، بەبێ ئەوەی بیەوێ ئەو وڵاتە تێکو پێک بداو سنوورەکانی هەڵبوەشێنێتەوە. دەتوانین فیدراڵیزم وەک سیستمی سیاسی لەسەر بنەمای ڕێک کەوتنێکی ئارەزوومەندانە بۆ خۆبەڕێوەبەریو حکوومەتی شەراکەتی پێناسە بکەین. چەمکی سیاسی فیدراڵیزم لە وشەی لاتینی فێئۆدۆس بە واتای بەڵێنو پەیمان سەرچاوە دەگرێ کە بە شێوەی هاوبەش لە نێوان لایەنەکاندا گرێبەستێک لەسەر بنەمای «دەروەست»بوونیان دروست دەکاو بە پێی ئەو دەروەست بوونە، وێڕای پاراستنی شوناسو تایبەتمەندی هەرکام لەو نەتەوانە، شوناسو هەبوونێکی گشتی نوێ وەک: پێکهاتەیەکی سیاسی پێک دێنێ کە شوناسی تایبەتو تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەگەر لەو روانگەیە سەیر بکەین، دەبینین کە فیدراڵیزم پێکهاتەو هاوکات شێوازێکی حوکمڕانییە کە یەکێتیو یەک پارچەیی لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتنو ڕەزامەندی لایەنەکان پێناسە دەکاو هاوکات لە ڕێگای یاسایەکی بنەڕەتی(دەستوور) گشتگیر، فرەچەشنیی توخمەکانی پێکهێنەری ئەو یەکێتی سیاسییە دەپارێزێ. بە گوێرەی ئەو پێناسەیە فیدراڵیزم شێوازێکی پێکهاتەی سیاسی دەوڵەتە لەسەر بنەمای حوکمڕانی هاوتەریبی ناوەندو هەرێمەکان یا بەواتایەکی دیکە ئاستێکی جیاوازی دابەش کردنی دەسەڵات بە شێوەی ستوونییە. لەو دابەشکاریەدا هەر دوو لایەنی دەسەڵات( هەم ناوەندو هەم پەراوێز)، خاوەن دەسەڵاتی تایبەتو دیاری کراوی خۆیانو لە بوارەکانی تایبەت بە خۆیاندا دەتوانن بە شێوەی سەربەخۆ بجووڵێنەوەو هیچ کام لەو دوو لایەنە مافی ئەوەیان نیە کە مافو سەڵاحیەتەکانی لایەنەکەی دیکە پێشێل بکاو لەبەر چاویان نەگرێ. سنووری دەسەڵاتو

سەڵاحیەتەکانی ناوەندو هەرێمەکان یا شێوازی بەشداری هەرێمە فیدراڵەکان لە بڕیاردانی دەسەڵاتی ناوەندیدا، ڕەنگە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە جیاواز بێ. بەو هۆیەوە ناتوانین لە شێوازێکی نەگۆڕو دیاری کراوی فیدراڵیزم بدوێین. بەڵام سەرەڕای فرەچەشنیو جیاوازییەکانی نێوان مۆدێلەکانی فیدراڵیزم لە وڵاتانی جۆراوجۆردا، هەموویان لەسەر ناوەڕۆکێکی گرینگ ـــ کە دەتوانین ئەو ناوەڕۆکە وەک پێوانی هەبوونی سیستەمی فیدراڵی ئەژمار بکەین ـــ کۆکن، کە بریتییە لە: «دەسەڵاتداریەتی هاوتەریبو دووانە لە نێوان حکوومەتی ناوەندیو هەرێمەکاندا». هەرچەند ئەو دوو حکوومەتە لە جوغرافیایەکی دیاری کراودا سەربەخۆیی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لێک دانەبڕاونو هەر دوو لایەن هێندێک مافو ئەرکی هاوبەشیان لە بەرانبەر یەکتردا هەیە. بەو شێوەیە هەرێمەکان وێڕای ئەوەی کە لە بواری دیاری کراوی حوکمڕانی خۆیاندا دەسەڵاتو سەڵاحیەتی خۆیان هەیە کە پێی دەگوترێ: «خۆبەڕێوەبەری»(Self-rule) لە بەڕێوەبردنی حکوومەتی ناوەندیشدا بەشدارن، کە پێی دەگوترێ حکوومەتی شەراکەتی(Shared –rule).

فیدراڵیزم لە ئێرانی فرەنەتەوەدا:

ئەو بۆچوونە ناوەندخوازو سەرەڕۆیە کە پێی وایە قەبووڵ کردنی پلۆڕالیزمو سیستەمێکی سیاسی فیدراڵی دەبێتە هۆی دابەش بوونی ئێران لە چەند لایەنەوە لەگەڵ ناخو نێوەڕۆکی دیمۆکراسی ناتەبایە. لە لایەک تێگەیشتنی ڕەوتە ناوەندخوازەکان ـــ کە دژایەتی جووڵانەوەی نەتەوە بندەستەکانو داواکاریەکانیان دەکەن ـــ خوێندنەوەیەکی ئامرازگەرایانەیە، واتا ئەوان مەبەستیان وەدیهێنانی دیمۆکراسی نیە، بەڵکوو ئامانجی سەرەکیان پاراستنی یەک پارچەیی خاکی ئێرانە. لەحاڵێکدا کە یەک پارچەیی خاک کاتێک مسۆگەر دەکرێو ڕەوایی دەبێ کە هەموو گەلانی دانیشتووی ئێران بە

**بەڵام سەرەڕای فرەچەشنیو جیاوازییەکانی نێوان مۆدێلەکانی فیدراڵیزم لە وڵاتانی جۆراوجۆردا، هەموویان لەسەر ناوەڕۆکێکی گرینگ ـ کە دەتوانین ئەو ناوەڕۆکە وەک پێوانی هەبوونی سیستەمی فیدراڵی ئەژمار بکەین ـ کۆکن، کە بریتییە لە: «دەسەڵاتداریەتی هاوتەریبو دووانە لە نێوان حکوومەتی ناوەندیو هەرێمەکاندا»!**

هەموو جیاوازییە نەتەوەیی ـــ ئەتنیکی، زمانیو ئایینییەکانیانەوە بە شێوەی ئارەزوومەندانەو بە زانابوونەوە لە دابەش کردنی دەسەڵاتی سیاسیو سامانی ئابووری وڵاتدا پشکیان هەبێ. بژاردەی پێک هێنانی سیستەمێکی فیدراڵ لە وڵاتێکی گەورەو فرەنەتەوەی وەک ئێران بەشێکی دانەبڕاوی دیمۆکراسیو کاتالیزۆرێکی دیمۆکراتیزە بوونی ئێرانە. ئەگەر ئەسڵی بەشداریو ئیرادەی خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسدا قەبووڵ بکەین، ئەو کات ناتوانین لە بەرانبەر ویستە نەتەوەییو کولتوورییەکانی نەتەوەکاندا بێدەنگو بێهەڵوێست بین. بێگومان هەوڵدان بۆ وەدیی هێنانی هەر چەشنە دیمۆکراسییەک لە ئێران، بە بێ دابین کردنی مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران جێبەجێ ناکرێو هەر هەنگاوێک بەرەو ئەو ئاراستەیە جگە لە هەوڵدانێکی نەزۆک کە لە کۆتاییدا حکوومەتێکی ناوەندیی دیکتاتۆری لێدەکەوێتەوە، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نابێ. هەر دوو حکوومەتی سێکۆلاری شاهەنشاهیو تیئۆکراتی ئیسلامی لە نۆ دەیەی ڕابردوو لە دوای پێکهاتنی دەوڵەت ـــ نەتەوەی ناوەندخواز لە ئێران سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن. هەروەها دەبێ ئەو خاڵەش لە بەرچاو بگرین کە سیستەمی فیدراڵی تەنیا لە وڵاتانی دیمۆکراتیکدا دەتوانێ وەڵامدەر بێ. فیدراڵیزم ڕێگەچارەیەکە لە نێوان جیاییو پەیوەندیی نەتەوەکان، فیدراڵیزم شەقێکی سێهەمە کە وەک بژاردەیەک لە نێوان یەکێتی ڕەهاو دابڕانی ١٠٠٪ی کولتووری، سیاسیو ئابووری، نەتەوەکان لێک نزیک دەکاتەوەو بە لەبەرچاوگرتنی پۆتانسیەلو ویستی هاوبەشی نەتەوەکان دەتوانێ لە چوارچێوەی ترایبی فرەچەشنو جیاوازدا، سێ چەشنی پەیوەندی لە نێوان ناوەندو هەرێمەکاندا بئافرێنێ. بۆ نموونە: پەیوەندییەکی کولتووری لە نێوان زمانی فەرمی لەگەڵ زمانی نەتەوەکان، پەیوەندییەکی سیاسی مام ناوەند بە هاوبەشی لە سیاسەتە دەرەکیو بەرگریەکانو پەیوەندیەکی ڕێژەیی ئابووری لە نێوان دەوڵەتی ناوەندیو حکوومەتە خۆجێیەکان.

کۆبەند: هەبوونی بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی ـــ سەرەڕای هەموو کەمو کوڕیەکانیان ـــ لە ماوەی نۆ دەیەی ڕابردوودا دەرخەری ناسازگاری پێکهاتەی دەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر بنەما(کارپایە)ی تاک میللەت لەگەڵ کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێرانە. یەکێتی لە چییەتی، فرەچەشنی لە شکڵدا دەسەپێنێو ئەو یاسا دیالێکتیکییە هەموو دیاردەیەک دەگرێتەوە. چییەتی هەمان ویستو داخوازیو هاوکاتیش مافێکە کە هەموو نەتەوەکان هەیانەو لەڕاستیدا هەموو نەتەوەکان لەسەر ئەو بابەتە کۆکنو فرەچەشنی لە شکڵدا بریتییە لە: ڕزگار کردنی ئێران لە سیستەمی ناوەندیی ئێستا و دابەش کردنی دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریو بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش پێویستە سیستەمێکی فیدراڵی لە ئێراندا دابمەزرێ.

# ستڕاتیژییەکی هەڵە!




ژیان ئازاد

دروشمی ستراتیژی زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیمۆکڕاسی بۆ ئێران‌و فیدراڵی بۆ کوردستان،ـە. دروشمێک کە لەسەر بنەمای سەقامگیربوونی سیستمێکی سیاسی دیمۆکڕات‌و باوەڕمەند بە مافی پێکهاتە جیاوازەکان لە ناوەندو بە فەڕمی ناسین‌و جێگیربوونی چەشنێک لە خۆبەڕێوەبەری‌و بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیی لە کوردستان هەڵگیراوە، بەڵام ئەو دروشمە بە بەری پرس‌و خواستە سیاسی‌و نەتەوەییەکانی خەڵک‌و بەتایبەت بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گونجاو نییە. هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵی لە زاتی خۆی‌دا داننانە بە داگیرکاری دەوڵەتێک کە لە ڕێگەی هێزی سەربازی‌و پێکهاتنی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی، قەڵەمی بەسەر دابەش کردن‌و لەت کردنی نیشتمانی کوردان‌دا کێشاوەو دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندوە. کوردستان لە پڕۆسەیەکی مێژوویی‌دا داگیرکراوەو جگە لە داگیرکاریش، دەسەڵاتەکان نکۆڵی‌یان لە نەتەوەبوونی کردوەو هەوڵیان داوە زمان، کولتوورو مێژووی بشێوێنن. ئەو زمانەی کە حیزبەکان بۆ گۆڕینی سیمای سیاسی‌و ئیداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری دەهێنن زیاتر وەک زمانی ئۆپۆزسیۆنێکی نێو چوارچێوەی دەسەڵاتێک دەچێ، نەک وەکوو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی نیشتمان داگیرکراو.

داواکردنی سیستمی فیدراڵی بە واتای خۆهێشتنەوەیە لە چوارچێوەی جوغرافیایی، سیاسی، ئیداری، ئابووری‌و سەربازی ئێران‌دا. لەو حاڵەتەدا فیدراڵی زیاتر فۆڕمێکی داخوازی‌یە کە هەم تینوویەتی خەباتی پێ دەشکێ‌و هەمیش دۆست‌و هاوپەیمانی پێ لەنێو لایەنە ئێرانی‌یەکان‌دا پەیدا دەبێ، چونکە مەترسی لەسەر سنووره سیاسی ـــ جوغرافیاییەکانی ئێران نییە. بەڵام ئەوە دڵی فارس‌و لایەنە ئێرانی‌یەکانی پێ رازی دەبێ، نەک ئیرادەو ورەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان. ئەو دروشمە بەو جۆرەی کە خواستی کوردە، نەک جێبەجێ نابێ، بەڵکوو بە توندترین شێوەش لەلایەن لایەنە جیاوازە ئێرانی‌یەکانەوە دژایەتی دەکرێ، چونکە تێگەیشتن‌و خوێندنەوەی کوردو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بۆ ئەو دیمۆکڕاسی‌یەی لە داهاتوودا بڕیارە لە ئێران‌دا جێگیر بکرێ، تەواو لێک جیاوازە. کورد جۆرێک لە دیمۆکڕاسی دەوێ کە لەودا دان بە مافی نەتەوەیی‌و مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان، بۆ خەڵکی کوردستان بە رەوا ببینرێ‌و دەستوور دانی پێدابنێ. بەڵام لایەنی بەرامبەری کورد، لە سیستمی دەسەڵاتدارەوە بگرە تاوەکوو ناڕازییانی نێوخۆو ئۆپۆزسیۆنی ڕاست‌و چەپی دەرەوەی ئێران، هیچ کامیان باوەڕیان بەو چەشنە لە دیمۆکڕاسی‌یە نییە. گرینگترین شت بۆ ئەوان ناوەندێکی بەهێزو زاڵ کردنی کولتووری ئێرانی بوونە بەسەر پێکهاتە جیاوازە نەتەوەییەکان‌داو لە باشترین حاڵەتیش‌دا بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکان، باوەڕیان بە مافی ژیان‌و شارۆەندی هەیە کە دەتوانن گرینگی بە زاراوەو وردە کولتوورەکانی خۆیان بدەن. ئەو جیاوازی‌یەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوون لەسەر چەمکەکانی نەتەوەو قەوم. بەپێی پێناسەکانیان، لەهەر دوو چەمکەکەدا باس لە زمان‌و داب‌ونەریتی هاوبەش، مێژوو و خواستی پێکەوەبوون دەکرێ، بەڵام خاڵی جەوهەری جیاوازی ئەو

**کاتێک لایەنێک ئامادە نەبێ، وەکوو خۆی دان بە لایەنێکی دیکە دابنێ، چۆن دەتوانێ بەو قەناعەتە بگات کە مافەکانی وەکوو خۆی ببینێ. هەرچەندە فاکتەرەکانی هێزو پێکهاتن بنەماییترین هۆکاری دیاری کردنی چەشنو ئیختیارەکانی سیستمێکی فیدڕاڵن، بەڵام بە پێوەرەکان لە سیستمە فیدڕاڵییەکاندا دەسەڵاتی ناوەندی کۆنتڕۆڵی دوو بەشی ئابووریو سەربازی دەکات**

دووانە ئەوەیە کە نەتەوە خواستو ئیرادەی سیاسی(دیاری کردنی چارەنووس)ی هەیە، بەڵام قەوم زۆرتر گرێدراوی خواستە کولتوورییەکانەو بەشێکە لە جیاوازییە کولتوورییەکانی نەتەوەیەک. بۆیە کاتێک لایەنێک نەیەوێ لایەنێکی دیکە وەکوو خۆی ببینێ زۆر ئاستەمە بتوانن لەسەر بنەماکان رێک بکەون. ئەو رێک نەکەوتنە داوێنی فیدڕاڵییەکەش دەگرێتەوە. کاتێک لایەنێک ئامادە نەبێ، وەکوو خۆی دان بە لایەنێکی دیکە دابنێ، چۆن دەتوانێ بەو قەناعەتە بگات کە مافەکانی وەکوو خۆی ببینێ. هەرچەندە فاکتەرەکانی هێزو پێکهاتن بنەماییترین هۆکاری دیاری کردنی چەشنو ئیختیارەکانی سیستمێکی فیدڕاڵن، بەڵام بە پێوەرەکان لە سیستمە فیدڕاڵییەکاندا دەسەڵاتی ناوەندی کۆنتڕۆڵی دوو بەشی ئابووریو سەربازی دەکات. کوردیش پێویستی زۆری بە هەردوو بەشەکەیە، چونکە بەپێی ئامارەکان رەوشو بنەمای ئابووری زۆرێک لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لە ئاستی گشتی ئێرانی پێشنەکەوتووش، خراپترەو پێویستی بەوە هەیە بە دارشتنی سیاسەتی ژیرانەی ئابووریو بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان قەرەبوو بکرێتەوە. هەروەها لە حاڵەتێکدا کە بە بەردەوام ئەگەری تووش بوون بە شەڕی لە بەردەمدا کراوەیە، دەبێ لە رووی سەربازیشەوە توانای بەرگری هەبێو هیچکام لە دەسەڵاتە ناوەندییەکان رێگە بە بەهێزبوونی سیستمە فیدڕاڵییەکان لە رووی سەربازییەوە نادەن. ئەوە لە کاتێک دایە کە دروست کردنی باڵانس لەنێوان دەسەڵاتێکی ناوچەییو دەسەڵاتی ناوەند، ئەگەریش لە رێگەی دێمۆکڕاتیکەوە دەست نیشان کرابێ، نەک ئاستەم بەڵکوو مەحاڵە. هەر دوو لایەن هەوڵ دەدەن زیاترین دەستکەوتو دەسەڵاتیان هەبێو هەر بەو هۆیەش، بەریەک کەوتنی بەرژەوەندییەکانیان تووشی ناکۆکی قوڵیان دەکاو بێگومان دەسەڵاتی ناوەند ئەگەریش لە سەرەتادا لاواز بێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەسەڵاتەکانی پەرە دەستێنێو هەموو هەوڵی خۆی بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان دەدا. رەوشی ئێستای باشووری کوردستانیش بەرچاوترین نموونەیەتی. هەروەها لە ئەگەری دامەزراندنی سیستمی فیدڕاڵی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، چوارچێوەی جوغرافیایی ئەو فیدڕاڵییەو دیاری کردنی خاکی کوردستان گرفتێکی سەرەکی دەبێ. ئەو پرسە بە تایبەت لە باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر زەقە. لە شارەکانی ورمێ، نەغەدە، میاندواو، تکاب، سائینقەڵا، سەڵماس، ماکۆو چەندین ناوچەی دیکە لە پرۆسەیەکی مێژوویيدا تورک نیشتەجێ کراونو تا ئێستاش لەو شوێنانە دەژین. تورکەکان لە دەسەڵاتی پاشایەتیدا هاوئاهەنگی زیاتریان لەگەڵ دەسەڵات هەبوو، هەر بۆیەش لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەدا رۆڵی سەرەکییان پێدرا. دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش، ئەوان بەهۆی باوەڕمەندبوونیان بە ئایینی فەرمیو هەروەها رۆڵیان لە بەرەوڕووبوونەوەی بزووتنەوەی کوردستان، دەسەڵاتی رەهای پارێزگای ورمێیان پێدراوە. بەهۆی ئەوەش کە بە تایبەت ئەو بەشە لە پارێزگای ورمێ یەکێک لە رێگە ترانزیتییەکانی ئێران بەرەو رۆژئاوا و ئاسیایە، حکوومەتی ناوەندی بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدا دەسەڵاتەکەی لە ئیختیاری خۆیدا بێ. ئەگەر بڕیار بێ سیستەمێکی فیدڕاڵی لەو ناوچانە دابمەزرێ بەشێکی بەرچاو لە پارێزگای ورمێ لە خاکی کوردستان دادەبڕێ. گرفتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە سیستمی فیدڕاڵی چارەسەر نابن، بەڵکوو دووبارە کردنەوەی ئەزموونێکە کە لە دوای شۆڕشی **١٣٥٧**ی هەتاوی کورد کردی. پێویستە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی ستراتیژییان بۆ «دامەزراندنی دەوڵەتی دێمۆکڕاتیکی رۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی رۆژهەڵات» بگۆڕن. بەو شێوەیە کورد داوی لە داوی سەدان ساڵ چەوساندنەوەی ئینسانی ـــــ نەتەوەیی دەکاتەوە.

# وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ بەڕێز حەسەن حاتەمی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لەسەر پرسی فیدڕالیزم لە ئێرانی فرەنەتەوەدا



چاوپێکەوتن: مەنسوور سەممار

پ: ماوەی سێ کۆنگرەیە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەر دروشمی ستراتیژی خۆیدا هێناوە، واتە دروشمی «دێمۆکڕاسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان»ی گۆڕاوە بۆ دروشمی»دابین کردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکڕاتیکی فێدڕاڵدا». هۆی ئەم ئاڵوگۆڕە لە دروشمی ستراتیژیکی حیزبدا بە باوەڕی ئێوە چ بووە؟!

و: بە سڵاو و ڕێز لە خوێنەرانی گۆڤاری لاوان. دوای ساڵی **١٩٨٩**ی زایینیو بە تایبەتی تا **٩٠** و **٩١** و بڵێین لە دەیەی ئاخری سەدەی بیستەمو وەزعیەتێکی نوێ لە دنیای دوو جەمسەریدا هاتە پێش. ئەویش کرانەوەیەی دەروازەیەکی دیکەی دێمۆکڕاسی لە ژێر سێبەری ئاڵوگۆڕەکانو پێکهاتنی هەڵسوکەوتێکی دیکە لە بەشێکی دنیا دا، هێنا پێش. شەڕی سارد لە نێوان بلووکی بەرەی شەرقو غەربدا، بەرەوە نەمان چوو. ئەو کرانەوەیە توانی جۆرێک ئێعتباری دیکە بداتەوە بە ئاڵوگۆڕە مەدەنیو ئاڵوگۆڕە کەم تێچووکان. ئەو بارودۆخە نوێیە گرینگی تایبەتی دا بە بەشێک لە جیهان کە بەجۆرێک کوردستانیشی گرتەوە.

سەبارەت بە کوردستان بۆچوونی من بەوجۆرەیە کە: ئەگەر دەستپێکی شەڕی سارد لە ساڵی **١٩٤٦ ــــ ١٩٤٧**دا یەکەم قوربانیەکانی کۆماری کوردستانو حکوومەتی میللی ئازەربایجان بوون، لە ساڵی **١٩٩١**دا، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان دەتوانین بڵێین دروست کردنی هێڵی ئاسمانیو «دەست تێوەردانی مرۆڤ دۆستانە» بۆ بەرگری لە بەشێک لە کوردەکان شێوە دەسەڵاتێکی خۆجێی(فیدڕالیزم)ێکی نوێی بەدوای خۆیدا، هێنا. پاشان زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا بەرهەم هاتن کە بە شۆڕشەکانی مەخمەڵی ناوبانگیان دەرکرد. ئەو ئاڵوگۆڕانانەــــ ئەگەر یوگووسلاوی بەشە خۆێناویەکەی لێدەرکەینــــ هەمووی بوون بەهۆیەک کە دەکرێو دەتوانین وەک قەلەمبازێکی گرینگ لە داخوازییەکانی گەلانی ژێر دەستەو یەکێک لەوان گەلی کورد شرۆڤە بکرێن.

جگە لەوانەش پێش هەڵبژاردنی پەڕلەمانی لە باشووری کوردستان، لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، فێدرالیزم کەمو زۆر باسی لێکراوە. بۆ وێنە لە نامەیەکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان (ئێران)دا، بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، باشترین ئیدارەی ئێرانی فرە نەتەوەیی بەشێوەی فێدڕاڵی پێشنیار کرابوو. ئەو فاکتۆرگەلە بوون بەهۆی ئەوە کە فێدڕالیزم ڕێگا چارەسەریەکی موناسیب بێ بۆ ئەو وڵاتانەی کە چەند نەتەوەیان تێدا دەژی.

ئەگەر وەکوو هۆی فێدڕالیزاسیۆن بە کورتی باسی بکەین، ئەو سیستێمە بە دوو شکڵ دادەمەزرێ، شکڵێکیان ئەوەیە وڵاتانێکن کە سادەن یانی یەک نەتەوەیین، بەڵام گەورەن لە بواری رووبەرەوە، ئیدارە کردنیان ئاسان نییە وەکوو ئامریکاو ئاڵمانو...، ئەوانەی دیکە کە تێکەڵاون یانی چەند نەتەوەیین یا لەڕاستیدا پلۆڕالیزمی میللییان

تێدا هەیە، هەمووی ئەوانە دەتوانن بەشێوەی فێدڕالیزم ئیدارە بکرێن.

بەڵام ئەوەی دەکەوێتەوە سەرئێران لەباری مێژووییشەوە کە چاوی لێبکەی هەتا زەمانی ڕەزاشا تەقریبەن شێوە فێدڕاڵی‌یەک هەر هەبووە. دەسەڵاتی ناوچەیی حکوومەتی ئەردەڵانەکان لە زەمانی قاجارەکان‌دا، کە لەنێوبرا وێنەیەکی بەرجەستە بوو. پێش دامەزرانی تورکیەی نوێ— ساڵی ١٩٢٣— و پێش شەڕی یەکەمی جیهانی لە زەمانی عوسمانی دا، شێوە میرنشین‌گەلێک هەبوون کە ئەگەر ئەوانە بەخوێندەوەی ئێستا مەزەندەیان بکەین جۆرێک فێدڕالیزم بوون. بەکورتی فێدڕالیزم دەتوانێ چارەسەری پرسی نەتەوەکان بە شێوەیەکی گونجاو و پێشکەوتوو بێ.

بۆیە حیزبی ئێمەش بە پێی ئەو خوێندنەوانەی ناوچەیی جیهانی فکری ـــ هزری‌و هاتنە نێو قۆناغکی نوێی لانی کەم دەسکەوتە مەزنەکانی لە دە ساڵی یەکەمی دوای شەڕی سارددا، هاتە سەر ئەو باوەڕە کە فێدڕالیزم بکاتە دروشمی ستراتیژیکی خۆی بۆ داخوازە نەتەوەیەکانی لەم قوناخە دا.

سەبارەت بە کۆماری کوردستانیش وەک دروشمی ستراتژیک حدک، نوێ کردنەوەی سووربوون لەسەر وەدی‌هێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان‌و دەسەکەوتە مەزنەکانی لە دوای دامەزرانی، لە دووی ڕێبەندانی **١٣٢٤**ی هەتاوی(**١٩٤٦**) زایینی دایە.

**پ: ئایا سیستمی فێدڕاڵی باشترین ئاڵتێرناتیڤە بۆ بەڕێوەبردنی ئێران یا بە پێچەوانە ئەم سیستمە وەڵامدەری نیازەکانی پێکهاتە نەتەوایەتی‌یەکانی ئەم وڵاتە نییە؟!**

و: لەڕاستی‌دا هەروەکوو ئاماژەم پێ‌کرد لەو وڵاتانەی کە چەند نەتەوەیان تێدایە لە قوناخی ئێستادا، فێدڕالیزم دەتوانێ ڕێگایەکی باش بێ بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی. دیارە لە پێشووش‌دا،

**لە بەرنامەی حیزب‌دا باس کراوە کە شێوەگەلی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە دیاری کردنی مافی چارەنووس هەیە. لە لامەرکەزییەوە دەتوانێ دەست پێبکا هەتا دەگاتە سەربەخۆیی. گونجاوترین شێوە لە حاڵی حازردا، دەتوانێ فێدڕالیزم بێ، چونکە نزیکەی ١٠٠ وڵات لە دونیادا ئێستا کە ئێمە قسە دەکەین بە شێوەی فێدڕاڵی بەڕێوە دەچن!**

● ●

لە بەرنامەی حیزب‌دا باس کراوە کە شێوەگەلی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە دیاری کردنی مافی چارەنووس هەیە. لە لامەرکەزییەوە دەتوانێ دەست پێبکا هەتا دەگاتە سەربەخۆیی. گونجاوترین شێوە لە حاڵی حازردا، دەتوانێ فێدڕالیزم بێ، چونکە نزیکەی ١٠٠ وڵات لە دونیادا ئێستا کە ئێمە قسە دەکەین بە شێوەی فێدڕاڵی بەڕێوە دەچن. لەهەر پێنج قارەی دونیادا سەرکەوتووترین‌و کەم تێچووترین‌و بەدەسکەوت‌ترینانە. بەشداری‌و هاوبەشی‌و هاوسەنگیی‌و تا ڕادەیەک یەکسانی لە دوو پارلمانی ناوچەیی‌و سەرانسەری‌دا، نیورۆکی فێدڕالیزمێکی سەرکەتوون. لەو وڵاتانەدا نەتەوە ماف پێشێل کراوەکان، خۆیان لە دوو جێگادا دەبیننەوە وەکوو بەرپرسیارو وەکوو کەسایەتی. کەسایەتی‌یەکی ناوچەیی خۆماڵی‌و کەسایەتی‌یەکی سەرانسەری. بۆیە بەهەر دوو شێوە ئەوانە خۆیان لە ئیدارەکردنی ئەو وڵاتـەدا دەبیننەوە بەو مەرجەی وڵاتانی ناوەندنشین تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی فێدڕاڵی بەڕێوە بەرن.

لەو شێوە فیدڕاڵیە سەرکەوتووانەی کە دەتوانم بەڕوونی باسیان بکەم، دوو وڵاتی کە تێیان‌دا ژیاوم، کانادا و فینلاندن. دەتوانم بڵێم لە کانادا دۆخەکە جورێکە کە کۆبێکیەکان سەرەڕای ئەوەی هەموو مافەکانیان دابین کراوە، دەتوانن بۆ سەربەخۆییش ڕاپرسی بکەن. کالایەک نابینی بە دوو زمانی ئینگلیزی‌و فەڕانسەیی لەسەری نەنووسرابێ. چونکە هەردوو زمان فەرمێن، لەحاڵێک‌دا کۆبێکیەکانی فەرانسەوی زمان نزیکەی ٧ میلیۆن کەس لە پتر لە **٣٥** میلیۆن حەشیمەتی کانادا پێک دێنن.

یان لە فینلاند دوورگەیەکی چووک هەیە کە کەمتر لە سی هەزار کەسی لێ دەژین. کەسایەتی‌و پێناسەی تایبەتی خۆیان وەکوو ئاڵای جیاوازو پارڵەمانی ناوچەیی(لۆکاڵی)یان هەیە. شەشە حیزب ئازادانە چالاکن. ئەگەر حیزبێک ٨ کورسی لە پەرڵەمانی گشتی فینلەنددا هەبێ، دەتوانێ وەزیرێکی هەبێ‌و ببێتە ئەندامی کابینەی دەوڵەت‌و کەسێکی دیکە لە حیزبەکەی ئەو جێگای دەگرێتەوە. تەقریبەن دەتوانین بڵێین تا ٨٠٪ جەزیرەی ئۆلەند، لە سەربەخویی نزیکە و لە چوارچێوەی فینلەندیش دایە. لە فینلەند زمانی فینلەندی یەکەمە و زمانی سوئێدیش کە ٦٪ خەڵکەکەی قسەی پێ‌دەکەن، زمانی دوویەمە و ڕەسمی‌یە.

مەسەلەی ئێران کە مەبەستی پرسیارەکەی بەڕێزتە ئەگەر ڕۆژێک وەک وڵاتانی فیدڕالیستی ئیدارە بکرێ، دەتوانێ زۆر سەرکەتوو بێ. وێنەیەکی دیکەی فێدڕالیزمی ئاسیایی کە بۆ تەجرەبە لێ‌وەرگرتن دەبێ، مالێزی‌یە. ئەو وڵاتە کە بەشێوەی «مەشرووتەی سەلتەنەتی فێدڕاڵ» ئیدارە دەکرێ، شا دەورەییە و بۆ ماوەی **٥** ساڵ لە یەکێک لە **٩** ئەیالەتەکانی کە لە ساڵی **١٩٥٧**وە سەربەخۆیی لە ئینگلستان وەرگرتوە، هەڵ دەبژێردرێ.

کەوابوو نموونەکان ئێستا زۆرن، لە ئێرانیش‌دا، کە پێکهاتەکەی ٦ نەتەوەییە. پێویستە بەشێوەی هاوبەش، تەوافوقی، یەکسان، لەسەر بنەمای نەتەوەیی—— جوغرافیایی ئیدارە بکرێ. بە ٦ زمان خەڵکان ئەو وڵاتە قسە بکرێ. زمانێکی

هاوبەش کە هەیەو فارسی‌یە، دەتوانێ وەک زمانێکی فەرمی بخوێندرێ. زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەش ڕەسمی بن‌و هەمووان ڕێز لە بەکارهێنانیان بگیرێ.

لە بواری جوگرافییی ــ نەتەوەییەوەو لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە مەسەلەی دەوڵەت ــ نەتەوە کە ڕەزاشا ــ لە ١٣٠٤دا ــ بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی مۆدێرن دروست بکا، هەوڵی‌دا نەتەوەکانی نافارس بتوێنێتەوە. لەو بەستێنەدا، گەورەترین کێشەی بۆ نەتەوەکانی کوردو تورکی ئازەری دروست کرد. دێمۆگرافی ناوچەکەی دەست تێوەردا و تۆوی دوژمنایەتی لەنێودا چاندن.

ئێستا لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ــ کە ئێمە ئوستانی ورمێی پێ دەڵێین ــ گەورەترین کێشەمان هەیە. ئێمە لەو بەشەدا، پێویستیمان بە وردبینی‌و هەڵوێست هەیە کە دوو نەتەوەی ئازەری‌و کورد بۆ چارەسەری کێشەکانی چەند ساڵە بۆیان دروست کراوە، ژیربێژی (مەنتیق) و تەوافوق‌و ڕێزگرتن لە بوونی هەردوو نەتەوە ئەساسی ژیان پێکەوەمان بێ. بێ‌گومان لە هەموو ئەو شوێنانەی نەتەوە نافارسەکانی ئێران لێی دەژین، کێشەگەلێک لە لایەن مەرکەزنشینانی فارسی دەسەڵاتدار دروست کراون، کە چارەسەریان ئاسان نییە.

لە حاڵێک‌دا، ئەگەر مودێرنیتە ڕەچاو کرابا، فرەگەلی لە ئێران‌دا، دەی‌توانی بە پێچەوانەوە بێ‌و هەموو نەتەوکانی بەرایی حیسێبی تایبەتی خۆیان بۆ بکرێ. ئەوان ئەگەر ڕێزیان لێ گیرابا و مافەکانیان پێشێل نەکرابا؛ تەنانەت دەوڵەت ــ نەتەوەکەشی دەی‌توانی جێگیر بێ‌و وێنەیەکی باشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بێ. وێنەی کورتی سەرکەوتووی زەمانی کۆماری کوردستان‌و حکوومەتی میللی ئازەربایجان دەتوانن باشترین پێوانە بن بۆ ئێستاش. هەم بۆ نەتەوەکانی ئازەری‌و کوردو هەم بۆ دەوڵەتی ناوەندی‌و بۆ چارەسەری کێشەکان‌و پێکەوە ژیانی هێمانەو سەردەم.

کەوابوو مەسەلەی ئیدارە کردنی وڵات

**لە حاڵێک‌دا، ئەگەر مودێرنیتە ڕەچاو کرابا، فرەگەلی لە ئێران‌دا، دەی‌توانی بە پێچەوانەوە بێ‌و هەموو نەتەوکانی بەرایی حیسێبی تایبەتی خۆیان بۆ بکرێ. ئەوان ئەگەر ڕێزیان لێ گیرابا و مافەکانیان پێشێل نەکرابا؛ تەنانەت دەوڵەت ــ نەتەوەکەشی دەی‌توانی جێگیر بێ‌و وێنەیەکی باشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بێ. وێنەی کورتی سەرکەوتووی زەمانی کۆماری کوردستان‌و حکوومەتی میللی ئازەربایجان دەتوانن باشترین پێوانە بن بۆ ئێستاش. هەم بۆ نەتەوەکانی ئازەری‌و کوردو هەم بۆ دەوڵەتی ناوەندی‌و بۆ چارەسەری کێشەکان‌و پێکەوە ژیانی هێمانەو سەردەم.**

● ●

بەشێوەی فێدراڵی واتە بەشداری کردن هاوبەش لەسەر پێکهاتە جۆراوجۆرەکان، دەتوانێ لە زەرفێکی موشەخەس‌دا کە ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە بەڕێوە بچێ. حەقی هەموویان دابین بکرێ. ئەگەر ئەو شتە بچێتە پێشێ بە تێ‌پەڕینی زەمان کاری پێ بکرێ‌و ئیرادەی لێبڕاوانە و شێلگیر هەبێ دەتوانێ زۆر سەرکەوتوو بێ.

پ: بە بەردەوامی ناسیۆنالیستەکانی سەربە نەتەوەی باڵادەست پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە ویستو داخوازی‌یەکانی گەلانی ژێر دەستی ئێران یەکپارچەیی ئەو وڵاتە تێک دەدا. ئایا سیستمی بەڕێوەری بە شێوەی فێدراڵی ئەم یەکپارچەییە تێک دەدا یا دەبێتە هۆی یەکگرتووییەکی باشتر لەنێو هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتەدا؟!

و: بە پێچەوانەیە. ئەگەر ئەو ناسیۆنالیستانەی نەتەوەی دەسەڵاتدارن، چۆن دەڕوانن خۆیان، ئاواش بڕوانن گەلانی ماف پێشێل کراو، مەسەلەکە زۆر ئاڵۆز نابێ‌و بە ئاسانی حەل دەبێ‌و ئێران بۆ هەموو نەتەوەکان دەبێ. بەڵام بەداخەوە ئەوان تێئۆری «کەمایەتی‌یەکان»یان بۆیە کردوتە ئەدەبیاتی نووسین‌و ئاخاوتن، هەتا ڕووی مەسەلەکە بگۆڕن. هەموو گەلانی بەرایی لە ئێران لەژێر چەتری نەتەوەیەک‌دا، بەناوی «میللەتی ئێران» کۆکەنەوەو هەموو مافەکان لەو ڕوانگەوە پێناسە بکەن. ئەوە ئەسڵی کێشەکەیە.

ئەوە لەحاڵێک دایە کە دنیا لەدوای شەڕی دوویەمی جیهانی‌دا، بە پێی ٣٠ ماددەی پەسند کراوی «جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ»، مافی هەموو نەتەوەکانی بەڕسمی ناسیوە. پێشتر دەوتراو دەنووسرا «مافی نادرێ دەستێندرێ»، بەڵام ئەساسەن حەق دەبێ دانی پێدانرێ‌و بە فەرمی بناسرێ. ئەگەر ماف دانی پێ‌دانرا هەموو وەک یەکیان لێ دێ‌و خۆیان بە بەرپرس دەزانن‌و یەکپارچەیی باشتر ڕادەگیرێ‌و گارانتی دەبێ.

وێنەی جوگرافیاییش دەتوانێ یەکیەتیی ئورووپا بێ. هەم ڕوانین‌و هەم شێوەی ئیدارە کردن کە بۆ وانە فێر بوون دەبێ. ئاڵمان‌و فەڕانسەمان هەیە کە زۆر گەورەن، بەڵام لۆگزامبۆرگیشمان هەیە کە زۆر چووکەیە. بەڕێوەبەری یەکسانیان هەیە کە شەش مانگ جارێک سەرۆکی دەورەیین. ئەوە کاری بە کەم‌و زۆری‌و گەورەیی‌و چووکەیی نییە. ئەگەر ئەو قەناعەتە دروست بێ ئەساسەن نەتەنیا شتێک بە ناوی جیایی بەو شێوەی کە ئەوان دەڵێن مومکینە ڕوو نەدا، بەڵکوو ئەوەی کە لە پرسیارەکەی جەنابت‌دا هاتووە باشتر دەتوانێ ئینسجامی وڵاتێکی گەورە بپارێزێ کە هەمووی خۆی تێدا دەبینێتەوە. پێویستە ئەوەش بگوترێ، جیابوونەوەش مافی پەسند کراوی جهیانی‌یە کە لە ٣٠ ماددەکەدا، دانی پێ دانراوە.

بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ هەر نەتەوەیەک لە دونیای ئەورۆدا، بە تایبەتی کە ئێمە هاتووینەتە نێو سەدەی بیستو یەکەم، ئەگەر هەست بکا کە دەتوانێ بۆخۆی، سەربەخۆیی خۆی هەبێ، پێویستە تەنانەت دەوڵەتی ناوەندییو نەتەوەی سەردەستیش یارمەتی بدا. بۆوینە ئێستا کە ئێمە لە بەرەبەری **٥٠٠** ساڵەی دابەش بوونی کوردستان داین ئەگەر پارچەیەکی کوردستان کە هەرێمی کوردستانە سبەینێ ئەو ئیرادەیە لە خۆیدا پێک بێ کە بتوانێ رێفڕاندۆمێک بکا بۆ سەربەخۆیی خۆی، دەبێ حکوومەتی ناوەندی کە ئێراقە ئەم داوایەی لێ قەبووڵ بکا و بە هێندی وەربگرێ. ئەگەر باسی بە رەسمی ناسینی ماف پێوانە بێ.

یان نموونەیەکی دیکە هیوادارم سەرکەوتوو بێو بە شێویەکی باش بچێتە پێشێ، مەسەلەی ئیسکاتلەندە کە پاش **٣٠٠** ساڵ دەی هەوێ بۆخۆی وڵاتێکی سەربەخۆی هەبێ. پێویستە ئەو ئایدیا(بۆچوون)ە ریزی لێ بگیرێ. ئەوان بەو شێوەیە تا ئێستا کە **٣٠٠** ساڵە بەیەکەوە ژیاون لە شێوە فێدڕالیزمێک دا؛ ئێستا لە ساڵی **٢٠١٤**دا، دەیان هەوێ سەربەخۆ بن. ئەو بیرە نوێیە، وەزعییەتی نوێی جیهانیش بەشێوەیەک یارمەتی دروست بوونی دەدا.

بۆیە دەکرێ ئێمە بڵێین لە قۆناغی ئێستادا کە باس لەسەر مەسەلەی فێدڕالیزمە لە ئێران‌دا، لانی کەم لە بەرنامە حیزبی ئێمەدا وەکوو ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێدا لە سێ کۆنگرەی **١٣** و **١٤** و **١٥**دا باسی لێ‌کراوەو هاتۆتە نێو بەرنامەو پێڕەوی ئێمە، دەتوانێ سیستمێکی گونجاو بێ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی بەرایی لە ئێرانێ‌داو ئەو ئینسجامە بپارێزێو لە عەینی حاڵ‌دا حەقی ئەوانیش بە شێوەیەکی فێدڕاڵی بەڕەسمی بناسرێو دەتوانێ ئەوە مۆدێلێکی سەرکەوتوو نەتەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاستیش کە ئەو کێشە گەورانەی هەیە، بێتە ئاراوە.

مۆدێلی، گونجاو بە پێی ئاڵۆزی ناوچەکەو نەبوونی تەمرینی دێمۆکڕاسیو یەکتر وەک خۆ قەبووڵ کردن دەتوانێ مۆدێلی فێدڕاڵیو کۆنفێدڕاڵی بێ. لە قۆناغی تەکامولی فێدڕاڵی یان کۆنفێدڕاڵی یان دەوڵەتانی خۆجێیی‌دا، بەشێوەیەکی قازانجی هاوبەش(مشترک المنافع) دەکرێ دروست بکرێ. یەکگرتوویی لە ئێران بە بەڕەسمی ناسینی فرەگەلی، فرەئایینی وەک مالزی، هیندوستانو ئافریقای باشوورو... دێتە دی. نە بەزۆری سەرکوتو خوێن‌ڕێژیو نکۆڵی کردن لە مافی پێکەوەژیانی ئیختیاریو هەوڵ دان بۆ پێکەوە لکاندنی ئیجباری.

پ: لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری خولەکانی پێشوودا، کەڕرووبی تەنیا کەسێک بوو کە باسی لە کەمایەتی‌یە نەتەوەییەکانی کرد، بەڵام کەمتر باس لە سیستمی بەڕێوەبەری لە وڵاتدا کراوە، بەڵام لەنێو ئەم پاڵێوراوانەدا موحسین رەزایی بۆ دوو جاران بانگەشەی سیستمی فێدڕاڵی کردوە بۆ وڵاتی ئێران. هەروەها عەبدوڵڵا نووری وەزیری



نێوخۆی کاتی محەممەد خاتەمی باسی لە شێوەیەک لە شێوەکانی فێدراڵیزم کردوە. هۆی ئەم ترسو دڵەڕاوکێیە بە باوەڕی ئێوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

و: دیارە ئەو فێدراڵیزمەی مەبەستی ئێوەی بەڕێزە و مەحسین ڕەزایی و عەبدوڵڵا نووری باسی دەکەن لەوانەیە لەگەڵ پێناسەی ئەو فێدراڵیزمەی ئێمە دەیڵێین جیاوازی زۆر بێ. ئەوان زیاتر باسی فێدراڵی ئوستانی دەکەن. هەر لە مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنەڕەتیش‌دا کە بە جێگای مەجلیسی موئەسیسان داندرا، شووڕای شۆڕشی دوویەم هەڵبژاردنی بەشێوەی ئوستانی بەڕێوەبرد. بەڵام دیسان جگە لەوەی کە مەسەلەی فێدراڵیزم تا چ ئەندازە بە شێوەکانی‌یەوە بڕوامان پێی هەیەو پێمان باشە لە ئێران‌دا، جێگیر بێ؛ شتێکەو ئەوەی کە مەسەلەی فێدراڵیزم لەنێو بەرنامەو فیکری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی‌دا هاتۆتە گۆڕێ بۆخۆی شتێکی موسبەتە. بەهاتنە گۆڕی مۆدێلی فێدراڵی خودی وشەکە و چەمکەکە گرینگە. دیارە ئەوەی لە پرسیارەکەی جەنابت‌دا هاتوە، موحسینی ڕەزایی پێی وایە کە لە بواری ئابووری‌یەوە فێدراڵیزم دەتوانێ شێوەیەکی زۆر باش بێ. واتە بودجەبەندی بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەگەر قەرارە ئەو پارێزگایانەی کە زیاتر مەحروومیەتیان هەیە یان مەحرووم ڕایان گرتوون دەتوانن باڵانس یا هاوسەنگی دروست بکەن‌و بودجەیەکی زیاتریان لە ئیختیار بنێن، گەشە دەکەن. ئەگەر لە بواری سیاسییش کە دیوەکەی دیکەی ئابووری‌یە بتوانێ هەر بەو شێوەیە باسی بکرێ، ئەوکات پێناسەی گەلانی بەرایی لە ئێرانیش دەگۆڕێ. یا ئەوەی کە عەبدوڵڵای نووری — وەزیری نێوخۆ لە کابینەی یەکەمی خاتەمی‌دا— باسی لە ئیدارەی فێدراڵی کردوە، بەو قەناعەتە گەیشتوە کە وڵات بەم شێوەی ئێستا بە حوکمی سەرەڕۆیی دینی بەڕێوە ناچێ. مەسەلەی چەند نەتەوەیی بوون یا

**«دابەشینێکی نوێ لە لایەن وەزارەتی نێوخۆ خەریکی باس‌و مۆتاڵایە کە جێبەجێ کردنەکەی پێویستی بە چاکسازی یاسایی هەیەو ڕێگایەکی درێژی لەپێش دەبێ». بەڵام وەزارەتی نێوخۆ بە شکڵی قەراردادی بۆ هەر چوار یا پێنج ئوستانی مەوجوودی وڵات بەرنامە ڕێژی کردوە. بەو پێیە وەزیری نێوخۆ بەجێی ئەوەی نوێنەری ٣١ ئوستان بێ، نوێنەری ٦ ناوچە دەبێ. ئەو گوتی: ناوچەیی کردنی نوێ لە ئێران بە پێی وەزعییەتی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و ئەمنییەتی دەکرێ. ئێمە دەست لە دابەشینی ئێستای وڵات نادەین. بەڵام بە دانی بەشێک لە دەسەڵاتی دەوڵەت بە ناوچەکان، دەتوانین وەک بەشداری ناوچەیی لە ئاستی میللی دابنێین. بە ٥ یا ٦ ئوستانان لە ناوچە، بەرپرسی ناوچەیەکمان دەبێ کە دەتوانێ لە ئاستی میللی دا، بیروڕای هەبێ‌و لە کۆبوونەوەکانی میللیش دا، حزووری هەبێ**

پلۆڕالیزمی نەتەوەیی یا میللی لە ئێران‌دا، ئەوە دەخوازێ کە شێوە فێدراڵیزمێک کە لانی کەم ئەوان فێعلەن بەشێوەی خۆیان باسی دەکەن‌و پێناسەی ناکەن دەتوانێ کەم ڕەنگ کردنەوەی هێڵە سوورەکان «ئەمنی واحید» لە ئێران دابێ.

هەروەها ئەو بوێری‌یەی کە کەڕرووبی وەک جەنابت ئاماژەت پێی کرد، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دەیەمین خول، هێنایە بەر باس‌و بۆ یەکەم جار فارسەکانیشی وەکوو ئەوانی دیکە بە قەوم ناو برد بۆ خۆی شتێکی ئەرێنی بوو. لە ماددەی پێنجی بەرنووسی یاسای بنەڕەتیش‌دا، هەروا نووسرابوو کە بەداخەوە گۆڕیان‌و مەجالیان پێنەدا. بەڵام ئەو شتەی کە لێرەدا گرینگە تاریفو بیرو بۆچوونی ئەوانەیە کە دەسەڵاتدارن یا ڕۆژێ زۆر دەسەڵاتدار بوون.

بە پێی پەیمانی وێستفالیای ساڵی ١٦٤٦ی زایینی، کە دەوڵەت— نەتەوە دروست کرا؛ پاشان مۆدێلی ئێرانی‌یەکەی زۆر خراپ بەسەر گەلانی ژێر ستەم دا، شکایەوە. بەڵام ئێستا لە بواری نێونەتەوەییەوە کە دونیا بەرەو گۆلۆباڵیزەیشن‌و جیهانگیری بوون دەچێ، پێناسەکان گۆڕاون. لە کۆنفرانسی «بین‌المجالس»دا کە لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی بۆ یەکەم جار، عەلی‌ئەکبەری ناتقی‌نووری— سەرۆکی ئەوکاتی مەجلیسی شووڕا— بەشداری تێدا کرد. لەوێ‌دا، جەخت لەسەر هەڵبژاردنەکان بە پێی ستانداردی جیهانی کرا. ئەگەر لەو بەشە دا، کۆماری ئیسلامی بەو پەیوانەیەی واژۆی کردوە، عەمەلی کردبا، ئێستا وەزعی ئێران ئاوا ئاڵۆز نەدەبوو. چونکە مەسەلەی هەڵبژاردنی ئازادو ئەرازەکانی پێوەری مەشرووعیەتەو بەپەسندی چاوەدێرانی نێونەتەوەیی. بەتایبەتی لە مەسەلەی شووڕاکان‌دا کە هەم شووڕای نیگابان ناتوانێ خەڵکی بپاڵێوێ‌و کاریگەری لەسەری نییەو هەم ئەوەی کە لەنێو قانوونی ئەساسیش‌دا، تا ڕادەیەک شووڕاکانی ناوچەیی بەرەسمی ناسراون. لە جێبەجێ کردنی ئەو بەشە، دەتوانێ بۆخۆی شێوە فیدراڵیزمێک بێ. بەو شەرتەی میکانیزمی هەڵبژاردنی ئازادو بەشداری ئەحزاب‌و ڕێکخراوە موخالیفەکانیش ئیزنی بەشداریان هەبێ‌و چاوەدێری ئینستیسوابی بەڕێوە نەچێ. کەوابوو جۆرێک لە فێدراڵیزم ئەگەر بیان‌هەوێ بەڕێوەی بەرن لە یاسای بنەڕەتی‌دا، قەبووڵ کراوە.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥دا، پەیمانێکی نێونەتەوەیی هاتۆتە گۆڕێ کە پێی

دەڵێن حیفازەتی مەسئولیەت یان بەرپرسیارەتی پارێزگاری کردن. ئەوە بە نیسبەتی پەیمانێک کە پێشتر هەبوو واتە وێستفالیا کە باسمان کرد، پەسند کراوە. واتە نەتەوەیەک بە دەوڵەتەکەیەوە دەناسرێتەوە کە واقیع‌بینانە هەڵس‌وکەوت لەگەڵ مافی گەلان بکەن‌و بۆ ئارامی‌و سبات هەوڵ بدەن.

لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٢دا، عەبدولڕەزا ڕەحمان‌فەزڵی ــ وەزیری نێوخۆی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی ــ باسی گەڵاڵەی ناوچەیی کردنی پارێزگاکانی وڵاتی کردو وتی: «دابەشینێکی نوێ لە لایەن وزارەتی نێوخۆ خەریکی باس‌و مۆتالایە کە جێبەجێ کردنەکەی پێویستی بە چاکسازی یاسایی هەیەو ڕێگایەکی درێژی لەپێش دەبێ». بەڵام وزارەتی نێوخۆ بە شکڵی قەراردادی بۆ هەر چوار یا پێنج ئوستانی مەوجوودی وڵات بەرنامە ڕێژی کردوە. بەو پێیە وەزیری نێوخۆ بەجێی ئەوەی نوێنەری ٣١ ئوستان بێ، نوێنەری ٦ ناوچە دەبێ. ئەو گوتی: ناوچەیی کردنی نوێ لە ئێران بە پێی وەزعییەتی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و ئەمنییەتی دەکرێ. ئێمە دەست لە دابەشینی ئێستای وڵات نادەین. بەڵام بە دانی بەشێک لە دەسەڵاتی دەوڵەت بە ناوچەکان، دەتوانین وەک بەشداری ناوچەیی لە ئاستی میللی دابنێین. بە ٥ یا ٦ ئوستانان لە ناوچە، بەرپرسی ناوچەیەکمان دەبێ کە دەتوانێ لە ئاستی میللی دا، بیروڕای هەبێ‌و لە کۆبوونەوەکانی میللیش دا، حزووری هەبێ. ئەگەر ئەوشێوەی ڕەحمان‌فەزڵی دەڵێ جێبەجێ کرێ، دەکرێ شێوەک فێدڕالیزمی ئیسلامی لێ دروست بکرێ لە ئێران‌دا.

هەروەها وێنەیەکی فێدڕاتیف خوازی لەنێو کاربەدەستانی کۆماری‌دا هەیە کە لەوانەیە یارمەتیدەری بیری دەوڵەت بێ بۆ ئەو دابەشینە نوێیەی باسی کراوە. لە زەمانی پەهلەوی دوویەم(محەممەد ڕەزا شا)دا، حیزبی میللەی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٤٠ــــ١٣٤١ بە ڕێبەری کەسێک بەناوی سەید کازم بجنووردی دامەزرا. لە ئەساسنامەی ئەو حیزبەدا، باسی «دامەزرانی حکوومەتێکی جیهانی ئیسلامی فێدڕاتیڤ» کراوە. ئەوان پاش ماوەیەکی کورت گیران‌و زیندانی کران. بەڵام لە سپای پاسداران‌و دەوڵەت‌دا، بەرپرس‌و وەزیریان هەبوو. ئێستاش لەنێو کاربەدەستانی دەوڵەت‌دا، لە خواروەی وەزیر خەڵکیان هەیە.

ئەگەر قەرارە جمهوری ئیسلامی زیاتر تەمەن بکا دەبێ مل ڕاکێشێ بۆ چاکسازی‌گەلێک، کە ئەو ئیسلاحاتە باشترینەکانی دەتوانێ جۆرێک لە فێدڕالیزم بێ‌و دەبێ قانوونی ئەساسی لە داهاتوودا بگۆڕدرێ یا بەربەستەکانی لابچن یا بەرچاو نەگیرێن. ئەو شێوەیە دەتوانێ ڕێگا خۆشکەر بێ.

مۆدێلی لەهێستان لە سەردەمی ژنراڵ یارۆزلسکی بەجۆرێک لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی خۆی‌دا، هەوڵی ئاڵ‌وگۆڕی دا. پاشان کرانەوەیەک هاتە ئارا و ڕەوتی «همبستگی»، بوو بە ئەمری واقع. بەڵام جارێ لە ئێران دا، بەداخەوە بە پێچەوانەیە. خەبات‌و گوشاری بەردەوام دەتوانێ وەزعەکە بگۆڕێ.

**پ: حەسەنی شەریعەتمەداری لە دەرەوەی وڵات لە مانیفێستەکەی خۆی‌دا ئاماژەی بە شێوەیەک فێدڕاڵی بۆ ئێران کردوە کە لە وڵاتی ئێران‌دا جێبەجێ بکردرێ. تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بەرنامەی ئێمە تەبایی هەیە؟!**

و: گەڵاڵەی ئاغای حەسەنی شەریعەتمەداری کە بە ناوی «سازماندانی ئەقوام لە ئێران، هەنگاوێک بەرەو لامەرکەزی دیمۆکراتیک لە ئێران دا» بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ١٣٥/٤٧ی ڕێکەوتی ١٨ی دێسامبری ١٩٩٢ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٣٨٥(٢٠٠٦)ی ئێران، ئامادە کراوە. گەڵاڵەکە تێکەڵاوییەکی سەیری پێوە دیارە. بەڵام لە پێشەکی‌یەکەی‌دا، ئاماژە کراوە کە ٣٠ تا ٥٠٪ قەومە جۆراوجۆرەکان لە شوێنی ژیانی خۆیان ناژین. بۆیە دەتوانین ئەیالەتە قەومی‌یەکان لەنوێ تاریف بکەینەوەو سنوورەکان نوێ کەینەوە. ڕێگا چارەسەری ژیاریانە(متمدنانە)، بە ڕاپرسی‌یەکی ئازاد، کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو شارو شارستانانە دیاری کرێن، کەمترین تێچوو و گیروگرفتی دەبێ.

شەریعەتمەداری لە شیکاری گەڵاڵاکەی خۆی دا، لەسەر سێ مەسەلەی «یەک ئاڵا و یەک پووڵ‌و زمانی هاوبەش پێ دادەگرێ‌و وەک گرێ‌بەستێکی پێوەندی میللی لە نیزامێکی فێدڕاڵ دادەنێ.» ئەو نیزامی فێدڕاڵ لە حکوومەتی یاسا، تێگەیشتوویی یاسایی بە کردەوە، سەربەخۆیی نیهادەکانی یاسادانان‌و سیاسەت دانانی فێدڕاڵ، دێمۆکڕاسی‌و باسی دەسەڵاتی دەوڵەتی فێدڕاڵ لە یاسای بنەڕەتی‌دا، پێناسە دەکا.

ناوبراو ئێران بە ١٣ ئەیالەت‌و سێ ئوستان‌و ناوچەیەکی خودموختار دەقەبڵێنێ. کوردەکان بەسەر سێ ئەیالەت‌دا، دابەش دەبن. دوویەمین ئەیالەت دوای تاران، ئەیالەتی ئازەربایجانە کە لە «ئوستانەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا، ئوستانەکانی ئەردەبیل‌و زەنجان» پێک دێن. دەیەمین ئەیالەت کوردستانە کە «ئوستانەکانی کوردستان(سنە)و کرماشان» لەخۆ دەگرێ. دوازدەیەمین ئەیالەت لۆڕستانە کە بە «ئوستانەکانی لۆڕستان، ئیلام، چوار محاڵی بەختیاری‌و کۆهگیلویەو بویر ئەحمەد» پێناسە کراوە. بەڵام نەتەوەکانی بەلووچ، تورکمەن‌و عەرەبەکانی لە سێ ئوستانە خودمختار بەناوەکانی «ئوستانەکانی بەلووچستان، تورکمەنستان‌و عەرەبستانی ئێران» و ناوچە خودموختاری «قشقایی» سازمان داوە.

ناوبراو گەڵاڵەکەی کراوە هێشتۆتەوەو جێی دیالۆگی پاراستوەو دەڵێ: پێشکەوتنی وردە وردەی ئەو نیزامە نامەرکەزی(غیر متمرکز)ە دەتوانێ بە نیزامێکی فێدڕاڵی لەسەر بنەمای دێمۆکڕاسی بگا. دیارە مەسەلەی ئاڵاش وەک زمان کە هێمایەکی پێناسەییە، زۆر جێی سەرنجو ورد بوونەوەیە. دەبێ بۆ

پێناسەی نەتەوەکانی بەرایی لە ئێران دا، شەش ئاڵامان هەبێ. ئاڵای تاران وەک زمانی فارسی هاوبەش دەبێ.
بۆیە نزیکایەتی حەسەنی شەریعەتمەداری لەگەڵ ئەو بەرنامەیەی کە ئێمە هەمانە زۆر زیاترە لەوانی دیکە. هەرچەند ئی ئەویش ئیشکالاتی تێدا هەیە، بەڵام چونکە ئەهلی دیالۆگو قسە کردنو دان‌نان بە بەشێک لە حەقی میللەتی ئێمەو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی‌یە ـــ هەرچەند بەشکڵی «قەوم» هەیە ـــ دەتوانێ زۆر جێگای هەڵسەنگاندنو دیالۆگ بێ. ئێمە پێویستە لەگەڵ حەسەنی شەریعەتمەداریو ئەو کەسانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە کە لە دەرەوەی وڵاتنو ئۆپۆزیسیون‌گەلێکی دیاریشن؛ دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە شێوەی تەوافوقیو ئیشتراکیو هاوبەشی لە ئێران‌دا، ئەگەر قەرارە ئێران هەر جۆر دەسەڵاتێکی هەبێ چ ئەو دەسەڵاتە جمهوری بێ یا جۆرێکی دیکە لە جمهوری بێ یا حکوومەتی خەڵکی بێ، ئاسانتر دەتوانرێ ئەو مەسەلەیە تاوتوێو کاری لەسەر بکرێ.
بەڵام مەسەلەیەکی دیکەش گرینگە ئەویش ئەوەیە کە خودی شەریعەتمەداری بۆ خۆی تورکی ئازەری‌یە و باوکیشی ئایەتوڵڵا کازمی شەریعەتمەداری کەسێک بوو کە لەسەر مافی میللەتی تورکی ئازەری ئەوکاتی تووشی کێشەو خانەنشینی کردنو تەنانەت هێنانە سەر تەلەڤیزیۆنو ئێعتراف پێ‌کردنی بە ناحەق بوو کە شەریعەتمەداری ئەوانەشی لەبیرە کە بەشی ئیسلامیەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حقووقی نەتەوەکان زۆر ناتەبایە.
تەنگەژەو دژوارەییەکانی نێوخۆییو ڕووداوەکانی دەرەوەی ئێران، مەسەلەی سەرکوتو تەپەسەرکراوەکان جارێکی دیکە دابەشێی نوێ زەق دەبنەوە. بۆیە بەرنامەی ئاغای شەریعەتمەداری دەتوانێ بۆخۆی پرۆژەیەک بێ کە ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە ـــ یەکێک لەوان کوردو نەتەوەکانی نا کوردی دیکە ـــ قسەی لەسەر بکەنو لەگەڵی بە تەوافوقێک بگەن. وەکوو ئەوەی کە زەمانێکی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان وەک بەشێکی مەزن لە نوێنەری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ دەوڵەتی «کاتی دێمۆکڕاتیکی ئیسلامی» کە مەسعوودی ڕەجەویو بەنی‌سەدر پێکیان هێنابوو، خودموختاری بۆ گەلی کورد بە فەرمی ناسرا و ڕەسمەن سەبتو ئیمزا کرا کە وەک تابڵۆیەکی مێژوویی ماوەتەوە.

**پ: بە باوەڕی ئێوە تا چەندە داواکاری لەسەر سیستمی فیدراڵی لە بەرەوپێش بردنی مافەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکان‌دا شوێن‌دانەر بووە؟!**

و: پتر لە **٢٠** ساڵە بەو هەموو کەموکووڕیانەی کە هەیەو بە هەموو کێشەو ناخۆشیەکانو شەڕی خۆکوژیو دەخاڵەتو کارتێکەری وڵاتانی دەوروبەریو بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی خۆیو دخاڵەت کردن لە ناوچەکەدا و زۆرتر لە دوای ساڵی **٢٠٠٣**وە کە مەسەلەی ڕەوتی هیلالی شیعە باسی هاتۆتە گوڕێو شەڕەکانی ناوچەو مەسەلەی سووریەو بلووک بەندییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؛ دەتوانم بڵێم هەرێمی کوردستان یەکێک لە سەرکەوتووترین مۆدێلەکانی فیدڕالیزمە. ئەو هەرێمە وێنەیەکی باشە بۆ کوردەکان لە هەموو بەشەکان دا.
لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا، لە باکووری کوردستان وەزعەکە بەشێوەی ئەرێنێ زۆر گۆڕاوەو باسی خۆبەڕێوەبەری دێمۆکڕاتیک لە لایەن کوردەکان دەکرێ. ئەوان لە هەڵبژاردنی شارەوانی‌یەکان ـــ کە لە **٣٠**ی مارسی **٢٠١٤** بەڕێوەچوو، جێێ خۆیان وەک حیزبی سێیەم لە تورکیە ڕاگرتو دەنگەکانیان هێندێکیش زیادی کردو، لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیو بەتایبەتی ئاک پارتی (حیزبی دادو گەشەپێدان)و بەشی ئەمنییەتی وتووێژ بۆ ڕێگا حەلێکی پتر تورکیو کەمتر کوردی لە ئارا دایە. پارتی دێمۆکڕاتیکی گەل (هادەپ) و پارتی ئاشتیو دێمۆکراسی (بەدەپە) ئەوە دوو حیزبە بە پێشنیاری بەڕێز ئۆجەلان ڕەوتی یەک بوون دەپێون ـــ ئیمراڵیو قەندیل لە لایەکو دەوڵەتی تورکیە لە لایەکی دیکە، بۆ ڕێگا حەلەکە هەوڵ دەدەن. ئەو هەوڵانە جارێ بە ئاکام نەگەیشتوون. بەڵام بە هەڵکشانو داکشانەوە هەوڵەکان درێژەیان هەیە.
لە ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی بارودۆخی تایبەتی سووریە، دەسەڵاتی خۆجێیی بەناوی «کانتۆن» لە سی شوێن ڕاگەیەندراوەو پارتی یەکیەتیی دێمۆکڕاتیک (پەیەدە)، بەرپرسیەتی. لەوبەشەی نیشتیمان‌دا، ئەگەر وەزعێک دروست بێ کە هەموو پێکهاتە کوردییەکان خۆی تێدا ببیننەوە، سەرکەتوو دەبێ. ئەگینا موشکیلەکان زۆرتر دەبنو مەترسی لەدەست چوونی دەستکەوتەکان دێتە ئاراوە. سێبەری شەڕی خۆکوژیش بەداخەوە لە کەمین دایە. دەکرێ ئەو خوێندنەوەیەش هەبێ کە سیستێمێکی نوێ لەو ناوچەیە بێتە ئارا کە بە پشتیوانی ڕۆژئاوا و تورکیە ئەو سێ بەشی کوردستان کە لە ساڵی **١٩٢٣**دا، دابەش کران، لێک گرێ درێن، یا شێوە بەڕێوەبەرییەکی نوێ‌یان لێ چێ بێ. دیارە کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە، لەنێوان کوردەکان دووبەرەکیو چەند بەرەکی دروست بکا کە بەداخەوە تا ڕادەیەکی تێیدا سەرکەوتوویە. بەڵام بەوحاڵەش پێشکەوتنی پرسی نەتەوەیی لەو سێ بەشەدا، لە پێشوو باشترە.
کاریگەری بیری فیدڕاڵیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، پتر لە بەرنامەو دروشمی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە بەڕابردووەکانو بەتایبەتی دوو حیزبی دێمۆکڕاتو دوو بەشی کۆمەڵەدا، گونجێندراوە. بەڵام هەل‌ومەرجی ئەوێ، ئێستا وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان نییە. بەڵام هەم کۆمەڵگای مەدەنی تارادەیەک زیندوویە و هەم حیزبو ڕێکخراوە بەراییو بەڕابردوو و بەئەزموونەکانی خەباتگێڕ لە **٣٥** ساڵی ڕابردوودا، کاریگەرنو دەتوانن لە درفەتەکان کەڵک وەرگرنو

کۆڕی خەبات لە تین نەکەوێو باشتر قسە لە گۆڕانکارییەکان بکرێ.

پ: لە فیدراڵیزمدا دەتوانرێ فۆرمۆلێک رەچاو بکەی، کە زمانی زگماکی بۆ کەمە نەتەوەکان رەچاو بکردرێو زمانێکی یەکگرتووە بۆ هەموو ئەو نەتەوانە کە لەیەک وڵاتدا دەژین وەک فورمۆلێکی گشتی چاوی لێبکردرێ. ئەم فیدراڵییە تا چەند کۆمەک دەکا کە زمانو هەستی تایبەتی مرۆڤ پەرەی پێبدرێو بپارێزرێ؟!

و: کاتێک کە ئێمە باسی فیدڕالیزم وەکوو حکوومەتگەلێک بکەین کە ئەو نەتەوانەی مەوجوودن دەبێ زمانی رەسمی نەتەوە وەکوو زمانی زگماکی یان زمانی دایک، ببێتە پێوەری ئەسڵیو خوێندنو قسە پێکردنو گەشەی بەردەوام بوونی دەبێ. لە هەمان کاتدا جۆرێک زمانی دیکە کە بتوانێ زمانی هاوبەش یا موشتەرەک بێ کە هەموو کەس لە وڵات بتوانن قسەی پێ بکەن، ئەوە یەکێک لە فاکتەرەکانی بە رەسمی ناسینی شوناسی ئەو نەتەوانەیە کە یەکێک لەوان نەتەوەی کوردە کە مەوردی باسی ئێمە دا.

لە باسی شوناسی نەتەوەییدا، پێش فیدراڵیزم، هەست کردن بە نەتەوەیەکی جیاواز یا دروست کردنی ئەو هەستە ئەگەر زمانیشی لەگەڵ نەبێ، دەتوانێ دروست بکرێ. هەرچەند بە نیسبەت نەتەوەی کورد، مەسەلەی زمان وەک ویستێکی گرینگو سەرەکی پێناسەی نەتەوەیی لە باکوورو رۆژهەڵات لە رۆژەڤ دایە. لە باشوور بەخۆشی‌یەوە بە فەرمی کراوەو لە دەستووری فیدراڵی عێراقیشدا، پەسند کراوە.

لە رۆژئاوا بەشێوەی خۆبەڕێوەی یا دەسەڵاتێکی سیاسی دیفاکۆ هەیە. بۆیە فێرکاریو خوێندنو ئاخاوتنی زمانی دایک لە ژیاندا بوونی هەیە. هەرجۆرە گۆڕانکارییەکی ئەوبەشەی کوردستان چ فیدراڵی بێ، چ کۆنفدراڵی یا مۆدێلێکی دیکە، زمان خەریکی جێ گرتنە.

**سیستێمی دیمۆکراتیک لە کۆمەڵگایەکدا لە وڵاتێکیدا بتوانێ زیاتر پەرە بگرێ وەکوو نیهادێکی فیکریو بەڕێوەبەری لەو کۆمەڵگایەدا، ئەو کۆمەڵگایە حەتمەن سەرکەوتنی زیاترەو دەتوانێ زامنێکو گەرەنتی‌یەکی گەورە بێ کە رۆژ بە رۆژ ئەو فەرهەنگە دیمۆکراتیکە بەربڵاوترو گەورەتر دەبێتەوە و دەتوانێ کەمو کووڕیەکان لاوازو کەم رەنگ بکا. لێرەدا، باش وایە لە وتەیەکی چێرچیل کەڵک وەربگرم کە کەمو کووڕیەکانی دیموکراسی چۆن چارەسەر دەکرێن؟ گوتی: «بە دیمۆکڕاسی پترو تەمرینی زۆرتر».**

**بە فەرهەنگ کردنی دیمۆکراسی لەنێوان تاکو کۆ، لەنێو ئەحزابو کەسایەتی‌یەکاندا، کە بەهۆی ئەم ئامرازانەیە لە سیستێمیکی دیمۆکراتیکدا، زامنی رێگا پێدان بە ئینسانەکان بە شێوەی مافی یەکسانو گەشەکردنی ئیستعدادەکان لەنێو خۆیاندا، لەو سیستەمەدا زیاتر سەرکەوتوو دەبێ**

بەڵام یەهوودیەکان لە ئیسراییل سەرەتا بەهەستو سۆزو کردوە، نیشتیمانو دەوڵەتی نەتەوەییان دروست کرد. پاشان زمانیان کردە ژێرخانی پێناسەیی. ئەو هەستو ئیحساسە لە بۆچوونی ئێرنیست رێنانە کە پێی وایە کە مەسەلەی هەست دەتوانێ یەکێک لە مەسەلە هەرە گرینگەکان بێ کە جگە لە خاکو دابو نەریتو زمانو ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بڵێین ئەو جۆرە پێناسە دەکرێ، یا هێمای نەتەوەیەک پێک دێنن ئەوانە تەواوتر بکا، هەستو سۆزەکەیە. هەستەکەو زمانەکە پێکەوە دەتوانن یەکتر تەکمیل بکەن بۆ زیاتر جووڵاندنی ئەو نەتەوە، بۆ گەیشتن بە مافەکانی. دروست کردنی ئەو مەوقەعیەتە کە ئەوانە بتوانێ لە ژیانی رۆژانەی خۆیانداو لە مەوقەعیەتێکی کە دونیای ئەورۆ، یانی سەدەی بیستو یەکەم، کە دەڵێن ـــ سەدەی نەتەوە بێدەوڵەتەکانە ـــ کە بە مافی خۆیان بگەن. ئەگەر ئەو دوو دیاردەیە بتوانێ لەنێو میللەتی کوردیشدا ببێتە مەلەکەی زەینی هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایەدا هەیە دەتوانێ گەورەترین قازانجی هەبێ بۆ دروست کردنی ئەو بیرە نەتەوەییەو بۆ برەوپێدانی هەستی نەتەوەییو دروست کردنی ناسیۆنالیزمێکی واقیعبینانە بۆ گەیشتن بەو مافەی کە ئەورۆ ئێمە وەکوو فیدڕالیزم باسی لێوە دەکەین.

پ: لە سیستمی فیدراڵیدا، دیمۆکڕاسی زیاتر نیهادینە دەکرێ یان پەرەی پێدەدرێ، یان بە پێچەوانە بازنەی دیمۆکڕاسی تەنگتر دەکاتەوە؟!

و: ئێمە کاتێک باسی لە سیستێمی فیدڕاڵی دەکەین سروشتی‌یە کە حەتمەن مەسەلەی دیمۆکڕاسی یەکێک لەو جۆرە فەرهەنگو هەڵس‌وکەوتەیە کە دەتوانێ بیر فراوانیو دڵئاواڵەییو تۆلێرانس پتر بکا و دیاردەی لابردن (حەزف)، بگاتە ئەوپەڕی لاوازی. دیمۆکڕاسی زەرفییەتی کۆمەڵگا گەورەو بەرفراوان دەکا و هەرکەسە بە جۆرێکی ئەرێنی (موسبەت) خۆی تێدا دەبینێتەوە، چونکە دیمۆکڕاسی ناتوانێ سەقامگیر بێو ببێتە فەرهەنگێکی نیهادینە کە زۆربەی دیاردەکانی مۆدێرنیزمی تێدا نەبێ. ئەحزابو سازمانەکانو «N.G.O»یەکانو بەڕێوەبەری‌یەکی فرەرەهەندی کە لە رێگەی سندووقەکانی دەنگدانی ئازاد بە پێی ئەو شەرایەتەی

که هەموو وڵاتانی دێمۆکراتیک بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەیانە، ئەو فەرهەنگە دێمۆکراسی‌یە دروست دەکا. چونکە پێوانە دەنگی خەڵکە. پێویستە بگوترێ کە پێویستە باوەڕمان وابێ کە هەموو وڵاتانی دێمۆکراتیکیش لە شوێنێکەوە دەستیان پێ‌کردوە. یاسایان سەروەر کردوە. پێکهاتەی کۆمەڵگایان بە مافی یەکسانەوە ڕەچـاو کـردوە. مەسەلەی ژن‌و پیاو وەک مرۆڤ چاو لێ‌کراوە. لەگەل کلیسا و مەزهەب خەباتی چەند لایەنە کـراوە کە دەخاڵەتی دین لە دەوڵـەت‌و یاسا دا، نابێ هەبێ. دین‌و کلیسا و مزگەوت، ئەمرازی مەعنەوەی خەڵکن‌و پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێ. پێویستە هێزی نیزامی‌و ئەمنییەتی لە خزمەت ئەمنییەت‌و دەنگی خەڵکان دابن. ئەوە ڕەوتە بە ئاسانی نایەتە دی‌و پێویستی بە بەڕێوەبەرانی دێمۆکرات مەنیش هەیە. بڕوانە دوو شەڕی ماڵوێرانکەری جیهانی کە ڕووی‌دا، لەنێوان وڵاتانی دێمۆکراتیک یا پێشکەوتوو بوو. یا ئەو چەکە سووک‌و قورسانەی دروست دەکردرێن تەنانەت سیلاحی هەستەیی هەمووی لەو وڵاتانەدا دروست بوون کـە دێمۆکراسی‌یان تێدا هەیە. بەڵام لەڕاستی‌دا، سیستێمی دێمۆکراتیک لە کۆمەڵگایەک‌دا لە وڵاتێکی‌دا بتوانێ زیاتر پـەرە بگرێ وەکـوو نیهادێکی فیکری‌و بەڕێوەبەری لەو کۆمەڵگایەدا، ئەو کۆمەڵگایە حەتمەن سەرکەوتنی زیاترە‌و دەتوانێ زامنێک‌و گەرەنتی‌یەکی گەورە بێ کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو فەرهەنگە دێمۆکراتیکە بەربڵاوترو گەورەتر دەبێتەوە و دەتوانێ کەمو کووڕیەکان لاوازو کەم ڕەنگ بکا. لێرەدا، باش وایە لە وتەیەکی چێرچیل کەڵک وەربگرم کە کـەمو کووڕیەکانی دێموکراسی چۆن چارەسەر دەکرێن؟ گوتی: «بە دێمۆکراسی پترو تەمرینی زۆرتـر». بە فەرهەنگ کردنی دێمۆکراسی لەنێوان تاک‌و کۆ، لەنێو ئەحزاب‌و کەسایەتی‌یەکان‌دا، کە بەهۆی ئەم ئامرازانەیە لە سیستێمیکی دێمۆکراتیک‌دا، زامنی ڕێگا پێدان بە ئینسانەکان بە شێوەی مافی یەکسان‌و گەشەکردنی ئیستعدادەکان لەنێو خۆیان‌دا، لەو سیستەمەدا زیاتر سەرکەوتوو دەبێ. بەمەرجێکی کەڵکی خراپ لە دێمۆکراسی وەرنەگیرێ، دەتوانێ باشترین ڕیگە بێ بۆ ئەوەی کە بتوانێ هەم فێدڕالیزم‌و هەم شێوەکانی دیکەی مافی نەتەوەکانی ژێر دەست یان ئەو نەتەوانەی کە ناویان نەتەوەیە بچێتە پێشێ. دێمۆکراسی دەتوانی متمانەی کۆمەڵگا زیاتر بە سەقامگرتوویی قەرارداەکان یارمەتی بکا.

پ: لـە کـۆتـایـی‌دا وێـڕای سپاس‌و پێزانین بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، بەڕێزتان ئەگەر پەیامێکی تایبەتیتان بۆ لاوان بە گشتی‌و بۆ یەکیەتیی لاوان بە تایبەتی هـەیـە، تکایە بـفـەرمـوون.

و: ئەمنیش زۆر سپاس لە ئێوەی بەڕێزو گۆڤاری لاوان دەکەم کە ئەم هەلەتان ڕەخساند لە خزمەتتان دابم. من پێم وایە کاتی خۆی لاوێک بووم ئارەزووگەلێکی زۆرم هەبوو، ئێمە کەوتینە بەر وەزعیەتیکی کە نـاوی نرا ئینقلاب‌و شـۆڕش. لە دواتریش‌دا، ئێمە تووشی شت‌گەلێکی نەخوازراو بووین بە تایبەتی هێرش کردن بۆ سەر کوردستان‌و ناچار بووین ڕێگای بەرگری لە بەرانبەر بە توندوتیژی هەڵبژێرین. بەداخەوە دوای **٣٥** ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا، ئەو ڕەوتە هەر درێژەی هەیە. بۆیە خەبات‌و تێکۆشان بۆ ئازادی پتر ئەرکی لاوانی بەهەستە. دێمۆکڕاتەکان بە گشتی‌و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە تایبەتی، لە ڕەوتـی جـووڵانـەوەی نزیک ٧٠ ساڵەی خۆی دا، زۆرترین تێکۆشان‌و مانەوەی خۆی لە فیداکاری لاوان دا، دەتوانێ پێناسە بکا. چونکە ئەو مەشخەڵەی پێشەوای مـەزن قازی محەممەد دای گیرساند، پتر بە یارمەتی لاوان بە فیداکاری‌و خوێنی جەستەی شەهیدان‌و نەمران، لە تین نەکەوت. بۆیە پێویستە لاوان لە دەوری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هێزە سیاسی‌یەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆ ببنەوە. زیاتر لەهەر شوێنێک کە خۆیان دەبیننەوە بتوانن لە چوارچێوەی مەسەلەیەکی نەتەوەیی‌دا کە ئەوڕۆکە پێویستی‌یەکی مێژوویی، مافی مرۆڤی، سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یە تێ‌بکۆشن. لاوان دەتوانن پێشەنگی ئەو شتانە بن‌و هەمیشە لاوەکان چ لە زانستگاکان، چ لە قوتابخانەکان، چ لە جێگای جۆراوجۆری کۆمەڵگادا هەمیشە بەهۆی وزەکەیان، توانایی‌و زوو فێربوونەکەیان، دەتوانن ڕێگای بەرەوپێش بردن‌و گەشە کردن زیاتر لە خەڵکانی دیکە بگرنە پێش. بۆیە ئەگەر لاوان لەو بوارەدا هاوکارو یەکگرتوو بن‌و تواناکانیان لەسەریەک دابنێن بە تایبەتی ئەو بەشەی خانمەکان‌و کچەکان لە لاوان کە بتوانن لە دەوری یەکیەتیی لاوان‌و لە دەوری ئەو مەوقەعیەتەی کە لاو هەیەتی خۆیان ببیننەوە، دەتوانن توانای زۆر گەورەترو مەیدانی تێکۆشانی بەرفراوانتر دروست بکەن. ئومێدەوارم بۆ ئەو کارانەی ئێستا ئێمە هەوڵیان بۆ دەدەین‌و بۆ ئەو خەباتە چەند لایەنەی کە بۆ ئـازادی‌و مافی نەتەوەیی لە ئارا دایە، بەهۆی لاوان زیاتر بەهێزتر بکرێ. هەر کۆمەڵگایەک کە لاوی زیاتری هەبێ‌و دەخاڵەتی لاوان لە کارەکان‌دا پتر بێ، توانایی زیاترە، هێزی پترە، چالاکی زۆرترە، داهێنان‌و بەرەوپێش بردن‌و گەشەکردنی زیاترە. ئارەزووی سەرکەوتن‌و بەرەوپێش چوون‌و گەشە کردن بۆ ئێوەو بۆ هەموو لاوانی کورد، لەهەر شوێنێکی ئەم دنیا دەژین.

# مۆدێلێکی فیدڕالیزمی پێشنیارکراو بۆ وڵاتی فرەگەلی ئێران!



ئا: حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور

هەروەک گشت لایەک دەزانن سەرهەڵدان‌و هاتنەکایەی فیدڕالیزم لەو وڵاتانەی جیاوازی نەتەوەیی ئایینی‌و کولتووریان تێدایە، لە زەمانی ئەمڕۆدا وەک دوا ڕێگە چارەی سیستمی دێمۆکڕاسی بۆ پاراستن‌و مانەوەی یەک‌پارچەیی وڵاتە فرە نەتەوەکان‌و دابەشکردنی حوکمڕانی لەنێو دانیشتوانی وڵاتەکەیان‌دا سیستمی فیدڕاڵیان پێکهێناوە. ڕوون‌وئاشکرایە کە وڵاتی ئێران،وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرە ئایین‌و کولتوورەو ئەگەر لە دەرفەتێک‌دا سیستمی فیدڕاڵی تێداپێک نەیە ئەوا دوور نیە بەهۆی سەردەستە بوونی نەتەوەی فەرمانڕەواو باڵادەست، نەتەوەکانی‌تر چی دیکە ئەو شێوە فەرمانڕەوایی‌یەی ئێستای ئێرانیان پێ‌پەسند نەکرێ‌و لە ئاکام‌دا مەترسی پارچەپارچە بوونی ئێران‌و هەڵوەشانەوەی لێ بکەوێتەوە.

وشەی فیدڕالیزم وشەیەکی لاتینی‌یەو مانای پەیمان‌نامەوڕێککەوتن دەدا. مەبەستیش لەو پەیمان‌نامەیە دروست کردنی هاوپەیمانی‌یە لە نێوان چەند ناوچەی سنووری جوغڕافیایی وڵاتێک بۆ پێکەوەژیانی بەتەبایی کە چەند ئامانجێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

ئاشکراشە کە ئەم هاوپەیمانی‌یە لەسەررەزامەندی هەر دوولایەنە، جاری واشە ئەو ناوچانەی حکوومەت‌ودەوڵەتی فیدڕاڵی‌یان پێکهێناوە،دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێ کە جیا بنەوەو حکوومەتی سەربەخۆیێک بێنن.

جۆرەکانی فیدڕالیزم:

زانایانی بواری فیدڕالیزم لە ڕوانگەی زانستی‌یەوە ئەم سیستمەیان بۆ چەند مۆدێل دابەشکردوە کە هەر کام لەوانە پڕەنسیپ‌و خەسڵەتی جیاوازوتایبەت بە خۆیان هەیەو دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی فیدڕالیزم لە جیهان‌دا بێنە ئەژمار، ئەو مۆدێلانە بریتین لە:

فیدڕالیزمی ئەمریکایی: بە گوێرەی دەستووری وڵاتی پەنجا ئەیالەتی سیستمی فیدڕاڵی‌یان بۆ وڵات دامەزراندوە.دەسەڵاتی یاسادانان لەهەر کام لەم ویلایەتانەدا خاوەنی هەر دوو ئەنجومەنی نوێنەران‌و پیران (سەنا) ە کە دەسەڵاتی یاسادانانی ویلایەتەکە پێک دێنن‌و دەسەڵاتی جێ‌بەجێ کردن لە ژێر فەرمانی ویلایەتەکە دایە کەڕاستەوخۆلە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ.گشت ویلایەتەکانیش دەسەڵاتی دادوەریی خۆیان هەیە کە دادگای باڵاو ژمارەیەک دادگا لەسەرئاستی ویلایەتەکە پێکدەهێنن. سەرۆکی هەموو ویلایەتەکانیش سەرۆک کۆمارە کە بە چوارساڵ جارێک لە لایەن هەموو هاووڵاتیانی ئەمریکا هەڵدەبژێردرێ.

فیدڕالیزمی سویسی: هەروەک ڕوون‌و ئاشکرایە وڵاتی سویس بە لانکەی فیدڕالیزم‌و بە سەرکەوتووترین مۆدێلی فیدڕالیزم دێتە ئەژمار.

ئەو وڵاتە لە ساڵی **١٢٩١**ی زایینی‌دا سێ کانتۆنی هەبوو کە بە پێی سیستمی کۆنفیدڕاڵی بەڕێوە دەچوون. ساڵی **١٨٨٤**سیستمی فیدڕالیزم جێگەی ئەو سیستمەی پێشووی گرتەوە.

ماددەی دووهەمی دەستووری فیدڕاڵی سویس دەڵی:»ئامانج لە سیستمی فیدڕاڵی سویس پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمان‌و دابینکردنی ئاسایش‌و ئارامی نێوخۆیی‌یە. هەروەها لە پێناوپاراستن‌وگەشەی خۆش‌گوزەرانی خەڵک‌دا کار دەکا».

لەم وڵاتەدا**٢٣** کانتۆن هەیەو دەسەڵاتی یاسادانان بریتی‌یە لە: هەبوونی ئەنجومەنی گەلی‌و دەوڵەت. ئەنجومەنی فیدڕاڵی وڵات حەوتکەسە کە هەر ساڵێ بە هەڵبژاردن بۆ ئەو پۆستە هەڵدەبژێردرێن. بێجگە لە مۆدێلی ئەمریکایی‌وسویسی،

مۆدیلەکانی‌تری فیدراڵیزم بریتین لە: مـۆدیـلـی ئـاڵـمـانـی، بێلژیکی، ئوستورالیایی، هێندوستان‌وپاکستان. لـە هـەمـوویـان‌دا دەسـەڵاتـەکـان جیاکراونەوە، بەڵام کەمتر بۆ وڵاتێکی نموونەی وەک ئێران پەسند دەکرێن.

پرەنسیپەکانی فیدراڵیزم:

فیدراڵیزم وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی حوکمڕانی، چەند خەسڵەتی بەرجەستەی هەیە کە گرینگترینیان بریتینلە:

ئـەلـف: دەسـتـووری هـاوبـەش:ئـەم دەسـتـوورە لە لایـەن گشت نەتەوەو ئایین‌و کەمینەکانەوە پەسند دەکرێ. لە دەستووری فیدراڵیزم‌دا سنوورێک بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەخشینی دەسەڵات‌و سنووری دەسەڵات بۆ هەر کام کە پێکهێنەرەکانی روون کراوەتەوە.

ب: یاسای هاوبەش: هەموو ویلایەت یان ناوچە پێکهێنەرەکانی سیستمی فیدراڵی خاوەنی یاسای هاوبەشن.

ج: یاسای سەربەخۆیی: ویلایەت یان ناوچە پێکهێنەرەکانی سیستمی فیدراڵی بە چەشنێکی یەکسان دەسەڵاتیان لە بەڕێوەبردنی گشت وڵات‌دا هەیەو لە بەردەم ئەرک‌و مافەکانی دەستووردا یەکسانن.

**فیدراڵیزم وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی حوکمڕانی، چەند خەسڵەتی بەرجەستەی هەیە کە گرینگترینیان بریتین‌لە:**

**ئەلف: دەستووری هاوبەش:**

**ئەم دەستوورە لە لایەن گشت نەتەوەو ئایین‌و کەمینەکانەوە پەسند دەکرێ. لە دەستووری فیدراڵیزم‌دا سنوورێک بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەخشینی دەسەڵات‌و سنووری دەسەڵات بۆ هەر کام کە پێکهێنەرەکانی روون کراوەتەوە.**

**ب: یاسای هاوبەش:**

**هەموو ویلایەت یان ناوچە پێکهێنەرەکانی سیستمی فیدراڵی خاوەنی یاسای هاوبەشن.**

**ج: یاسای سەربەخۆیی:**

**ویلایەت یان ناوچە پێکهێنەرەکانی سیستمی فیدراڵی بە چەشنێکی یەکسان دەسەڵاتیان لە بەڕێوەبردنی گشت وڵاتدا هەیەو لە بەردەم ئەرک‌و مافەکانی دەستووردا یەکسانن.**

بە فیدراڵی کردنی ئێران:

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکانی دەوڵەتی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا چەندین کێشەی نەتەوەیی‌و ئایینی چارەسەر نەکراوی هەبووە. بوونی نەتەوەکانی وەک:»فارس،کورد، تـورک(ئـازەری)،عـەڕەب، بەلووچ، تـورکـمـان،گـیـلـەک‌و.......» وئایین‌ومەزهەبی وەک: «شیعە،سوننی ،مەسیحی،زەردەشتی‌و....» هەمیشە فاکتەریک بـوون بۆ هەڵگیرسانی شەڕوشۆروناکۆکی خوێناوی بۆ گەیشتنە سەر کورسی دەسەڵات‌و لەگەڵ ئەمەش‌دا تا ئێستا کێشەکان بە هەڵواسراوی مـاونـەتـەوەو مەترسی تەقینەوەی بارودۆخەکە هەمیشە لە ئارادایە.هەوڵدانی دەسـەڵاتـداران بە مەبەستی پاراستنی یەک‌پارچەیی خاکی ئێران تەنیا لە ڕێگای دامەزراندنی سیستمی فیدراڵیزمەوە دەتـوانـێ ئـێـران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوەوئایین لە مەترسی پارچە پارچە بوون‌ولێک هەڵوەشان بپارێزێ نەک بە زەبروزەنگ، کوشتن‌و بڕین، قەڵاچۆکردن، ژینۆساید، زیندان، ئێعدام، ئەشکەنجە، تانک‌وتۆپ‌وکەرەسەی شەڕی مۆدێڕن.

لەحاڵی ئێستادا ئێران لەدوورێگاوە دەتوانێ سیستمی فیدراڵی لە وڵاتدا پراکتیزە بکا.

ئەلف: دابەشکرانی جوغرافیایی دەسـەڵات بـە نـاوچـەکـانـی: فـارس، کـورد، تـورک، عـەڕەب، بـەلـووچو هەریەک لەم نەتەوانە خاوەنی ئەیالەتی سەربەخۆبن‌و لە ژێر چەتری حکوومەتی یەکگرتووی فیدراڵی ئێران‌دا بن.هەرکام لەئەیالەتەکانیش سیستمی یاسادانان، جێبەجێ کردن‌و دارایی خۆیان هەبێ لە سـەرووی قووچکەی دەسـەڵاتدا بێ‌وچەند ساڵ جارێک بە گوێرەی سیستمی هەڵبژاردنی ئازاد هەڵبژێردرێ.

ب: پـەیـڕەوی کـردن لـە شێوەی سیستمی فیدراڵیزمی ئەمریکایی رادەی پارێزگاکان(ئوستان) کەم بکرێنەوە نەک بە شێوەی ئێستا کە هەر شارەوپارێزگایەکی پێکهێناوە، پاشان پارێزگاکان بە هەمان شێوەی ئەیالەتەکانی ئەمریکا ببنە خاوەنی سێ دەسەڵات‌و لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش حکوومەتی یەکگرتووی فیدراڵی بۆ وڵاتی ئێران دابمەزرێ.

بۆ دواوتە پێویستە ئاماژە بەم راستی‌یە بکرێ ئێران لە بەردەم دوو ڕێیانێکی گۆڕاندایە. گۆڕانێک کە لەوانەیە ببێتە مایەی لێک هەڵوەشانی وڵاتەکە، لە لایەن نەتەوەکانی نیشتەجێی وڵات یان گۆڕانی سیستمی حوکمڕانی لە حکوومەتی ناوەندگەراوە بۆ فیدراڵیزم کە بێ‌گومان ئەمە ئێران لە هەڵوەشان دوورو رزگاری دەکا.

# فیدڕالیزم، ڕێگاچارەیەکی گونجاو نی‌یە بۆ کێشەی گەلی کورد!



مەریوان نستانی

فێدڕالیزم وەکو یەکێک لە مێکانیزمەکانی پێکەوە ژیان‌و وێک‌هەڵکردنی گەلان لە دنیادا پێناسە دەکرێ‌و زۆر وڵاتی دنیا ئێستا بە شێوەی فێدڕاڵ لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی وڵاتانی خۆیان‌دا هاوبەشی دەکەن. نموونەی وڵاتانی فێدڕاڵ لە دونیادا زۆرن. هەروەک دێمۆکڕاسی زۆر جۆری هەیەو لە هیچ جێگایەکی دونیا وەک یەک ناچێ، بەهەمان شێوەش فێدڕالیزم لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە. هەروەک دێمۆکڕاسی، چەند جۆرێکی تاقی کراوەو پێناسە کراوی فێدڕالیزم لە دونیادا هەن‌و پێڕەو دەکرێن.

شی‌کردنەوەو باس کردنی دێمۆکڕاسی، فێدڕالیزم‌و جۆرەکانی فێدڕالیزم، تەوەری باسی ئێستای من نین. من دەمەوێ باسی پێوەندی نێوان فێدڕالیزم‌و دێمۆکڕاسی بکەم. لەهەمان کات‌دا دروشمی ستڕاتیژیک یان هەر شتێکی دیکەی پارتە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان ناویان لەسەر داناوەو نەگونجانی ڕێکارە فێدڕاڵی‌یەکان لەگەڵ سروشتی دێمۆکڕاسی‌و فێدڕالیزم لە ناوچەکەدا باس دەکەم.

من زۆر بەکورتی ئەو بابەتەم نووسیوە، هیوادارم ببێتە، تەوەری باس‌و گفتوگۆیەکی فراوان‌تر ئەوکات دەتوانین بە هەموومان باسەکە کامڵ‌تر بکەین‌و لە هەموو ڕوانگەکانەوە لێک‌دانەوەو تێ‌گەیشتنە سیاسی‌یەکانی خۆمان بخەینەڕوو.

فێدڕالیزم:

پێناسەیەکی زۆر سادەو ساکاری فێدڕالیزم بریتی‌یە لەو پڕۆسەیەی کە دوو پێکهاتە یان زیاتر هێزو سامانیان لە چوارچێوەی جوغڕافیایەکی دیاری کراودا دابەش دەکەن‌و بەهۆی پارلەمان‌و حکوومەتێکی هاوبەشەوە ئیدارەی کاروباری سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندێتی‌یەکانی هەریەک لە پێکهاتەکان. یان، فێدڕالیزم سیستمێکی بەڕێوەبردنە، کە دەسەڵات‌و داهاتەکان لە نێوان دوو لایەن یان زیاتردا دابەش دەکاو پشک‌و دەسەڵاتی لایەنەکان لە ڕێگای یاسایەکی بنەڕەتی‌یەوە پێناسە دەکرێ. لایەنەکان دەتوانن کاراکتەری جیاوازیان هەبێ، بۆ نموونە دەکری پارێزگایەک، هەرێمێکی دیاری کراو، کەمینەیەکی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی‌و ... هتد بێ. جگە لەو پێناسانە دەتوانین بڵێین کە فێدڕالیزم شێوەیەکی سەرکەوتووی پێکەوە ژیان‌و وێک‌هەڵکردنی گەلانی ئەو وڵاتانەیە کە بە شێوەیەکی فێدڕاڵی وڵاتی خۆیان بەڕێوە دەبەن. نموونەی ئەم وڵاتانە ئامریکا، کانادا، ئوستوڕالیا، هێندوستان، باکووری ئەفریقاو... هتد، بەکورتی لە هەموو دێمۆکڕاتی‌یە جێ‌کەوتووەکانی دونیادا شێوەیەک لە فێدڕالیزم یان دابەش کردنی دەسەڵاتی کارگێڕی بەرچاو دەکەوێ‌و هەموو دەسەڵاتەکانی بڕیاردان لە ناوەندا کۆ نەکراونەوە. بەواتایەکی دیکە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لە چوارچێوەی جوغڕافیایی خۆیان‌دا نەتەوە، زمان‌و کەمایەتی جۆراوجۆریان هەیە، بناغەیەکی فێدڕاڵیان هەیە، بەڵام هەموویان دێمۆکڕاتیک نین.[١]

دێمۆکڕاسی:

تا ئێستاش دێمۆکڕاسی بە هەموو کەم‌و کوڕیەکانیەوە باشترین جۆری بەڕێوەبردنی کاروباری هەر سیستمێکی سیاسی‌و ئابووری‌یە لە دونیادا، کە دەتوانێ تا ڕادەیەکی باش بەشداری، ماف‌و ئەرکی وەک یەک بۆ هەمووان دابین‌و پێناسە بکا. لە سیستمە دێمۆکڕاتیکەکان‌دا کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی گارانتی دەکرێن‌و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن داکۆکیان لێ‌دەکا، کە بریتین لە: ئازادی ڕادەربڕین‌و بەشداری لە بڕیاری سیاسی‌دا، هەمووان

**مەبەست لە دیمۆکراسی جێنەکەوتوو ئەو سیستمانەیە کە دیمۆکراسیو داموو دەزگانی جێگیرنەبوون، هەموو ئەو دیمۆکراسیانە دەگرێتەوە کە لە دوای کۆتایی هاتنی سیستمێکی دیکتاتۆریو سەرەڕۆ دێنە ئاراوە کە پێویستیان بە کاتێکی زیاترە بۆ جێکەوتنو بوونە بەشێک لە ژیانو کاری ڕۆژانەی خەڵکو دەسەلات، دیمۆکراسی پێش ئەوەی سیستمی بەڕێوەبردنو کارکردی داموو دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێ، کولتوورو دابو نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە کە کاتو ڕاهێنانی پێویستی دەوێ هەتا جێگیر دەبێ. کاتێک باس لە دیمۆکراسییە تازە گەشە کردووەکان دەکەین لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتی تایبەتی بەو ناوچە یان وڵاتانە بەرەورووو دەبین کە دەمانەوێ باسی دیمۆکراسیان تێدا بکەین**

مافی دەنگدانو خۆ پاڵاوتنیان هەیەو دەنگی هەمووان وەک یەک دێتە ئەژمار، هەمووان مافی فێربوونو خۆپێگەیاندنیان هەیەو مافی دەست ڕاگەیشتن بە هەموو سەرچاوەکانی زانیاریان هەیە، هەرکەس دەبێ بواری ئەوەی هەبێ لە ڕێگای خۆیەوە کاریگەری هەبێ لەسەر دروست کردنی بڕیاری سیاسیو هەمووان دەبێ هەلو دەرفەتی وەک یەکیان هەبێو جیاوازی لە نێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵگادا نەکرێ.[٢] هەمان ئەو خالانەن کە لە پێش مەرجەکانی ڕۆبێرت داڵدا هەن بۆ بوونی دیمۆکراسیو جێکەوتنی ئەو سیستمە لە شێوەی پۆلیارکیدا.

فیدرالیزمو دیموکراسی: دیمۆکراسی دەتوانێ بەبێ بوونی فیدرالیزمیش سیستمێکی سەرکەوتوو بێو بێ گیروگرفت بەردەوام بێ، بەڵام فیدرالیزم بەبێ بوونی دیمۆکراسییەکی جێکەوتوو، داموو دەزگانی دیمۆکراسی، سیستمی دادوەریو ڕێککەوتنی سیاسی نێوان لایەنەکان ناتوانێ سەرکەوتوو بێ، لەگەڵ ئەوەدا کە سەرکەوتوو نابێ، زیان بە پرۆسەی دیمۆکراسیو جێکەوتنی دیمۆکراسییش دەگەیەنێ. لەئاکامدا دەبێتە ڕێککەوتنێکی ناکامڵ یان دابەش بوونی جوگرافیایی هەرێمەکان. [٣] ئەم دابەش بوونانەش زۆر جاران دەبنە هۆکاری شەڕو ماڵوێرانی گەلان.

دیمۆکراسی لە قۆناغی گواستنەوەدا، دیمۆکراسی جێنەکەوتوو: مەبەست لە دیمۆکراسی جێنەکەوتوو ئەو سیستمانەیە کە دیمۆکراسیو داموو دەزگانی جێگیرنەبوون، هەموو ئەو دیمۆکراسیانە دەگرێتەوە کە لە دوای کۆتایی هاتنی سیستمێکی دیکتاتۆریو سەرەڕۆ دێنە ئاراوە کە پێویستیان بە کاتێکی زیاترە بۆ جێکەوتنو بوونە بەشێک لە ژیانو کاری ڕۆژانەی خەڵکو دەسەلات، دیمۆکراسی پێش ئەوەی سیستمی بەڕێوەبردنو کارکردی داموو دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێ، کولتوورو دابو نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە کە کاتو ڕاهێنانی پێویستی دەوێ هەتا جێگیر دەبێ. کاتێک باس لە دیمۆکراسییە تازە گەشە کردووەکان دەکەین لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتی تایبەتی بەو ناوچە یان وڵاتانە بەرەورووو دەبین کە دەمانەوێ باسی دیمۆکراسیان تێدا بکەین. ئەگەر بۆ وێنە باسی دیمۆکراسی لە دوای ڕووخانی ڕێژیمەکانی، ئەفغانستان، عێراق، توونس، میسر، لیبیو یەمەن بکەین بە ئاسانی ئەو گیروگرفتانە دەبینین کە دەبنە کۆسپی بەردەم جێکەوتنو پەرەگرتنی دیمۆکراسی. دیمۆکراسی لەو وڵاتانەدا لە قۆناغە هەرە سەرەتاییەکانی دایە، بە سەرنج بە ئاستی پێشکەوتنی سیاسیو ئابووریو کرانەوەی ئەو وڵاتانە بەرووی دونیای دەرەوەدا، ماوەیەکی یەکجار زۆر زیاتری پێویستە بۆ ئەوەی دیمۆکراسی لەو وڵاتانەدا جێگیر ببێو ببێتە بەشێک لە کولتووری سیاسی خەڵکو پارتە سیاسییەکانیان، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتو ناوەندی ئورووپا دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە سەرەتاکانی ١٩٩٠ی سەدەی ڕابردوودا. بێگومان ئەوەش پیوەندی بە ئاستی پێشوازی گەلانی دیکەو سیاسەتی ناوچەییو نێودەوڵەتیش هەیە.

دانکوارت ڕۆستۆو یەکەم کەس بوو کە قۆناغی نێوان کۆتایی هاتنی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆو دیکتاتۆرو جێکەوتنی دیمۆکراسی بە قۆناغی گواستنەوە، پێناسە کرد، ئەو باسی ئەو قۆناغەو ئاستەنگەکانی دەکا بەرەو دیمۆکراسی، لە هەمان کاتدا باس لەو دیمۆکراسیانەش دەکا کە بۆ مانەوەیان پێویستە خۆیان بەرۆژ بکەنەوە. [٤] ئەم قۆناغی گواستنەوەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازی زۆری هەیە، دەکرێ ئەو ماوەیە چەندین ساڵ بێ.

هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، سیستمێکی نادیمۆکراتیکو دیکتاتۆریان هەیە، ئەگەر عێراق وەک نموونەی بەرچاو وەربگرین، دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس تا ئێستاش قۆناغی گواستنەوە لە نێوان دیکتاتۆریەتی ڕێژیمی پێشوو و دیمۆکراسی ڕێژیمی تازەدا کۆتایی نەهاتووە ئێستاش زۆری ماوە بنماکانی دیمۆکراسی لەو وڵاتەدا جێگیر ببن. هەربۆیەش عێراقی ئێستا ئامادەیی ئەوە نییە سیستمێکی فیدراڵی

تێدا جێگیر ببێو ئەوەی لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا پەسەند کراوە جێبەجێ ببێ. لە ئاکامی ئەو نائامادەیی‌یە دایە ئەو فێدڕالیزمەی لە عێڕاق‌دا هەیە، خەریکە ئەو وڵاتە بەرەو پارچە پارچەبوون، یان لە باشترین حاڵەت‌دا تەنیا بۆ فێدڕالیزمو ڕێک کەوتنێکی سەر کاغەز دەبا، کە هیچ کام لە لایەنەکانی ئەو هاوبەشی‌یە سیاسی‌یە بە فەڕمی خوازیاری نین.

ناتوانین چاوەڕوان بین، کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانیش ئەو قۆناغی گواستنەوەیە زۆر لەوەی عێڕاق خێراتر بێ. ئەو پڕۆسەی دێمۆکڕاسی‌یەش کە لە وڵاتی تورکیادا بەڕێوەیە زیاتر لە شەست ساڵە هێشتاش نەی توانیوە ببێتە جێی ڕەزامەندی یەکیەتیی ئورووپا کە تورکیە خوازیاری بوونە ئەندامە لەو یەکیەتی‌یەدا، [٥] بێ‌گومان هەموو لایەک ئەو ڕاستی‌یە دەزانین کە سیستمی بەڕێوەبەری وڵاتی تورکیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دیکە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، جیاوازی زۆرە. کەواتە ناتوانین زۆر گەش‌بین بین بەوەی کە قۆناغی گواستنەوە لە ئێران‌دا خێراتر لە تورکیاو لە عێڕاق دەبێ. بۆیە لە ئێرانیش‌دا فیدڕالیزم ناتوانێ ئالتێڕناتیڤێکی باش بۆ چارەسەری گیروگرفتە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد بێ، لەهەمان کات‌دا ناتوانێ سیستمێکی بەڕێوەبەریی سەرکەوتووش بێ.

بەکورتی دەتوانین بڵێین هەموو ئەو دێمۆکڕاسیانەی لە قۆناغی گواستنەوە دان، دێمۆکڕاسی جێ‌نەکەوتوون‌و دێمۆکڕاسی جێ‌نەکەوتووش ژینگەیەکی شیاو نی‌یە بۆ گەشەو بنیاتنانی فێدڕالیزم.[٦]

## گیروگرفتەکانی فێدڕالیزم:

فێدڕالیزم بریتی‌یە لە هاوسەنگی‌یەکی سیاسی، بەڕێوەبردن‌و ئابووری، ئەو هاوسەنگی‌یە بەردەوام لە گۆڕان دایە، هەر لایەک هەوڵ دەدا قازانجی زیاتری وەبەربکەوێ لەسەر حیسابی لایەنەکانی دیکە. جاری وایە حکوومەتی ناوەند بەهێزتر دەبێ لە حکوومەتی هەرێم یان هەرێمەکان، یان بە پێچەوانەوە هەرێمەکان بەهێزتر دەبن لە ناوەند، هەردووی ئەو حاڵەتانە لە فێدڕالیزمی ئیسپانیادا بەرچاو دەکەون. هەرێمە لاوازو کەم دەرامەتەکان بە شێوەیەکی نەخوازراو کەوتوونە ژێر دەسەڵاتی ناوەندو بە شێوەیەک کە لە هەرێمەکانی خۆشیان‌دا توانای بڕیاردان‌و بەڕێوەبردنیان نەماوەو حکوومەتی مادرید هەموو بڕیارێکیان بۆ دەداو سەربەخۆی بڕیاردانی ئەوانی هێناوەتە ژێر پرسیار، لە کاتێک‌دا کە هەرێمی کاتالۆنیا توانا ئابووری‌یەکانی زۆر لە حکوومەتی مادرید زیاترن‌و زۆرکەم گوێڕایەڵی ڕێنوێنی‌و بڕیارەکانی مادرید دەبێ. ماوەماوەش هەڕەشە لە مادرید دەکەن کە دەیانەوێ خۆیان لە حکوومەتی مادرید جیا بکەنەوە.[٧]

یەکێکی دیکە لە کێشەکان نەبوونی هاوسەنگی‌یە لە نێوان لایەنەکانی ئەو پێکهاتنە سیاسی‌یەدا، بەجۆرێک کە سروشتی لایەنەکان، لەڕووی ژمارەو پێوەندی‌و پشتیوانی کاراکتەرە سیاسی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێندێک جار، ئەو هاوسەنگی‌یە لە ڕێگای ناچاریەوە بێ، بۆیە دیسان هەر لایەک هەوڵ دەدا قازانجی زیاتری لەو ڕێک کەوتنە دەست بکەوێ، قازانجی زیاتریش بێ‌گومان لەسەر حیسابی لایەنەکانی دیکە دەبێ، هەر لایەک هەوڵ دەدا دەسەڵاتی زیاتری هەبێ لە هەرێمی خۆی‌داو لەهەمان کات‌دا دەی‌هەوێ دەنگی زیاترو بەگوڕتر بێ لە حکوومەتی ناوەندا، دیسان ئەوەش لەسەر حیسابی لایەنەکانی دیکە دەبێ، بۆیە ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ دروست بوونی نائارامی‌و دروست بوونی ناهاوسەنگی سیاسی‌و ئابووری. سروشتی ڕێک کەوتنەکان وایە کە ڕێکارو مەرجەکانی پێکەوەبوون دیاری دەکەن، بەڵام میکانیزمی ناچارکردنی لایەنەکان بۆ بەڕێوەبردنی یاسا بنەڕەتی‌یە فێدڕاڵی‌یەکانیان بە ئاسانی بۆ دانانرێ، یان هەر بۆیان دانانرێ.

هەڵپەساردنی کێشەکان‌و چارەسەر نەکردنیان، دیارنەبوونی خەتاباری کەم‌کاری‌و گەندەڵی‌یە ئیداری‌یەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی‌و حکوومەتی فێدڕاڵی، لە نێوان حکوومەتی ناوەندی‌و حکوومەت یان حکوومەتە ناوچەیی‌یەکان. دواکەوتن‌و خێرا ڕانەپەڕاندنی کاروباری هاوڵاتیان لە هەرێمە جیاوازەکان‌دا، ئەوە



زیاتر لە دیمۆکراسی‌یە تازەکان یان جێنەکەوتووەکان‌دا بەرچاو دەکەوێ، ماددەی **١٤٠**ی یاسای بنەڕەتی عێراق‌و کێشەکانی دوو حکوومەتی بەغداو هەولێر لەسەر ئەم مەسەلەیە یەکێک لەو نموونانەیە کە بە هەڵواسراوی ماوەتەوەو حکوومەتی ناوەند نای‌هەوێ چارەسەری ئەو کێشەیە بکاو حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ناتوانێ ناوەند ناچار بکا کە جێ‌بەجێی بکا.

دیارە زۆرینەی ئەو کێشانە لە دیمۆکراسی‌یە ناسەقامگیرو نوێ‌یەکان‌دا بەرچاون‌و لەهەمان کات‌دا چارەسەریان ئاسان نی‌یە، لەبەر ئەوەی دیمۆکراسی وەک کولتووری دان بەیەک‌دانان‌و ڕێزگرتن لە جیابیران‌و بەشداری هەمووان لە پرۆسە سیاسی‌یەکان‌دا جێگیر نەبووە.

نەشیاوی فیدڕالیزم وەک چارەسەر بۆ کێشەی کورد:

ئەوەی تا ئێستا باس کراوە، بریتی‌یە لەوەی کە بۆ سیستمێکی فیدڕاڵ، پێویستە دیمۆکراسی‌یەکی جێکەوتوو هەبێ بۆ ئەوەی دامو دەزگا فیدڕاڵی‌یەکان بتوانن دابمەزرێن‌و کاری دیاری کراو و بەگوێرەی ڕێککەوتنەکان بەڕێوەببەن. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە هەروا بە ئاسانی ناتوانن ببنە وڵاتی دیمۆکراتیک‌و خانەخۆێ بۆ دیمۆکراسی‌و دامو دەزگاکانی، هەر بەو هۆیەوە ناتوانین فیدڕالیزم وەک چارەسەری کێشەکانی ئەو وڵاتانە کە زۆرو جیاوازن دەست نیشان بکەین.

لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا هەرکام دروشم، بەرنامەو ڕێکاری تایبەت بەخۆی هەیە بۆ چارەسەر کێشەی کورد، هەموویان بەجۆرێک خەونی سەربەخۆیی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان هەیە. بۆیە هیچ ڕێک کەوتنێکی کوردان لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوەند لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ڕێک کەوتنێکی درێژخایەن نابن‌و هەرکات بوار بڕەخسێ، ئەوا داخوازی سەربەخۆیی دەکەن، سروشتی دیمۆکراسییش وایە نابێ ڕێگری لە ویستی گەلان بکا بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، لایەنەکانی ئەو ڕێک کەوتنانەش ئەو ڕاستی‌یە دەزانن. تا دێ، ئەو ئاسۆیەش ڕوونتر دەردەکەوێ.

یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکی‌یەکان، بریتی‌یە لە ژمارەی کوردەکان بە بەراورد لەگەڵ، لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە، چ تورک، عەرەب یان فارس بن. لەو جۆرە بەراوردانەدا هەموو کات کوردەکان کەمینەن. هەرکاتێک حکوومەتی ناوەند بی‌هەوێ، دەتوانێ گیروگرفتی زۆر گەورە بۆ حکوومەتە هەرێمی‌یەکان دروست بکا، بە تێ‌بینی ئەوەی کە قۆناغی گواستنەوە زۆر درێژەو ئەو دیمۆکراسی‌یە کە بۆ نەش‌و نمای فیدڕالیزم پێویستە لە ئارادا نی‌یە. بەبێ بوونی ئەو دیمۆکراسی‌یەش هەرکات لایەنەکان بە تایبەتی لایەنە بەهێزترەکان بیان هەوێ، دەتوانن قازانج‌و پشکی زیاتر بۆخۆیان دابین بکەن لەسەر حیسابی لایەنەکانی دیکەی هاوبەشیان. بۆیە هەرکات ئەو ڕێککەوتن‌و پێکهاتنە سیاسی‌یەی نێوان لایەنەکان دەتوانێ، گۆڕانی بەسەردابێ بە قازانجی لایەنە گەورەو بەهێزەکانی. لەبەر ئەوەی کوردەکان بەژمارە کەمترن، بەبێ بوونی ئەو ڕێککەوتنە سیاسی‌یانەی کە هەیانە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هیچ گارانتی‌یەک لە گۆڕێ نی‌یە بۆ پێشێل نەکردنی مافەکانیان‌و داگیرنەکردنی پشکەکانیان. نموونەی زیندوو بۆ ئەم شێوەیە لە کێشەکان، حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستانە.


سەرچاوەکان:

١: Language, Ethnic Identity and the State, William Safran & Jean A. Laponce, ٢٠٠٥, p ١٠٧-١١٨

٢: Dahl, Robert N. (١٩٨٩). Democracy and its critics. First edition. The Composing Room of Michigan, Yale University. p ١٠٨-١١٥

٣: In Search of the Federal Spirit: New Comparative Empirical and Theoretical Perspectives, ٢٠١٢, William H. Riker and the Federal Bargain, p ١٠٥-١١٦

٤: Transitions to Democracy: Toward a Dynamic Model, Author(s): Dankwart A. Rustow. p ٣٣٩ _ ٣٤٥

٥: In Search of the Federal Spirit: New Comparative Empirical and Theoretical Perspectives, ٢٠١٢, William H. Riker and the Federal Bargain, p ١٠٥-١١٦

٦: EU as a normative power – the case of Turkey, Mariwan Nisstany & Rasmus Orsen.

٧: Financial Times, Spain: Autonomy under fire, David Gardner, Last updated: August ٢٢, ٢٠١٢ ٤:١٦ pm

# دیمانه لەگەڵ ڕێزدار کاک جەلال خۆشکەلام ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەسەر پرسی «فیدڕالیزم لە ئێرانی فرەنەتەوە«دا!



دیمانە: ب. ژیار

پ: مێژووی فەلسەفیو فکری فیدڕاڵیەت بۆ کەی دەگەڕێتەوەو پێت وایە لەچاو سیستەمەکانی دیکە باشترە؟!

و: مێژووی فەلسەفەی فکریو فیدڕاڵیەت دەگەڕێتەوە بۆ هۆزەکانی بەنی ئیسرایل لە ساڵەکانی ۳۲۰۰ی پ.ز، کە دەڵێن مێژووی ئەم فیدڕاڵییە لە نێوان نەتەوەکانی بەنی ئیسرایلدا نزیک بە ۷۰۰ ساڵ تەمەنی بووە. زۆربەی زۆری سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یۆنانیەکان سیستەمی فیدڕاڵیان لەنێو خۆیاندا پیادە کردوە. لە سەردەمی هاوچەرخیشدا وڵاتی ئوستوڕالیا ئەو سیستەمەی لەنێو خۆیدا پیادە کرد بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۲۹۱ دا. وشەی فیدڕاڵی وشەیەکی لاتینییە، «فیدرێ» بە مانای باوەڕ پێبوونو «لیسم»یش بە مانای جەمع دێت، واتا کۆمەڵێک خەڵک کە یەک باوەڕیان هەیە. وشەی فیدڕاڵیزم وشەیەکی سیاسییەو لەسەر بنەمای باوەڕ بەیەک بوون بەشێک لە دەسەڵاتەکانی مەرکەزیەت بەسەر لۆکاڵیەتدا دابەش دەکرێ. مەرکەزیەت ڕێگە دەدات کە لۆکاڵ پارلمێنتو نیمچە حکوومەتی تایبەت بەخۆی هەبێ، بە مەرجێک ئەو حکوومەتە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆی دیاری کراوە مامەڵە بکاتو لە دەستوورو دەسەڵاتی مەرکەزیەت لا نەدا. کاتێک باس لە فیدڕاڵیەت دەکرێ مەرکەز ناچارە کە لەنێو خۆیدا بە شێوەیەکی یەکسان ماف بدا بە هەموو نەتەوەکان کە خۆیان بڕیار بدەن ئایا فیدڕاڵیان دەوێ یان نا، کە هەموو لایەک ڕازی بوونو لە دەستووری ئەو وڵاتەدا جێگیر بوو ئەوا ئەو حکوومەتە مەرکەزیە دەبێت بە حکوومەتێکی فیدڕاڵی. سیستەمی فیدڕاڵی وەک سیستەم سیستەمێکی باشو گونجاوە. لە هەندێک شوێن لە سیستەمەکانی دیکە باشترەو لە هەندێ شوێنو مەکانی دیکە لەوانی دیکە خراپترەو گونجانو جێبەجێ کردنی خەیاڵیو ئەستەمە.



پ: بۆچی پێت وایە جێبەجێ ناکرێو بە خەیاڵی دەزانی، بۆ مەگەر خودموختاریش نابێ کار بۆ جێبەجێ کردنی بکرێ یان ئەوەی کە خودموختاری ماندووبوونی ناوێ؟!

پێتان وا نیە سیستەمی فیدڕاڵیش بەپێی هەڵکەوتوویی وڵاتی خۆی دەبێ پێناسە بکرێو بچێتە نێو باسو خواسەکانەوە؟!

و: وەڵامی ئەو پرسیارەم داویتەوەو دەلیلم بۆ هێناویتەوە. خەبات کردن لە پێناوی ئازادی ئەرکێکی پیرۆزەو واجبی سەرشانی هەموو لایەکمانە. خودموختاری یان فیدراڵی ئەچێتە چوارچێوەی شعارەوە. کورد ئازادی دەوێ با ئەوە بکەینە خاڵی هاوبەش‌و لەو پێناوەدا خەبات بکەین. ئێمە وەک خەبات شعاری سەرەکیمان مافی چارەی خۆنووسینەو خودموختاری لە ئێستادا بە شیاو دەزانین. ئەوە جەماوەری کوردستان‌و گۆڕانکاری ناوچەکەیە کە بڕیار دەدەن چ سیستەمێک شیاوە بۆ کوردستانی ئێران. کێ دەڵێ ئەو کات وا ناخوازێ کە ئێمە داوای سەربەخۆیی بکەین؟ لەبەر ئـەوە با ئێمە لە باتی کار کردن بۆ شعار ڕێڕەوی خەباتمان لەسەر ئازادی ئێران‌و کوردستان بێ. ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو سیستمی فیدراڵیش ئاڵۆزە، چونکە زۆرێـک لە نەتەوەکان فیدراڵی ڕەت دەکەنەوە. بۆ کۆدەنگی نیشتمانی لەسەر ئەو مەسەلە بۆ کورد ئاستەنگ دەبێ‌و کورد دەکەوێتە سەنگەری دژ بە نەتەوەکانی‌تر لە ئێراندا. بـەڕای من مافی چـارەی خۆنووسین گونجاوترین شعارە بۆ گەلی کوردستان لە کوردستانی ئێراندا. ئەو مافی چارەی خۆنووسینەش لە دوای ئەو کاتەوە دەست پێدەکات کە کورد ئازاد بووەو دەوڵەتێکی دیمۆکراتیک لە ئێراندا بوونی هەیە.

پ: پێش مەرجەکانی دامەزرانی ئەم سیستەمە چین‌و زیاتر چ وڵاتگەلێک دەتوانن لەم سیستەمە کەڵک وەرگرن؟!

و: پێش مـەرجو چەسپاندنی ئەو سیستەمە پەیوەستە بە ئاستی وشیاری هەر نەتەوەیەک. لە دەوڵەتانێک کە سیستمی دیمۆکراتی پەیڕەو دەکەن جیاوازترە وەکوو ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو سیستمەیان پەیڕەو نەکردوە، یان لە بەڕێوەبردنی سیستمی دیمۆکراتی‌دا ساوان‌و مێژوویان نیە. بەپێی جۆری فیدراڵیەکەش گـۆڕان بەسەر پێش مەرجەکانی فیدراڵی‌دا دێت. ئەگەر




نەتەوەیەک بە تایبەتمەندی جیاوازەوە داوای فیدراڵی بکات جۆرو شێوازی ئەو فیدراڵی بوونەش جیاواز دەبێ لە جۆرەکانی دیکە. بۆ ئەوەی باسەکە کورت بکەینەوە دەتوانین ئاماژە بە کورد وەک نەتەوە بکەین لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردوە. کوردستانی عێڕاق کە ئەم سیستەمەی هەیە وەک نەتەوە داوای فیدراڵی کرد، جۆری فیدراڵیەکەش دەتوانین بڵێین فیدراڵی نەتەوەیی بوو. یەکێک لە پێش مەرجەکانی فیدراڵی نەتەوەیی ئەوەیە کە هەموو نەتەوەکانی نێو ئەو وڵاتە دەتوانن داوای ئەو مافە بکەن، ئەگەر بێت‌و نەتەوەیەک دژی ئەو بڕیارە بوەستێتەوە ئەوا کێشەی زۆر بۆ ئەو فکرە دروست دەبێ. بە کوردی دەبێ هەموو نەتەوەو قەومەکانی نێو یەک وڵات بە هاوبەشی ئەو بڕیارە بدەن. بۆیە بەڕای من بۆ کوردستانی ئێران فکری فیدراڵیزم ئاستەنگی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ بە تایبەتیش کە ئێران دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە. ئـەوەی کە کورد لە کوردستانی عێڕاق پەیڕەوی دەکا، تێک هەڵکێشێکە لە نێوان فیدراڵیزمی نەتەوەیی‌و فیدراڵیزمی هەرێمی، پارێزگا بوون، واتە ئەگەر ٣ پارێزگا بڕیاریان دا فیدراڵ بن ئەوا ئەو دەوڵەتە دەتوانێ ئەو مافەیان بداتێ کە لەسەر سیستمی فیدراڵی هەرێمی بڕۆن. بەڵام مافو ئازادیەکانی ئەو فیدراڵیزمەش تووشی کێشەی زۆر دەبێ، بە تایبەتیش لەسەر ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە بەهێز کردنی فکری نەتەوەیی. بەڕای من داوای سەربەخۆیی لە کوردستانی ئێراندا باشتر دەچەسپێ وەک ئەوەی کە داوای فیدراڵی بکرێ.

پ: بـبـوورە لـێـرەدا پرسیارێک دێتەگۆڕێ، ئەویش ئەوە کە ئایا تۆ خەبات بۆ نەتەوەکەی خۆت دەکەی یان بۆ غەیری نەتەوەکەی خۆت وادەبێ پرسیان پێبکەی بـۆ هەڵبژاردنی جـۆری سیستمی بـەڕێـوەبـردنـی ناوچەکەت، لە کوێی دونیایەدا ئەو شـێـوازە پـەیـڕەو کـراوەو دەکـرێ؟!

و: ئێمە خەبات بۆ نەتەوەکەی خۆمان دەکەین، بۆ ئەوەش ئەو خەباتەمان بەرهەمی هەبێ‌و گەل‌و نیشتمانمان ئاسوودە بێ دەبێ دەوڵەتێکی دیمۆکرات دامەزرێنین لە مەرکەزدا ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەو شێوەش لە ئێراندا بەڕای من ئەرکی هەموو نەتەوەکانی ئێرانەو لە پێش هەموویشیانەوە کورد. لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەبووەو نابێ دەوڵەتێکی دیکتاتۆر گوێ بۆ داوای نەتەوەیەک شل بکا و مافو داخوازیەکانیان فەراهەم بکا. کورد بەدوای کڵاوی بابردوو دەکەوێ ئەگەر پێی وابێ دەتوانێ لە چوارچێوەی سیاسەتی ویلایەتی فەقیەدا کار بکا بۆ وەدەست هێنانی ماف‌و ئازادیەکانی کورد لە کوردستانی ئێران‌دا. ئەگەریش بە هەڵکەوت شتێکی وا ڕوو بدا کوردخایەن دەبێ‌و هیچ بەرهەمێکی نابێ، لەبەر ئەوە گرنگە کە شان بە شانی خەباتی نەتەوەیی خۆمان کار لەسەر گۆڕان‌و هاتنە ئارای سیستەمێکی دیمۆکراتیک بکەین بۆ ئێران‌و ناوچەکە بە گشتی.

پ: مادام کە دەزانین ئێران فرەنەتەوەیە باشترین گوزینە بۆ پێشگیری لە پارچەبوونی هەمان فیدراڵیزمە، هەرچەند نەتەوە غەیرە کوردەکانی دیکەی ئێران لەگەڵت نین بۆ فیدراڵیزم‌و بەرچەسپی جیایی خوازییت لێ‌دەدەن‌و پێیان وایە ئێران بەرەو پارچەپارچە بوون دەبەی، ئەدی چۆن داوای سەربەخۆیی دەکەی لەحاڵێکدا بۆ فیدراڵیزم بیانوویەک هەیە بەڵام بۆ سەربەخۆیی هیچ؟!

و: خۆت وەڵامی خۆت داوەتەوە پێویست ناکا من شەرحی زیاتر لەسەر ئەو پرسیارە بکەم. کورد وەک نەتەوە بەتەنیا دەمێنێ، فیدراڵیزمی لەبەر ئەو دەلیلەی کە خۆت باست کرد بۆ ناگونجێ، پەس کەوابوو دەمێنێتەوە خودموختاری‌و سەربەخۆیی کە ئێمە ئەو دووانە هەردووکیان بەشیاوتر لە فیدراڵی دەزانین.

پ: ئەو وڵاتانەی کە هەنووکە

**ئێمە خەبات بۆ نەتەوەکەی خۆمان دەکەین، بۆ ئەوەش ئەو خەباتەمان بەرهەمی هەبێ‌و گەل‌و نیشتمانمان ئاسوودە بێ دەبێ دەوڵەتێکی دیمۆکرات دامەزرێنین لە مەرکەزدا ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەو شێوەش لە ئێران‌دا بەڕای من ئەرکی هەموو نەتەوەکانی ئێرانەو لە پێش هەموویشیانەوە کورد. لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەبووەو نابێ دەوڵەتێکی دیکتاتۆر گوێ بۆ داوای نەتەوەیەک شل بکا و مافو داخوازیەکانیان فەراهەم بکا. کورد بەدوای کڵاوی بابردوو دەکەوێ ئەگەر پێی وابێ دەتوانێ لە چوارچێوەی سیاسەتی ویلایەتی فەقیەدا کار بکا بۆ وەدەست هێنانی ماف‌و ئازادیەکانی کورد لە کوردستانی ئێران‌دا**

بەم سیستەمە کار دەکەن لە چ هەلومەرجێکی ئابووری دان؟!

و: ئەم پرسیارەشت وەک پرسیاری پێشووتر پەیوەستە بە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو سیستەمە. ئوستورالیا ئەو سیستەمە بەڕێوە دەبا، بەڵام چونکە جۆری فیدراڵی بوونەکە لەسەر بنەمای نەتەوەیی نیە، بە شێوەیەکی یەکسان دەسەڵاتەکان جیاوازن. کوردستانی عێراقیشمان هەیە کە بەردەوام لە کێشە دایە لەگەڵ دەولەتی ناوەندی.

پ: پێت وانیە وڵاتی ئێران لەگەڵ عێراق بە هەموو جۆرە شتێکیەوە جیاوازترەو سەردەمەکانیش ئەوە ناخوازن؟!

و: سەردەم کاریگەی زۆری هەیە لەسەر بیرکردنەوەو لێک‌دانەوەی شەخسەکان، بەڵێ بێ‌گومان ئێران‌و عێراق جیاوازی زۆری هەیە، بەڵام خاڵی هاوبەشیشیان یەکجار زۆرە.

پ: ئازادی مرۆڤ لەم سیستەمەدا تا چەندە دەستەبەر دەکرێ؟!

و: ناوەند بەرپرسە لەسەر ئازادی‌یە بنچینەییەکانی ئەم سیستەمە. ئەو دەستوورە هاوبەشە دیاری دەکا کە سنووری ئازادی تاکەکان لە کوێ‌دا بن. دەستووری لۆکاڵی نابێ دژی دەستووری ناوەندی بێ.

پ: چ جۆرە فیدراڵیزمێک بۆ کۆمەڵگای کوردستان بە شیاو دەزانن؟ ئەزموونی باشووری کوردستان تا چەند کاریگەریی لەسەر داواکاری یا ڕەت کردنەوەی فیدراڵیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟!

و: هیچ کام لە جۆرەکانی فیدراڵیزم بۆ کوردستانی ئێران بەشیاو نازانم لەبەر ئەوەی ئێران چەندین نەتەوەی سەرەکی تێدایە، کە زیاترە لە کوردستانی عێراق. کوردستانی عێراق بەردەوام لە کێشە دایە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی کە هەندێک جار کێشە دەگاتە ئەوەی کە سەنگەر لە یەک دەگرن. پەیوەندی نێوان هەرێم‌و ناوەند هیچ کات باش نەبووەو هیچیان دان بە هیچیان دانانێن. تۆ لەوە گەڕێ کە عێراق تووشی شکست هاتوە لە زۆر بواری‌تردا و سەرقاڵە پێیانەوە، وەک کێشەی ئایین‌و تیرۆرو ... هتد، دەنا زۆر دەمێک بوو بە شەڕ ئەم فیدراڵیەی یەکلا دەکردەوە. ئەمانە هەموو دەری دەخەن کە ئەم ئەزموونە، ئەزموونێکی سەرکەوتوو نیەو ئارەزوومەندانە نیە لە نێوان ناوەندو هەرێمدا. کورد دەبێ بەدوای سیستەمێکدا بگەڕێ کە بیگەیەنێت بە سەربەخۆیی. زۆر بە ڕاشکاوی دەبێ ئەوە لە دەستووری ناوەندیدا بچەسپێنی کە ئامانجی

نەتەوەی کورد چیە. ئەگەر فیدڕاڵی یان خودموختاری هەڵبژێرێ دەبێ ماوەی ئەو خودموختاری‌و ئەو فیدڕاڵیە دیاری کراو بێ‌و بەشێوەیەکی ڕوون‌و شەفاف سنوورو جوغرافیایی ئەو فیدڕاڵیە دیاری کراو بێ. لە کوردستانی ئێران ئێمە وەک «سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران» لەگەڵ گەورەترین هێزی ڕکابەری ئێران «سازمانی موجاهیدنی خەڵق» کە لە داهاتوودا دەتوانێ دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیەتی بکەوێتە ئەستۆ لەسەر خودموختاری بۆ گەلی کوردستانی ئێران هاوڕاین. ئەو خودموختاری‌یەی کە «شووڕای میللی موقاومەت» هەتا ئێستا داکۆکی لێ‌دەکا و بۆ کورد بەڕەوای دەزانێ، زۆر لەم فیدڕاڵیەی ئێستا باشترە کە لە کوردستانی عێڕاق‌دا هەیە، هەر بۆیە وەک سەرەتای کار کردن لەسەر دۆزی ڕەوای کورد، من پێم وایە کە دەبێ هێزو لایەنەکانی‌تریش بێن لێرەوە دەست پێ‌بکەن‌و پەیوەندی‌یەکانیان لەگەڵ سازمانی موجاهیدین ئاسایی بکەنەوە. حیزبی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ ئیتر فێری ئەو جیاوازی‌یە بوون کە قسەی بازاڕی‌و خەیاڵی ناتوانێ هیچ سوودیان پێ بگەیەنێ، بەڵکوو واقیع‌بینانە بیر بکەنەوەو هەنگاو بنێن.

**پ: وادەردەکەوێ‌و پێتان وایە بە ڕێک کەوتن لەگەڵ موجاهیدین لە ئێستاوە هەموو شتێک چارەسەرەو هیچ تاقم‌و گرووپێکی‌تر نەماون کە ببنە کۆسپ! چ گرەنتی‌یەک هەیە کە موجاهیدین خراپتر نابێ‌و کورد وتەنی: «ئاوات بۆ کفن دزی ئەوەڵ نەخوازی‌یەوە؟!**

و: ئێمە لەگەڵ سازمانی موجاهیدین هیچ ڕێکەوتنێکامان نیە، تەنها ئەوە نەبێ کە ئێمە دۆست‌و هاوپەیمانین‌و بۆچوونمان لەسەر بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتی ڕێژیمی ئاخوندی لە یەکەوە نزیکە. ئەو ڕێکەوتنەش کە بەڕێزتان باسی دەکەن لەگەڵ شووڕای میللی مقاومەت، کە کاتی خۆی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران‌و شەخسی دکتۆر قاسملوو ئەو ڕێکەوتنامەیان واژۆ کرد، باشتر ئێوە دەبێ لێی ئاگادار بن کە بەڕای من سەرەتایەکی باشە بۆ کوردو ئێستاش کاتی ئەوەیە کە ئێمە وەک کوردو لایەنەکانی ئێرانی خاڵی هاوبەشمان هەبێ‌و دۆست‌و هاوپەیمان‌و هاوڕابین، تا لەو ڕێگەوە کار بکەین بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی‌و وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌دا.

**پ: بۆ دروست بوونی هاوسەنگی‌یەکی سیاسی لەنێو هێزو لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ داواکاری سیستمی دەسەڵاتی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ قۆناغو پێداویستی‌یەک بە مەرج‌و بنەما دەزانن؟!**

و: تەنیا مەرجێک کە ئێمە هەمانە خەبات کردن‌و تێکۆشانە دژی دەسەڵات‌و سیستمی جمهوری ئیسلامی ئێرانە کە لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیهـ دامەزراوە. پاشانیش هەر هێزو لایەنێک ئازادە لەوەی چ دروشمێک بەرز دەکاتەوە، ئەو بڕیارە خەڵک‌و جەماوەری کوردستان لە داهاتوودا بڕیاری لەسەر دەدەن.

**پ: ئایا وەک سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران پێتان وایە کە ئەم سیستمە بۆ داهاتووی ئێران وەڵامدەر بێ! ئەگەر نا، بۆچی‌و بەدیلتان چیە؟!**

و: وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. نا لەبەر ئەوەی کورد پێویستی بەوە نیە بکەوێتە ڕکابەری‌و دژایەتی کردن لەگەڵ نەتەوەکانی‌تری ناو ئێران‌دا کە ئایە ئەم سیستمە هەڵدەبژێرن یان نا. کورد داوای مافی خۆی دەبێ بکا وەک نەتەوەو پشتیوانی‌و پارێزگاری لە مافی نەتەوەکانی‌تریش بکات تا ئەو ڕادەیەی خۆیان دەیان هەوێ. من پێم وایە دەبێ کار بکرێ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی مەرکەزی دێمۆکڕات کە پرەنسیپی دێمۆکڕاسی تێدا پەیڕەو بێ، ئەو ئەرکەش وەکوو هەموو نەتەوەکانی‌تری ناو ئێران دەکەوێتە سەر شانی کورد، پاشان کورد دەتوانێ لەنێو ئەو سیستمە دێمۆکڕاتیکەدا داوای جیابوونەوەی خۆی بکات. یان ئەوەی کە لە ئەوەڵەوە بڵێ کە برابەشی ناکەم‌و من جیا دەبمەوەو کارم بەوە نیە چ دەگوزەرێ لە ناوچەکەدا، کە بەڕای من ئەم داوایەو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە فەزایەکی ئاوادا کە دەوروبەر دیکتاتۆرو زاڵم بێ، ئەستەمە.

**پ: مادام کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەو شێوەیە ئەستەم بێ، پێت وانیە پاڕادۆکسێک لەنێوان قسەکانت‌دا هەیە؟!**

و: نا، پێم وانیە هیچ کێشەیەک لە وەڵام دانەوەدا نیە، دووبارە ئەتوانی بە سەرنج لە وەڵامی پرسیارەکانم بدەیەوە. من دەڵێم فیدڕاڵی لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی ئەستەمترە.

زۆر سپاس کاک جەلال بۆ ئەو دەرفەتەی لە ئیختیارت ناین‌و ماندوو نەبی!

سپاس بۆ ئێوەش‌و سەرکەوتوو بن!




# دوورنمای فیدڕالیزم



ن: جۆرج ئەندرسۆن
و. لە ئینگلیزییەوە: مەنسوور پیرۆتی

**[داهاتوو مەحکووم بە دیمۆکراسی نییە، بەڵام کاتێک پرۆسەی دیمۆکراتیزاسیۆن دەبێتە پرسێکی جیددیی بۆ دوارۆژی وڵات، ناکرێ گرینگی فیدڕاڵیزم لەبەر چاو نەگیرێ].**

بەهاری عەرەب، هێشتا وەبیرهێنەرەوەی حەرەکەتی کۆمەڵانی خەڵک بۆ گەیشتن بە دیمۆکراسییە ــــ تەنانەت لە وڵاتانێک کە شیمانە دەکرێ زۆر ئامادەی وەرگرتنی ئەو چەمکانە نەبن. بە سەرنجدان بە ئاراستەی زۆربەی وڵاتان، بەتایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا، بە ئاقاری دیمۆکراسیدا، چی‌تر ئەفکاری ویلسۆنی «یەک نەتەوە ــــ یەک دەوڵەت» لەگەڵ بارودۆخی نوێی جیهان ڕێک نایەتەوە. لەوەها دۆخێکدا بەکارگرتنی مۆدێلە فێدراتیڤەکان وەک کەرەستەیەک بۆ چارەسەری کێشمەکێشە نێوخۆیی‌و دابڕانە ئەرزی‌و ناوچەیی‌یەکان زیاتر لایەنگر پەیدا دەکا.

فیدڕالیزم، دیاردەیەکی ئێپیدێمیکە و بەخێرایی تەشەنەی سەندوە. لە حاڵێکدا کە ئوستوڕاڵیا، کانادا، سوئیس‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا وڵاتانێکی دیمۆکراتیک بوونە کە تا ساڵی ١٩٤٥ سیستمی فیدڕاڵی‌یان بەکار هێناوە، ئەمڕۆکە لەنێوان ٢٥ تا ٣٠ وڵات‌و بە ڕێژەی حەشیمەتی نزیک بە ٤٠ لەسەدی دانیشتووانی جیهان، پەیڕەوی لە سیستمی فیدڕالیزم دەکەن.

فیدڕالیزمی واقعی، بە پلەیەک لە ئازادی‌و ململانێی تەندروست لەسەر ژێرخانی دیمۆکراسی دیتەدیی‌و لە ئەساس‌دا لەسەر بنەمای سیستمێکی بەهێزی بەرتەسک بە یاسای بنەڕەتی وڵات‌و دادگای سەربەخۆ بنیات دەنرێت. هێندێک «فیدڕالیزمی کاغەزی» وەکوو یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، یوگۆسلاڤی‌و چێکۆسلۆڤاکی قەت نەچوونە ژێر ئەم چەترەو، ئەو بنەمایانەیان نیهادینە نەکرد. ئارژانتین، بڕێزیل‌و مێکزیک پەیڕەوی جۆرێک لە سیستمی فیدڕالی‌یان لەژێر حاکمییەتی دیکتاتۆری‌و دەسەڵاتدارێتی تاک ــــ حیزبی دەکرد، کە لە ناوەڕۆکدا زۆر لەگەڵ سیاسەت‌و چەمکەکانی فیدڕالی ناتەبا بوو.

سەرنجی کۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو لەسەر ئەو کەیس‌و بابەتانە چڕ بۆتەوە کە زلهێزە دەرەکی‌یەکان، لە وڵاتانێکی خاوەن بەهرەی شەڕهەڵایسێنی، بە مەبەستی هاندان یا سەپاندنی فیدڕالیزم وەکوو ڕێگایەک بۆ یەکگرتووهێشتنەوەی وڵات، دەست تێوەردانیان کردوە ــــ ئەگەرچی بە دەگمەن سەرکەوتنی لێ‌کەوتۆتەوە. مۆدێلی داسەپێنراو لە بۆسنی ــــ هێرزێگۆڤین تەواو سەقەت دەرهات. حەولەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی فیدڕاڵی بۆ کێشەکانی قیبریس‌و سریلانکا تووشی شکست هاتن. فیدڕاڵی ناهاوخشتی گەڵاڵەکراو بۆ سوودان لە ساڵی ٢٠٠٥ بە جیابوونەوەی سەربەخۆیی باشووری سوودان کۆتایی هات، ئەگەرچی تا بەرلە لێک‌ترازان، هەر دووڵای باشوورو باکوور بانگەشەیان

بۆ جێگیرکردنی فیدراڵیزم دەکرد. کێشەو ئاڵۆزی‌یە لەمێژینەکانی عێراق بە سیستمێکی فیدراڵی نەچەندان رێکخراوو پلان بۆداڕێژراو، لەگەڵ ویستو خواستی کوردان بۆ سەربەخۆیی خۆی گونجاندوە، بەڵام هێشتا لە چارەسەری کێشەو بابەتە تەوەری‌یەکان‌دا ماوە.

نموونە سەرکەوتووەکانی نوێی فیدراڵیزم لە وڵاتانێکە کە بەدوور لە کاریگەری دەرەکی، ئەو سیستمەیان بۆ داهاتووی وڵات هەڵبژاردوە. نوسخەیەکی تایبەتیی فیدراڵیزم لە رەوتی دیمۆکراتیزاسیۆنی وڵاتێکی بە گرێو گۆڵو ئاڵۆزی وەک هیندوستان، رۆڵی بەرچاوی گێڕا. بەر لەوە، سیستمە فیدراتیڤە بەدەڵیو دروست‌کراوەکانی مێکزیک، برێزیلو ئارژانتین بوون بە راستی‌یەکی ئاراییو لە حەرەکەتی روو لە دیمۆکراسی ئەو وڵاتانە تەواو ئاسانکاری‌یان کرد. هەروەها، نیجێریە بە گەڕانەوە بۆ حکوومەتی مەدەنیو غەیرە نیزامی، ئێستا خاوەن فیدراڵی‌یەکی راستەقینەو روو لە گەشەیە.

زۆرێک لە رێژیمە نەریتی‌یە ناوەندئاژۆکان لە رەوتی دیمۆکراتیزاسیۆنی خۆیان‌دا، بەرەو فیدراڵی یا سیستمێکی ناچەقگیری هاوشێوە، هەنگاویان ناوە. ئیسپانیا ونەیەکی بەرچاوە؛ شوێنێک کە پاش «فرانکۆ»، سەقامگیرو جێگیرکردنی دیمۆکراسی تەواو بەستراوەوە بە پێدانی ئۆتۆنۆمی رێژەیی بە «نەتەوە مێژوویی‌یەکان.» ئاکامی ئەو رەوتە رێژیمێکی تەواو دیسانتراڵیزەو ناچەقگیرو بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هاوئاهەنگو هاوخشت بووە. لە دانوستانو مامەڵەیەکی گەورەدا، «ئەی.ئێن.سی» (ANC) لە ئەفریقای باشوور، لەبری پشتیوانی کردنی سپیو رەنگ پێستەکان لە یاسای بنەڕەتی، مۆدێلێکی فیدراڵیزمی قەبووڵ کرد کە لە لایەن «حیزبی ئازادی ئینکاتها» (Inkatha Freedom Party) پێشوازی لێ‌کرا. براوەی شەڕی نێوخۆیی ئیتیۆپی، هەڤاڵ‌بەندی‌یەک لە گرووپو لایەنە ناوچەیی‌یەکان بوو کە مۆدێلێکی پتەو و بەهێزی «فیدراڵیزمی نژادی»یان وەک سیستمی سیاسی بۆ داهاتووی وڵات هەڵبژارد. ئەندونێزی بە پێشنیارێکی تایبەتی بۆ «ئاچێ» (Aceh)، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش رەوتی دیسانتراڵیزە کردنی دەسەڵاتی پێواوە. لە ئاگۆستی ٢٠١٠، کێنیا یاسای بنەڕەتی نوێی پەسند کرد کە دەوڵەتە ناوچەیی‌یەکان دادەمەزرێنێو کار بۆ بەهێزکردنیان دەکا. پێرۆ، کۆلۆمبیا و مەراکێش نموونەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەن کە بەرەو دابەش کردنی دەسەڵات هەنگاو دەنێن. نێپاڵ وەکوو یەکێک لە خاڵەکانی رێکەوتن‌نامەی ئاشتی، بەڵێنی جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵی داوە، بەڵام فۆرمو چۆنیەتی ئەو سیستمە جێی باسو گەنگەشەیەو هێشتا کۆدەنگی نیشتمانی لەسەر دروست نەبووە. لە ئیسپانیا، ئەفریقای باشوورو ئەندونێزی، چەمکی «فیدراڵیزم» تا رادەیەکی زۆر رەت کراوەتەوە، بەڵام نێوەرۆکو خاڵە سەرەکی‌یەکانی ئەو سیستمە، بە تەواوێتی لەسەر یاسای بنەڕەتیو دیاری کرانی رێژەی دەسەڵاتو ئێختیاراتەکانی دەوڵەتی هەڵبژێردراو کاریگەر بووە.

فیدراسیۆنە دێرینەکان، رەهەندو رەوتی تایبەت بەخۆیان بۆ «پێکەوەژیان» هەبووە. یەکێتی ئورووپا گەورەترین دەسکەوتی «پیکەوەژیان» لەپاش شەڕی جیهانی دووەمە؛ کە خاوەن هەندێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی سیستمی فیدراڵی‌یە. بە شێوەیەکی گشتی، فیدراڵیزم لە ژینگەی سیستمێکی بەهاداردا باشتر گەشە دەکا. وڵاتە یەکگرتووەکانو نیجێریە لەپاش شەڕە نێوخۆیی‌یەکان، بە جێگیرکردنی فیدراڵی‌یەکی کارا، بە رێسا و نۆڕمی کاریگەر، زۆرینەی خەڵکی خۆیان پابەندی وڵات، ناوچە یا گرووپی ئێتنیکی خۆیان کردو رێگای پێشکەوتنیان پێوا.

ئەمڕۆکە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە پێشنیارکردنی فیدراڵیزمو بە مەبەستی پێش‌گرتن لە دابڕانو هەڵوەشانەوەی ئەرزی، لەو وڵاتانە کە رێژیمەکانیان بە بن‌بەست گەیشتوونە، زیاتر دەرگیر دەبن. ئەگەرچی ئەوە دەوا و چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە نییە، بەڵام فیدراڵیزم بە خستنەڕووی رێگاچارەی جۆراوجۆر دەتوانێ لە نەهێشتنو هەڵگرتنی بەربەستە گەورەکان رۆڵی سەرەکی بگێڕێ. سەرکەوتن، لە حەڵەتێک‌دا کە گرووپە جیاوازەکان، بەدوور لە گوشارو کارتێکەری دەرەکیو بە خواستو ویستی خۆیان رێک دەکەون، زیاتر شیاوی رەخسانە. بەڵام کۆمەڵگای نێونەتەوەییش دەتوانێ لە رێگای هاندان بۆ راوێژکردن، پێشنیارکردنی پاڵنەرو رێک خستنی دیالۆگ لە پرۆسەی دۆزینەوەی چارەسەرێکی کردەکیو جێی متمانە یارمەتیدەر بێ.

هەردوو سیستمی فیدراڵو سانتراڵ نە تەواو سەرکەوتوو و نە تەواو شکست خواردوون. لە حاڵێک‌دا کە وێناکردنی سەرکەوتنی هەموو وڵاتان لە رێگای فیدراڵی‌یەوە ئاستەمە، لە هەمان کات‌دا چاوەڕوانی سەرکەوتنی دیمۆکراسی بەبێ کەڵک وەرگرتن لە پرەنسیپو رەهەندەکانی فیدراڵیزم زۆر ئاستەم‌ترە. زۆرێک لە وڵاتان هەم پانتایی جوغرافیایی بەربڵاو و هەم جۆراوجۆری کولتووری، نەژادیو نەتەوەیی‌یان هەیەو تەواو ناکەونە ژێر چەتری حکومڕانی دەوڵەتی ناوەندی. بەم پێیە ئەگەر وڵاتانێکی وەکوو چین، ئێران، بورمە یا کۆنگۆ بەرەو دیمۆکراتیک بوون هەنگاو بنێن، دەتوانین چاوەڕوانی گوشاری هاوتەریب بۆ چەسپاندنی فیدراڵیزم یا دابەش کردنی دەسەڵاتەکان بین. ئەگەری هەیە خێراترین گۆڕانکاری‌یەکان لە باکووری ئەفریقاو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست روو بدەن. ئەو پرۆسەیە، رێگایەکی پڕ هەورازو نشێو، بە کۆسپو لەمپەری جۆراوجۆر، بەڵام پڕدەسکەوت، حەتمیو بنیاتنەرە.

تێبینی:

جۆرج ئەندرسۆن: سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی فیدراڵیو جێگری وەزیری پێشووی دەوڵەتی کانادا!




# وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا سۆهرابی نوێنەری پێشووی مەریوان لە پەڕلمانی ئێران‌و ئەندامی بەرەی یەکگرتووی کورد، لەسەر پرسی فیدراڵیزم لە ئێرانی فرەنەتەوەدا!

دیمانە: ب. سێوەر

پرسیار: فێدراڵیزم وەک شێوەیەک لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتانی فرەنەتەوەو فرەئایین تا چەندە دەتوانێ لە ئێراندا وەڵامدەر بێ‌و گەلان بە ئایین‌و نەتەوەی جۆراوجۆر مافەکانیان تێدا دەستەبەر بێت؟

وەڵام: بێ‌گومان بو وڵاتیکی فرەنەتەوەی وەکو ئیران فێدراڵیزم باشترین شێوەی حوکمڕانی‌یە بە تایبەت لە بارودۆخێک‌دا کە نەتەوە بن‌دەستەکان بە جیاوازی لە زمان‌و کولتوورو ئایین‌و...، لە ژیر دەسەڵاتی سیستمێکی ناوەندی‌دا لە ژیر گوشارو نابەرابەریا بن. بۆیە کاتێک حکوومەتی ناوەندی زمان‌و ئایین‌و... بە فەڕمی پەسەند ناکا، فێدراڵیزم باشترین رێگایە. بە پێچەوانەی ئەوانە وا بە هەڕەشەی دەزانن بۆ یەکگرتوویی وڵات، فێدراڵیزم ئەتوانێ بە دابین کردنی مافە رەواکانی هەموو نەتەوەکان ببێ بە هۆی رەزامەندی‌و پێکەوە ژیان. هەر بەو شێوە لە زوربەی وڵاتانی دێمۆکراتیک کە سیستیمی فیدراڵی‌یان هەیە ئەی بینین.

پرسیار: خودی جۆری بەڕێوەبەری وڵات بە شێوەی فێدراڵیزم تا چەندە لای لایەنە سیاسی‌یەکانی نێوخۆی وڵاتەوە بیری لێ‌کراوەتەوەو پەزیرشی هەیە بۆ نموونە وەک کوردو لایەنە سیاسی‌یەکانی کە داواکانیان لە چوارچێوەی ئەم شێوە لە بەڕێوەبەری‌دا پێناسە کردوە. ئایا نەتەوەکانی دیکەیش هیچ قسەیەکیان لەو پێوەندی‌یەدا هەیە؟

وەڵام: هەر لە سەرەتای شۆڕشی ۱۳۵۷ی هەتاوی ئێرانەوە حیزبە سەرەکی‌یەکان بە تایبەت لە کوردستان‌دا شوعاری دێمۆکڕاسی بو ئێران‌و سەربەخویی بو کوردستانیان ئەدا. بەر لە ساڵانی رابردووش زۆربەی ئەوانەی وا رەوتی کمۆنیزم‌و سۆسیالیزمیان بوو، گەڕانەوە بو خەباتی نەتەوایەتی‌و داواکاری فێدراڵیزمن. لەنێو نەتەوەکانی‌ترا بە شێوازێکی لاوازتر رەچاو دەکرێ. بەڵام ئەوەی وا گرینگە دوای ئاڵ‌و گۆڕی جیهان‌و پاشەکشەی کمۆنیزم‌و گەشەسەندنی دێمۆکڕاسی شێوازی فێدراڵیزم زۆرتر لە رابووردوو جێگەو پێگەی خۆی گرتوە.

پرسیار: ئەوەندەی ئێوە لە لایەنەکانی ناوەندنشین نزیکن، ئایا ئەو لایەنانە تا ئێستا توانیویانە ئێرانی داهاتوو لە چوارچێوەی سیستمێکی فێدراڵ‌دا بخوێننەوە؟ لەنێو لایەنەکانی دەسەڵاتدا لایەنگری ئەم جۆرە سیستمە بۆ بەڕێوەبردنی داهاتووی ئێران بوونی هەیە؟ ئەگەر هەیە کامانەو لەم پێوەندی‌یەدا بینشیان چیە؟

وەڵام: بەداخەوە زوربەی لایەنە

www.lawan.com



Lawan j: 53-54 Sali 2714i kurdî

**سۆهرابی: بێگومان بو وڵاتیکی فرەنەتەوەی وەکو ئیران فێدڕالیزم باشترین شێوەی حوکمڕانی‌یە بە تایبەت لە بارودۆخێک‌دا کە نەتەوە بندەستەکان بە جیاوازی لە زمان‌و کولتوورو ئایین‌و... لە ژێر دەسەڵاتی سیستمێکی ناوەندی‌دا لە ژێر گوشارو نابەرابەریا بن. بۆیە کاتێک حکوومەتی ناوەندی زمان‌و ئایین‌و... بە فەرمی پەسەند ناکا، فێدڕالیزم باشترین ڕێگایە.**

ناوەندییەکان لەنێو دەسەڵات‌و لەنێو ئۆپۆزیسیۆن‌دا لە گەڵ فێدڕالیزم موخالیفن‌و فێدڕالیزم بە هەڕەشە دەزانن بو ئێرانێکی یەکگرتوو. بەڵکوو ئەتوانم بڵێم چەن گرووپێک لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن زورتر رادیکاڵ‌تر لە لایەنەکانی نێو دەسەڵات دژبەری فێدڕالیزمن. بێگومان لەنێو لایەنە سیاسی‌یەکانی نێو بەڵکوو ئەوانەش واخۆیان بە ئازادی‌خوازو داواکاری رێفۆڕمن مۆخالیفی فێدڕالیزمن.

پرسیار: لەنێو چالاکانی سیاسی کوردی نێوخۆی وڵاتدا تا چەندە ئەم دروشمەی هێزە سیاسی‌یەکان جێ‌کەوتوەو بە مەعقوولی دەزانن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کە بتوانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا دەستەبەر بێ؟

وەڵام: پێم وایە لە سەدا نەوەدی رێکخراو و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی نێوخۆ لایەنگری فێدڕالیزمن هەر بەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەم پێ‌کرد.

پرسیار: رای خۆتان لەسەر فێدڕلیزم بۆ ئێران چیە؟!

وەڵام: بە بڕوای من بو وڵاتێکی وەکوو ئێران کە فرەنەتەوەیە فێدڕالیزم چارەسەرە. سوودی ئەم سیستمە زۆرتر بو حکوومەتی ناوەندی‌و هەموو نەتەوەکانە. بەرژەوەندی‌و گەشەی سیاسی‌و ئابووری‌و... بۆ هەموو نەتەوەکان دابین دەکا. بەواتایەکی‌تر لەم چەشنە حکوومەتانەدا ماف‌و بەرژەوەندی هەموو گەلان دەپارێزرێ‌و ئەبێ بەهۆی رەزامەندی هەمووان، کەوابوو کۆدەنگی‌و هاوئاهەنگی پێک دێنێ‌و ئاکامی دەبێ بە نیزامێکی دێمۆکڕاتیک‌و پێشکەوتوو و لە هەموو بوارەکانا گەشە دەسێنێ.



# رامانێک لە فیدڕاڵیەت!





ئا: عەباس حەقبین

فیدڕڵیەت وەک هەر دروشمێکی ستراتیژی یان وەک ئامانج لەدایک بووی قۆناغی تایبەت بە خۆیەتی بەو شێوەیە کە پێکهاتەو تایبەتمەندی یەکانی حیزبی و جەماوەری بۆ سەرهەڵدان و جێگیربوونی ئەو میکانیزمە نوێیەی پێویستە کە هاوتەریب گەشە بکەن و بگەنە ئەو ئاستەی کە فێدراڵی تێدا پەروەردە بێت. ئەگەر سەرنجێک بدەینە مێژووی جێگیربوونی ئەم سیستمە لە وڵاتان دا، زیاتر لە ٢٢٦ ساڵە پیادە کراوەو بەکار هاتووە، هەروەها هەل و مەرجی ژێئۆپۆلیتیکی وڵاتانی ناوچەو جیهان و ڕەوتە فکری یەکانی حاکم، لەو لایەنانەوە کە پێویستە بۆ دیاری کردنی هەر سیستمێک ڕەچاو بکرێن.

باشترین نموونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە لە ساڵی ١٧٧٨ی زایینی یەوە یەکیەتیی کۆنفیدڕاڵیان دروست کردو لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیایی بەریتانیا دەرچوون. هەڵبەت پاش ٩ ساڵ بە پێویستیان زانی ئەو سیستمە بگۆڕن، هەربۆیە لە ئایاری ١٧٨٧ی زایینی کۆنگرەیەکیان بەست بە ناوی فیلادیفیا و دوو مانگ دواتر بە شێوازی پراکتیزەبوون بەڕێوەیان برد کە لە ١٣ وڵات پێک هاتبوون. ساڵی ١٨٩١ی زایینی هەموو دەوڵەتانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هاتنە نێو ئەو یەکیەتی یەوەو لەسەر ئەو سیستمە فیدڕاڵیەی کە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دابوو(فدرالی رئاسی) بوونە ئەندام کە ڕێژی گەیشتە ٥١ وڵات. ساڵەکانی ١٨٦١ تا ١٨٦٥ی زایینی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم سیستمە، شەڕو پێکدادان کەوتە نێوان ئامریکای باکوورو باشوور کە لە ئەنجامدا ئەمریکای باشوور سەرکەوت و سیستمی کۆنفێدڕاڵی لەم وڵاتەدا چەسپا کە تا ئێستاش بەردەوامە.

ئەم سیستمە لەسەر چەند بنەمایەک پێک دێ کە بریتین لە: پرەنسیپەکانی جیا کردنەوەی دەسەڵات، بۆیە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری لە ئەمریکا لە یەک جیا کراونەوە. وڵاتانی سویس، ئەڵمان، فەڕانسەو ئیتالیا لە نموونەکانی دیکەی ئەم سیستمەن. ١٨١٥ سیستمی کۆنفێدڕاڵی لە سۆئێد بەکار هات کە پاش سێ ساڵ شکستیان هێناو گۆڕیان بۆ فێدڕاڵی و لە ئەنجامدا داهاتی نەتەوەیی بە شێوەیەک گەشەی کرد کە لە وڵاتانی کەنداو لە سەرووتر بوو.

ئەم سیستمە بە دوو شێوە پێک دێ، یەکەمیان یەکگرتنی چەند وڵاتە، دووهەمیان دابەش بوونی قەبارەیەکی واحیدی سیاسی یە بە شێوەی وڵات وەک یەکیەتیی سۆڤییەت کە دابەش بوو.

ئەم یەک بوون و دابەش بوونە هۆکاری جۆراوجۆرو جیاوازی هەیە جاری وایە خوازیارەو جاری واشە سەپاندنە وەک ئەمریکا، لە وێنەی یەکگرتوو ئاماژە بە سویس و ئەڵمان دەکەین.

چەمکی دەسەڵات لەم سیستمەدا دیاری کراو نیەو بەستراوەیە بە ڕێکەوتنی لایەنە بەشداربووەکان و ئەو بوارانەی لەسەری ڕێک دەکەون کە ئەم ڕێک کەوتنە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندییش دیاری دەکا. جێگەی ئاماژەیە ئەگەر بە پێچەوانەی تایبەتمەندی یەکانی پێویستی ئەم سیستمە هەنگاو بنێن بنەما سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکان بەرەو نوشوستی هێنان ئاقار دەگۆڕن و کۆسپو قەیرانەکان زیاترو زیاتر دەبن و وڵات ئەمنیەتە جۆراجۆرەکانی خۆی لەدەست

دەدا، بۆوێنە لە ئێرانی فرەنەتەوەدا ئێمەی کورد ئەگەر بە تەنیا خوازیاری فیدراڵیەت بین لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندی‌دا، ئەوکات نەتەوەو حیزبو لایەنەکانی دیکەی ئێرانی ئەو ویستەیان نەبێ، ئەوە لەم شێوەدا لێک ترازان ساز دەبێ‌و ئەو گەشەو گۆڕانەی ویستی جەماوەری لەگەڵ نەبێت ناچەسپێ، لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە ناتوانین لەباتی ئەوان بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەین.

بەڵام لە شێوازی ئارەزوومەندانەدا نەریت، ویست، ئایین، خوو خدەی نەتەوەیی ڕەچاو دەکرێ‌و بەو پێیە ئەم سیستمە جێگر دەکرێ. لەم شێوازەدا لایەین ئابووری‌و چاکسازی‌و پاراستن گەشە دەکەن‌و وڵاتان بەرەو یەک بوون‌و ئارامی دەبەن، وەک وڵاتی چێکۆسلۆواکی کە لە ساڵی **١٩٦٨**ی زایینی‌دا بەشێوەی ئارەزوومەندانە بە ڕێکەوتن‌نامەیەک لێک جیا بوونەوەو ئەم شێوازەیان پەیڕەو کرد.

هەڵو مەرجی ئێمەی حیزبە کوردی‌یەکان لە بەرامبەر چارەنووسێکی لەو شێوەدا بەستراوەتەوە بە کەشی زاڵی سیاسەتی ناوچەیی‌و جیهانی‌و ئاستی ئەو ڕێکەوتنانەی ئێمەو حکوومەتی ناوەندی‌دا دەکرێن. لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە لە فاکسیۆنالیزم واتە حیزب پەرستی دوورکەوینەوەو نەتەوە لەسەروو هەمووانەوە بێ‌و بە پراکتیزە کردنی بیری نوێ، ئاستی شعووری سیاسیی جەماوەر لەبار بکەین بۆ ئەم سیستمە. ئەم شێوە بیرکردنەوە دەتوانێ هەوڵی ڕێکخستنی لایەنە ئێرانی‌یەکان بێنێتە ئاراوە.

دەوڵەتی فیدراڵ بە پێکهاتەی جۆراوجۆرو ئاڵۆزی‌یەوە لە دەوڵەتی یەکگرتووی سادە جیا دەکرێتەوە، چونکە لامەرکەزی سیاسی بنەمای دەوڵەتی فیدراڵەو چەند قەبارەیەکی دەستووری جیاواز لەخۆ دەگرێ کە بۆیان هەیە قەبارەی یاسایی تایبەتیان هەبێ لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی دیاری کراودا، بەو شێوەیە لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا چەندین دەسەڵاتی سیاسی پەیدا دەبن کە لە پێناو پاراستنی ئەو یەکگرتنەدا سیاسەتی هاوبەش دادەڕێژن. بەراوردکردنی ئەم سیستمە لەگەڵ سیستمە هاوشێوەکانی‌دا شەفافیەتێکی زیاتر لەخۆ دەگرێ.

**دەوڵەتی فیدراڵ بە پێکهاتەی جۆراوجۆرو ئاڵۆزی‌یەوە لە دەوڵەتی یەکگرتووی سادە جیا دەکرێتەوە، چونکە لامەرکەزی سیاسی بنەمای دەوڵەتی فیدراڵەو چەند قەبارەیەکی دەستووری جیاواز لەخۆ دەگرێ کە بۆیان هەیە قەبارەی یاسایی تایبەتیان هەبێ لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی دیاری کراودا، بەو شێوەیە لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا چەندین دەسەڵاتی سیاسی پەیدا دەبن کە لە پێناو پاراستنی ئەو یەکگرتنەدا سیاسەتی هاوبەش دادەڕێژن!**

فیدرالیزم‌و کۆنفیدراڵی:

کۆنفیدراڵی لە نێوان چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دروست دەبێ کە بۆ خۆیان لێژنەیەک دروست دەکەن بە شێوەی هاوبەشی کە پێی دەڵێن کۆنگرە یان کۆمەڵە یان کۆنگرێس، بە پێی دەسەڵاتی هاوبەشی دیاری کراو. ئەوە لە کاتێک دایە کە هەرکام لە دەوڵەتەکان سەروەری بەرژەوەندی‌یەکانیان پاراستوە وەک؛ سەربەخۆیی سیاسی، مافی تیجارەت‌و پەیمان بەستنی خارجی.

پەنا بردنەبەر ئەم سیستمە تایبەتە قۆناغێکی تایبەتی سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی‌و کۆمەڵایەتی، لە ئەنجامی پەڕینەوە بۆ قۆناغێکی دیکە تووشی خەسارو لێک ترازان بووە وەک ئەوەی ئاڵمان بەسەری هات لە نێوان ساڵەکانی **١٨١٥ ـــ ١٨٦٦**ی زایینی، بۆی هەیە ئەم پەڕینەوە ئەنجامی باشیشی لەدوو بێ وەک یەکیەتیی فیدراڵی ئاڵمانی باکوور لە نێوان ساڵەکانی **١٨٦٧ ـــ ١٨٧١**ی زایینی. لێرەدا جیاوازی فیدرالیزم لەگەڵ کۆنفیدراڵی ئەخەینەڕوو:

**١:** کۆنفیدراڵی بە پێی پەیمان‌نامەیەک پێک دێ کە بە سیستمێکی نێودەوڵەتی ناودێر دەکرێ، بەڵام فیدراڵی بە سیستمێکی نێوخۆیی چاو لێ دەکرێ‌و بە پێی دەستوور پێک دەێ.

**٢:** لە کۆنفیدراڵی‌دا دەستەی باڵا(کۆنگرێس) شێوەی کۆنگرە دیپلۆماسی‌یەکان دەدا کە لەوێ‌دا نوێنەری دەوڵەتان بەشدارن‌و بە پێی بڕیارو ڕاسپاردەکانی دەوڵەتی خۆیان کار دەکەن، کۆنگرێس بڕیار لە دەستەکانی ئەندامانی خۆی وەرناگرێ، بەڵکوو لە تەواوی وڵاتە ئەندامەکانی وەردەگرێ کە ئەمەش بە پێچەوانەی فیدرالیزمە.

**٣:** دەسەڵاتی تەواوی نێوخۆیی‌و دەرەکی لە دەستی دەوڵەتانی ئەندام لە کۆنفیدراڵی دایەو ئەو یەکیەتی‌یە ئەم سەروەری‌یانەی پاراستوە کە بە پێچەوانەی دەوڵەتی فیدراڵی‌یە واتە لە دەوڵەتی فیدراڵی‌دا ئەندامەکان بۆ پێکهاتەی ناوەندی لەو پێوەندی‌یانەی کە باس کرا تەنازول دەکەن‌و بڕیار لە دەستی حکوومەتی ناوەندی‌یە.

**٤:** ڕێکەوتن لەسەر بەندەکانی پەیمان‌نامەی کۆنفیدراڵی پێویستی بە ڕەزامەندی هەموو ئەندامانە، بەڵام لە فیدراڵی‌دا زۆرینە ئەمە دیاری دەکا نەک هەمووان.

:٥ ئەندامانی یەکیەتیی کۆنفیدڕاڵی دەسەڵاتی بەسەر هەرێمەکانی دەوڵەتانی ئەندامدا نیە یان خەڵکەکانیدا، چونکە ئەوان هەرێمی سەربەخۆیان هەیەو حکوومەتی خۆیان دەتوانێ بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدات، بەڵام دەوڵەتی فیدراڵ هەم دەسەڵاتی بەسەر هەرێمەکاندا هەیەو هەمیش بەسەر جەماوەری هەرێمەکان، بە پێی دەستووری یەکیەتیەکە.

:٦ بۆ ناکۆکیەکانی دەولانی ئەندام لە یەکیەتیی کۆنفیدێراڵیدا هیچ دادگایەک نیە، بەڵام لە فیدڕاڵیدا دادگای باڵا هەیە بۆ حکووم دان لەسەر ناکۆکیەکانی دەوڵەتی ناوەندی یان ئەندامەکان یان لە نێوان حکوومەکاتی ئەندام، ئەمەش لاوازیەکە بۆ کۆنفیدێراڵی کە دەزگایەکی چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی نیە.

:٧ ئەندامانی دەوڵەتی کۆنفیدێراڵ دەتوانن پابەند نەبن بە هەموو بڕیارەکانو تەنانەت دەتوانن لێشی بێنەدەرەوە ئەگەر پێیان وابێ بڕیارێک بە پێی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە نیە! بەڵام لە دەوڵەتی فیدراڵدا ئەندام ناتوانێ بۆ بەرهەڵستی پەنا بباتە بەر کشانەوە.

:٨ ئەندامی هەر دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی دیکەی ئەندام لە یەکیەتیی کۆنفیدێراڵیدا بێگانەیەو سەروەری هەر وڵاتێک لە سەرووی پەیماننامەی کۆنفیدێراڵیەوە دەوڵەتی هاوبەش بە ئەژمار نایەت بۆیە ئەندامەکانیان بۆ یەکتر بێگانەنو ئەمەش لە فیدراڵیدا بە پێچەوانەیەوە بە پێکهاتنی دەوڵەتی هاوبەش جەماوەر هاوبەش دەبن وەک هەر هاووڵاتیەکی دەوڵەتی فیدڕاڵ.

:٩ بەهۆی سەروەری وڵاتان لە یەکیەتیی کۆنفیدێراڵیدا ئەگەر شەڕ لە نێوان دوو یان چەند وڵاتی ئەندامدا روو بدا بە شەڕی نێودەوڵەتی دادەندرێو ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەیان بەسەردا دەسەپێ کە پێوەندی بە مافو ئەرکەکانی دەوڵەتی شەڕکەرەوە هەیە، بەڵام شەڕی نێوان ئەندامانی دەوڵەتی فیدراڵ بە شەڕی نێوخۆیی دەژمێردرێو حکوومەتی ناوەندی بڕیار لەسەر لایەنەکانی ئەو شەڕە دەدا.

سەرچاوەکان:
١: یادداشتەکانم!
٢: ماڵپەڕی ویکیپیدیا و چەند ماڵپەڕێکی دیکە!



# بە بیانووی «شەست ساڵ»!




خالید محەممەدزادە

بەرگی یەکەمی کتێبی«دوای شەست ساڵ» لە نووسینی عیرفان قانعیفەرد کە تەرخان کراوە بۆ ژیانو چالاکی سیاسی جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عیراق، یەک لەو کتێبانەیە کە کاتی خوی هەڵای میدیاییو کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، ئەگەرچی کتێبەکە جگە لە یەک دوو نەقدی بابەتی هیچ کات نەقد نەکراوو قسەی جیددیی لەسەر نەکرا، ئەوەندەی بەشێکی زۆری کاردانەوەکان خوی لە بەرامبەر نووسەرەکەی دەدوزیتەوەو قسەکردن بوو لەسەرخودی نووسەر نەک کتێبەکە.

«دوای شەست ساڵ» ئەگەرچی دەیەوێ پێمان بڵێت هەوڵێکە بۆ رووچونە نێو ژیانی جەلال تاڵەبانیو قسەکردن لەسەر ئەم ئەزموونی پیاوە، بەڵام ئەم پیاوە لای نووسەر بیانوویەکە بۆ ئەوەی نووسەر بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی تەرخان بکا بۆ نەقدی مێژووی سیاسی کوردستانو ئەو وڵاتانەی کوردی تێدا ژیاوە لە روانگەی بەڵگەنامە ئەمنیەکانی ساواکو دامو دەزگا ئەمنیەکانی حکوومەتی ئێرانو بە گشتی روانینێکی ئەمنی بەسەر کتێبەکەدا زاڵە.

کتێبەکە قسە زۆرهەڵدەگرێو لە وتارێکی کورتی رۆژنامەوانی بۆ گۆڤاری «لاوان» ناگونجێ قسە لەسەر ئەم کتێبە بکرێ، بەڵام لێرەدا من بە کورتی ئاماژە بە دیوێکی شاراوەی ئەم کتێبە دەکەم کە ئەگەرچی ناوی سەرکۆماری عیراق بیانوویەکە بۆ ئەوەی کە هەموو حەرەکەتی کوردی لە روانگەی ئەمنیو خێڵەکیو... سەیر بکرێ، ئەوە ئەم کتێبە بیانوویەکە بۆ سووک پیشاندانی بزووتنەوەی کوردی لە ئێرانو هەنێ لە کەسایەتیەکانی بە جورێک کە زۆرێک لە سەرکردەکانی لەم کتێبە بە پیاوی ساواک نێودەبرێن، یا بە بەکرێگیراوی وڵاتانیتر!

شۆڕشی مەشرووتەو کورد، کۆماری کوردستان، حیزبی دێمۆکراتو بەشداری کوردەکانی ئێران لە شۆڕشی ئەیلوول و... کۆمەڵێک برگەیتری مێژووی سیاسی رۆژهەڵات ئەو بڕگانەن کە نووسەر خوێندنەوەی ئۆرگان—— ئەمنیەتی بۆی هەیەو بۆ ئەمەش پشت دەبەستێ بە بەڵگەنامەکانی ساواک لەسەر کوردستانو کەسایەتیەکانی. لە دواجاریشدا خوێندنەوەی خۆشی هەمان خوێندنەوەی ئەمنیەتی دەبێو ناتوانێ بێلایەنی خوی لە نەقدی بەڵگەنامەکانی ساواک

بپارێزێ. شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم کتێبەدا هەربە تـەواوی خراوەتە ژێر گومان‌و تێڕوانینی ناوەندگەرایانە.

نووسەر لە دوو ڕوانگەو دوو سەرچاوەوە نەقدو لێکدانەوەی ڕوداوەکانی پەنجا ساڵی ڕابردووی کوردستان دەکاو دواتریش خودی نووسەر تەسلیمی تێگەیشتنی ئەو دوو سەرچاوە لەسەرکوردستان دەبـێ‌و خۆی ناتوانێ لێکدانەوەی سەربەخۆو زانستی جیاواز لەوانەی وەک سەرچاوە هێناویەتی بخاتەڕوو.

یەکەم؛ ڕوانینی ناوەندگەرایانە بەرامبەر بە کوردستان کە خۆی لە ڕوانینی دەوڵەت ـــــ نەتەوەی باڵادەست لە ئێران دەبینێتەوە کە چۆن ئەم سیستمە دوای دامەزرانی کاری لە سەر سڕینەوەی جیاوازیەکانی نێو ئێران کردوەو دواجار وەک وردە کەلتوور سەیر بکرێن‌و هەر ناڕەزاییەو نا گوتنێک لە پەڕاویز، بەرامبەر بە ناوەند وەک پیلان سەیر بکرێ بـەوەی دەیانەوێ ســەروەری خاکی ئێران هەڵبوەشێننەوە کە تا ئێستاش ئەم ڕوانینە ڕوانینی زاڵی دەوڵەت ـــــ نەتەوەی باڵادەستە لە ئێران کە پێشتر حکوومەتی پاشایەتی نوێنەرایەتی دەکـردو ئێستاش کۆماری ئیسلامی.

دووهـــــەم؛ کـۆی سەرنجەکانی نـووسـەرو حیکایەت گێڕانەوەکانی لەسەر کەسایەتی‌و ڕووداوەکـان پشت ئەستوورە بە بەڵگەنامەکانی ساواک‌و کارەکتەرەکانی ئەم دەزگا جاسوسی‌یە، کە بە پلەی یەکەم بەڵگەنامەکانی ساواک دەبن بە سەرچاوەو دواتر چەند کارەکتەرێکی ساواک دێن بەڵگەنامەکان پشتڕاست دەکەنەوە. کتێب بە تەواوی دوورە لە شی کـردنـەوەی سیاسی‌و بارگاوی کراوە بە ڕوانینی ئەمنیەتی‌و لە دواجاردا نووسەر نەتیجە دەگرێ کە ئەوەی لە کوردستان کراوە شۆڕش‌و ڕاپەڕین‌و کاردانەوەی سیاسی نەبوە، بەڵکوو چەند حەرەکەتێکی عەشیرەیی‌و ناوچەیی بوون کە ناکەونە نێو بازنەی خواستی نەتەوەیی‌و کاری سیاسی!

لە کتێبەکەدا ڕۆڵی شاو ساواک لە

**کۆی سەرنجەکانی نووسەرو حیکایەت گێڕانەوەکانی لەسەر کەسایەتی‌و ڕووداوەکان پشت ئەستوورە بە بەڵگەنامەکانی ساواک‌و کارەکتەرەکانی ئەم دەزگا جاسوسی‌یە، کە بە پلەی یەکەم بەڵگەنامەکانی ساواک دەبن بە سەرچاوەو دواتر چەند کارەکتەرێکی ساواک دێن بەڵگەنامەکان پشتڕاست دەکەنەوە. کتێب بە تەواوی دوورە لە شی کردنەوەی سیاسی‌و بارگاوی کراوە بە ڕوانینی ئەمنیەتی‌و لە دواجاردا نووسەر نەتیجە دەگرێ کە ئەوەی لە کوردستان کراوە شۆڕش‌و ڕاپەڕین‌و کاردانەوەی سیاسی نەبوە، بەڵکوو چەند حەرەکەتێکی عەشیرەیی‌و ناوچەیی بوون کە ناکەونە نێو بازنەی خواستی نەتەوەیی‌و کاری سیاسی! لە کتێبەکەدا ڕۆڵی شاو ساواک لە هەموو ڕووداوەکانی کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکە دەبینرێ‌و تەنانەت نووسەر پێی وایە کە شای ئێران لە عەبدولکەریم قاسم زۆر زیرەک‌تر بووە!**

هەموو ڕووداوەکانی کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکە دەبینرێ‌و تەنانەت نووسەر پێی وایە کە شای ئێران لە عەبدولکەریم قاسم زۆر زیرەک‌تر بووە! هەر لەم کتێبەدا ساواک ڕۆڵی مێحوەری لە ڕاپەڕینەکانی شیعەو کوردەکانی عێراق دەگێڕێ‌و بە گشتی لە ڕوانگەی نووسەرەوە شوێنپەنجەی ئێران بەسەر ڕاپەڕین‌و ڕووداوەکـانـی کوردستانەوە دیـارە.

بە گشتی بەرگی یەکەمی کتێبەکە لەو بەشانەی کە دێتە سەر مێژووی سیاسی کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆر داخ لە دڵانە قسە دەکـات‌و ڕوانینێکی بە تەواوی کینە لە دڵانـەی پێوە دیـارەو هەوڵ دەدا بە خوێنەر بڵێ؛ ناڕەزایەتی‌یەکانی کورد لەو قۆناغانە دەستی دەرەکی پێوە دیـارەو سەرکردەکانیشان هاندراون.

لەڕاستی‌دا کتێبەکە هەڵگری گومانی زۆر گەورەیەو ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ بۆ خوێندنەوەی مێژووی کوردستان‌و بەرگی یەکەمی کتێبەکە بە تەواوەتی هەوڵی سووک پیشاندانی کۆی ئەو مێژوویەی داوە کە کاری لەسەرکردوە کە ئەمە پێویستە نەقد بکرێ‌و ڕاست بکرێتەوە.

هەر ئەم ناڕەزایی بەرزبوونەوەش لە کتێبەکەدا وایکردوە چاپی بەرگی دووهەم‌و سێهەمی‌کتێبەکە لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی زانستی لە تاران ڕابگیرێ.

سەرچاوە:
١: پس از ٦٠ سال، زندگی‌و خاطرات جلال طالبانی، جلد اول، تاران نشر علم، سال ١٣٨٨ شمسی. نویسندە؛ عرفان قانعی‌فرد

# ٥٠٠ ساڵەی دابەش بوونی کوردستانو دۆزی ڕەوای کورد






ئا: ئازاد محەممەدزادە

«ئەگەر نەسڵەکانی پێشوو ئەرکی خۆیان بە باشی بەجێ بگەیاندبایە ئەوە بێگومان ئەم نەسڵە قوربانی کەمتری دەبووو ئەگەر ئەم نەسڵەش ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەجێ بگەیەنێ ئەوە نەسڵەکانی داهاتوو قوربانی کەمتر دەبێ». یەکێک لە وتە بەنرخەکانی ڕێبەری شەهید دوکتۆر عەبدولڕحمانی قاسملوو کە دەلالەت لە بوونی قەیرانی بەردەوام کەمتەرخەمی لەنێو بزاڤی نەتەوەیی کوردو کۆمەڵگای کوردیدا دەکاو بە پێی سەردەمو هەلومەرجەکان داوای بەرپرسیارەتی لە نەسڵەکان دەکا، ئەرکداریان دەکا کە داهاتووی گەشو پێشەڕۆژی پڕدەستکەوت تێکۆشانو هەوڵدانی ئەمڕۆ بەرهەمی دەهێنێ. بۆیە لەلایەک پێویستە بەرامبەر بە چارەنووسو دوارۆژی خۆیانو نەتەوەکەیان خاوەن هەڵوێستو شعووری شۆڕشگێریو ئەخلاقی سیاسیو کۆمەڵایەتی بنو لە هەموو شێوازو فۆڕمەکانی خەبات بە پێی هەلومەرجو دەرفەتەکان کەڵک وەربگرنو بۆ گەشتن بە ئامانجە گشتییەکان ئامانجە تایبەتیو بەرژەوەندییە تاکییەکان وەلابنێن.

کوردو قەیرانە سیاسی، مێژوویيو کۆمەڵایەتییەکان:

لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا بە دەیانو سەدان لێکۆڵەرو ڕۆژهەلاتناسی ناوداری جیهانیو ناوچەیی کورد سەبارەت بە وڵاتی کوردانو نەتەوەی کوردو مێژووەکەی بە چەندین شێوە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستییان ئەنجامداوە، بەلام کەم کەس دەبینین کە وەک دوکتور قاسملوو تا ئەم ئاستە چووبێتە نێو قولایی کێشە سیاسی، مێژوویيو کۆمەڵایەتییەکانی کورد. کوردستانو کورد ئەو پەرتووکە بەنرخەیە و هەروەها ما باقی نووسراوە و لێکۆلینەوەکانی دیکەی دوکتور قاسملوو کە تێیاندا بە شێوەیەکی زۆر زانستیو سیاسیو ئەخلاقیانە خەسارناسییەکی بزاڤی میللی_دێموکراتیکی کوردی کردووە و سەبارەت بە ڕەوشی ئاڵۆزی نێو شۆڕشەکانی کوردلە ڕابردوودا دواوە، د. قاسملوو بەم جۆرە لێکدانەوەی بۆ کردوە کە کورد کەمتر خاوەنی بوونی یەکگوتاری نەتەوەیی و نەبوونی زێهنیەتێکی ئاوەلا و کراوە بۆ سازدانی کەشێکی دێمۆکراتیکو چالاک بووە، هەروەها باس لە نەڕەخساندنی بەسترەکانی گەشەپیدانو بەرەوپێشبردنی پرسە چارەنووس سازەکانو نەبوونی کەشێک بۆ دیالۆگی ڕەخنەگرانە، لاوازی ژێرخانی ڕۆشنبیریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری کورد کردووە ، ناوبراو هەوڵنەدانی چڕو پڕو بەردەوام و لاوازی بیری نەتەوەیی لە ڕابردوودا و بەهێزبوونی بیری تایفەیی و ئایینیدا، کەمرەنگبوونی خواستی گشتی بۆ یەکدەنگیو یەک هەڵوێستی کۆمەڵگای کوردیو نەبوونی خەباتێکی گشتگیرو فرەرەهەند بۆ بەهێزکردنو گەشەکردنی بزاڤی نەتەوەیی، ڕێگری لە بەشداری لاوانو ژنانی کورد لە دەسەلاتی سیاسیو بڕیاراتی ئیجرایی کە بە دوو توێژی هەرەگرینگو سەرەکی ئەژمار دەکرین کە دەتوانن لە ڕەوتی گۆڕانگارییە خێراکاندا بە پێی سەردەم بەردەوام ڕۆڵی ئەکتیڤ بگێڕن، دیارە ڕوونو ئاشکرایە بە تایبەتی لاوان لەهەرکۆمەڵگایەکدا

به دینامۆی نوێخوازیو نوێبوونەوەو شۆڕش پێناسە دەکرێنو وەک هێزێکی بەتوانا کە هەردەم پێشەنگ بوون لە گیان‌فیدایی‌و حەماسەخوڵقاندن‌دا، بەڵام دەبیندرێ کە لە هێرەمی سەرەوەی دەسەڵاتە کلاسیکەکان‌دا لاوان کەمترین ڕێژەی بەشداریان لە بڕیارات‌و پرسە چارەنووسسازەکان‌دا هەیە و هەڵبەتە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی‌و نەگۆڕبوونی سیستەمی پیرسالاری و پێکهاتەی عەشایەری و دەسەڵاتی خانەدانێتی کە لە ڕابردوو و تا ئەمڕۆش هەر ئاسەواری بە سەر کۆمەڵگای کوردی‌دا زاڵە، دوکتور قاسملوو دەستاو دەست نەکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دێمۆکڕاتیک لەنێو نەسڵەکان‌دا و تاکرەوی لە سیستەمی بەڕێوەبەری‌دا وەک تراژیدیایەکی مەترسیدار خوێندنەوەی بۆ کردووە، هەروەها مانەوە لە کەشی دوگم‌و داخراوی ئایدۆلۆژیا سەپێندراو و قەتیس ماوەکانی ئایینی، خێڵەکی و دواتر حیزبی کە پێڕەوی لە بیرۆکەیەکی تایبەت‌و لە بەرگیراوەی دەرەکی‌و هاوردە دەکەن و لەگەڵ کولتوورو خەباتی کورد نامۆن بە زەبرێکی کوشندە لە پەیکەرەی هزری نەتەوەیی دەزانێ، بەمەش پاراستنی بەها پیرۆزە نەتەوەیی، کولتووری، مێژوویی‌و دەستکەوتەکانی شۆڕشەکانی کورد کە پێویستە بپارێزرێن دەکەونە نێو خانەی ململانێی نەسڵەکان‌و بێ‌نرخ دەبن‌و لە بەها دەکەون‌و ڕاستی‌یەکان چەواشە دەکرێن‌و دەستکەوتەکانی مێژوو دەکەونە خزمەت بەرژەوەندی نەسڵی ڕابردوو و نەسڵی داهاتوو لێیان بێ‌بەش دەبێ‌و ناتوانێ بە پێی سەردەم‌و دەرفەت‌و هەل‌ومەرجەکان گەشە بکاو مێژووی نوێ‌یان لەسەر بنیات بنێ. بەرەنگاری‌و بەرخۆدان لە هەنبەر سیستەمی سەرکوتی نەتەوەیی کە لە لایەن زلهێزان‌و ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش‌کراوەو لایەنێکی‌تری پێداگرنەبوونی کورد لە پشت گوێ خستن‌و کەم ڕەنگ بوونی هزرو بیرۆکەی نەتەوەیی بەسەر هەموو جۆرە بیرۆکەیەکی هاوردە بووە، کە دەتوانین ئاماژە بە وابەستەیی بە ئیسلامی سیاسی، گرینگی‌دان بە ڕەوتی چەپ‌و کۆمۆنیزم لە فۆڕمی سۆڤییەتی پێشوو، پشت بەستن بە سیستەمی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی کە بە هەزاران کەسی لە ناوەندی شۆڕش بۆ بەرهەم هێنانی سیستەمی دێمۆکڕاتی‌خوازیی دوورخستۆتەوەو کوردیان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار هانداوە، بەواتایەک پێڕەوی لەم ئایدۆلۆژیایانە خزمەت کردن بە ناوەندی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکانەو لە بەرژەوەندی ئەوان‌دابووەو لێرەدا کورد بە خۆهەڵواسین بەم بیرۆکانە تووشی سەرلێشێواندن هاتووە، بەرهەمی ئەم ئاڵۆزیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد لە دوو لایەن‌دا نەی‌توانیوە کەڵک لەم ئایدۆلۆژیایانە وەربگرێ بۆ سەرخەستنی پرۆسەی نەتەوەیی‌و هاوکات نەشیتوانیوە کە لە ڕێگەی ئەم بیرۆکانە دەستکەوت مسۆگەر بکات، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی تاکی ڕۆشنبیری سیاسی و پێگەشیتووی کورد، ناشارەزایی ڕووناکبیرە خاو و دەروێش سفەتەکانی کورد بزاڤی کوردیان تووشی دابڕان‌و لیکترازان کردوە نەک بە هیچ یەک لە داخوازەکانی خۆی نەگەیشتووە بگرە زیان‌باریش بووەو ئاکامەکەشی کەمڕەنگی‌و لاوازی هزری نەتەوەیی لە ڕابردوو و بگرە تا ئەمڕۆشی بەدواوە بووە.

لێرەدا سەرەتا باس لە هێندیک مێژووی کوردستان‌و ناوچەکە بە گشتی‌و، کاریگەری و کارلێکی ئەو هێزانە لە یەکلاکردنەوەی هاوکشێەکان‌و چارەسەری پرسی نەتەوە ژێر دەستەکان، دامەزراندنی کیانی نەتەوەیی‌و هەرێمی‌یەکان‌و هەندیک بابەتی تایبەت بە ڕۆڵی ئایین‌و نەتەوەی زلهیزەکان‌و پاشاکان‌و سەران‌و میران‌و خلافەتەکان‌و هەروەها هێزە داگیرکەرەکان‌و دەوری وڵاتانی زلهێزی جیهانی لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمی‌و سیستەمی فراوان‌خوازی لە جیهان‌داوهەندیک ڕێکەوتنی تایبەت کە لە بەرژەوەندی زلهێزان‌و داگیرکەران‌دابوون و هەروەها پرسی نەتەوە بێ‌دەسەڵاتەکان‌دا شکاوەتەوەو هەروەها باسێکی تایبەت لەسەر مێژووی پەیدابوونی سنوورو جۆرەکانی‌و کاریگەری‌و ئاسەوارە خراپ‌و باشەکانی ئەم دەستەواژەیە بەسەر کۆمەڵگای مرۆیی‌و نەتەوەکان‌و هەروەها کورددا دێنمە بەرباس.

لە دوای ئیسلام هاتنی سوپای مەغۆل گەورەترین وەرچەرخانی مێژوویی بوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

مەغۆلەکان لە ڕەچەڵەکی «ئۆڕاڵ — ئاڵتای»ین کە لە ناوچەکانی سیبیریا، مەغۆلستان‌و چین دەژیان. لە ساڵی **١٢٢١**ی زایینی بە سەرکردایەتی چەنگیزخان هێرشیان کردە سەر چین‌و دواتر هێندوستان‌و ناوچەکانی باکووری گۆلی قەزوین‌و دواتر ئاراستەی شەڕەکانیان بە نیەتی داگیرکردنی ناوچەی زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناڤین گۆڕی.

بە هاتنی سوپای مەغۆل بۆ ناوچەکەو داگیرکردنی ناوچە بەپیت‌و پێ‌دەشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، سووتاندنی شارو گوندو باخ‌و مەزرا، تێکدانی ژیانی خەڵکی کۆچەر، هەروەها ڕووخاندنی دەسەڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکەو بە تایبەتی دوو دەسەڵاتی ئیسلامی خاڕەزمی‌و عەبباسی لە ناوچەکەداو دەسەڵاتی مەروانی لە کوردستان‌و هەموو میرنشینەکانی‌تری کوردو غەیرە، شێواندنی دێمۆگڕافیای مرۆیی ناوچەکە، لەنێوبردنی بەشی هەرە زۆری کولتووری نەتەوەکان‌و سڕینەوەی ناسنامەی مێژوویی‌یان‌و بنیاتنانی مێژووی نوێ لەسەر بیرۆکەی بیابان‌گەری‌و پێ‌دەشت نشینی.

دەسەڵاتی مەغۆلەکان بۆ ماوەی زیاتر لە سێ سەدە لە ناوچەکەدا بەردەوام بوو، مەغۆلەکان بوون بە دوو دەستە، بەشێکیان بەرەو قەفقازو ئاناتۆلی هەڵکشان‌و ئەو ناوچانەیان داگیر کرد کە بە تورکی ئۆغز یا خەزەر ناسراون، بەشێکی‌تریشیان بەرەو ناوچەکانی هێندوستان، فارس‌و تەبرستان‌و کوردستان وەڕێ کەوتن‌و دواتر دەستیان بەسەر ناوچەیەکی فراوان‌دا

گرت.گرووپی دووەمـــی مەغۆلەکان بە سەرکردایەتی تەیموور نـەوەی چەنگیز بەردەوام بوون لە کاولکاریو داگیرکاریو ئەوانیش دواتر بوون بە دوو شاخە جەلائیریو ئیلخانی. ئیلخانیەکان ناوچەکانی خۆراسانو کەنارەکانی گۆلی قەزوین(دریای خزر)یان داگیر کرد، هەروەها کۆتایییان بە دەسەڵاتی هێندوەکانو میرنشینە بەلووچەکانو پەشتوەکان هێناو دواتر هێرشەکانی خۆیان بـەرەو ناوچەکانی فـارسو نزیک کەنداو درێژە پێداو هەر لەوێش نیشتەجێ بوون، جەلائیریەکانیش بەغدایان داگیر کردو کۆتاییيان بە خەلافەتی عەبباسی هێنا و ئیمپراتۆریای سەلجوقیان دامەزراند، پاشان بەرەو ناوچەکانی ئاترۆپاتکان(ئازربایجان) هەڵکشانو لەگەڵ کوردەکان کەوتنە شەڕ، ئەوان چەندین جار بە دەستی کوردەکان لە ناوچەکانی «قرمەسین» واتـە کرماشانی ئێستا و دەشتی شارویرانو سەربازگەی هەولێر شکستیان خـواردو دواتـر لـەگـەڵ کـوردەکـان ڕێک کەوتنو سوڵتانی سەلجووقی ناوچەیەکی گەورەی دایە دەست میرە کوردەکان، ئەوە بوو بۆ یەکەم جار ناوی کوردستان کەوتە سەر زمانی میرەکانی تورکی سەلجووقیو کوردستان وەک هەرێمێکی گەورەی نیمچە سەربەخۆی ژێر فەرمانڕەوای سەلجووقی ناسێندرا.

هۆکاری سەرهەڵدانی شەری چاڵدران:

بەهۆی ئـەوەی کە دەسەڵاتدارانی سەرەکی(پاشاکان)و هەروەها زۆربەی وەزیرو میرەکانی ئەم دوو ئیمپراتۆریە هەردووکیان تورک زمانو یەک نەژاد بوون، بەڵام بنەمای ئەم شەڕە مەزهەب بوو، چونکە مەزهەب دەوری گرینگی دەبینی لە شـەڕی نێوان سەفەویو عوسمانیدا. ئیمپراتۆری سەفەوی بە دەستی شا ئیسماعیلی سەفەوی دامەزرا، ئەم قەوارەیە لەسەر ڕێچکەی تەریقەتی تەسەوف کە باپیرەی شێخ سەیفەدینی ئەردەبیلی کە وەک دامەزرێنەری پایەی ئەو مەزهەبە لە ئێران بە ئەژمار دێ، ئیمپراتۆری سەفەوی ناوچەکانی خۆراسانو کوردستان، «ماوراءالنهر»و بەلووچستان، تەبرستانو هێندوستانو ناوچەی فارس، هەروەها دەوروبەری کـەنـداو و قەفقازی خستبووە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیەوە، هەروەها خەلافەتی عوسمانی کە دامەزرێنەرەکەی سوڵتان محەممەدی فاتح بوو و پێتەختەکەی سەرەتا بەغدا و دواتر گواسترایەوە بۆ «قسطنطنیە» ئیستامبۆڵی ئێستا، سوڵتان محەممەد خۆی وەک خەلیفەی هەموو موسوڵمانانی جیهان ناساند، ئیمپراتۆری عوسمانی خۆی بە درێژەدەری ڕێگای ئیسلامی ڕاستەقینە دەزانیو بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆی لەبەر دەستدا بوو کە ناوچەکانی باکووری ئەفریقاو بەشێک لە ئیسپانیا، یوونانو بووسنیو هێرزەگۆئین، نیمچەدوڕگەی عەرەبی، ناوچەی شامو بەسرەو مووسڵو ئاناتۆلی(کوردستانو تورکیەی ئێستا).

لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٥٠٨ی زایینی شەڕی نیوان سەفەویو عوسمانی لە دەشتی چاڵدران دەستی پێ‌کرد، سوپای هەردوو وڵات لە ناوچەکانی وان، دەشتی هەولێر، دەشتی شـارەزوورو ناوچەی



بەدرە کە هەموویان دەکەونە نێو خاکی کوردستان رووبەڕووی یەک بوونەوە.

لـە ١٦ی ئـابـی ١٥١٤ی زایینی بەرامبەر بە ٢٦ی گەلاوێژی ٢٢١٤ی کـوردی(٨٨٣ی هەتاوی) بۆ یەکەم جار وڵاتی کوردستان دابەش بوو و ئاسەواری ئەم دابەش بوونەش تا ئەم کاتە بەڕوونی دیارەو بۆتە هۆی دەیان‌و سەدان تراژیدیای نامرۆڤانە بە دژی کوردئەنجام بدرێن و غەدرێکی مێژووی و قەرەبوو نەکراوە لەو نەتەوەیە بدرێت، هەر بۆیەش کورد لە هەموو مافێکی سیاسی‌و نەتەوەیی‌و دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ تا ئەم بێبەش ماوەتەوە.

سنوور:

وەک سەرەتایەکی ئەم وتارە، ئێمە کەمتر وڵات‌ونەتەوە دەبینین کە وەک کوردو کوردستان تا ئاستێکی هێندە بەرچاو و بەرفراوان تووشی مەینەت،چەرمەسەری، قڕکردن، فەوتان‌و بێبەش لە هەموو مافێکی نەتەوەیی، سیاسی‌و ئینسانی کرابێ،کورد نەتەوەیەکی کۆلۆنی(ژێردەستە) کراو،نەبووەکە وڵاتێک جگە لەو هەموو تراژیدیایەو چەندین پارچەیی، تەواوی سیاسەتە چەوتەکانی زلهێزانی جیهانی‌وناوچەیی‌و ئایدۆلۆژیا سیاسی‌و مەزهەبی‌یەکان دژی بن‌و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێـــژراوو سیستماتیک لەسەری پیادە بکرێن، هەروەها شەڕی نێوخۆیی‌و دووبەرەکی‌لە نێو ماڵێ کورد، واتـە کـورد بە کـورد کوشتن هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندوە، کەواتە سنوور بۆ کورد دابەشبوون‌و تەنیا دووکەرت بوونی خاک دابــڕان نی‌یە. بۆ کورد سنوور دانان! پارچەکردن‌و لەنێوبردنی شوناس‌و فەوتانی ناسنامەی کۆمەڵە خەڵکێکە، سنوور ئەو دەردە کوشندەیەی کە زیاتر لە ٥٠٠ ساڵە نەتەوەیەک پێیەوە دەناڵێنێ‌و نەک تەنیا سنووری جوغرافی، بەڵکوو هەموو سنوورەکان لە کورد قەدەغەن‌و بـەڕووی‌دا داخراون.

سنوور لەڕوویەکی دیکەوەچەمکێکی نوێ‌یە کە زیاتر لە ئەدەبیاتی سیاسی‌و دابەش بوونی جوغرافیای نەتەوەیی، ئابووری، فەرهەنگی‌و ئایینی‌دا بە کار دەبرێ، بەڵام ئەوە کە زەق‌ترو بەرچاوترە سنوور بۆ کورد چیە، مەبەستی خۆی لە دابەشبوون یا دووکەرت بوون بە هێڵێکی ئەتنیکی‌و جوغرافیایی، سیاسی، ئابووری‌و هتد... دەردەخات، سنووری چوارچێوەی جیاکردنەوەو پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانە.

مێژووی سەرهەڵدانی سنوور دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم چاخەکانی بەردین‌وسەرەتای ژیانی مرۆڤەکان، کاتێک کە مرۆڤی نێرینە دەسەڵاتی تەواوی گرتە دەست‌و پیاو بوو بە بڕیاردەرو فەرمانڕەواو دەسەڵاتدار، کاتێک هەموو سروشت‌و ژینگەو هیزو خاک‌و خەڵک کەوتە ژێر دەستی پیاو،لەو سـەردەم‌دا سنووری پیاوسالاری‌و ئەو گوتارە زاڵەی کە رەگەزی نێرینەی بە سەر رەگەزی مێ‌دا سەپاندی یەکەم جیاکردنەوەکان دەرکەوتن، لەو شەڕەدا ژن تەواوی ئیختیارات‌و هێزو دەسەڵاتی لێسەندرایەوە. ژن لە لایەن پیاوەوە بوو بە کۆیلەو ماڵدارو تەواوی دەسەڵاتەکان‌و سەربەستی‌و جم‌وجۆڵەکانی سنووردار کرا.

سنوور لە سەردەمانی کۆن‌و دواتریش تائەمڕۆگۆڕانیکی زۆری بەسەردا هاتووەو چەند شێوەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرتوە، سنوور لە چاخەکانی نـاوەڕاسـت بە هەرێمی ژێر چاودێری میرو سەرکردەو پاشان لە دابەش بوونی جوغرافیای وڵات لەگەڵ وڵات، هەروەها دابەش بوونی خودی وڵاتێک بەسەر چەند بەشی وەک هەرێم، پارێزگا، قەزا،شار، گوند، تەنانەت مڵک، مەزراو ماڵی بەکاردەهات، ئەم جۆرە دابەشبوونانە زیاتر بۆ بەڕێوەبردن‌و کۆنترۆڵ‌و ئاسانکاری لە کاروباری میرو دوڵەت‌و خەڵک‌دا بە کار دەهات. سنوور لە سەردەمانی ئەمڕۆش هەر ئاسەواریان ماوە و لەگەڵ بە دیـاردەی جیهانی بـوون، بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان، تێکەڵاوی گـەلان، هاوپێوەندی‌و کاریگەری بەهێزی ئابووری رەنگێکی نوێ‌تری بەخۆیەوە گرتوە، بە جۆرێ کە گەیشتۆتە ئاستێک کە چیتر سنوورەکان تایبەت نەبن بە وڵات یا هەرێم یا ناوچەیەکی جوغرافیایی جیاواز، بەڵکوو سنوورەکان دابـەش دەکرێن بەسەر چەند یەکەیەکی گارگێڕی و ئیداری زەبەلاح‌و چەندین سنووری گەورەترو بەرفراوان‌تر لەخۆ دەگـرن، یا شایەد سنوورەکان بەستراونەتەوە بە ژیانی مرۆڤەکانەوە،لەوانە دەتوانین ئاماژە بەم چەند نموونەیەی خوارەوە بکەین کە هەرکامەیان بەشێوەیەکی دیکە رۆڵ‌و کاریگەری هەیە لە دابەش بـوون‌و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکان‌و ئیدارەکردنی گەلان‌و وڵاتان‌دا هەیە.

سنووری خاک‌و جوغرافیای هەرێمی:

ئەم سنوورە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، لە سەردەمانی کۆن‌و بە درێژایی پەیدابوونی گوندو شارنشینی، ئاوەدانی‌و کشت‌وکاڵی‌و هەروەها پەیدابوونی ئیمپڕاتۆڕەکان، میرنشین، هـۆزە خێڵەکان پەیدابووە، کە زیاتر لایەنی داگیرکاری‌و پاراستنی‌کۆمەڵە خەڵکێک، هەروەها دابەش بوونی خاک‌و شوێن بۆ کشت‌و کاڵ کردنی لەخۆ دەگرت، ئەم جۆرە سنوورە لەگەڵ سەرهەڵدان‌و پەیدابوونی دەسەڵاتە بەهێزەکان‌و هەروەها داگیرکاری‌و هێرشەکان، لە ترسی تـاڵان‌و هەڕەشەکردن‌و بە مەبەستی پاراستنی خاک‌و بەرژەوەندی‌یە ماددیی‌و سەربازی‌یەکانی نێوان دوو وڵات یا دوو هەرێم‌و میرنیشین بەکار هاتوە، ئەم جۆرە سنوورانە زیاتر کاتی بـوون‌و هیچ کات گرنگی ئەوتۆیان نەبووەو بـەردەوام گۆڕانیان بە سەردا هاتووە لەگەڵ هەر رووداوێک یا شەڕو تێک‌هەڵچوونێک شێوێندراون‌و دووبارە لە ناوچەیەکی‌تر ئـاوەدان کراونەوە.

قۆناغی سنووری کۆلۆنیالیزم‌و داگیرکاری:

ئەم سنوورە لەگەڵ سەرهەڵدان‌و دەستپێک یسیستەمی کۆلۆنیالیزم‌و داگیرکاری دەسەڵاتی سەرمایەداری جیهانی نوێ بە شێوەو فۆڕمێکی جیاوازتر لە سیستمە فێئۆداڵی‌یەکان‌و پاشایەتی‌و خەلافەتەکانی رابردوو خۆی دەرخست، لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتن‌و پەیدابوونی سیستمی سەرمایەداری(کاپیتالیزم) شکڵێکی نوێی بە خۆیەوە گرت‌و

بۆ یەکەم جار ئەم سنوورانە دەبن بە سنووری ڕێککەوتن‌ونەخشەو نووسراوە دێنە گۆڕێ. ئەم جۆرە سنوورانە بە نووسینی پەیماننامە یا ڕێکەوتێنکی سیاسی بەبێ گوێدان بە ڕای خەڵکانی ناوچەی داگیرکراو، لە لایەن یەک یا چەند زلهێزێکی جیهانی‌یەوە دیاری‌و دەست نیشان دەکران، ئەمەشیان بۆ ماوەیەکی کاتی کە ئەو هەرێم یا ئەو ناوچەیە دەکەوتە ژێر داگیرکاری‌و چاودێری وڵاتێک؛ ئەم جۆرە داگیرکاری‌یە بە گەلە کۆمی چەند وڵاتێک ئەنجام دراوە. کە بە چەندین وڵاتی زلهێز بە هەماهەنگی‌و بە زەبری زۆری‌و هێزی سەربازی‌و بە ڕێکەوتنێکی ستراتیژی چەندین دەسەڵاتی گەورە ئەو ناوچەیان هێناوەتە ژێر هێژموون‌و ڕکێفی خۆیان‌و لە زۆر کاتیش‌دا بە تێکڕا هێرشیان کردۆتە سەر وڵاتێک، دەسەڵات‌و سیستمی ئەو وڵاتەیان گۆڕیوەو جوغرافیای ئەو وڵاتانەیان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خۆیان دابەش‌و پچڕپچڕ کردوە.

وڵاتانی وەک پۆرتۆغال، ئیسپانیا، فەڕانسە، ئینگلیزو ڕووسیە لەنموونەیەکی دیارو بەرچاوی داگیرکاری‌و فراوانخوازی بەهێزن لە مێژووی ئەم چەند سەدەیەی ڕابردوودا کە بە بناغەو پایەکانی داگیرکاری نوێ پێناسە دەکرێن. ئەمانە زیاتر لە دوای چاخی ڕێنسانس‌و گەڕان بە دوای جوغرافیان نوێ، بەمەبەستی بازرگانی‌و قازانجی زیاتر، لەگەڵ داهێنانی ئامێری چاپ، مەکینە هەڵم، دروستکردنی چەک‌و تەقەمەنی‌و کەرەسەی نوێ بۆ شەڕ، هەروەها سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ساڵی ١٧٧٦ پەیدابوون کە نموونەی هەرە بەرچاو دۆزینەوەی ئامریکا لە لایەن ئیسپانیا لە سەدەی ١٥ی زایینی بووە. داگیرکاری‌یەکان‌و هێرشی فەڕانسەو ئینگلیز بۆ سەر ئافریقا، ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناقین، ئورووپا، تەنانەت ئامریکای باکوورو باشوورو دەست بەسەرداگرتنی ئەو شوێنانە، بەکارهێنانی هێزی مرۆیی‌یان وەک کۆیلەو هێزی کار، بە تاڵان بردنی سەرمایەو دەرهێنانی کانگا ژێرزەوی‌یەکان، دزینی ئاسەوارو شوێنەواری دیرۆکی، نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی‌و لاوازکردنی دەسەڵاتە خۆجێ‌یەکانیان کە دەکەوێتە ئەم بازنەیەوە، ئەوەش لە سەدەی ١٥ و لەگەڵ پەیدابوونی شۆڕشی پیشەسازی تا شەڕەکانی یەکەم‌و دووەمی جیهانی بە شێوەیەکی بەرفراوان‌و سیستماتیک دەست پێ دەکا کە تا ئەم کاتەش هەر درێژەی هەیە.

داگیرکاری جیهانی چی‌یە، ئابووری و قازانجی زیاتر دەوری سەرەکی دەگێڕی هەر بۆیە بە پێڕەوی کردن لە سیاسەتی پەرتکە زالبە( تفرقە بنداز و حکومت کن) هەوڵیان‌دا کە دەست بە سەر ناوچەیەکی بەرفراوانی جیهان‌دا بگرن.

هۆکاری ئەمە داگیرکاریانەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەدان کێڵگە و کانزای بە نرخ و کانزای خاو و بەتایبەتی نەوت، هەروەها هێزێکی ئینسانی زۆرو بەکارهێنانیان وەک سەربازو کۆیلەو کرێکار، بوونی ناوچەیەکی چۆڵ‌و نەدۆزراوە بۆ ژیان‌و هەروەها بەرفراوان کردنی سنووری دەسەڵاتی خۆیان،



بەهێزی هەرێمی لەو ناوچانەدا، هەروەها دەتوانین بێژەین کە مەبەستی گەورەیان تاڵان کردنی سەرمایەی سروشتیو ئینسانیو لەنێوبردنی کولتوورو کەلەپووری ئەو وڵات و نەتەوانە بوون کە خاوەن شارستانێتی بەهێز بوون و ئەمەش زیاتر  بە ناوی دروست‌کردنی دونیای نوێ(مۆدێرنیتە)و شارستانیەتی نوێی پراکتیزە دەکران. نموونەی هەرە بەرچاو داگیرکردنی هێندوستانو چینو رۆژهەڵاتی ئوروپا،هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆڕی عوسمانیو دابەش کردنی ئەو بەشەگەورەی خاکی کوردستان بووە بەسەر سێ دەوڵەتی تورکیە، عێراقو سوریە لە دوای شەڕی یەکەم.

**سنووری نەتەوەیی:**

ئەم سنوورە زیاتر لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا شکڵ دەگرێ کە ئەمەشیان سێ جۆرە:

ئەلف: دابەش بوونی نەتەوەیەک: لە لایەن چەند زلهێزێکی جیهانی بەسەر چەند زلهێزێکی ناوچەییدا، کوردستان یەکێکە لەو نموونانەی کە کەوتۆتە ناوجەرگەی رۆژهەڵاتی ناڤینەوەو بەبێ ویستوخواستی خەڵکەکەی لە لایەن زلهێزانی داگیرکەری جیهانی بەسەر چوار زلهیزی داگیرکەری ناوچەییدا دابەش کراوە.

کورد نەتەوەیەکی دیرینی ناوچەکەیەو بە هەزاران ساڵە لەم ناوچەیەدا کە پێی دەگوترێ هیلالی زاگروس— تورس دەژیو خاکەکەی بە ناوی خۆیەتی. کورد جیاوزی زۆری هەیە لەگەڵ نەتەوەکانیتری ناوچەکە کورد نە لە رەگەزی سامییەکانە وەک عەرەبو ئیسرائیلییەکانو نە لە ئۆڕاڵ— ئاڵتای وەک تورکو مەغۆلەکان، تەنانەت بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان کوردەکان لە هێندوئورووپاییەکانیش نین کە ئارياییەکان دەگرێتەوە، بەڵکوو کورد خۆی رەچەڵەکێکی جیاوازەو بەر لە هاتنی ئاریاییو سامییەکانو ئاشووریو تورکەکان، کوردەکان خاوەنی شارستانیەتو دەسەڵاتو



زمانو ناسنامەی تایبەتی بوونو هەر لەم شوێنەش نیشتەجێ بوون کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ کوردستان. دابەشبوونی کوردستان بە ویستی خەڵکی ئەم ناوچەیە نەبووە و زیاتر

ب: نەتەوە دابەش بوون واتە یەک نەتەوە دابەش دەبێو دەبێتە چەنددەوڵەت یا هەرێمێک، ئەمەشیان بە دابەش بوونی یەک نەتەوە یا چەند نەتەوە لەنێو خودی پێکهاتەی خۆیاندا دروست دەبێو ئەوە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو نەتەوەیە یەک زمان، یەک کولتوورو تەنانەت یەک مێژووی هاوبەشیشیان هەیە، بەڵام بەهۆی ویستو داخوازیو بەرژەوەندیو کۆمەڵێک فاکتەری دیکەی هاوبەش، بەسەر چەند حکوومەت یان یەکەو قەوارەی کارگێڕیو ئیداریو سیاسیدا دابەش دەبنو سنووری تایبەتیان تەنیا هێڵی بەرژەوەندییەکانەو بوونی راو فکری جیاوازیش لەم پیوەندییەدا رۆڵ دەگیڕێ، نموونە وڵاتانی عەڕەبین کە بە سەر **٢٢** وڵاتدا دابەش بوون کە هەر یەکەیان سەربەخۆیی تەواوی هەیە.

**سنووری نیزامی:**

ئەم جۆرە سنوورە زیاتر بۆ کاروباری سەربازیو هەماهەنگی لە نێوان هێزی سەربازی چەند وڵاتێکدا بە رێکەوتن یا پەیماننامەیەکی ستڕاتژی نیزامی شکڵ دەگرێکە هەم دەتوانێ بۆ پاراستن، ئاسایش، پارێزگاری کردن لەو چەند وڵاتە یان ناوچەکی تایبەت کە تێیدا هەست بە بوونی زلهێزێک یا دەسەڵاتێک کە جێگای مەترسی بێ بەکار دێو بە گەلەکۆمی هێرشی دەکرێتە سەر. ئەم هەرێمە سەربازییە دەتوانێ بۆ هێرشو داگیرکاری بۆ سەر وڵاتانو تێکدانی ئاسایش کەڵکی لێ وەربگرێ. هاوپەیمانی هێزە چەکدارەکانی روسیە و ئینگلیس و فەرانسە لە شەری یەکەمی جیهانی و دابەش کردنی رۆژهەڵاتی ناڤین بە سەر چەند دەوڵەتێکی بچووکدا و دابەشکردنی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بە سەر **٣** لەم دەوڵەت ـ نەتەوە تازە دامەزراوانەدا. پێکهێنانی «دول_

محور» لە نێوان ئاڵمانی نازیو ئیتالیا لە شەڕی جیهانی دووەمی جیهانی یەکێک لە نموونەکانی سنووری نیزامی‌یە کە مەبەستی داگیرکاریو سەپاندنی هێز بوو بەسەر تەواوی ئورووپاو بەشێک لە جیهان. ئەوەشیان‌بووە هۆی ئەوەی کە بە دەیان وڵات داگیر بکەنو بە میلیۆنان قوربانی گیانیو بە هـەزاران میلیارد خەساری ماڵی لێ بکەوێتەوە، هەروەها پێکهێنانی «متفقین»نموونەیەکی‌تری سنووری سەربازی‌یە کە لە لایەن وڵاتانی وەک: ئامریکا، فەڕانسە، ئینگلیزو رووسیە پێک‌هات کە بە دژی لایەنی یەکەم واتە «دولی محور» وەستانەوەو لە ئاکامدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناو بـووە هۆی کۆتایی شـەڕی دووەمـی جیهانی، کە ئێستاش ئەو هاوپەیمانەتی‌یە بە شکڵێکی دیکە بەردەوامە کە بە ئاتلانتیکی باکوور ‹‹ناتۆ›› ناودەبردرێو چەندین وڵاتی‌تریش وەک تورکیەو کانەداو ئۆستوڕالیا تێی‌دا بەشدارن. ئەم هاوپەیمانەتی‌یە زیاتر بە مەبەستی پاراستنی سنووری بەرژەوەندی‌یەکانی ئـەو وڵاتـانـە پێک هـاتـووە. بەڵام هاوکات خۆی بەهێزێکی جیهانیو ئاشتی‌خواز پێناسەو پشتیوانی لە گەلانی زوڵم لێ‌کراو دەکا، ناتۆ دژی دیکتاتۆڕانو ئەو دەسەڵاتانەی جێگەی مەترسیین بۆ سەر ئاسایشو ئەمنیەتی جیهانی دەوەستێتەوە، خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە کورد لە باکووری کوردستان (تورکیە) و لە هاوپەیمانەتی ئەو هێزانەدا، بەهۆی بوونی تورکیە لە هاوپەیمانەتی «ناتۆ»دا وەک گەلێکی زوڵم لێ‌کراو و ژێر دەسەلاتی دیکتاتۆر و حکومەتی سەرکەوتکەر پێناسە ناکرێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە وەک هێزێکی میلیشیاییو توندڕەو و دژی ئاسایشی ناوچەییو جیهانی پێناسەکراوە.

سنووری ئابووری:

ئەم سنوورە زیاتر بەرژەوەندیو قازانجی هاوبەش دەگرێتەوە، زیاتر بە دراو و بەرژەوەندی ماددییو بازرگانی چەند هەرێم یا کۆمەڵە وڵاتێک بەستراوەتەوە، ئەمڕۆ رۆڵێکی کارای هەیە لە هاوکێشە سیاسی‌یەکان‌داو دەتوانین بڵێین کە نەوت هێزی یەکەمە لە ئابووریی جیهانیو پێشکەوتنو گەشەسەندنو یەکلایی کردنەوەی هاوکێشەکان‌دا. ئەم جۆرە هەرێمانە لە گواستنەوەی کەلو پەل لە نێوان چەند وڵاتێکو هەروەها تێکڕای ئابووری جیهان‌دا بە شێوەیەکی تایبەتیو بەربڵاو و بەهۆی بوونی دراوێکی هاوبەش لە نێوانیان‌دا بۆ راپەڕاندنی کاروباری کڕینو فرۆشتنو بازرگانی کردنو هاوردەو هەناردەکردنی کەل‌وپەل و قازانج و سـوودی زیاتر دەورێکی سەرەکی دەگێڕن. سنووری ئابووری بە شێوەیەکی سیستماتیکو بەرنامە بۆ داڕێژرا لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیو دواتر شەڕی یەکەمو پاشان شەڕی دووهەمی جیهانی هاتە ئاراوەو تا ئێستاش هەر بەردەوامە، نموونەی هەرە زیندووی سنووری ئابووریی «یەکیەتیی ئورووپایە» کە بە هەرێم یان سنووری «یۆرۆ» ناوبانگی هەیە و هەموو وڵاتانی ئەندامی ئەو یەکیەتی‌یە ئەو دراوە بەکار دێننو ئەو جۆرە پارەیە لە تەواوی بازاڕەکانی ئەو وڵاتانە کاری پێ‌دەکرێ. سنووری ئابووری کارای تایبەتی هەیە و بۆتە پردێکی بەهێزی پێوەندی لە نێوان گەلانو وڵاتان‌دا، چونکە زیاتر لایەنی بەرهەم هێنان، بەرژەوەندیو گواستنەوەی شتوومەک و هاوردەکردن وهەناردەکردنی کالا لە وڵاتێک بۆ



ووڵاتێکی‌تر، تێکەڵاوی گەلان، کولتووری جیاواز، بوونی کار، خزمەت‌گوزاری‌یەکی بەرفراوان تێیدا بەدی دەکرێ.
ئەوەی کە گرینگە بۆ کورد ئەوەیە کە کورد دووبارە لەو هاوکێشانەدا بە شێوەیەکی‌تر بەشدارەو خۆی دەنوێنێ. تورکیە یەکێکە لەو وڵاتانەی «جی ٢٠»ە کە بە یەکێک لە شا دەمارەکانی ئابووری جیهان بەناوبانگەو لە هەوڵی بوون بە ئەندام لەو یەکیەتی‌یەدایە، هەر لەم رووەیەشەوە دەبینین کە کوردستان بەشێکی بەرفراوانی دەکەوێتە ئەم جوغرافیایەوە واتە تورکیە و راستەوخۆ پێوەندی هەیە هەم بە داهاتووی ئەم وڵاتەو هەمیش بە داهاتووی ئەو سنووورە ئابووری‌یە بەهێزەوە کە چارەنووسی گرێدراوە بەم نەخشەیەوە. بوونی تورکیە لە ئورووپا واتە بوونی کورد لە سنووری ئابووریی «یۆرۆ» و بەشداری کورد لە گەشەکردن‌و کانالیزەکردنی خشتەی سیاسەتی ئابووری جیهان، ئەمەشیان دەلاقەیەکی نوێیە بۆ کورد روو بە دونیای دەرەوە و مامەڵە کردن لە گەڵ زلهێزانی جیهانی لەو بازنەیەدا کە تێیدا کورد دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی بازاری گەورەی ئابووری ئورووپایی و جیهانی. خاڵی ئەساس ئەوەیە کوردستان ناوچەیەکی بەهێزە هەم لە رووی سەرچاوەی کانزاکان و بە تایبەتی نەوت یا( زێری رەش) کە ئەمرۆ دەوری گرینگ دەبینێ لە زۆربەی رووەکانەوە، ئەگەر نەوت لە رابردوودا بۆ کورد مایەی نەهامەتی و نەگبەتی بووە، ئەگەر هۆکارێک بوو بۆ سەرکوت و راگواستن و ژینۆساید کردن ئەوە ئەمرۆ کارتێکی گرینگە بۆ بە دەوڵەت بوون‌و چارەسەری یەکجارەکی پرسی سیاسی‌و نەتەوەیی کورد، هەروەها گەشانەوەی باری ئابووری کوردستان‌و زیادبوونی خزمەتگوزاری و دابین کردنی ئاسایش دەتوانێ زۆربەی کێشە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یە هەڵواسراوەکانی کورد چارەسەر بکات، بەم پێ‌یە کە کورد لە کۆیلە بوون‌و دابڕۆسین‌و سەرکوت خەلاسی دێ‌و لەم سنوورە بەرفراوانەدا لەگەڵ کۆمەڵێک بەرژەوەندی زلهێزەکان هاوبەشی پەیدا دەکا و دەکەوێتە نێو پرۆسەی هاوکێشە سیاسی‌یەکانی ناوچەکەوە.

**سنووری فەرهەنگی:**

ئەمەیان زیاتر بەهۆی بوون‌و نزیکی کولتوور، ئەدەب، کۆمەڵێک‌داب‌و نەریت‌و هەروەها هەندێک فاکتەری هاوبەشی‌تر وەک داستان، هەندێ مێژووی هاوبەش، چیرۆکی پاڵەوانان و ئەویندارانی بەناوبانگ لە نێوان نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەیەکی جیاجیا، ئەم سنوورە لەسەر بنەمای پاراستنی فەرهەنگ، کولتوورو هونەری ئەو نەتەوانە خۆی دەردەخا و جۆرێک کە ئەمانە پێوەندی‌یەکی دیرۆکی‌و بەردەوامیان هەیە لە نێوان یەکترداو دەتوانین بڵێین کە زۆربەی کەسایەتی‌و قارەمانەکان‌و تەنانەت بۆنەو مەراسمەکانیان هاوبەشەو لە یادکردنەوەیان‌دا دووبارە ئەو هەستە و ئەو پێوەندی‌یە شکڵ دەگرێتەوە و بەردەوامی دەبێ. گەلانی هێندو ئورووپایی لەوانە ئاریایی‌یەکان وەک پەشتوو و فارس،بەلووچ، تاجیک‌و گیلەک‌و کە کوردیش تا ئەندازەیەک هاوبەشی هەیە لە گەلیان و چەند کەمە نەتەوەیەکی‌تر وەک دیلەمی‌و تاتی‌و تالشی لە نموونەی هەرە زیندووەکان‌و بۆنەکانی وەک نەورۆزو کەسایەتی زەردەشت‌و ئیمپراتۆرەکانی ماد، هەخامەنشی، ئەشکانی، ساسانی‌و، هەروەها کۆمەڵێک داستانی حەماسەت‌و ئەویندارى لە کەسایەتی‌یەکانی وەک شیرین‌و فەرهادو کاوەی ئاسنگەر هتد..، لە نموونە هەرە زیندووەکانن. لە لایەنی کولتووری‌و دیرۆکی بوونی دەیان شوێنەوار و ئاسەواری مێژووی هاوبەش لەنێو ئەو گەلانەداو هەروەها نزیکی زمان‌و بوونی کۆمەڵێک ئاکارو هەڵس‌وکەوتی بنەماڵەیی‌و کۆمەڵێک خسووسیاتی ئەخلاقی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی ئەو نەتەوانەدا، ئەمانە و زۆر شتی‌تر سنوورێکیان پێک هێناوە کە دەگمەنە لە شوێنی‌تر هاوشێوەیان بوونی هەبێ‌و دەتوانین بڵێین چوارچێوەیەکی دیاریکراویان هەیە.بەڵام ئەم لایەنەشیان بۆ کورد بە قیمەتی فەوتان‌و لە دەست دەرهێنانی کولتوورو فەرهەنگ‌و سامانی نەتەوەیی تەواو بووەو کورد زۆرترین زیانی بەرکەوتوە، ئەگەرچی کورد تا رادەیەک هاوبەشی‌و نزیکی کولتووری‌و هونەری‌و مێژوویی لەگەڵ ئەو نەتەوانە هەیە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی داگیرکاری‌و دەسەڵاتی شۆڤێنیستیانەی غەیرە کوردەکان‌و درێژەدانی سیستمی «تتریک، تفریس‌و تعریب» لە هەڵی سڕینەوەی دیرۆک و کولتووری کورددا بوون و بەردەوام هەولیان داوە کە کورد لەم خانەیە وەدەر بنین و بێبەشێ بکەن لە هەموو سەرمایە گرینگانەوە.

سەرچاوەکان:

١: کوردستان‌و کورد/ دوکتور عەبدوڕڕەحمان قاسملوو

٢: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد/ دوکتور سادق شەرەفکەندی

٣: شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی/ وەرگێڕانی بۆ کوردی/ مامۆستا هەژار موکریانی

٤: مێژووی نەتەوەی کورد/ مینۆرسکی

٥: ناسیونالیزم‌و تجدد در ایران‌و ترکیە/ نادر انتخابی

٦: ناسنامەو کێشەی ناسیۆنالیزمی کورد/ جەماڵ نەبەز

٧: کاریگەری ئەوان لەسەر کورد/ ن؛ دوکتور عەلی قەرەداغی

# لێکدانەوەی چەند مێژوونووسێکی شوورەوی (رووس) لەسەر جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد!



کیت هیچینس
و/ لە فارسی‌یەوە: عومەر باڵەکی

لە نێوان دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا، ئاڵ‌وگۆڕێکی بەرچاو لەناوەڕۆکی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بۆ سەربەخۆیی لەنێو ئیمپڕاتۆری عوسمانی‌دا روویدا.
یەکێک لەو ئاڵ‌وگۆڕانە، سەرهەڵدانی گرووپێکی بچووک لە رووناکبیرانی کوردبوو. ئامانجی ئەو گرووپە، ناساندنی جیهانی پێشکەوتوو بە گەلی کوردو زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەنێو ئەوان‌دا بووە. ئەو رووناکبیرانە یەکەم کەسانێک بوون بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کوردەکانی ئیمپڕاتوریەتی عوسمانی‌داو چەکی ئەوان روون کردنەوەو تێ‌گەیاندن بوو کە لە رێگای دامەزراندنی قوتابخانەو چاپەمنیی کوردی‌یەوە بەرێوەدەچوو.
هەر بەمەبەستی وەدی‌هاتنی ئەو ئامانجە، ئەو گرووپە یەکەم رۆژنامەی کوردی چاپ‌و یەکەم ناوەندی فێرکردنی لە کوردستان دامەزراند، بەڵام چالاکی‌یەکانی ئەو تاقمە تەنیا لە چوارچێوەی روون کردنەوەدا نەمایەوە، ئەوان لە مەیدانی سیاسیش‌دا کەوتنە خۆڕانان، بە تایبەتی لەو سەروبەندانەدا کە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی پێک‌هێنەری ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، لە بوونی نەتەوەیی خۆیان بە ئاگابوون‌و هەستی نەتەوەیی لە ناویان‌دا گەشەی کردو دوای شۆڕشی تورکە لاوەکان ئیزنی زیاتریان پێدرا کە رۆڵی بەرچاوتریان لە بەڕێوبەری کاروباری خۆیان هەبێ، روناکبیرانی کوردیش بۆ پێک هێنانی‌و دامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسی بە شێوەی نوێ کەوتنە هەوڵدان. بێجگە لەوە، ئەو گرووپە گەلاڵەی ئایدویۆلۆژیای نەتەوەیان داڕشت، ئایدیولۆژیایەک کە بتوانێ بیرو زەینی کۆمەڵانی خەڵک ئامادە بکاو رێنوێنی چالاکیی سیاسی خۆیان بن.
هەرچەند دەسکەوتی رووناکبیرانی کورد لەو دەورەیەدا زۆر بەرچاو نەبوو، بەڵام کردەوەی ئەوان نیشاندەری بران لە شێوەکانی کۆن‌و سوننەتی‌و دژایەتی‌و چالاکی سیاسی لەنێو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی‌دا بوو. پێک هێنانی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵێکی سوننەتی‌و دواکەوتوودا کارێکی سەخت‌و دژوار بوو. هەوڵ‌و تەقەلای ئەو رووناکبیرانە، زۆربەی کات لەگەڵ ئەو لەمپەرانەدا بەرەوڕوو دەبوون کە لە کۆمەڵی دواکەوتوودا هەن‌و دەبوایە لە بەرامبەریان‌دا بەربەرەکانێ بکەن. کۆمەڵێک کە لەودا ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پێوەندیی عەشیرەتی‌دا بێ کەسانی نێو ئەو کۆمەڵە لە پێش هەموو کەسێک‌دا وەفادار بە سەرۆک عەشیرەت دەبن. ئەگەرچی هۆزە کوردەکان‌و سەرۆکی ئەو هۆزانە لە سەرچاوەی نەتەوەیی خۆیان بە ئاگابوون، بەڵام لەگەڵ ئامانجی گەلی کورددا بە مانای یەک‌بوون‌و یەکێتی بە کۆمەڵ بێگانە بوون. لە ئاکام‌دا، خۆڕاگری‌و بەربەرەکانێ لە بەرامبەر ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی‌دا بێ ئامانج‌و خەت بوو، تەنانەت لەو شۆڕشانەی کە هێندێک کات لە چەند هۆزی گەورەی کورد پێک دەهات.
سەرۆکی ئەو هۆزانە زۆر جار ناکۆکی‌یان لێ پەیدا دەبوو و بۆ راکێشانی سەرنجی حکوومەتی عوسمانی دەکەوتنە بەرهەڵستکاری یەکترو قازانج‌و بەرژەوەندی نەتەوەیان دەکردە قوربانی قازانج‌و بەرژوەندیی خۆیان.

بەڵام لەو نێوەش‌دا، هەبوون کەسانێک کە لەو شێوە بیر کردنەوەیەدا جیابوون وەک «بەدرخان» و «یەزدان شێر». کەچی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتووانەش نەیان توانی بەسەر بارودۆخی عەشیرەتی‌و ئامانجە تاکە کەسیەکان‌دا زاڵ بن‌و لە ئاکام‌دا، شایەتی لەنێوچوونی جووڵانەوەکانی خۆیان بوون.

لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە سەرەتای جووڵانەوەی نەتەوەی کورد زۆر کەم‌و ناتەواوە. لەگەڵ ئەوەش‌دا، لەو ساڵانەی دواییدا، چەند کەس لە مێژوونووسانی شــووڕەوی، لێکۆڵینەوەی زۆر بەنرخیان سەبارەت بەو دەورە لە مێژوویی کورد ئەنجام داوە. لە کۆی، کتێبەکان‌و وتارەکانی ئەو مێژوونووسانە شێوەی پێشکەوتنی هەستی نەتەوەیی لەنێو کــوردان‌دا لە ڕاپەڕینی عەشیرەتی تا پێک هێنانی کۆڕو کۆمەڵی سیاسی‌و دروست بوونی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی تاوتوێ دەکەن.

جەلیلی جەلیل، مێژوونووسی شووڕەوی، ڕاپەڕینی کوردەکانی لە ساڵی ١٨٨٠دا کە دوایین تەکانی گەورەی عەشیرەتی لە سەدەی نۆزدە دایە، کۆڵیوەتەوە[١].

ئەو ڕاپەڕینە کە لوتکەی بەرزی بەربەرەکانی کوردان لە بەرامبەر دەسەڵاتی بێگان ەتا ئەو سەردەمەی بوو، بەهۆی «شیخ عبیداللە» ڕێبەری کرا. «شیخ عبیداللە» ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی بوو و لەنێو کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌و ئێران ڕێزو حورمەتی تایبەتی بۆی هەبوو.

بەسەرنجدان بەو سەرچاوانەی کە لە ئارشیڤەکان‌دا هەن بە تایبەت ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای تزاری سەرچاوەی چاپ نەکراوی ئوروپایی ڕۆژئاوا بە تایبەت بەریتانیا ئاڵوگۆڕی نووسەراوەی دیبلۆماتیک، کتێبخانەکانی بــەربــڵاو و بەرهەمی بــڵاونــەکــراوەو ڕۆژنامەکانی ئەو سەدەیە. بۆوێنە جەلیل بە درێژی باسی هۆی سیاسی‌و ئابووری جــووڵانــەوەو هۆیەکانی تێک‌شکانی کــوردان دەکا کە چۆن شەڕی نێوان ڕووسیای تزاری‌و تورکیای عوسمانی لە ساڵەکانی ١٨٧٧ـــــ ١٨٧٨داو داسەپاندنی ماڵیاتی جۆراوجۆری نوێ‌و دەست بەسەر داگرتنی کەل‌وپەلی جۆراوجۆرو شێواوی ئیداری، هەل‌ومەرجی نالەباری ئابووریی زاڵ بەسەر کوردستانی عوسمانی پەرە پێی دەدا. دیارە زۆر بە دژواری دەتوانین بڵێین کە لەو دەورەدا هەل‌ومەرجی ئابووریی کوردەکانی ئێرانیش لەوە باشتر بێت[٢].

لەو جووڵانەوەدا «شیخ عبیداللە» کەسایەتیی سەرەکی بوو بەو جۆرە کە جەلیل باسی دەکا. «شیخ عبیداللە» تەنیا یەک ڕێبەری ئایینی‌و ئیلاتی نەبوو. بەڵکوو لە زۆر لایەنەوە پێشڕەوی ڕێبەرانی نەتەوەیی خولەکانی دوایی جووڵانەوەی کورد بووە. «شیخ عبیداللە» بە باشی هەستی پێی کردبوو کە سەرکەوتنی جووڵانەوە لە یەکەم هەنگاودا پێویستی بە یەکگرتوویی نێوان کوردان هەیە. لە ئاکام‌دا ئەو نوێنەرانی خۆی ناردە لای سەرۆک ئیلات‌و عەشایری کورد لە گۆشەو کەنارەکانی کوردستان‌و داوای لێ کردن کە ناکۆکیی ناوچەیی‌و بەرژەوەندیی تاکە کەسی وەلا بنێن‌و هێزەکانی خۆیان بۆ بەرەوپێش‌چوونی جووڵانەوەیەکی هەمە لایەنە ڕێک بخەن.[٣] کۆبوونەوەی ڕێبەرانی کــورد لە ساڵی ١٨٨٠دا لە شەمزینان، نیشاندەری ئەوپەڕی هەوڵ‌و تەقەلای «شیخ عبیداللە» بوو بۆ پێک هێنانی یەکێتی‌و برایەتی لەنێو کوردان. ئەو کۆبوونەوەیە گەورەترین کۆبوونەوەی نوێنەرانی کورد لە سەدەی نۆزدەیەم دایە.

[٤] «شیخ عبیداللە» بۆبەرەوپێش‌چوونی ئامانجەکانی خۆی، لەسەر کێ‌بڕکێی سیاسی نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی‌و ئێران تاکتیکی سیاسی خۆی دادەڕشت‌و تێ‌دەکۆشا سەرنجی یک یا چەند هێزی گەورەی دەرەوە بۆ هاتنە نێو مەسەلەکەوە ڕابکێشی، بەڵام بە پێچەوانەی ویست‌و ئاواتی «شیخ عبیداللە»، جووڵانەوەکە ڕێی هەمیشەیی خۆی پێوا. هێزەکانی «شیخ عبیداللە» دوای وەدەست هێنانی هێندێک سەرکەوتن لە ئێران کەوتنە دزی‌و ڕاوڕووت‌و کۆ کردنەوەی ماڵ‌و داهات. «شیخ عبیداللە» بە ناچاری لە کوردستانی ئێران پاشەکشەی کرد.



بۆ باشتر کردنی وەزعیەتی کوردان ئەوجار کەوتە هەوڵو تەقەلا بۆ وتووێژ لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی. لە نێوان ئەو پێشنیارانەی کە «شیخ عبیداللە» هێنایە گـۆڕێ، پێک هێنانی کۆمیسیۆنێکی هاوبەش لە نۆێنەرانی تورکیا و دەوڵەتانی ئورووپایی بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاو گیروگرفتی کـوردان، بەڵام بەداخەوە هــەوڵو تـەقـەلای شێخ بە خۆڕایی رۆیشتو لە ئاکامدا دەوڵەتی عوسمانی ناوبراوی بۆ «مەککە» دوور خستەوە.[٥]

جەلیلی جەلیل، «شیخ عبیداللە» وەک مرۆڤێکی دووربین ناساندوە، مرۆڤێک کە لە زۆر لایەنەوە لە زەمانی خۆی لە پێشتر بووە، بەڵام تایبەتمەندی‌یەکانی کەسایەتی «شیخ عبیداللە» بە تەنیا نەی دەتوانی بۆشایی هەستی نەتەوایەتی لەنێو کوردان پڕ بکاتەوە. لێک‌دانەوەی «جەلیل» بە ڕوونی قامک لەسەر ئەو مەسەلە بەژانە دادەنێ کە سەرۆک عەشیرەتو ئیلاتی کوردو دەوروبەری ئەوان بەهۆی قازانجو بەرژەوەندیی تاکەکەسی ئەوەندە مەسەلەی نەتەوەیی‌و قازانجو بەرژەوەندیی نەتەوەیان لە بەرچاو نەبوو. هەربۆیە لە ئاکامدا ئەو جووڵانەوەیەش تیک شکا، لانی کەم بەهۆی نەبوونی بەرنامەیەکی نووسراو و نەبوونی ئامانجو رووگەیەک کە بتوانێ بناغەیەک بێت بۆ هاندانی ناڕەزاییەکانو وەگەڕخستنی تـوانـای کـوردەکـان.

م.س.لازاریف، مێژوونووسی دیکەی شووڕەوی لەڕاستی‌دا باسی بارودۆخی نێونەتەوەیی جووڵانەوەی کـوردان بۆ سەربەخۆیی دەکا.[٦] ئەوە وەبیر دێنێتەوە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بزووتنەوەی کورد چۆتە نێو هەڵسەنگاندنی سیاسی هێزە گەورەکانی ئەو سەردەمەو تەنیا لە چوارچێوەی مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێرانو عوسمانی‌دا نییە. لەو رووەوە کاری لازاریـف شایانی باس کردنە.

لازاریف لە لێکولینەوەکانی خۆی‌دا لە بەڵگەو ئەسنادی ئارشیڤی رووس کەڵک وەردەگرێ بە تایبەت لەو بەڵگەو ئەسنادە کە لە ئارشیڤی سیاسەتی دەرەوەی رووسیای تزاری‌و ئارشیڤی نیزامی—— مێژووی رووسیا و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکانی روسیای تزاری، بەریتانیای گەورەو ئاڵمانو کێبەرکێی نێوان ئەوان لە ناوچەکە بە وردی تاوتۆێ دەکا و کاریگەریی ئەوان لەسەر کوردستان شی دەکاتەوە. ئاکامێک کە لە خوێندنەوەی ئەو پێوەندی‌یە تێگلاوانە دێتە دەست، ئـەوەیـە کە دەوڵەتەکانی گـەورەی ئەو کات بچووکترین سەرنجیان بە داواکـاریـی کـوردان نـەداوەو لەگەڵ ئەوان‌دا تەنیا وەک ئامرازی پەرەپێدانی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووریی خۆیان لە ناوچەکەدا چـاویـان لـێ کـردوە.

لازاریف، هەروەها بە کورتی هێندێک لە لایەنەکانی جووڵانەوەی کورد دێنێتە بەرباس بۆوێنە ئەو مەسەلەیە دێنێتە بەرچاو، کە تورکە لاوەکـان چۆن بە درۆ هیوایان لە دڵی رووناکبیرانی کورددا پێک دەهێنا کە داواکانی ئەوان جێ‌بەجێ دەکرێنو ئەوانیان بۆ چالاکیی زیاتر هان دەدا. لازاریـف لەسەر ئەو رێکخراوە سیاسیانەی کە رووناکبیرانی کورد بۆ وەدی‌هینانی ئەو ئامانجانە پێکیان هێنابوو، باسێکی هەیە.[٧]

ئەو رێکخراوانە بە تایبەت رێکخراوی رادیکاڵی نـوێ‌خـواز، کە داواکـاری جـیـابـوونـەوەی دیـن لـە دەوڵـەتو هەڵوەشاندنەوەی پلەوپایەی سوڵتانی عوسمانی بە ناوی خەلیفەی ئیسلام بوون. بەڵام لازاریف ئەو رێکخراوانەی بە هێندە نەگرتوونو بایەخی ئەوتۆی پێی نەداون.[٨] بەڕای ئەو ئەم رێکخراوانە تەنیا تاقمێکی بچووک لە رووناکبیرانی کورد دەگرنە خۆ و لە ئاکامدا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر کۆمەڵی کوردەواری نەبووە.

ئەوان ئەو هێزو توانایەیان نەبووە کە ئامانجی نەتەوەپەرستی لەنێو خەڵک‌دا زیندوو بکەنەوەو رادەی بەستراوەیی ئیلاتی‌و عەشیرەتی کـەم بکەنەوە.

لازاریـف لەسەر ئـەو بـاوەڕەیـە کە رێکخراوی کوردی کە لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٠٨ـــــ١٩٠٩دا لە ژێر چاوەدێریی کۆمیتەی «اتحادو ترقی»ی تورکە لاوەکان لە تورکیای رۆژهەڵات‌دا پێکیان هێنابوو، لە ناساندنی چالاکیی سیاسی بە ژمارێکی جێگای سەرنج لە کوردەکان، تا ئەندازەیەک سەرکەوتوو بووە. بەڵام لە پێک هێنانی یەکێتی نەتەوەیی لەنێو کوردان‌دا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوەو لە ئاکامدا وادێتە بەرچاو کە لەو دەورەدا جووڵانەوەی کورد شتێک زیاتر لە هێندێک چالاکیی پرشو بڵاو نەبێ شتێکی‌تر نەبووە کە لە سەریەک لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەتان‌دا ماوەتەوە.

بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە نیشان دەدەن کە ئاکام وەرگرتنی گشتی‌و لە سەریەکی لازاریف پێویستی بەو رەت کردنەوە هەیە. جەلیلی جەلیل لە ریزە وتارێک‌دا سەبارەت بە چالاکیی رووناکبیرانی کورد دەست نیشان دەکا کە لەو زەمـان‌دا رەوتی پێک هێنانی جووڵانەوە نوێ‌یەکانی نەتەوەیی لە نێوان ئەو کەسانە بە تەواوی دەستی پێ‌کردبوو. لێکۆڵینەوەکانی جەلیل لەو چوار وتارەی کە لە خوارەوە هاتوون سەرچاوەی گرتووەو لەو لێکولینەوەدا لە ئاڵوگۆڕی نووسراوەکانی دیپلۆماتیکی رووسیای تزاری‌و چاپەمەنیی ئەرمنی زیاتر کەڵک وەرگـیـراوە.

مەسەلەیەک کە لە لێکۆڵینەوەکانی ئەو دواییانەی جەلیل جێگای سەرنجە، شی کردنەوەی نێوەرۆکی چاپەمەنیی کوردی لەو سەردەمە دایە. بۆ رووناکبیرانی کورد، وەک رووناکبیرانی دیکەی جووڵانەوەکانی نەتەوەیی لەنێو ئیمپراتوریەتی عوسمانیی سەدەی نۆزدەیەم، چاپو بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردی کە ناوەندێک بوو بۆ راگەیاندنو تێ‌گەیاندنو تریبوونێک بوو بۆ دەربڕینی بیروباوەڕی سیاسی‌و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە رووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە، هەربۆیە پێی لەسەر گرینگی رۆژنامە دادەگرێ.[٩] یەکەم رۆژنامەی کوردی کە لە ساڵی ١٨٩٧دا لە قاهیرە دەرچوو، کارگێڕانی رۆژنامە لە هەنگاوی یەکەم‌دا روون کردنەوەو تێ‌گەیاندنیان کـردە ئامانجی خۆیان. لەو رووەوە بەشێکی بەرچاو لە رۆژنامە بۆ پەروەردەو فێرکردن تەرخان کرابوو. هەروەها



ئەوان تێدەکۆشان کە خوێنەرانی خۆیان لە رووداوەکانی دنیا و دۆزینەوە زانستییەکانی نوێ ئاگادار بکەن.

هەر لەو کاتەدا لە تێکهەڵچوونو بەرهەڵستکاری لەگەڵ ئایین خۆیان پاراست. هەربۆیە لە نووسراوو وتارەکانی نووسەراندا گێڕانەوەی فەرموودەو ریوایەت لە پێغەمبەری ئیسلام دەبیندرا. گواستنەوەی شوێنی چاپخانەی کوردستان لە قاهیرەوە بۆ «ژنێڤ»، سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە نێوەڕۆکو هەڵوێستی رۆژنامەدا بوو. لە «ژنێڤ» لە ژێر تەوژمو کاریگەری بیروباوەڕی ئازادیخوازی ئوورووپای رۆژئاوا بەهۆی پێوەندی لەگەڵ رێکخراوە سیاسیەکانی دوورە وڵات بەرەو رادیکاڵی دەڕۆیی. نووسەرانی رۆژنامە لەگەڵ پێداگرتن لەسەر گرینگی پەروەردەو بارهێنان کە وەک یەکەم هەنگاو بۆ لای پێگەیشتووی سیاسیو ئامادەگی بۆ خەباتی سیاسی، هێرشیان دەکردە سەر خودی سوڵتانی عوسمانیو داوایان لە هەموو گەلی کورد بە تێکڕایی دەکرد کە لە بەرامبەر زوڵمو زۆری دەوڵەتی عوسمانیدا راوەستنو بەربەرەکانی توندوتیژیی بکەن.

جەلیل تێبینی سەرنجڕاکیشی لەسەر ناوەڕۆکی بیری کۆمەڵایەتی رۆژنامەی کوردستان هەیە. بە گوتەی ئەو چەوساندنەوەی جووتیاران کە بابەتی هەڵبژێردراوی شی کردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەوان بووە.

جەلیل زیاتر لەسەری دەدوێو دەڵێ: نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان مەسەلەی چەوساندنەوەی جووتیارانیان وەک مەسەلەیەکی چینایەتی چاو لێ نەکردوە. چونکە ئەوان کۆمەڵگەی کوردەواریان بە شێوەیەکی وەک یەک دادەنا کە لەودا کوردەکان بە یەک شێوە دەچەوسێنرانەوە، چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەهۆی سوڵتانی عوسمانیو دامودەزگای ئیداریی ئەو.[١٠]

جەلیل لە نووسراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری تورکە لاوەکان لەسەر جووڵانەوەی رووناکبیریی کورد لە ئورووپای ڕۆژئاوا کەڵک وەردەگرێ[١١]و هۆی هاوکاری کردنی رووناکبیرانی کورد لەگەڵ تورکە لاوەکاندا بەو جۆرە باس دەکا، کە بۆ ماوەیەک ڕۆژنامەی «عثمانلی»، ئۆرگانی تورکە لاوەکانو کوردستان هەردووکیان لە یەک کاتدا لە لەندەنو پاشان لە «فۆلکستن» دەرچوون. بە گوتەی جەلیل، یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان، بە ناوی «عبدالرحمن» لەگەڵ ڕۆژنامەی «عثمانلی»دا هاوکاری هەبووە، لەسەر داوای تورکە لاوەکان وتاری بە زمانی تورکی لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو دەکردەوە. هاوکاری کردنی عەبدولڕەحمان لەگەڵ ئۆرگانی تورکە لاوەکاندا لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە زیاتر روون کردنەوەی گیروگرفتو داخوازیی گەلی کورد بۆ ڕووناکبیرانو سەرجەم نەتەوەی تورک بوو.

تێبینییەکانی جەلیل سەبارەت بەلێک نیزێک بوونی بۆچوونەکانی رووناکبیرانی کوردو تورکە لاوەکان بە تایبەتی لە بابەت دواڕۆژی سیاسیی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی جێگای سەرنجو لێ وردبوونەوەیە. ڕۆژنامەی کوردستان لە بۆچوونی تورکە لاوەکان کە خوازیاری دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی دابەش بوونی دەسەڵات لەنێو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا بوون، پشتیوانی دەکرد، چونکە ئەو ئامانجە، لەگەڵ داوای

ڕووناکبیرانی کـورددا کە وەدەسـت هێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی دەوڵـەت یا خاکی عوسمانیدا بوو، یەکی دەگرتەوەو ئەو ڕاستییە دەردەخا کە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ تورکە لاوەکاندا لەسەر یەک پارچەیی خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاوڕابوون. ئەوان لە نووسراوەکانی خۆیاندا خـوازیـاری دروسـت بوونی حکوومەتێکی سەربەخۆیی کورد نەبوون. بۆوێنە، عەبدولڕەحمان بۆ چارەسەری گیروگرفتی دەوڵەتی عوسمانی داواکاری دروست بوونی حکوومەتی مەشرووتەی پاشایی لەسەر بناغەی یاسای بنچینەی «١٧٨٦» بوو. ئەو باوەڕی وابوو کە ئەو یاسایە، بۆ موڵکداریی تایبەتیو ئازادیی تاکە کەسی ڕێزو حورمەت دادەنێ.

سـەرەڕای پـێـڕەوی لـە بیری ئازادیخوازی ئوروپاییو پشتگیریی حکوومەتی مەشرووتە، لەو سەردەمەدا لە گرتنی هەڵوێست سەبارەت بە ڕۆژئاوا زۆر بە پارێز بوون. لەو ڕووەوە ئەوان لەگەڵ نەتەوە وەخەبەر هاتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەماهەنگ بوون. ڕووناکبیرانی کورد، بە پێی توانای خۆیان نەتەوە موسوڵمانەکانیان لەو مەترسییانە کە لە لایـەن ڕۆژئـاوایـی مەسیحیو رووسیا بۆ سەر شێوە ژیانو گەشەکردنی ئـابـووری ئـەوانـدا دەبـێ لە ڕێگای «ڕۆژنامەی کوردستان»ەوە ئاگادار دەکردەوە. ئەوان بە تایبەتی نیگەرانی پەرەسەندنی دەسـەڵاتـی ئابووری دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا لەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوونو ئەوەیان بە شێوەیەک لە کۆیلەتی دادەنا. نووسەرانی کوردستان مزگێنی بەخشی ئایینیی ئورووپایان بە دووبەرەکی نانەوە لەنێو نەتەوەکانی سەربە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاوانبار دەکـرد.[١٢] یەکێک لە ڕەخنەکان لە «سوڵتان عەبدولحەمید» ئەوە بوو کە ئەو لە بەرامبەر چەوساندنەوەی دەرەکی لە وڵاتو خەڵکی خۆی پارێزگاری ناکا.

وشیاریی شۆڕشگێڕانەی تورکە لاوەکـان لـە ساڵی «١٩٠٨»دا و هێندێک لـە ڕووناکبیرانی کـورد گەیشتبووە ڕادەیەکی باش لە وشیاری شۆڕشگێڕانەی نەتەوەپەرستی.[١٣] «عبدالقادر»ی کوڕی «شێخ عبیداللە» ڕێبەری ڕاپەڕینی «١٩٠٨» هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوکارانی خۆی «جەمعیەتی تەعاونو تەرەقی کورد»یان لە ساڵی «١٩٠٨» دامەزراند. ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە وەسـەریـەک خستنی چالاکیی سیاسیو پەرەپێدانی ئامانجی فەرهەنگیو پەروەردەیی، لەنێو تاقمە جۆراوجۆرەکانی ڕووناکبیرانی کورددا بوو. بەرنامەی ئەو کۆمەڵە، ئاوێنەی باڵانوێن لە داخوازییەکانی نەتەوەیی بوو و زووتر وەک بەرنامەی جووڵانەوەکانی نەتەوەیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو. ئەوەندە لێک نزیک بوون هەر دەتوت بەهۆی ڕێبەرانی یەکێک لە جووڵانەوەکان، زەمانێک بۆ ئـەو جـووڵانـەوەیـە لە قۆناغێکی وەک یەک لە گەشە کردنی کۆمەڵایەتیدا دیاری کراوەو نووسراوە، ڕووناکبیرانی کورد، هـەروەک پێشوو لەسەر گرنگی پـەروەردەو فێرکردن لە ڕەوەنـدی گەشە کردنی وشیاری نەتەوەیی پێیان دادەگرت، بە تایبەت لەسەر دامەزراندنی قوتابخانە سەرەتاییو ناوەندی لە ناوچەکانی کوردنشینی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریو هەروەها کردنەوەی زانستگایەک بۆ کوردستان.

مەسەلەیەکی یەکجار گرینگی ئەوەبوو کە داوای «خودموختاری» سیاسییان دەکرد. ڕووناکبیرانی کورد، لەو دەورەدا، داواکاری دانانی کارمەندانو قازی کـوردو ناساندنی زمانی کورد، وەک زمانی ڕەسمی ئیداریو قەزایی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بـوون.

بێجگە لەوە، «ئەندامانی جەمعیەتی تەعاونو تەرەقی کورد.» خوازیاری تێگەیاندنو پێگەیاندنی ئەفکاری گشتیی بۆ پشتیوانی لە بەرنامەی خۆیان بوون. هەر بەو هۆیەوە ئەوان حەوتوونامەیەکیان بەناوی کورد دەرکرد کە ئامانجی ئەو دروست کردنی ئایدیۆلۆژیا بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بوو. بەداخەوە ژمارەکانی نەماونو زانیاری سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەوان تەنیا دەتوانێ لە سەرچاوەکانیتر وەدەست بێنین.[١٤]

بۆوێنە دەزانین کە سەعید کوردی، یەکێک لە نووسەرانی حەوتەنامە، خـوازیـاری بەهێزکردنی یەکێکی نەتەوەییو پێگەیاندنی هونەرەکانو زانستی شارستانی نوێ، وەک ئامرازێک بۆ دابین کردنی دواڕۆژی کوردستان بوو. سەعید کوردی لە گرینگیو بایەخی ئایین لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بە چاکی ئاگادار بوو و تێدەکۆشا کە ئامانجەکانی سەربەخۆیی سیاسیو پێگەیشتوویی ئابووریی نوێ تێکەڵاو بە ئوسوولی زانیاریی ئیسلام بکا.

ئیسماعیل حەقی بابان زادە، یەکێکی دیکە بـوو لە ڕووناکبیرانی کورد لەو دەورەدا. ئەویش داواکـاری لە هاووڵاتیانی خۆی ئەوە بوو کە زمانی نەتەوەیی خۆیان، وەک یەکێک لە گرینگترین کەرەسەی وەدەست هێنانی یەکێتی نەتەوەیی، بپارێزنو گەشەی پێ بدەن. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەدا بوو کە پەروەردەو فێرکردن کلیلی پێگەیشتنی نـەتـەوەی کـوردەو زمـان کلیلی پێگەیشتنی فێرکردنو پەروەردە کردنە.

«جەمعیەتی تەعالیو تەرقی کورد» لە توانای خۆی زیاتر بۆ پەرەپێدانو پـەروەردەو فێرکردن لەنێوان کۆمەڵی کـــوردەواری هـەوڵـی داوە. ئەو «جەمعیەت»ـە، کۆمەڵەی پەرەپێدانی خوێندنیان لەنێو کورداندا پێک هێنا. ئامانجی بنچینەیی ئـەو کۆمەڵەیە دروست کردنی قوتابخانەکانو چاپ کردنی کتێب بە زمانی کوردی بوو، ئەو کۆمەڵەیە لە ڕوانگەی داراییەوە پشتی بە یارمەتیی بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی کوردستان بەستبوو و وای بۆ دەچوو کە لە ئەستەمبووڵ هێندێک سەرکەوتنیان وەدەست هێنا بێت، بەڵام ئەو کۆمەڵە لە ناوچەی ئانادۆڵ سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنابوو. چالاکیی ئەو کۆمەڵەیە هێندێک دژایەتی هێنایە

گۆڕێ. ڕەنگە بەهۆی دژایەتیی ڕێبەرانی ئایینی لەگەڵ پـەروەردەو فێرکردنی نـوێدا ئەو ناتەباییە پێک هاتبێ.

«جەمعیەتی تەعاون‌و تەرەقی کورد» لە ساڵی ١٩٠٩دا بەسترا، ئەو کات کە هەڵس‌وکەوتی تورکە لاوەکان سەبارەت کەمایەتی‌یە نەتەوەکان ئاڵ‌وگۆڕی بەسەردا هات. چالاکیی «جەمعیەت» بەهۆی ئەندامانی ئەو، کە قوتابخانەکانی کوردیان کردبوو بە ناوەندی چالاکیی سەبارەت بە هیوا، ڕێکخراوێک کە لە ساڵی ١٩١٣دا بەهۆی قوتابیانی کورد لە ئەستەمبووڵ دامەزرابوو، تێگەیشتوویی‌و پێگەیشتوویی وشیاریی نەتەوەیی لەنێو ڕووناکبیرانی کورد نیشان دەدا.[١٥]

«ڕۆژی کورد» کە مانگانە دەرچووە چەند ژمارەیەکی لە ساڵی ١٩١٣دا دەرچـــووە. سەرچاوەیەکی زانیاریی زۆر گرینگە، مەسەلەی تایبەتی جێی سەرنجی نووسەرانی ئەو گۆڤارە، زیندوو کـردنـەوەی فەرهەنگ‌و پـــەروەردەو فێرکردن‌و نیاز بە گەشە کردنی ئەو لەنێو کۆمەڵی کوردەواری وەک شەرتی بنەڕەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵ داندرا، بێجگە لە ئەوانە، چەند نووسەرێکی ئەو گۆڤارە مانگانەیە هەستیان بە مەسەلە تیۆرییەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی کردوە. بۆ وێنە، «عەبدوڵلا جـــەودەت»، یەکێک لە نووسەرانی ئەو گۆڤارە مانگانەیە، نەتەوەی بە وێنەی کۆمەڵێک پێناسە کردوە کە «شەخسیت» و «کەسایەتی» خۆی هەیە. «جـەودەت» هەروەها ئاماژە بە وشیاری نەتەوەیی وەک ئامرازێکی پێویست ورد نەکراوە بە پێک هێنانی نەتەوەی بە شێوەی نوێ دەکا. بە تایبەتی خوێندنەوەی فێرکردنی مێژووی کورد، وەک بناغەیەک بۆ خۆراکی وشیاری سیاسیی نەتەوەیی قامکی لەسەر دادەنێ.

«جـــەودەت» و هەڤاڵانی ئـەو، لە گیروگرفتی سەر ڕێگا بۆ یەکیەتیی نەتەوەیی ئاگادار بوون، بەڵام سووربوون بۆ دیتنەوەی دەرمـــان‌و چارەسەری ئەو بارەو هەر لەسەر ئەو سوور بوونە بڕیاریاندا لێکۆڵینەوەیەکی فراوان بکەن لەسەر هۆیەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵی کـــوردەواری‌و ئەوە یەکەم هەنگاوی گرینگ بۆ چارەسەری ئەو دواکەوتووییە فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌یە بوو.

ساڵەکانی پێش شـەڕی یەکەمی جیهانی، گەواهی ژیانەوەی هەوڵ‌و تەقەللای ڕێبەرانی کورد، بۆ ڕێکخستن‌و سازدانی سیاسی بووە هەر بەوجۆرە کە جەلیل لە وتاری ئەو دواییەی خۆیدا باس دەکا[١٦] هێندێک لەو گرووپانە ڕێبازی جیاوازیان هەڵبژاردوە، بەڵام هەموویان لەیەک بۆچووندا بەشدارو هاوبەش‌و ئەو ئامانجە جیگیرکردن‌و دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیداری تورک بە هۆی یەکیەتی‌یەکی سیاسی‌و



خودموختاری پێدان بوو بە کورد، بەڵام ئەو رووناکبیرانە لە وەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش و یەکیەتی رێکخراوەیی تووشی شکان هاتن. وا دێتە بەرچاو کە گرینگترین رووداوی سیاسی ئەو دەورە واتە راپەرینی کوردەکانی بەتلیس لە مانگەکانی مارس و نیسانی **۱۹۱٤**دا هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ هیچ کام لەو گرووپە رووناکبیرانەدا نەبووە.

ئەو ڕاپەرینەو ڕاپەرینەکانی دیکەش لە سەدەی نۆزدەیەمدا زۆر بە دژوار دەتوانین وەک ڕاپەرینەکانی دیکەش ناویان بەرین. ڕاپەرینی بەتلیس کە زیاتر لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەڵقولابوو، بێ رێکخستن و بێ ئامانج بوو و لە ئاکامدا وەک ڕاپەرینەکانی دیکەی کورد لێک بڵاوبوو.

ئەو ئاسارەی لێکۆڵینەوەی دەربارە کرا رواڵەتێک لە سەرەتای مێژوویی جووڵانەوەی کورد دەداتە دەست هەر بەو جۆرە کە نووسەرانی ئەو ئاسارە تەئیدی دەکەن، دانی رەواڵەتێکی رێکوپێک بە مێژووی جووڵانەوەی کورد لەو دەورەدا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەیە. لە چەند مەسەلەیەک کە دەبێ لە دواڕۆژدا بکەونە بەر لێکۆڵینەوەی، دۆستایەتیی ئەوان لەگەڵ رێبەری جووڵانەوە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لایەنگری ئەوان سەبارەت بە ئورووپا، بەرنامەی ئەوان بۆ رێکخستنی ئابووری و سیاسی و بۆچوونی ئەوان سەبارەت بە شوێن و کاریگەریی ئایین لە جووڵانەوەی نوێی کورددا.



پەراوێزەکان:

[۱] جەلیلی جەلیل، راپەرینی کوردەکان لە ساڵی ۱۸۸۰، مۆسکۆ، ناوکا، ۱۹٦٦، ل۱۳۲.
Djhalile Djhalile; ۱۸۸۰ Vosstanie Kurdov goda, Moscow; p۱۳۲ ,۱۹٦٦ Nauka

[۲] هەمان سەرچاوە (۳۹ ــ ٤۷).

[۳] ئەوە بە ئەو ناوچانە لە ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێران دەوترێ کە کوردان لەوێ نیشتەجێن.

[٤] جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ۷۰ ــــ ۷۱.

[۵] هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ۸٤، ۸۵، ۸٦.

[٦] م.س. لازاریف؛ مەسەلەی کورد ۱۸۹۱ ــ ۱۹۱۷، مۆسکۆ، ناوکا، ۱۹۳۷، ل ٤۷۲.
M.S Lazarev, Kurdiskii ۱۸۹۱ – ۱۹۱٦؛ ۱۷٤ .P ,۱۹۷۲ Moscow; Nauka

[۷] هەمان سەرچاوە بە تایبەت لاپەڕەکانی ۸۳ ــ ۱۱۱، ۲۳ ــ ۲۸۹، ۱۳۵ ــ ۱٤۳

[۸] هەمان سەرچاوە، ل ۱٦۳.

[۹] جەلیلی جەلیل (لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی) مۆسکۆ، ناوکا، ۱۹۷۵، ل ۱٦۳.

[۱۰] هەمان سەرچاوە، ل ۱۷٦.

[۱۱] جەلیلی جەلیل: تەئسیری ئیدیۆلۆژی جووڵانەوەی تورک لەسەر بیرو بۆچوونی کۆمەڵایەتی کوردەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی، مۆسکۆ، ناوکا، لاپەڕەکانی ٥٤ ــ ٦٥(۱۹۷۸).

[۱۲] هەمان سەرچاوە، ل ٦۱.

[۱۳] جەلیلی جەلیل(یەکەم رێکخراوی کۆمەڵایەتی سیاسی کورد لە دەورانی سەرهەڵدانی تورکە لاوەکان)، مۆسکۆ، ناوکا، ۱۹۷۵، لاپەڕەکانی ۱۷۲ ــ ۱۸٦.
Dzhalil, Pervye Kurdskie obshchetvenno – politicheskie organizatsii V period mlado turetskogo gospodstva Tiurkalogicheskii Sbornik (Moscow, ,nauka (۱۹۷۵ P ۱۷۲. ۱۸۸

[۱٤] هەمان‌سەرچاوە،ل۱۷٤،ژێرنووسی(۷،۸).

[۱۵] هەمان‌سەرچاوە،لاپەڕەکانی۱۷۹ــ۱۸۳.

[۱٦] جەلیلی جەلیل (سەرچاوەی نوێ سەبارەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد؛ راپەرینی بتلیس لە ساڵی ۱۹۱٤) مۆسکۆ، ناوکا، ۱۹۸٤، لاپەڕەکانی ۳۰ ــ ۱٤۵.

سەرچاوە:

خوێندنەوەی کوردی(مطالعات کردی) ژمارە ٤۷.

ئەو وتارە کیت هیچینس مامۆستای مێژوو لە زانستگای ئیلینۆی ئەمریکا بۆ «مطالعات کردی» نووسیوە و بەهۆی دەستەی نووسەرانی «مطالعات کردی» بە فارسی وەرگێڕدراوەتەوە.

........

تێبینی:

دیارە ئەم وتارە لە ژمارە ۳۵ی گۆڤاری رامان(مایسی ۱۹۹۹) بڵاوبۆتەوەو بەهۆی گرینگی وتارەکەوە لەم ژمارەیەی لاوانیش بە ئیجازەی وەرگێڕی کوردییەکەی دای دەنێینەوە.

# نەورۆزی کوردەواری



شەونم هەمزەیی

نەورۆز ژیانەوەیە، ڕۆژی نوێ، بەفر دەتوێتەوە، خونچە دەپشکوێ، دیمەنی سروشت دەڕازێتەوەو هیوا لە دڵەکاندا گەشە دەکا. بە هاتنی نـەورۆز دەبێ خەمو خەفەتو ناخۆشی‌یەکانی ساڵی پارمان بسڕینەوەو بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی رووناک گەش‌بین بین.

کوردو نەورۆز ئاوەڵ دووانەن، نەتەوەی کورد بە هاتنی نەورۆز ئاسۆی گەش دەبینێ. جێژنی نـەورۆز یەکێک لەو جێژنانەیە کە نیشانەی هاوپێوەندی‌و هەستی هاوبەشی نەتەوەی ئێمەیە کە بە ناو هەزاران ڕووداوی مێژوویی‌دا تێپەڕیوەو گەیشتۆتە ئێرەو بۆتە لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە کەلتووری نەتەوایەتیمان.

گەلانی ئارییایی لە کۆنەوە زۆر جێژنی جۆراوجۆریان هەبووەو لە ناویاندا دوو جێژنی نەورۆز واتە شۆڕشی سروشت‌و سەرهەڵدان‌و جموجۆڵی بوونەوەران یا فەروەردەگان سەرەتای وەرزی گەرما و جێژنی مێهرەگان سەرەتای وەرزی سەرما.

عێل‌و هۆزەکانی کۆنی کورد هەموویان شوانە وێڵەو مەڕدار بوون، ژیانیان بە پێست‌و گوانی ئەم ئاژەڵانە دابین کردووەو بۆ گەرمێن‌و کوێستان ڕۆیشتوون. مـەڕدارەکـان لە کۆتاییەکانی مانگی مێهر (ڕەزبەر) مەڕو بەرانیان تێ دەکردو جێژنیان دەگرت، کە ئەو جێژنە ناوی جێژنی مێهرەگان بوو. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بوو کە عەرەب وەریان گرتووەو کردوویانە بە جێژنی مێهرەجان‌و بە هەموو ڕۆژێکی خۆش دەڵێن مێهرەجان.

لە بارەی چۆنیەتی پەیدابوونی جێژنی نـەورۆزەوە، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە بیرو باوەڕی جیاواز دەکەن‌و گەلێک ڕووداوی مـێـژوویـی، چ ئەفسانەیی‌یان ڕاست دەکەنە سەرەتای پەیدابوونی نـەورۆز، نـەورۆز واتە ڕۆژی نـوێ، ئەویش دوو نـەورۆزە.

نـەورۆز ڕۆژی یەکەمی خاکەلێوەیە کە هەتاو لە سەرەتای بورجی حەمەلە، واتە ڕاست لە ئەوەڵی بەهار دایە، بە بـڕوای کەسانێک خـودا لەو ڕۆژەدا دونیای بەدی هێناوەو هێندێکی دیکە دەڵێن: چونکە خودا لەم ڕۆژەدا ئادەمی خوڵقاندوە، بۆیە ناوی نراوە نەورۆز. لە زمانی پەهلەوی‌دا بە تیشک دەڵێن «شید» و جەمیان کردوە بە جەمشید.

ئەو ڕۆژەی کە جەمشید چۆتە سەر تەخت، ڕۆژی شەشی خاکەلێوە بووە کە بە نەورۆزی تایبەتی ناودێر کراوە.

لە دەقە ئەفسانەیی‌یەکان‌دا هاتوە کە یەکەم شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین حەزرەتی زەردەشت لەدایک بـووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیـان بە نـەورۆز ناودێر کـردوە، هەروەها بە پێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە، نەورۆز ڕۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بە سەر زوحاکی مێشک خـۆردا سەرکەوت‌و خەڵک بە هەڵکردنی ئاور ئەو ڕۆژەیان کردە جێژن، یان دەڵێن نەورۆز، ڕۆژێکە کە ئاور دۆزراوەتـەوە، یان ئەو ڕۆژەیە کە شەو و ڕۆژ پێکەوە بەرابەرن.

هەر لە سەردەمی کـۆن‌دا، خەڵک کاتێک لە چنگ سەرماو سۆڵی زستان نەجاتیان دەبوو، جێژنیان دەگرت‌و پاشان ئەو جێژنە گەیشتە میرو حاکمەکان‌و دواتریش دەوڵەتەکان جێژنیان گرت.

کاتێک کە نەورۆز دەگاتێ‌و ساڵ نوێ دەبێتەوە مرۆڤەکان هەست دەکەن کە دەبێ ئاڵ‌وگۆڕو نوێ بوونەوەیەک لە ژیانیاندا هەبێ‌و زۆربەی خێزانەکان ماڵ خاوێن دەکەنەوە، سەردانی نەخۆش‌و ئەو بنەماڵانە دەکەن کە کەسێکیان لە دەست داوەو هەروەها سەردانی گـۆڕی شـەهـیـدان‌و مردووەکانیان دەکـەن‌و دەیان هەوێ هەرچی شتە بە هاتنی ئەو ڕۆژە نوێ‌یە وەلای بنێن‌و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەن.

زۆربەی ماڵەکان سفرەی حەوت سین کە حەوت شتی تێدایەو هەموویان بە پیتی سین دەسـت پێ دەکـەن دەڕازێننەوە، گەورەکان دیاری‌و نەورۆزانە بە چکۆڵەکان دەدەن یان ئەوەی ئەوان بۆ خۆیان بۆ نەورۆزانە دەگەڕێن‌و کاتێک بۆ ماڵێک دەچن ئەم دێڕانە دەڵێنەوە: «هەلاوە مەلاوە، کچتان بووک، کوڕتان زاوا__ هەلاوە مەلاوە، شتێکمان بۆ بخەنە ناو تاوە__ هـەلاوە مەلاوە، یەک هێلکە تەواوە___ هەنگوینی شانە شانە خانمی سەر باڵەخانە، کوا بەشم نـەورۆزانـەو زۆر شتی دیکە. خاوەن ماڵیش هەر شتێک کە شک ببا، وەک: هێلکە، شیرینی، سنجوو، پووڵ دەیدا بە منداڵەکان‌و زۆر بەڕووی خۆشەوە بەڕێیان دەکا. کاتێک کە شەو دادێ، واتە شەوی ڕۆژی نەورۆز، نۆبە دەگاتە گەورەکان‌و کوڕان‌و پیاوان دەگەڕێن، لە کولانکەو بەر هەیوانەوە، سەتڵی پڕ لە عەترو شانەو ئاوێنەو گەنم دەخەنە خواری‌و خاوەن ماڵ نەورۆزانەیان پێ‌دەدا.

ئێمە هـەمـوومـان دەبـێ هـەوڵ بدەین کە لە نەورۆزدا بەرەو ژیانێکی نوێ هەنگاو هەڵێنین‌و بە هەموو توانامانەوە لە دژی ناحەزان‌و کەسانی قین لە دڵ کە دەیان هەوێ نکۆڵی لەو جێژنە مێژووییەی نەتەوەکەمان بکەن بوەستین‌و هەموو ساڵێک بە گڕو تینێکی زیاتر لە ساڵانی پێشوو نەورۆزی کوردەواری بکەین بە جێژن.



# له سەنگەری خەباتدا

**کورتە دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز کاک خدر میراوەیی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لەسەر ژیانو بەسەرهاتی پێشمەرگایەتی!**

**دیمانە: سیامەند شێخەپوور**

ئەو کاتەت باش! وەک گۆڤاری لاوان هاتووینە خزمەتتان تا لە نزیکەوە چەند پرسیارێکت لەسەر ژیانو بە سەرهاتت بکەین.

زۆر سپاس بۆ گۆڤاری لاوانی خۆشەویست، بۆ ئەم بەسەرکردنەوەتانو دەستتان خۆشو ماندوو نەبن.

پ: سەرەتا پێمان خۆشە خۆت بە خوێنەرانی گۆڤارەکمان بناسێنی، خەڵکی کوێی‌و لە کوێی لەدایک بووی؟!

و: ناوم خدر، ناسراو بە خدر میراوەیی، خەڵکی شارە دێی میراوێی سەردەشتمو هەر لەوێش لەدایک بووم.

پ: ساڵی چەند لەدایک بوویو تەمەنت چەندەو پلەی خوێندواریت چەند؟!

و: ساڵی **١٣٤٢** هەتاوی لەدایک بووم، لەنێو حیزبدا بە هاوکاریو ڕێنوینی حیزبو هاوڕێکانم توانیومە تاکوو پۆلی یازدەی ئامادەیی بخوێنمو ئێستاش بەردەوامو قوتابیم.

پ: ساڵی چەند هاتووی بۆ نێو ریزەکانی پێشمەرگەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیت لەبەر کردوە؟ چون بوو حیزبت ناسی؟ لە ڕێگای چە کەسانێکەوە پێوەندیت بە حیزبەوە گرت؟ کێ هاندەرت بوو کە بوویتە پێشمەرگە؟ پلەو پایەت لەنێو حیزبدا چی بووە؟!

و: هەر دەگەڵ ئاشکرابوونی کارو تێکوشانی حیزبی ساڵەکانی **٥٧ــ٥٨** بووم بە پێشمەرگەو هاتوومە نێو ریزەکانی حیزبی دێمۆکڕات.

یەکەم؛ بەهۆی ئەوە کە میراوێ مەقەڕی حیزبی لێ بوو و هەمیش زۆربەی زۆری برادەرە هاوتەمەنەکانم بووم بە پێشمەرگە.

دووهەم؛ گەڕانەوەی هێندێک لە کۆنە حیزبی‌یەکان لە باشووری کوردستانەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشێکیان خەڵکی ناوچەی سەردەشتو دیارو ناسراوبوون وەکوو شەهید جەلال میراوەیی‌و....

پلەو پایەم لە حیزبی‌دا:

**١**: لە گرتنەوەی جاددەی سەردەشت ـــ پیرانشار دەگەڵ برادەرێکی دیکە بەرپرسی تەداروکاتی جەبهەکە بووین.

**٢**: جێگری دەستە.

**٣**: لە سازماندەیی نوێی حیزب **٦٥** بووم بە سەرپەل.

**٤**: جێگری لک.

**٥**: فەرماندەری لک.

**٦**: جێگری هێزی گیارەنگ.

**٧**: فەرماندەری هێز.

**٨**: مودیر داخیلەی زیندانی ناوەندی حیزب.

**٩**: ئەندامی تیمی تەشکیلاتی.

**١٠**: ئەندامی تیمی ماڵی.

**١١**: بەرپرسی تیمی تەشکیلاتی.

**١٢**: ئەندامی کۆمیتەی شارستان.

**١٣**: ئەندامی ناوەندی **٢**ی کوردستان، ئێستاش لە ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیم.



پ: لەو ماوەیەی کە پێشمەرگە بوویت قەت پەشیمان نەبوویەوە کە بڵێی واز لە خەبات دێنم، چونکە بێگومان لە ژیان پێشمەرگایەتی‌دا کەندوکۆسپی زۆر هەیە، تەنیا پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات بووی یان لە شوێنی دیکەش‌دا خەباتت کردوە؟!

و: تاکوو ئێستا دەگەڵ ئەوە کە هەر وەکوو بۆ خۆشتان باستان کرد کە پێشمەرگایەتی کەندو کۆسپو برینداربوون‌و شەهیدبوون‌و ئاوارەیی‌و دەربەدەری‌و برسیەتی‌و هەژاری زۆری تێدایە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش بە خۆشی‌یەوە تاکوو ئێستا فکرێکی لەم جۆرەم بە مێشک‌دا نەهاتووەو هەر بەردەوامم لە خەبات‌و تێکوشان لە پێناو وەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانی خەڵکی کوردستان. لە خواش بەزیاد بێ کە توانایی جەستەیشم زۆر باشەو ئومێد دەکەم کە تاکوو گەیشتن بە مافەکانی حیزب‌و گەلەکەم هەڵسووڕاوێکی چالاکی حیزب بم‌و ڕێبوارێکی بەوەفای شەهیدان بم. جیا لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئەندام‌و لایەنگری هیچ حیزب‌و لایەنێکی دیکەی سیاسی نەبووم.

پ: ئەندامی یەکیەتیی لاوان بووی، ساڵی چەند بووی بە ئەندام، چ ئەرکێکت لەنێو ریزەکانی لاوان‌دا بەڕێوە بردوە؟

و: بەڵی لە سەرەتای شۆڕش(١٣٥٨) ئەندامی لاوان بووم، بەڵام ماوەیەکی زۆر کەم بوو کە بەهۆی کۆنەبوونەوەی ئێمەو یەکجار نەبێ‌و هێرشی پەلاماردەرانی کۆماری ئیسلامی لێک بڵاو بووین.

وەکو بیرەوەری، بە کورتی باسێکی ئەو کۆبوونەوەیە دەکەم. چەند برادەرێک بووین کە تەقریبەن هەموومان هاوتەمەن بووین. بەڕاستی هیچمان لە شانەو ئەرکەکانی شانەو کارو چالاکی شانەمان نەدەزانی. لانی‌کەم ئەمن یەکێک بووم کە بەڕاستی هەر تەقەی سەرم دەهات‌و دەم‌گوت خودایە شانە چیە؟ بەهەرحاڵ لە ماڵی وەستا عەولای کۆبووینەوە کە ماڵی یەکێک لە هاوڕێیانمان بوو.

عومەر گوتی: منتان بە سەرشانە قەبووڵە؟

ـــ وەکوو فیلمی خاوەن شکۆی وێکڕا گوتمان بەڵێ!

ئەم جار گوتی: ئەدی محەممەدتان وەکوو جێگری سەرشانە قەبووڵە؟!

ـــ دووبارە گوتمان بەڵێ.

ئیدی ئەوەڵ‌و ئاخرین کۆبوونەی شانە بوو کە کردمان. ئیدی لەم کۆبوونەوەیەدا نە کەمو زۆر باسی حیزب‌و شانەو ئەرک‌و وەزیفەکانی شانە کەمو زۆر نەکرا. کارمان چیەو چ نیەو کەنگێ جارێکی دیکە کۆدەبنەوە هیچ باس نەکرا. دیارە کە ئێمە زۆرتر هەستی نەتەوایەتی هۆکاری سەرەکی بوو کە بوو هۆی ئەوە کە خۆڕسکانە ئەو کارە بکەین. لەوانەش هاوڕێیانی حیزبی، هاوڕێیان عومەرو محەممەدیان راسپاردن کە شانە دروست بکەن، بەڵام هەر وەکوو باسم کرد هاوڕێیانی دیکە هێچ ئاگادار نەبووین.

دووهەم: هەروەکوو لە یەکێک لە پرسیارەکانی دیکەش کەمو زۆر ئاماژەم پێ‌کرد کە پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان ئەو مەجالانەی زۆر بەرتەسک کردبۆوە کە بتوانین کۆبوونەوەو خۆمان ڕێک بخەین‌و شانەبەندی بکەین. ئێمە چەندین جار نان‌و سیگارمان بۆ سەر جاددەی سەردەشت ـــ پیرانشارو دەوروبەری بردوە. ئیدی ئەوەبوو کە ئەو مەجال‌و فرسەتانە لە لایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆمان نەمابۆوە. دەنا قوربان گیان بەڵێ بەندەی موخلیستان لە لاوانەوە دەستم پێ‌کردوەو بە خۆشی‌یەوە لەم شانازی‌یەش بێ‌بەش نەبووم.

پ: پەیامت بۆ لاوانی ئێستا لەهەر چوار پارچەی کوردستان چیە، چە داواکارێکت هەیە لە لاوان؟!

و: هیوادارم لاوانی روووناکبیرو تێ‌گەیشتووی گەلەکەمان لەهەر چوار پارچەی کوردستان‌دا درێژەدەری ڕێگای پڕ لە شانازی گەلەکەیان بن‌و بە یەکیەتی‌و تەبایی‌و هاوکاری کردنی یەکتر لەهەر چوار بەشەکەی کوردستان دەتوانن بە ئامانجە سینفی‌و نەتەوەییەکانمان بگەن‌و هیوادارم ئێوە لاوان بەهۆی وشیاری‌و تەبایی‌و هەست کردنتان بە بەرپرسایەتی بتوانن کاریگەریتان لەسەر رێبەرایەتی حیزبەکان هەبێ کە هەر وەکوو بۆ خۆتان زۆر باش دەزانن کە یەکێک لە پەتایەکانی حیزبەکان بە گشتی‌و ڕێبەران بە تایبەتی، ئەو یەکتر



قەبووڵ نەکردن‌و پرش‌و بڵاوی‌یان بووەو هەیە کە لەم نێوەدا دوژمنانی گەلەکەمان قازانجیان لێ کردوە. بۆیە ئێوە لاوانی خوێندەوارو ئەورۆیی گەلەکەمان، دەتوانن بە یەکیەتی‌و تەبایی خۆتان لەهەر چوار بەشەکەی کوردستان بتوانن بۆ هەرچی زیاتر لێک نزیک کردنەوەو یەکتر قەبووڵ کردن کاریگەرتان لەسەر حیزبەکان هەبێ، بەو هیوایە.

پ: ئایا ژیانی هاوبەشت پێک هێناوە یان نا؟ بەرهەمی ژیانتان چیە؟ ناوی منداڵەکانتان‌و لە کوێ لەدایک بوون؟!

و: بەڵێ بە خۆشی‌یەوە ژیانی هاوبەشم پێک هێناوەو بەهەرمی ئەم ژیانە هاوبەشەش چوار منداڵن بەڕیز؛
**١:** چیا ساڵی **١٣٦٣**ی هەتاوی لە میراوێ لەدایک بووە.
**٢:** وریا ساڵی **١٣٦٥**ی هەتاوی لە گەورە زێی سوونێ لەدایک بووە.
**٣:** دیاری ساڵی **١٣٧١**ی هەتاوی لە گوندی مامە خەتیبی بناری هەڵگورد لەدایک بووە.
**٤:** دیاکو لە ساڵی **١٣٧٤**ی هەتاوی لە شاری کۆیە لەدایک بووە.

پ: هەر کەس لە ژیانی‌دا زۆر بەسەرهاتی خۆش‌و ناخۆشی بۆ دێنە پێش، هەربۆیە پێمان باشە بەسەرهاتێکی خۆش‌و ناخۆش کە قەت لە یادت ناچنەوە بۆمان باس بکەی؟!

و: رووداوێکی خۆش، ساڵی **١٣٦٨**ی هەتاوی چەند پێشمەرگەیەک بووین لە ناوچەی نەڵێنی سەردەشت خەریکی کارو تێکوشانی حیزبی بووین. **٢٣**ی گەلاوێژ بوو کە مەحموولەن دەبوو بە بۆنەی **٢٥**ی گەلاوێژەوە عەمەلیات‌و چالاکی حیزبی بکەین. رێژیمش دەی زانی کە هێزی پێشمەرگە بەو بۆنەوە چالاکی دەکەین، بۆیە ئامادەباش دەبوون‌و هەموو شوێنە ئاستەم‌و ستراتیژیکەکانیان دەگرتن. ئێمەش بۆ شوێنە ونکە دوو سێ دێ چووین‌و کارەکانمان کردن‌و نانمان خواردو حەساینەوەو بۆ ئەوەی سەر لە رێژیم بشێوێنین‌و شوێنە ونکە بکەین، لەو گوندانەی کە چووین نانمان خوارد، بەڵام بۆ رۆژەکەی نانمان هەڵنەگرت‌و کاک عەلی شێلمانمان نارد بۆ گوندێکی دیکە بۆ کۆکردنەوەی نان‌و شوێنمان دیاری کرد کە کاک عەلی بێتەوە ئەو شوێنە. شەوەکەی کە رۆیشتین بۆ شوێنی مانەوە هەر چاوەڕی بووین کە کاک عەلی بێت دیار نەبوو. شوێنەکەشمان بە جۆرێک بوو کە بێ‌سیم نەی دەگرت. خۆلاسە عەلی کە بەرەو ئێمە دێ دەگەڵ پاسداران تێکەڵاو دەبێ، بەڵام چونکە کاک عەلی هێستری پێ‌بوو هێزەکانی رێژیم بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن تەقەیان لە کاک عەلی نەکردبوو. واشیان زانی بوو کە کاروانچیە. بۆیە تەقەیان لە کاک عەلی نەکردبوو. بەڵام ئەم جارە توانیمان بە یەکەوە تەماس بگرین‌و کاک عەلی وەزعی خۆی بۆمان باس کردو گوتی؛ ئەمن ناتوانیم بۆ لای ئێوە بێم هەموو ئەو بەرزیانە گیراوان. ئەگەر چاومان لێ‌کرد راست بوو دەوڵەت هەموو سەری گۆمێ‌و پڕکانیان‌و

ناوچەکەی بە گشتی گرتبوو. بە ناچاری دوو ڕۆژان بەبێ نان ماینەوە، چونکە ناوچە بە گشتی هەم گوندەکان‌و هەموو بەرزاییەکان گیرابوون. لەسەر کانیاوێکی زۆر سارد دانیشتبووین هیچ کەس تووشمان نەبوو. سێ چوار نامەم بۆ شووڕاکانی زێوەی‌و شووڕاکانی بریتەو نەبیاوایە نووسی بوون‌و ئامادەم کردبوون بۆ ئەوەی هەر کەسێکی یەکێک لەم گوندانە تووشمان بێ نامەکەی بدەمێ‌و بۆ شووڕای گوندی بەرێ، بەڵکوو نانمان بۆ بنێرێ. هەروەکوو باسم کرد کەس بە لامان‌دا نەهات. ئێوارەکەی **٢٥**ی گەلاوێژ هێزەکانی ڕێژیم گەڕانەوە. ئێمە بۆ نان خواردان کە زۆر برسی بووین چووین بۆ گوندی زێوەی کە پایەگایەکی گەورەی لێ بوو. ئەمن دەگەڵ یەک دوو برادەر ماڵێکی خزمی خۆم وەبەر کەوت. هەر کە چووینە ژووری. پووری کە منی دەناسی‌و هاتەژوور لە دوای بە خێرهاتن‌و هەواڵ پرسین. هاتە بن گوێم، گوتی؛ ئەو سەیانە هەموو شەوێ بەنێو ماڵان‌دا وەردەبن. کوێ دەڵێن نان‌و پێداویستی‌یەکانتان بۆ دەنێرم، بەڵام تو خوا بڕۆن.

ـــ منیش گوتم؛ پووری گیان ئەوە نزیک سێ ڕۆژە کە هیچمان نەخواردوە کە هەر لێرە تا نانی نەخۆین ناڕۆین، بەڵام مەوزووعەکەم بۆ باس کرد کە بۆچی نانمان نەخواردوە. دیارە لە ژیانی پێشمەرگایەتی‌دا ڕووداوی زۆر ناخۆشمان دیتوونە وەکوو شەهید بوونی ڕێبەرانمان‌و شەهید بوونی نزیکترین هاوڕێ‌و هاوسەنگەرەکانمان، بەڵام ڕووداوێکی زۆر ناخۆش دەگێڕمەوە کە ڕووی لە بنەماڵەی خۆم بووە. ڕوداوێکی ناخۆش لە ساڵی **١٣٦٣**ی هەتاوی بابم کۆچی دوایی کرد. مردن شتێکی سروشتی‌یە، بەڵام ئەوەی ئێمە تێکۆشەران زۆرتر ئازاری پێوە دەخۆین ئەوەیە کە لە مەراسمو سەرەخۆشی‌و بەخاک سپاردنی ئازیزانمان‌دا ناتوانین بەشداری بکەین. جا ئەوە یەکێک لە بیرەوەری‌یە زۆر ناخۆشەکانی منە. ساڵی **٦٣** کە بابم کۆچی دوایی کرد ئێمە کە چوار براین سێ‌یانمان لە نێو حیزب بووین‌و برا چووکەکەشمان تەمەنی وانە بوو کە بتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئاستۆ. هەرچەند کاک سەلامی ڕەحمەتی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو. زۆری دڵدامەوەو هەر لە کۆمیتەی شارستان مەجلیس‌و پرسەی سەرەخۆشیمان بۆ دانا. بەڵام ڕووداوێکی زۆر دڵتەزێن بوو کە ئێستاش لەسەر دڵم بۆتە گرێ‌و لە بیرم ناچێتەوە.

لە کۆتایی‌دا زۆر سپاست دەکەین کە ئەو هەلەت بۆ ڕەخساندین‌و وەڵامی پرسیارەکانمانت داوە، هیوادارین تەمەن درێژ بی.

منیش زۆر سپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆتان پێک هێنام، سەرکەوتوو بن.



# کەونە Z

## پەرستگەی ئاناهیتا!






هەژیر عەبدوڵڵاپوور

پەرستگە یان مەعبەدیئاناهیتا لەسەر تەپۆڵکەیەکی سروشتی بە ناوی «ناهید»،هەڵکەوتوو لە ناوەندی شاری کەنگاوەرو لەسەر ڕێگای هەمەدان بۆ کرماشان ساز کراوە.ئەم پەرستگەیە لە قاڵبی سەکۆیەک لە لاشەی بەردو مەڵاتی گێچ یان قسڵ ساز کراوە کە ڕووبەرەکەی ٤٦٨١٦ میتری چوارگۆشەیە. جاددەی سەرەکیی هەمەدان‌و کرماشان لە لای خۆراوای پەرستگەکەوە تێدەپەڕێ‌و پاشماوەی ئەم بینایە بەسەر پێدەشتە جوان‌و دڵڕفێنەکانی کەنگاوەردا زاڵە. پەرستگەی ئاناهیتا، گەورەترین بینای بەردینەی کوردستانە کە لە چەندین بەرهەیوانی سەرداپۆشراوی درێژو ژمارەیەکی زۆر کۆڵەکەی ئەستوورو نەوی لەسەر ئەو گۆڕاییەی کە بە دەوری پەرستگەکەدا ساز کراوە، پێکهاتووە. دەکرێ کۆنترین ئاماژە بە پەرستگەی ئاناهیتای کەنگاوەر لە نووسراوەکانی «ئیزیدۆر خاراکسی» جوغرافیانووسی یوونانی‌دا بدۆزینەوە کە لە ساڵی ٣٧ی زایینی‌دا لە شاری کەنگاوەرەوە تێپەڕیوەو ئەم شارەی بە «کۆنکۆبار» ناوبردوەو ئاماژەی بە بوونی پەرستگەیەک بۆ نزاو پاڕانەوە لە خواژنی ئارتمیس یان خاتوو ئاناهیتا لەم شارە کردوە. هەندێک لە مێژووناسان‌و شوێنەوارناسان مێژووی سازکردنی ئەم ئاسەوارە کەونارە بۆ ٣٣٠ تا ٥٣٠ پێش زایین دەگێڕنەوە. لە نووسراوەکانی سەردەمی ئیسلامیش‌دا سازکردنی ئەم پەرستگەیەیان بۆ سەردەمی خوسرەوپەرویز گێڕاوەتەوەو لەو نووسراوانەدا ئاماژە بە مزگەوتێک بە ناوی موونس کراوە کە خەلیفەی عەبباسی سازی کردوە. یاقووت دانەری کتێبی «معجم البلدان» لە سەدەی حەوتەمی کۆچیش‌دا شاری کەنگاوەری بە «کۆنکۆرام» ناو بردوە. وێدەچێ هەڵکەوتن لەسەر ڕەوگە یان مەسیری پیوەندیی ناوەندە گرینگەکانی شارستانەتی کۆنی «بین النهرین» و پارس‌و، بەپیتو بەرەکەت بوونی پێدەشتی کەنگاوەر، هۆکاری سەرەکیی برەوسەندنی ئەم شارە لە سەردەمانی کۆن‌دا بووبێ.



جیا لەوەش گەشتیارانی ئوروپایی کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا سەردانی ئەو پەرستگەیەیان کردوە، ئەویان وەک پەرستگەی نزاو پاڕانەوە لە ئاناهیتا ناوبردوە. توێژەرانی وەک «هیرتسفێلد»، «ئاندرێ گودار»، «ئێشمیت» و «ئارتۆر پووپ»، ئاناهیتایان وەک پەرستگەی سلووکی‌یەکان ناوبردوە کە بە شێوازی مێعماری یوونانی ساز کراوە، بەڵام لەو هەڵکۆڵینانەی کە تا ئێستا لەو پەرستگەیەدا ئەنجام دراون، هیچ ئاسەوارێکی سەردەمی سلووکی‌یەکان نەدۆزراوەتەوەو بەپێچەوانەوە کۆمەڵێک ئاسەواری سەردەمی ئەشکانیان دۆزراوەتەوە.

یەکەم جار لە مەودای نیوان ساڵەکانی ١٣٥٤- ١٣٤٧ی هەتاوی هەیئەتێک بە سەرپەرشتی «سیف‌الله کامبخش فرد» دەستیان بە لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی لە تەپۆڵکەی ناهیدی کەنگاور کرد. پاش تاوتوێیە سەرەتاییەکان دەرکەوت کە لە کۆی ئاسەواری بەجێماوی سەر ئەو تەپۆڵکەیە؛ نزیکەی ٥٣ هەزار میتری چوار گۆشە بۆ بینا مێژووییەکەی تەرخان کراوە کە جگە لە چەند سەرەکۆڵەکەی شکاو و ژمارەیەک ئاسەواری هەڵکۆڵراو لەسەر بەردەکان لە تەنیشت کوورەی قسڵ، شتێکی دیکە بەرچاو نەدەکەوت. دواتر لە ساڵی ١٣٧٧ بەملاوەش ناوەناوە توێژینەوەی شوێنەوارناسی لەم ناوچەیەدا ئەنجام دراوە، لەم کۆڵینەوانەدا کۆمەڵێک سککەی سەردەمی فەرهادی یەکەم یان ئەشکی پێنجەمو، ئەرد یان ئەشکی سێزدەیەمو هەروەها بڕێک شتومەکو ئامرازی بڕیوی و زێڕوزەنبەر دۆزراونەتەوەو لە هەمان کاتدا هەر لەم شوێنە زیاتر لە ٢٠٠ نیشانە وەک نیشانەگەلی «کۆڵین لەسەر بەرد» دۆزراونەتەوە کە شوێنەوارناسان مێژووەکەیان بۆ سەردەمانی هەخامەنشی، ئارامیان‌و سامیانی «بین النهرین»، ئەشکانی‌و پەهلەوی ساسانی دەگەڕێننەوە.

بینای ئاناهیتا لە چوارگۆشەیەکی لاکێشەیی پێکهاتووە کە بە دیوارێک دەوری کێشراوە کە ٢٢٠ میتر درێژو ٢١٠ میتریش پانەو ئەستووراییان کۆتەرەی ئەو دیوارە ١٨,٥ میترە کە لەسەر ئەویش ریزە کۆڵەکەیەکی ئەستوور چێ کراون. بەرزترین شوێنی پەرستگەکە ٣٢ میتر لە ئاستی زەوی‌یەوە بەرزە. چوارچێوەی دیوارەکانی سەر سەکۆکە زیاتر لە تاشە بەردو قسڵ ساز کراون، بەڵام نمای دەرەوەیان لە تاشە بەردی گەورەی تاشراو کە زۆر وەستایانە سیقاڵ دراون‌و بەبێ بەکارهێنانی قسڵ یان گێچو بەشێوەی وشکەچن لەسەر یەک ریز کراون.

لە لای باشووری پەرستگەکە پلیکانێکیدوولایەنە بە درێژایی ١٥٤ میتر سازکراوە کە هەر ٢ تا ٥ پلیکانی لە تاشەبەردێک تاشراون. ژمارەی ئەو تاشەبەردانەی کە پلیکانەکانی لێ ساز کراوە لە پلیکانی خۆرهەڵاتەوە ٢٦ دانە و لە پلیکانی خۆراواوە ٢١ دانەیە کە بە سەرنجدان بەوەیکە ئێستا تەنیا ٨,٢ میتر لەو پلیکانانە ماوەتەوە؛ هەندێک لەسەر ئەو بڕوایەن کە ژمارەی پلیکانەکان زیاتر لەو رادەیەیە کە باسمان کرد.فۆڕمو شێوەی سازکردنی ئەو پلیکانانە دەگمەنەو تا ئێستا لە هیچ‌کام لە ئاسەوارە باستانی‌یە جیهانی‌یەکاندا وێنەکەی نەبینراوە.

نمای دەرەوەی بیناکە بە کەڵک وەرگرتن لە بەردی گەورەترەوە تاشراوەو لە هەندێک شوێن‌دا بۆ پێکەوەچەسپاندنی بەردەکان لە بەستی ئاسنی کەڵکیان وەرگرتوە.

دیواری دەوروبەری بیناکە کە کۆڵەکە بەردینەکانی لەسەرە، خۆی لە دوو بەش پێک هاتوە، بەشی ناوەوەی لە خڕکە بەردو تاشە بەرد لە ئەندازەی جۆراوجۆرو بە کەڵک وەرگرتن لە قسڵ لەسەر یەک چنراون‌و بەشی دەرەوەشی بەهۆی ریزە بەردێکی تاشراو رازێنراوەتەوە. بەرزی ئەم دیوارەش بە سەرنجدان بە لێژی ئەو تەپۆڵکەیەی کە بیناکەی لەسەر ساز کراوە، جیاوازەو لە چوار میترەوە تا ١٢ میتر بەرزە کە هەندێ لە لێکۆڵەران






بە پشت بەستن بە زانستی بیرکاری‌و هەندسە، بەرزایی ئەو دیوارە لە بەشی باشووری خۆراواوە تا ١٨ میتر دەخەمڵێنن.
لەسەر دیوارەکانی ئەم بینایە، بێجگە لە دوو ریز پلیکانی باشووری پەرستگەکە، ریزە کۆڵەکەیەکی بەردینە چێ کراوە کە کـورت‌و ئـەسـتـوورن. قامەتی هەر کۆڵەکەیەک لە پایە، ساقەتەو سەرەکۆڵەکە پێکهاتوە کە کۆتەرەی هەر کۆڵەکەیەکیش ١٤٤ سانتەو لەسەریەک ٣٥٥ سانتی میتر بەرزە. ئەم کۆڵەکە بەردینانە بەپێچەوانەی ئەستوونەکانی پاسارگاد سادە، کورت‌و ئەستوورن‌و زیاتر وەک نەردەو رازێنەری پەرستگەکە چێ کـراون. لە هـەر ١٢٠ میتری دیواری خۆراوای پەرستگەکە، ٢٠ تا ٢٤ کۆڵەکەی لەو چەشنە ساز کراوە کە ئێستا تەنیا ١٦ کۆڵەکەی لێ جێماوە.
بلووکە بەردینەکانی ئەم پەرستگەیە لە کانگەلی جۆراوجۆری وەک کان یان مەعدەنی باغی میللی، کان یان مەعدەنی ئەڵڵادانێ‌و رۆستەماوا دەرهێنراوە، بەڵام یەکێک لە گرینگترینی ئەوانە کان یان مەعدەنی چلمەرانە کە لە سێ کیلۆمیتری خۆراوای پەرستگەی ئاناهیتا هەڵکەوتوە؛ لەم مەعدەنەدا بلووکی نیوەکارە، بەردی رێک‌وپێک کراو و کۆڵەکە بەردینەی نیوەکارەی زۆر بەرچاو دەکـەوێ.
ئاوی ئەم پەرستگەیە بە جۆگەی لە بەرد ساز کراو لە رووباری شاپوورەوە دابین بووە، جۆری دابەش کردنی ئاو و گەڕانی ئاوی نێو پەرستگەکە، یەکێک لە نموونە سەرسووڕهێنەرەکانی زانستی ئەندازیاری ئەو سەردەمە بووە. لە چوار لای بیناکە، داڵان‌گەلێک ساز کراون کە لەوان‌دا ئاو بە شێوەی دوو لایەنە یان چوون‌و هاتنەوە بەرەو ناوەڕاستی پەرستگەکە کێشراوە. ئەم داڵانانە لە تاشەبەردی گەورە دروست کرابوون کە لانیکەم لایەکیان ساف بووەو نماکەی بە مەلاتی قسڵ داپۆشراوە. لە ناوەڕاستی پەرستگەکەدا حەوزێکی چووکە لە ئەندازەی ١٠ لە ١٠ و بە قووڵی ٢٠ سانتی میتر دروست کرابوو کە ئاوی داڵانەکانی دەهاتەوە ناوی. لە ناوەڕاستی بیناکە داڵانێک سازکراوە کە ٩٤ میتر درێژو ٩,٣٠ میتر پانەو ٣ تا ٥ میتر بەرزە.
ئەم چاڵە گەورەیەش کە رێگایەکی بـچـووکـی هـەیـە، شوێنێکە کە دانیشتوانی پەرستگەکە خـواردن‌و شەرابەکانیان تێدا هەمبار کـردوە.
لە ماوەی مێژوودا گەلێک گەشتیارو جوغرافیانووس باسی پەرستگەی ئاناهیتایان کردوە، بەجۆرێک کە ئیزیدۆر خاراکسی» لە ساڵی ٣٧ی زایینی، ئەم شوێنە وەک پەرستگەیەک بۆ خواژنی ئارتیمیس ناو دەبا و لە سەدەی سێیەمی کۆچی وەک «قەسروسووس»، «قـەسـرێ کـەنـگـەوەر» و «کۆشکی خـوسـرەو» نـاو بـراوە.
هێندێک لـە مـێـژوونـووسـان ئەم بینایەیان وەک پەرستگەیەک بۆ خواژنی ئاناهیتا(خواژنی ئاوە خوڕەکان، جوانی‌و بەرەکەت) زانیوە کە توخمی ئاو یەکێک لە چوار توخمی پیرۆزو جێی رێزی کوردەکان بووە. هێندێکی دیکە لە مێژوونووسان ئەم بینایەیان وەک کۆشکێکی ناتەواو بۆ خوسرەو پەرویز ناساندوە. «سیف الله کامبخش فرد» لێکۆڵەری بینا، ئەو پەرستگەیەی بۆ سێ قۆناغی هەخامەنشی، ئەشکانی‌و ساسانی دەگێڕێتەوەو مەسعوودی ئازەرنووشیش وەک کۆشکێکی ناتەواوی خوسرەو پەرویز لە کۆتایی سەردەمی ساسانی دادەنێ.
داخوا ئاناهیتا یان خوداژنی کوردی، ئوستوورە بووە یان بەشێک لە مێژوو، تا ئێستا روون نەبۆتەوە کە لەکەیەوەو لە کوێڕا هاتوە، بەڵام زۆر بەڵگەی مێژوویی هەیە کە دەریدەخا کە بۆ مـاوەی سـەدان سـاڵ ئـەم خوداژنە هەبووەو خەڵکی پەرستوویانەو ئەو کۆتەڵانەی کە لەم خوداژنە لەبەردەست دان‌و زیاتر لە مووزەی وڵاتانی بیانی پارێزراون، ئەوە دەردەخەن کە ئەو ژنە بێ جلک بوو و سەرچاوەی ئاو بووە یان خوای ئاوەکان بووەو تان‌وپۆیەکەی لە ئەهوورا هۆنراوەتەوەو لە زۆر ناوچەی دیکەی ئێران پەرستگەی بۆ ساز کراوە.



ئەم فریشتە مێینەی کورد جیا لەوەی لە ئەوێستادا لە بەشی **٦٥**ی یەسنادا ئاماژەی پێکراوەو لە تاقی بوستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە حەسەن کێف لە باکووری کوردستان وێنەکەی هەڵکۆڵراوەو هەمیش لە کەتیبە باستانی‌یەکانی پاکوولی لە باشووری کوردستان‌دا ناوی هاتوە. بەهاتنی لەشکری ئیسلام تەواوی پەرستگاکانی ئاناهیتا دەکەونە بەر شاڵاو و لەپێش‌دا بە بیانووی رووت بوونی کۆتەڵەکانی ئاناهیتاوە، هەڵدەکوتنەسەر ئەو کۆتەڵانەو تێکیان دەشکێنن‌و وردیان دەکەن‌و تەنیا چەند دانەیەکیان لە لایەن خەڵکەوە بە ناتەواوی قوتار دەکرێن. یەکێک لە کۆتەڵەکانی ئاناهیتا ئەم وێنەیەیە کە لە نێوان دوو ئەهوورامەزداو پاشایەک‌دا راوەستاوەو ئی سەردەمی ئەشکانیانە. وێنەیەکی‌تر لە ئاناهیتا ئەم وێنەیەیە کە ئاناهیتا لەسەر پشتی شێرێک راوەستاوەو دوو شێر ئاگایان لە ئاناهیتا بووەو کاتێک هێرشبەران، ئاناهیتا لەسەر پشتی شێرەکە لادەبەن‌و دەیشکێنن، خەڵکی خۆری لە جێ دادەنێن‌و ناوی دەنێن خورشید خانم.

سەبارەت بە ئاناهیتا لە سەرچاوە مێژووییەکان‌دا هاتوە کە: «ئاناهیتا خوداژنی تەواوی ئاوەکانی سەرزەوی‌و سەرچاوەی ئوقیانووسی جیهانی‌یە، ئەو سەرچاوەی ژیانەو بەو پێیەی کە پێوەندیی بە ژیانەوە هەیە، شەڕکەرەکان لە کاتی شەڕدا، زیندوومانەوەو سەرکەوتنی خۆیان لێ داوا کردوە».

تا ئێستا لە دەوروبەری پەرستگەی ئاناهیتادا سێ جۆرە گۆڕ دۆزراوەتەوە:

جۆری یەکەم: ئەو گۆڕانەن کە لە خودی تەپۆڵکەی ئاناهیتادا هەڵکۆڵراون‌و ئەندازەکەیان **٦٠** لە **٢٠٠** سانتی میترەو کۆمەڵێک سککەی سەردەمی فەرهادی یەکەم لە ساڵی **١٧١**ی پێش زایین‌و دەورانی ئەرد سێیەمی ئەشکانی لە ساڵی **٣٧**ی پێش زایینی تێدا دۆزراوەتەوە.

جۆری دوەم، ئەو تابووتانەیە کە لە سواڵەت ساز کراون، ئەم سواڵەتانە بێ لعاب یان لینجاون‌و **٢١٠** سانتی میتر درێژو **٣٥** سانتی میتر پان‌و **٣٠** سانتی میتریش قووڵن کە مردووەکانیان بەلاتەنیشت تێدەنا و دوای ئەوەی سەری تابووتەکانیان بە دەرخۆنەی سواڵەتی دادەپۆشی، تابووتەکانیان دەخستە نێو ئەو حوفرە یان قووڵکانەی کە لە تەپۆڵکەکەدا هەڵکۆڵراوبوون.

جۆری سێیەمیش ئەو لینە یان خومرانەن کە مردووەکانیان تێ‌دەخستو زارکەیان بەهۆی تەختە بەردێک دەگرت؛ شوێنەوارناسان لەم جۆرە لینکانەیان خومرانەیان لە دەشتی موغانیش دۆزیوەتەوە.

لە ئێستادا، گۆڕستان‌و مزگەوتێکی کۆن لە باکووری پەرستگەکە وەبەرچاو دەکەون‌و ژمارەیەک دووکانی نوێش لە رۆژهەڵاتی پەرستگەکەدا دروست کراون.

هەرچۆنێک بێ، سەرەڕای بایەخی زۆری ئاناهیتا و ناوازەو تاقانەبوونی، بەداخەوە زۆرترین کاولکاری لەم بینایەدا، لەم ماوانەی دوایی‌دا و لە لایەن کەسانێکەوە ئەنجام دراوە کە بەشێکیان بە ئانقەستو بە مەبەستی سڕینەوەو کاول کردنی ئەو ئاسەوارە مێژووییەی کوردستان‌و هەندێکیشیان نەدانستەو لە بێ ئاگایی‌دا، زیاتر لە بەڵای سروشتی لە تێکدان‌و وێران کردنی ئەم بینا مێژووییەدا دەستیان هەبووە.

ئەم میراتە بەنرخە، سەرەڕای ئەوەیکە لە مەترسی تیاچوون‌و دارمان دایە، بەو حاڵەش ساڵانە گەشتیارێکی زۆر لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات رووی تێدەکەن‌و گەرچی کەسانێکی خەمخۆرو نیشتمان دۆست زۆر لە مێژە لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەم ئاسەوارە مێژووییە لە یونیسکۆ تۆمار بکرێ، بەڵام دەستانێکی نگریسبە تێکدان‌و رماندنی زیاتری بیناکە دەیانەوێ ئەم شوێنەوارە کەونارە تۆماری جیهانی بۆ نەکرێ‌و مخابن دەسەڵاتداران لە ئاست رووخاندن‌و شێواندنی هەر رۆژەی ئەم شوێنەوارە گرینگە، زۆر کەمتەرخەمن‌و نە تەنیا هیچ هەوڵێکیان لە پێناو نووژەن کردنەوەی نەداوە، بەڵکوو لە بەرامبەر دەستکاری‌و کاولکاری‌یەکانیشی‌دا بێ‌دەنگو خەمساردن‌و هەر ئەم بە هێندنەگرتنانە ئەوە دەردەخەن کە هەر بۆ خۆیان رێخۆشکەرو لە پشت تێک رماندن‌و بەتاڵان بردنی ئەو ئاسەوارە کەونارەی نیشتمانی کوردان دان.



# چۆن ئەو ئاگرە وەکوژێنین؟!




ئەحمەد مەکلاوەیی

رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەیە بە دژی سەرانی رێژیمی جەهل‌و نەزانی خومەینی‌و بیرو باوەڕە چەوت‌و دواکەوتووەکانی لە بوارە جیا جیاکان‌دا بۆ رزگاری خۆیان لە ژێر ئەو هەموو پیلانە ماڵوێرانکەرانەی، خەبات دەکەن‌و، خەو و خواردنیان لە خۆ حەرام کرداوە کە لەو رێگەش‌دا بە هەزاران هەزار ئەندامی خۆیان گیانیان بەخشیوە. بەڵام بەداخەوە زۆر لە خەڵکی نەفس نەزم‌و پارە پەرست لە بوارە جیا جیاکان‌دا بە دژی خەڵکی خۆیان کە تەنیا قازانجی بۆ رێژیم‌و بە گشتی بۆ دوژمنانی کورد بووە، جووڵاونەوەو لە هیچ کردەوەیەکی خراپ خۆیان نەپاراستووەو ئەوەی لە دەستیان هات بێ بە دژی خەڵکی خۆیان ئەنجامیان داوەو لە پێناو پووڵ‌و پارەدا خۆیان فرۆشتووەو زۆر لە خەڵکی نەتەوەکەیان‌و باوەڕەکەیان لە رێگەی وەدەست هێنانی پووڵ‌و پارەدا کردوونە قوربانی سیاسەتی چەوت‌و دژە مرۆییەکانی رێژیمی ئاخوندی ئێران. ماوەی چەند ساڵێکە رێژیمی جەهل‌و نەزانی بە پیلانێکی‌ترەوە دەستی ئەنقەستی هاویشتۆتە ناوچەکانی کوردستان بە گشتی‌و، بە تایبەتی سەردەشت‌و رەبەت‌و نەڵاس‌و... و، لە رێگەی هەندێک زۆڵە کوردو پارە پەرستانەوە خەڵکیان تووشی دروست کردن‌و سەرف کردنی ماددەی «شیشە» کـــردوەو، بە شێوەیەکی بەرچاو روویان لە کاری دروست کردنی ئەو ماددە ماڵویرانکەرو سووتێنەری کۆمەڵگای کوردەواری کردوە کە ئێستا وای لێ‌هاتوە کە کەس ناوێرێ لە منداڵانی خۆیان خافڵ بن‌و ئەمنییەتی بۆ لاو و منداڵ‌و کەسە پاکەکان نەماوەتەوە، هەر بۆیەش پێویستە کە بەڕاستی رۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو شوێنک‌و بە هەموو توانایانەوە بکەونە خۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانەی دوژمن، تا خەڵکی بە شەرەفی کوردستان لەو باتلاقەی تێی کەوتوون رزگاریان بێ‌و، لەگەڵ ئەوەش‌دا پێویستە کە هەنگاوێکی جیددیی‌و لێ‌بڕاوانە بۆ لە نێوبردنی ئەو کەسانەی کە لەم رێگەوە بوونە میلیاردلەرو لە ئێستا و لە رابردوودا ئەسڵەن هیچ جۆرە رەحم‌و بەزیی‌یەکیان بە خەڵک‌دا نەهاتوەو نایەت، بکەونە خۆو لە ناویان بەرن.

لێرەدا پێویستە کە لاوانی بە ئەمەگ‌و گـەل دوســـت‌و نیشتیمان‌پەروەری نەتەوەکەمان بە هەموو توانایانەوە بۆ لە نێوبردنی ئەو کەسانە بکەونە خۆو بۆ خەڵکی‌تر کە دەیان‌هەوێ روو لەم کارە دزێوە بکەن، بیانکەنە دەرسی عیبرەت‌و کۆتایی بەو ماڵوێرانکەریە بێ‌و خەڵکی مەزڵوومی کورد لەو بەڵایە نەجاتی بێ. ئێستا لە زۆربـەی مووچەو مەزراکانی خەڵکی دەوروبەری رەبەت‌و سەردەشت زۆڵە کوردەکان خەریکی دروست کردنی ئەو ماددە ماڵوێرانکەرەن، رێژیمی دژی گەلی کۆماری بە ناو ئیسلامی هیچ کاری بەسەر ئەو کەسانەوە نیە کە راستەوخۆ بە دەستووری ئەوان ئەو ماددە گڵاوە دروست دەکەن‌و دەی فرۆشن، بەڵام بۆ شوێن ونکەی کەسانی خۆیان جاروبار هەڵ‌دەکوتێتە سەر هەندێک کەس کە شکی‌تری لێیان هەیەو بەو بیانووەوە تا کۆمەڵگا دەنگی لێوە نەیەت، دەیان‌گرێ‌و لەم رێگەوە کەسە ئەسڵی‌و سەرەکی‌یەکان کە ئەم ماددە دروست دەکەن‌و دەی فرۆشن بشارێتەوە کە دەوڵەمەند بوونە. بەڵام خەڵکی کوردستان لەوە وشیارو زیرەکترن‌و کەسە ئەسڵیەکان باش دەناسن کە خەریکی ئەو کارەن‌و بوونە

خاوەن ماشین‌و ئاپاڕتمان‌و کورد وتەنی: لە ڕێگای نامەشرووعەوە بوونە لۆرد!

لێرەدایە کە ئەرکێکی نیشتمانی‌و گەلی کەوتۆتە سەر شانی خەڵکی بە شەرەف‌و پاکی کوردستان‌و لە سەرووشیانەوە لاوە شۆڕشگێڕو نەتەوە پەروەرەکان کە بە جیددیی بەگژ ئەم پیلانە نگریسەی چڵکاوخۆرانی سەدە نێوەڕاستی‌یەکان‌دا بچنەوەو ئەوانەش کە هۆکاری سەرەکین‌و خەڵکی ئەو ناوچەیە بە گشتی دەیان ناسن ناوەکانیان لەنێو خەڵکی‌دا بڵاو بکەنەوە تا بکەونە سەر زارو زمانان کە بە هەموو پێوەرە ئایینی‌یەکان کوشتنیان حەڵاڵە.

لێرەوە داوا لە هەموو خەڵکی نیشتمان‌پەروەری ڕۆژهەڵات بە گشتی‌و خەڵکی ناوچەی سەردەشت بە تایبەتی دەکەین کە ئەوەش یەکێکی دیکە لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی‌یە بە دژی خەڵکی قارەمان‌و چاونەترسی گەلەکەمان، چونکە دەزانێ گەلی کورد بەو جۆرە بایانە دانایەو وەلەرزە ناکەوێ‌و هەموو ڕێگاکانی لە خشتەبردنی خەڵکەکەمانیان تاقی کردەوە لە هیچیان‌دا سەرکەوتوو نەبووەو ناش بێ، بەڵام بەداخەوە هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ‌کرا هێندێک کەسی نەفس نزم‌و پارە پەرەست‌و خۆفرۆش خەریکن لە ڕێگای تەماع‌و ماڵی دونیادا ئەو ئاواتە نگریسەی کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێکە خەریکە هەر لە زیندانی کردن‌و ئێعدام‌و دەست بەسەرکرانی لاوەکانەوە کە تەنەخی نەکردوە، ئەو خەوەی بۆ نەهاتەدیی، ئێستا ئەوان بۆی وەدیی بێنن‌و کوردستانەکەی بکەنە گۆڕستان! کورد راستی فەرمووە: «دزو خاوەن ماڵ کە بوونە یەک، گای بە کلاوکەی‌دا دەبەنە سەر»!

ئێستا ئەوانە راستەوخۆ یارمەتی کۆماری ئیسلامی دەکەن بە نیسبەت بڵاوکردنەوەی مادده هۆش‌بەرەکان، ئەویش بە تایبەتی ماددەی شیشە! لەو ڕێگایەوە مێشکی گەنجەکانمان دەشواتەوە کە ئیتر نە نامووس، نە شەرەف، نە وڵات‌و نیشتمان‌و گەلیان بۆ گرینگ دەبێ‌و هەر هەمووی دەفرۆشن بە پارچە شیشەیەک!

بەو هیوایە لەو خەوە راپەڕن‌و ئەو ئاواتە لەمێژینەی کۆماری ئیسلامی کە دەمێکە خەوی پێوە دەبینی، بۆی نەیەننەدیی‌و مشتێکی پۆڵایین لە دەمی سەرانی ئەو ڕێژیمە بدەنەوەو پێی بڵێن کە گەلی کورد زۆر لەوە وشیارترە کە ئێوە بیری لێ‌دەکەنەوە!



# مادده هۆشبەرەکان وەک پەتایەکی کۆمەڵایەتی‌و جیهانی!





ئامادەکردن و وەرگێران: هیوا راعی

ئێعتیاد چی‌یە؟!

ئێعتیاد یانی عادەت کردن، خووگرتن‌و خۆ بۆ دانانی عادەتێکی ناشایستە تەرخان کردن یان بە واتایەکی‌تر تووش‌بوونی دیلی ئاسا بە ماددەی سڕکەر کە لە روانگەی جیسمی یان کۆمەڵایەتی‌دا زیان هێنەر بژمێردرێ، پێی دەڵێن ئێعتیاد.

تووش‌بوون بە ماددەی هۆشبەر جۆرە نەخۆشی‌یەکی دەروونی، کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یە کە بەچەند فۆرم‌و شێوەیەکی لە سەرخۆ لە نێوان لەشی مرۆڤ‌و ماددەی کیمیایی‌دا دەکەونە ژێر کاریگەری یەک‌لەدوای یەکیئەو ماددانەوە.

مۆعتادکێ‌یە؟!

کەسێک کە خاوەنی ئۆگری جەستەیی‌و دەروونی‌یە لە هەمبەر مادده سڕکەرەهۆشبەرەکان‌و نائاگایانەو بە شێوەی بەردەوام بەکاری دەهێنن.

پێشەکی:

ناساندنی مادده هۆشبەرە ناسراوەکان لە جیهان‌و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە پێی ئەو راپۆرتەی رێکخراوە جیهانی‌یەکان بە پێنج بەش دابەش کراوەو بریتین لە:

ئەلف: سوننەتی‌یەکان:

ئەم بەشە لە مادده هۆشبەرەکان ئەمانە لەخۆ دەگرن وەک تلیاک،شیلەی تلیاک، مۆرفین، هێرۆئین، کۆدۆئین، حەشیش، گراس، ماری‌جوانا، بەنج، شادانە کە بەشێوەیەکی وردتر دەیان ناسێنین.

ب: پیشەسازی‌یە سڕکەرەکان:

کحۆل (الکل)، چێرس، مسکاڵین، «ئێل.ئێس.دی»، «دێ.ئێم.دی»!

پ: کیمیایی‌یەکان یا وزەهێنەر:

کۆکایین، کراک، قات یاقەت، کراتۆن، ناس، ئامێفتامین، شیشە یا بلۆر.

ج: حەبە هۆشبەرەکان:

ترامادۆل، مێتادۆن، تەمجیزەکو نۆر چیزەک، مێتائامێفتامین، ریتالین، یانپراک، دیفنۆکسیلات، ئێکستازی.

د: حەبە خەوهێنەرەکان یا بنزۆدیاسپینەکان:

دیازپام، ئیگزازپام، لۆراسپام، کلۆرۆدیازپۆکساید، ئاڵپرازۆلام، هەلازپام، پرازپام، فلۆرازپام، تەمازپام، کرۆنازپام، باربیتۆراتەکان، فێنۆباربیتاڵ‌و سکۆباربیتاڵ!

هەنووکە دەچینەسەر زەرەرو زیانەکانی تاقمێک لەو ماددانە:

١: تلیاک:

زۆربەی خەڵک دەی‌ناسن، مێژوویەکی کۆن‌و بەناوبانگ‌ترین ماددەی هۆشبەرە کە لە گیای خەشخاش بە دەست دێ، ئەم گیایە بە پێی لێکۆڵینەوەی زانایان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ساڵ لەمەوپێش کە لە ناوچەی دەریای نێوەڕاست چێندراوە. رابردووی ئەم گیایە دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ هەزار ساڵ لەوەپێش کە لە وێنە بەردینەکانی سەردەمی سۆمەری‌یەکان بەجێماوەو هەروەها بەپێی ئەم نووسراوانەو ئەو بەڵگانەی کە لەبەر دەستدان ناوی ئەو گیایە بە «ئێفیۆم یا ئیپیۆم» هاتوە.

٢: شیلەی تلیاک:

دوای بڕینی گۆپکەی گوڵە خەشخاش، شلە ماددەیەکی سپی لێ دەچۆڕێتەوە کە پێی‌دەگوترێ شیلەی تلیاک. ئەم شیلەیە بە کارلێکی کەش دەگۆڕدرێ‌و دواتر رەنگی بۆر دەبێ.

٣: هێرۆئین:

ئەو مادده لە ئاوێتەیەکی کیمیایی دروست دەکرێ‌وکاریگەری زۆری لەسەر تاکی بەکارهێنەر دەبێ‌و لە کورت ماوەدا ئاسەوارەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.بەهێزترین‌و ماڵ‌وێرانکەرترین ماددەی سڕکەری هۆشبەر لە جیهان بە ئەژمار دێ کە لە




ساڵی ١٨٧٤ی زایینی لە لایەن زانایەکی بریتانیاییەوە دروستکراوەو لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو ماددەیە لە لایەن زانایانی ئاڵمانی لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی ئامادەکراوەو ئەویان وەک دەرمانێک ناساندوە. یەکەم تاقیگەی بەرهەم هێنانی هیرۆئین لە ئێران لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی دوکتۆر موستەفەوی دارێژراو شێوەی بەرهەم هێنان‌و جیاکردنەوەی هیرۆئین لە تلیاکی فێری کۆمەڵێک کەس کرد کە ئاکامی ئەمەش بوو بە هۆی زۆر بوونی ژووری بەرهەمهێنانی زیاتری هیرۆئین لە ئاستی ئێراندا.

کاریگەرییەکانی ئەم ماددە:

ـــ دوورەپەرێزی لە کۆمەڵگا و بنەماڵە!

ـــ نەبوونی بەرپرسیارەتی‌و ئەو ئەرکانەی کە لە ژیانیدا دەکەونە سەر شانی!

ـــ بێ‌متمانەیی‌و تووش بوون بە نەخۆشییە ڤایرۆسییەکانی وەک ئایدزو هێپاتیتب!

ـــ کێشەی ناموسی، دزی، تووش بوون بە تاوانی کوشتن.

ـــ هەڵوەشاندنەوە شیرازی بنەماڵەو بێ ئیرادەیی‌و تووش بوون بە خەمۆکی‌و دڵەراوکێ!

ـــ لەدەست دانی کارو پیشە!

٤: کراک:

ئاوێتەیەک لە کۆکائین ـــ هیروئینە کە لایەنی بێهۆشکردنی زۆرە، شوێن‌دانەرە. لەڕاستیدا کراک جۆرێک کۆکائینە کە دەستسازەو زۆرجار بە قەنەی شووشەیی بە کار دەهێندرێ. بۆ کەسی تووش‌بوو بە کراک تەنیا چەند مژ کراک بەسە بۆ تووشبوونی هەتاهەتایی بەم ماددەیە.

ئاسەوارەکانی تووش بوون بە کراک:

ـ خەواڵوویی!

ـ سستی‌و تەوەزلوولی

ـ لە دەستدانی توانای جەستەیی‌و فکری!

ـــ تێکچوونی ڕەنگی دەمو چاو و پێست!

ـــ ڕزینی پێست‌و گۆشت‌و ئێسک‌و کرمێ‌بوونیان‌و هەڵوەرینی مووی سەرو چڵک‌کردنی لەش!

ـــ لەرزۆکبوونی پێگەی کەسێتی‌و کۆمەڵایەتی، تووشبوون بە دزی‌و تاوانی کوشتن‌و سواڵکردن‌و بێ‌ناموسی.

٥: ئێکستازی (حەبی ئێکس):

ئێکستازی یان «میتیلێن دی ئێکسی میتیل ئامفتامین» کە لە بنەماڵەی ئامێفتامینەو بە حەبی خۆشی‌هێنەر بەناوبانگە. ئیکستازی بە شێوەی خواردن، بنێشتی جووین، کەپسوول‌و هەروەها کوتان‌و کێشان بەکار دەهێندرێ. ئیکستازی زیاتر لەنێو لاوانی چالاکدا کاربەری هەیە کە هێمای خۆشگوزەرانی‌وپڕکردنەوەی بۆشایی‌ژیان‌و خوێندنە.

ئاسەوارە نەرێنی‌یەکانی ئێکستازی:

کزبوونی بینین، کەمبوونی ئیشتا لە خواردن، سووڕانی ناسروشتی چاو، گۆڕان لە پلەی لەشدا و هەستکردن بە سەرما یا گەرمایەکی لە رادەبەدەر، گیرانی چەناگە، تووڕەبوون، تەنانەت زۆربەی ئەو حەبانە لەبەرگیراوەن واتە دەستکاری دەکرێن.بەکێک لە بەکارهێنەرەکانی ئێکستازی دەڵێ:«ئەگەر هەموو شەوێک ئێکستازی بەکار بێنن، ئەوە سەرما هەموو لەشتان دادەگرێ، گورچیلەتان لەکار دەکەون‌و لاق ئێشەتان دەبێ‌و هەروەها لێوو قامکەکانتان هێندە بە دادەجوون تا خوێنیان لێ دەچۆڕێ.

٦: خات یاقات:

خات یاقات جگە لەوەی کە بە شێوەی خۆرسک دەڕوێ، زیاتر لە ناوچەیەکی دیاری‌کراوی ئافریقاو نیمچەدوورگەی عەرەبستان دەچێندرێ، گەڵاکانی ئەو گیایە لەگەڵ بوونی چێژی خۆش‌بۆ بەکارهێنەر بەشێوەی جووینیش بەکار دەهێندرێ‌و هەروەها لە ریشەی ئەو




گیایە بـەدەسـت دێـولـە بنەماڵەی ئامفتامینەکانەوگاریکەری زۆری لەسەر مێشکی بەکارهێنەر دەبێو هەروەها لە بواری تووشبوونەوە زیاتر لە دە جار بە کاربهێندرێ تاکوو هەتاهەتە لە گەڵیدا دەبێ.بە پێی راپۆرتی رێکخراوی «ان. ای» لە سەدی **١٥** لە بریتانیاوە ئەو گیایە هاتۆتە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستوناسراوە.

**٧:** کرِاتۆم:
جۆرە دارێکە کە لە وڵاتی تایلەند دەروێو خەڵکی ئەو وڵاتە گەڵا تازە دەرکەوتووەکانی دەجوون یان وشکی دەکەنو هەر وەک سیگار دەیکێشن.

**٨:** بەنگ:
چێرس، ماری‌جوانا و گـراس لە بنەماڵەی ماددەی هۆشبەری حەشیشن. خـودی حەشیشە کـە لـە تۆزکەی دروسـت دەکـرێو لەسەر لقو پۆپە بە گوڵەکانیو بەرهەمە نیشتووەکەی گیا پێـگەیشتووەکانی شادانە بەرهەم دێوهەروەها لە بنەماڵەی ئەو ماددە هۆشبەرانەیە کە بە ماددەی شادی هێنەر ناویان دەبرێوگاریگەرییەکی زۆری لەسەر مێشکی بەکارهێنەر دادەنێو تووشی تەوەهوماتو شێتی دەبێ.

**٩:** پاپاوێرین:
ئاوێتەیەکی زۆر کاریگەری تلیاکە کە رەنگێکی سپی بلووری هەیەو ئاستی ژەهـراوی بوونی نێو هێندەی کۆدۆئینو مۆرفینە.پاپاوێرین لە ماددەی رەش(تریاک) بەدەست دێو کاریگەری لەسەر تووش‌بووبەم شێوەیە؛ لەسەر گەدەو ریخۆڵەو هەروەها لەسەر دەمـارە خوێنەکان، سـاردو گەرمی لەشیبەکارهێنەر کاریگەری دادەنێ.

**١٠:** زیانەکانی کحۆڵ( الکل):
کێشە یاسایيو کۆمەڵایەتی‌یەکان لە بەکارهێنانی کحۆل‌دا وەک؛کێشەی هاوسەرێتی، لـەدەسـت‌دانـی کـارو پیشە، لـەدەسـت‌دانـی کەسایەتی، هەڵ‌لەرزین، سستی بەیانیان، تووش بـوون بـە وەهـمـوفـێ، دڵـەڕاوکـێ، بـێ‌خـەویو نەخۆشی گـەدەو سپڵ.

**١١:** شیشە:
جۆرێک ماددەی سڕکەری بێ‌هۆشکەرە لە بنەماڵەی ئامفتامینەکان بە ئەژمار دێو لە تاقیگە رێگا پێنەدراوەکانو لە ژێرماڵەکان‌دا بە نهێنیو بە ئاسانی دروسـت دەکـرێ. شیشە بە شێوەی جۆراوجۆر بەکار دەهێندرێ، لەوانە: خــواردن، لە رێگای هەڵمژین بە لـووت، هەروەها لە رێگای کوتانو کێشان بە کەرەستەی تایبەتی خۆی.
کاریگەری بەکارهێنانی شیشە:
کەسانی تووشبوو رەنگی چاویان سوورەو روومەتیان گرژو ئارەقاوییە، نێوزارێکی وشکو ددانو پووکێکی رزیـوو بۆگەنیویان هەیە، توند قسە دەکـەنو زوو قـەڵـس دەبــن، لە کورت‌ماوەدا بە هۆی ئاڵۆزی مێشک، لەبیرکردنەوە، نابەرپرسیارەتی، جوێن‌دانو هەروەها وەهـمو قسەی پڕوپووچو لەرزۆکبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی، کارو پیشە، خوێندنو تەنانەت ژیانی هاوبەشیشیان دەکەوێتە مەترسی‌یەوە.
ئاسەوارەکانی تووشبوون بە شیشە:
ـــــ بێ خەوی!
ـــــ کەم ئیشتیایی‌یەکی زۆرو دابەزینی کێشی لەش!
ـــــ لەرزینی دەستو پێ!

— دڵەڕاوکێ و ترس و خۆف!
— زوو پیربوون!
— توندوتیژی!
— لاوازبوون لە هەنبەر نەخۆشی یەکانی پەتادا!
— لاوازی مێشک و فێربوون!
— تێکچوونی سپڵ و گورچیلە!
— فێ!

کاریگەری مادده سڕکەرەکان لەسەر کۆمەڵگا:

١: بوونی کێشەی بنەماڵەیی، نەزوکی، شەڕ، هەڵاوبەزم لەگەڵ بنەماڵەو دەوروبەری!
٢: نەبوونی هەست بەبەرپرسایەتی کردن لەنێو بنەماڵەو نەزانی لەبوارای ئەو کاریگەرییە خراپەی کەلەسەر کۆمەڵگادا هەیەتی.
٣: بوونی کێشەی ئابووری و بی بەش بوون لەئیش و کاروباری رۆژانەبۆ بژیوی خۆی و بنەماڵەکەی!
٤: گرینگی پێنەدان لەلایەن کومەڵگاوەبەهۆی نەبوونی رێزو حورمەتەوەلەنێو خەڵکدا.
٥: نەبوونی هیچ جۆرەپاڵپشتێکی ئابووری!
٦: لەئارادا بوونی ماددەهۆشبەرەکان بەشێوەی بەلاش یان بەپارەی کەم و هەرزان!
٧: بوونی درز لەنێوان چینەکانی کۆمەلگادا و گۆڕینی!
٨: قەبووڵ کردنی ئەو بێ‌بەندوباریەی کەهەیەو پەرەپێدان و ئەنجامدانی لەلایەن ئەو کەسەو هەوڵدان بۆ پەرەسەندنی بۆ نێو خەڵک بۆ نەپاراستنی ئەو ئەدەب و کولتووروداب و نەریتەی کەدەبێ هەبێ و بی پارێزن!
٩: بوونی ئازادی یەکی لەڕادەبەدەرو بێ سنوور کەدەبێتەهۆی خراپ بوون و تێکەڵ بوونی کۆمەڵگا!
١٠: فریوخواردن و بەهەڵەچوون لەو قسەسەرزاریانەی کەلەنێو کومەڵگادا هەیەتی و گاریگەری خراپ و ئیهمال کردنی ئەو کێشەو گرفتانەی کەدەبوو چارەسەری بکا، بەڵام نایکا!
١١: زۆر لێپرسینەوەیەکی بەبێ هۆکارو شەڕو کێشەی خێزانی و زخت کردنەسەر گەنجەکانمان کەوا دەکا پەنا بۆ ئەو ماددەهۆشبەرانەبەرن!
١٢: پەیوەندی گرتن بەکەسانی خراپی کومەڵگا!
١٣: نەبوونی بەرپرسایەتی لەلایەن بەرپرسان و ئەو رێکخراوانەی کەدژ بەماددەهۆشبەرەکانن و نەبوونی خەم خۆری خەڵک و بەتایبەتی کومەڵگاو ئەو کەسانەی کەپسپۆڕن لەبواری کومەڵناسی یەوە!
١٤: نەبوونی لێپرسینەوەلەلایەن خزم و کەس و کاری وماموستاوشارەزایانی کومەڵگاکەوادەکا نزیک بێتەوەلەو ماددەیە!

کاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر تاکەکەس:

١: گەیشتن بەچێژیکی تایبەت و خۆش رابواردن و لەبیرچوونەوەی ئەو ناخۆشی یان بەواتایەکی تر ئەو خەم و خەفەتانەی رۆژانەکەهەیەتی.
٢: هەست کردن بەچێژیکی زۆر تایبەتی وجەستەیی ودەروونی، بەڵام بەشێوەی کاتی.
٣: بوونی کێشەی خۆی) تاکەکەسی (وبنەماڵەیی کەرێگاخۆشکەرەبۆ ئەوەیدەرباز بێ لەوگیروگرفتانەی.
٤: تیکچوونی بواری مێشک و رەوانی.
٥: بوونی کەسایەتی نائاشکراوگەندەڵ و ناقانع.
٦: نەزانی و بێ ئاگا بوون لەو ئیشەماڵ وێرانکەرەی کەدیکات.
٧: بەدواداچوونێکی بێ بنچینەکەوادەکا مێشک وبیرکردنەوەی لەیەک ئاستدا نەبێ وپێ خوس بوون وبڕیاردان لەسەر بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکانی تر کەلەلایەن کەسانی ترەوەبەکار دەهینرێ.
٨: نەبوونی کەسایەتی و رێزو ئیحترام ونەبوونی مەبەستێکی روون وئاشکرا.
٩: تەمبەڵ بوونی مێشک لەبواری بیرکردنەوەوبڕیاردان و زەق بوونەوەلەبەرچاوی خەڵک.
١٠: هەبوونی هاورێی خراپ ورۆیشتن بۆئەو شوینەوارانەکەماددەی هۆشبەری تێدایە.

ئەو کاریگەری و تایبەتمەندی یانەی کە ماددەی بێ هۆشکەر لەسەر تاکەکەس و کومەڵگادا هەیەتی:

١: لەنێوچوونی سەلامەتی و تەندروستی ئەوکەسەو کۆمەڵگا کەکاریگەری جەستەیی و رۆحی هەیە.
٢: پێکهێنانی بوارێکی خراپ لەکۆمەڵگاو) چاولێکەری (وشەڕو هەڵلابەدواداچوون بۆ ئەو شتانەی کەپێوەندی بەو کەسەوەنیە، ئەو کەسانەکەتووش بوون بەو ماددەلەکۆتایی دا یان شێت دەبن یان تووشی کێشەدەبن لەپێکهاتەی مێشکیاندا.
٣: خۆکوشتن یان خەڵک کوشتن لەلایەن تووش بووەوە.
٤: بەدواداچوونی ئیشی خراپی تاکەکەسی یان کومەڵایەتی وەکوو دزی، خۆفروشتن، کوشتنی خەڵک و بارمتەگرتنی خەڵک، کارەخراپەکان بەگشتی.
٥: دوورکەوتنەوەلەکۆبوونەوەکان داو نەبوونی کەسایەتی لەنێو کومەڵگادا، لەوانە هەڵاتن لەیاسا و دەربازبوون و خۆدزینەوەی لە پێڕەوی سیستەم و ئەو بەڵێنانەی کەبە بنەماڵەکەداویەتی.
٦: دوورکەوتنەوەی لەکومەڵگاو خەڵک و دۆست و برادەرو بەتایبەتی لەبنەماڵەکەی.
٧: مانەوەی بۆماوەیی ئەو



پەتایەوگواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتووکەکومەڵگای دوارۆژیش تووشی گەندەڵیو قەیرانو کارەسات دەکا.

پێگەی کەسێتی بەکارهێنەری ماددەهۆشبەرەکان:

١: لەنێوان ئەو کەسەو تووشبووندا پێوەندییەکی راستەوخۆ هەیە، واتەئەو کەسەبەهۆی گیروگرفتی لەرادەبەدەر، نەهامەتی، پێداویستییەکانیو ئەو شکستانەی کەلەژیانیدا تووشی بووە، بەناچار پەنا دەباتەبەر ماددەهۆشبەرکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ژیانی.

٢: وابەستەییو خووگرتنی زۆر بەو ماددەیەوادەکا کە غیرەتو هەستی بەرپرسیارەتی لاواز بێو لەبواری مێشکو بیرەوەریدا بەرەو نزمبوون بچێو نەتوانێ بەشێوەیەکی دروستو راست بیربکاتەوە.

٣: خانەکانی مێشکی ئەو کەسەلەماوەیەکی کەمدا بەتەواویەتی لەکار دەکەونو خانەی نوێ دروست نابێو تووشی شڵەژانو خوێن ڕێژی مێشکو ویشک بوونی دڕکەپەتکی دەکا.

٤: لەلایەنی جەستەییەوەبەکەسێکی لاوازو بێتوانا دەردەکەوێ، هەروەها تووشی ئاورێژنەی چاو و سووتانەوەی بیلبیلەی چاودەبێ، لەلایەکیتریشەوەدەمو ددانی ناتەندروستو تووش بوون بەقوڕگ ئێشەو ئاوی لووتو دەمو فڕێدانی بڵغەمو هەروەها توندی هەناسەکێشان دەبێ، کەسی تووشبوو تەنانەت لەخواردندا ناتوانێ وەک کەسێکی ئاسایی ژەمەکانی بەدروستی بخوا، تووشبوو لەوەها دۆخێکدا تووشی ریخۆڵەکوێرەو ئازاری گەدەو میزەچۆڕکێو بەلەفیڕەدەبێ. بەشێوەیەکیتر ئەو کەسەرەنگی زەردێکی سووتاو بەخۆی دەگرێو ژێر چاوو لێوەکانی رەش، دەنگی گڕو هەستی بیستنی لاواز دەبێ.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەمانهەوێ تۆزێک لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو هێنانی ماددە هۆشبەرەکان بۆ روژهەڵاتی کوردستان بدوێن:

١:بە کۆیلەکردنی مێشکی خەڵک بە تەواویو نەهێشتنی بیرکردنەوە لە بزاڤی نەتەوەییوشۆڕش.

٢:تێک چوونی پاڵپشتی ئابووریو هەروەها تێکدانی شیرازەی بنەماڵەیی.

٣:هاندانی خەڵک بۆ ژێر سەیتەرەی خۆی بە کەڵک وەرگرتن لەو زەعفانەی کە لە مرۆڤی توشبوو دیگرێ.

٤:هاندانی گەنجەکانمان بۆ کێشان یان قاچاغ کردنی ئەو ماددەیە.



٥:نموونەی شاری سەردەشتورەبەت کە بۆتە کانگای شیشە لە ئیرانو روژهەڵاتی کوردستان.

٦:نەهێشتنی هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەک لەڕاستییەکانی ژیانوهەروەها بیرکردنەوە لە سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی.

٧: بە شێوەیەکی گشتی حکوومەت بۆخۆی یەکێک لەو هۆکارانەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ماددە ماڵوێرانکەرە بە تایبەت لەنێو گەنجەکاندا تا بیر لە مەسەلەی نەتەوەیی نەکەنەوە، بەداخەوە لە هیچ کام لە کارەکانیدا بە نیسبەت گەلی کوردەوە سەرکەوتوو نەبووە واتە، هەر لە گرتنو ئازارو ئەزیەت کردنی گەنجەکانەوە بگرە تا دەگاتەئێعدامو زیندانی کردنیان، بەڵام بە بڵاوکردنەوەی ئەو ماددانە سەرکەوتوو بووە لە رێگای سیخوڕەکانی خۆیەوە، هەر ئەوەی کە ئێستا لە ناوچەیەکی شۆڕشگێڕی وەک سەردەشتو رەبەت کە دەبینین بەداخەوە کردوویەتە کانگای دروست کردنی ماددەیەکی ماڵوێرانکەری وەک شیشەو بازرگانانیش بۆ وەدەست هێنانی پارەو ماڵی دونیا بە یارمەتی خودی حکوومەتی جینایەتکاری کۆماری بەناو ئیسلامی لە بەرامبەر فرۆشتنو لەنێو بردنی رۆڵەکانی نیشتمانەکەیان دا. تۆ بڵێی ئەو کەسانەی کە ئەو ماددەیە دروستو تیجارەتی پێوە دەکەن، خوێنیان بە هەموو پێوەرە ئایینیو قانوونییە جیهانییەکان حەڵاڵ نەبێ!؟


سەرچاوەکان:
ویکیپێدیا
سایت پزشک
سازمان جهانی مبارزه با مواد مخدر
یادداشتەکانی خۆم



# زانـــــیــــاری گـشــتـی!

ـــــ مرۆڤە گەنجەکان هەموو کات باشن نین، بەڵام مرۆڤە باشەکان هەموو کات گەنجن!

ـــــ لە نێوان عەقڵو زمان دا پێوەندی یەکی پێچەوانە هەیە، هەر کاتێک عەقڵ بچووک بوو، زمان درێژ دەبێ!

ـــــ هەندێک جار هەبوونی کەسێک زۆر گرینگی نیە، بەڵام دیار نەبوونی زۆر ئازار بەخشە!

ـــــ خواردنی سێوێک لە هەموو رۆژێکدا، دوکتۆرت ناوێ!

ـــــ خواردنەوەی سێ لیتر ئاو لە هەموو رۆژێکدا، نەمانی نەخۆشی!

ـــــ خواردنی هەموو رۆژێک لیمۆیەک، نەمانی قەڵەوی!

ـــــ خواردنەوەی پەرداخێک شیر لە هەموو رۆژێکدا، نەمانی کێشەی ئێسک!

ـــــ بیرمەندانی ئامریکایی چاویلکەیەکی نوێیان داهێناوە کە بەهۆی ئەووەوە دەتوانن خانە شێرپەنجەییەکان دەست نیشان بکەن. ئەو چاویلکەیە دەتوانێ خانە شێرپەنجەکان بە رەنگێک نیشان بداو نەشتەرگەرەکان بە سانایی‌تر بتوانن ئەو خانەیە جیا بکەنەوەو دەریان بێنن.

ـــــ رۆژی سێ‌شەممە ١٧ی ژوئەنی ٢٠١٤ی زایینی بەرامبەر بە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی، «شهلا توکلی»، خێزانی «غلامرضا تختی» ناسراو بە پاڵەوان تەختی، لە تەمەنی ٦٨ ساڵی دا لە نەخۆشخانەی «ایرانمهر» تاران بەهۆی شێرپەنجەوە فەوتی کرد. ئەم ئافرەتە پاش مردنی پیاوەکەی لە رێکەوتی ١٧ی بەفرانباری ١٣٤٦ی هەتاوی، هیچ شتێکی لەسەر چۆنیەتی مردنی پیاوەکەی نەدرکاندوە، هەربۆیە بە «خاتوونی نەهێنی‌یەکان» ناوبانگی دەرکرد. ئەم خاتوونە لەدایک بووی ٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی شاری تارانەو لە رۆژی ٣٠ی رێبەندانی ١٣٤٥ی هەتاوی لەگەڵ پاڵەوان تەختی ژیانی هاوبەشی پێک هێناو بەرهەمی ئەم ژیانە هاوبەشە تەنیا کورێکە بە ناوی «بابک تختی» کە چوار مانگ پاش لەدایک کورەکەیان بە شێوەیەکی گوماناوی مرد.

ـــــ لە ساڵی ٢٠٠٠وە نزیکەی یەک ملوێن منداڵ دژی سوورێژە کوتراون.

ـــــ باشووری کوردستان ١٤ی زانکۆی حکوومەتیو ١٢ی شەخسی هەیە!

ـــــ ساڵانە ١٦٤ هەزار کەس لە جیهاندا بەهۆی سوورێژەوە گیان لەدەست دەدەن!

ـــــ رۆژانە ٢٠ هەزار کەس لە جیهاندا بەهۆی شێرپەنجەوە گیان لەدەست دەدەنو هەنووکەش لە جیهاندا ١٤ ملوێن کەسی تووش‌بووی شێرپەنجە هەن.

ـــــ نەخۆشی شەکرە بۆ ساڵی

گیان لەدەستدانی مرۆڤەکان دەبێ!

ـــــ ساڵانە ٩٠ هەزار کەس لە ئێراندا تووشی شێرپەنجە دەبن!

ـــــ میسر لە ریزبەندی ئەو ١٠ وڵاتە دایە کە زیاترین نەخوێندەواریان هەیەو لە هەر ٥ کەس یەکێک نەخوێندەوارە!

ـــــ لە جیهاندا ٢/١ میلیارد کەس بە دەست قەڵەوی‌یەوە دەناڵێنن!

ـــــ رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٨ی زایینی زانکۆی سەلاحەدین دوکتۆرای ئیفتیخاری پێشکەش بە ئیسماعیل بێشکچی کرد! بێشکچی دەڵێ؛ هەرکات باسی رۆژهەڵات دەکرێ، دوکتۆر قاسملووم بیر دێتەوە! بێشکچی: هەموو کورد دژی لە سێدارەدانی لاوانی کورد هاوهەڵوێست بن!

ـــــ لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی‌دا، یەک ملوێنو ٦٠٠ هەزار کەس بەهۆی نەخۆشی ئایدزەوە لە جیهاندا گیانیان لەدەست داوە!

ـــــ بەپێی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان؛ ساڵانە ٢ ملوێنو ٢٠٠ هەزار کەس بەهۆی خواردنەوەی ماددە ئەلکۆلی‌یەکانەوە لە جیهاندا گیان لەدەست دەدەن!

ـــــ لە سەرتاسەری جیهاندا ٤٧٠ رێکخراوی تیرۆریستی بوونیان هەیە!

# رامانێک لەسەر هەڵپەڕکێی کوردی





ئا: کۆمار مهابادی

هەڵپەڕکێ وەک یەکێک لە ئەستێرەکانی ئاسمانی فۆلکلۆرو فەرهەنگی نەتەوایەتی بە جوانی لە مێژووی ئەم گەلەدا جێگای خۆی کردۆتەوەو بەڕوونی درەوشاوەتەوە. توێژینەوە لەمەڕ ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە یەکێک لە پێناسەکانی هەر نەتەوەیەک کە وەک قەڵغانێک لە بەرانبەر وێرانکاری نەیاران بەرپەرچ دەداتەوە، فەرهەنگێکی نەتەوەییەو یەک لەوانە هەڵپەڕکێیە کە پیرو جوانی شارو لادێیەکانی کوردەواری لە رۆژو بۆنە جۆراوجۆردا بەڕێوەی دەبەن. مێژووی هەڵپەڕکێ دەگەڕێتەوە بۆ پێش زمانی کوردی، سەردەمێک کە مرۆڤ بە هێماو راوەشاندنی دەستو لەش لە یەکتر تێدەگەیشتن. کەوابوو هەر شێوەیەک لە هەڵپەڕکێ ماناو فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەیە. هەڵپەڕکێ لە سەرەتادا حاڵەتی جۆراوجۆری بەرگریو شێوەی هەڵومەرجی شەڕە خێڵەکی‌یەکانی کوردی لەنێو خۆو لەگەڵ نەیاران‌دا خستۆتە بەر باس. بەو شێوەیە کە لە زەمانی بەشداری گرووپی هەڵپەڕکێ وەک شەڕکەرو سەرچۆپی‌کێش، وەک فەرماندە، وەزعیەتی شەڕەو تێک‌هەڵچوونەکانیان نمایش داوەو ئەندامانی گرووپی هەڵپەڕکی بە چاو لێ‌کردن لە سەرچۆپی، فەرمانبەرداری خۆیان لە ئاست گەورەکەیان نیشان داوە، جێگەی باسە کە لە نمایشی هەڵپەڕکێ‌دا ئەم حاڵەتانە بە زۆری دەبینرێن:
هێرش، کەمین، بەرگری، پاشەکشێ، برینداربوون‌و شەهیددان‌و... هتد. بەو شێوەیە ئەندامانی دیکەی خێڵیان لە بەسەرهاتەکانی خۆیان ئاگادار کردوەتەوەو ئەوانیش بۆ نیشان‌دانی هەستی هاودەردی لە هەمبەر ئەو بارودۆخەوە، هەستو سۆزی خۆیان دەربڕیوە. بۆ وێنە ئاماژە دەکەین بە هەڵپەڕکێی «شەلان»ی ناوچەی سنە، کە برینداربوونی شەڕکەرو شێوەی هاودەردی و فریاکەوتنی هاوڕێیانی دەخاتە بەرباس. جێی باسە ئەو دارە بەسەمەرە لەگەڵ رەوتی زەمان لقو پۆپی زیاتری لێکەوتۆتەوەو گرێو کۆڵدارتر بووە. بۆیە جیا لە حاڵەتی شەڕ سەردەمانێکی دیکەی وەک وەرزش وەخۆ دەگرێو تایبەتمەندی‌یەکانی دەڕازێنێتەوە. ئاماژە بە چەند نموونە ئەو راستی‌یەمان بە جوانی بۆ روون دەکاتەوە.

یەکەم: هەڵپەڕکێی «درەو«ی ناوچەی مەریوان، کە بە حەرەکاتی تایبەت بە خۆی، هەستێکی لاوانە نیشان دەدا، ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیە، شێوەی ڕنینەوەی گەنمو جۆ دەخاتە بەر چاوی بینەر.

دووهەم: هەڵپەڕکێ «چۆک‌کوتان«، ئەم حاڵەتە سەردەمی شەڕو شووڕ نیشان دەدا کە چۆن بە یەکگرتوویی هەڵدەکەنە سەر دوژمن‌و بە چۆک لە سینگی دوژمنی کەوتوو دەدەن. ئەم حاڵەتە تایبەت بەهێرش کردنە. جێگەی باسە ئەم شێوە هەڵپەڕینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شوانکارەی سەرەتایی‌و تایبەتی ناوچەی سەقزە.

سێهەم: هەڵپەڕکێی «شکانەوە«، ئەم حاڵەتە باس لە بەرەنگاری‌و پێک‌دادان لە کاتی بەرەو پێش چوون‌دا دەکا کە وێڕای نیشان دانی یەکیەتی‌و نەزم، سامێکی نیزامی نیشانی دوژمن دەدرێت. ئەم حاڵەتە بۆ سەردەمی شوانکارەی نوێ دەگەڕێتەوە کە لە لە گوندەکان‌دا نیشتەجێ بوونەو پارێزگاریان لە ماڵاتو سامانیان کردوە. ئەم شێوە هەڵپەڕکێ‌یەش تایبەت بە ناوچەی سەقزە.

هەڵپەڕکێی دوو دەسماڵە: ئەم جۆرە هەڵپەڕینە بۆ زیاترکردنی هەستی هەڵپەڕینی ئەو کەسانەیە کە سەیر دەکەن‌و هەروەها سەماکەران بە گشتی، بە چەشنێ کە سەرچۆپی‌کێش بە دوو دەسماڵی ڕەنگاوڕەنگ سەما دەکـاو توانایی‌و زانایی خۆی لە هەڵپەڕین‌دا دەخاتە بەر دەستی بینەران. ئەم جۆرە لە هەڵپەڕینە زۆرتـــر لە ناوچەی کرماشان بـاوە.

بە پێی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان جۆرگەلێ لە هەڵپەڕکێ هەیە کە لە شێوازی تەکان‌دانی دەست‌و پێ‌و تەنانەت جۆری ڕێ کردنی گرووپ جیاواز لە یەکترن کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:
گەڕیان (گەڕان): ئەم جۆرە هەڵپەڕینە بە شیوازی زۆر نەرم‌و ڕەوان‌و ئارامەو بە جوانیەکی تایبەت دەست پێ‌دەکا و هێدی هێدی روو لە گرژ بوون‌و خێرایی زیاتر دەکا.
ڕەنــگــە ریـشــەی بــگــەڕێــتــەوە بۆ شێوەی زیکرو سەمای ئایینی‌و ئەم جۆرە هەڵپەڕینە لە نیوان جۆرەکانی هەڵپەڕینی خێرا و زیاتر بۆ پشوودانە. ئەم جۆرە هەڵپەڕکێ‌یە وەک جۆرێ لە ڕێگا ڕۆیشتنە بە شیوەی ریتم دار.
گەڕیان سەماکەران بۆ هەڵپەڕکێ خێراتر ئامادە دەکاو لە هەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بوونی هەیەو بە شێوازێکی وەک یەک بەڕێوە دەچێ‌و مێلۆدی ئەم هەڵپەڕینە بە یەک شێوازە.

یەکەم جـار بە لاقــی چــەپ دەس پــێ‌دەکـاو لاقــەکــەی دیکە لەسەر بنەمای سەر زەربــی دەهـــۆڵ‌و زوڕنا و بە ریتمی مۆسیقا دەگـــۆڕدرێ.

پشت پا: کە ریتمێکی خیراتری بە نیسبەت گەڕیان هەیەو لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان‌و تایبەت بە پیاوانە. ئەم جۆرە هەڵپەڕینە هەروا کە لە ناوەکەی‌ڕا دەردەکـەوێ مرۆڤ بە نیسبەت خۆی‌و دەوروبــەری وشیارتر دەکاو سەرنجی زیاتر بۆ ئەو لایە رادەکێشێ کە لە کەس یان کەسانێک پشت پا نەخوا، بە واتـایــێ، کـەس خیانەتی لێ‌نەکا و لە پشتەوە زەربــەی لێ نەکەوێ.

هەڵگرتن: ئەم جۆرە هەڵپەڕینە زۆر خێراو شادە. بە ریتمی خێرای مێلۆدی دەبێ‌و ریتمی خێرای ئەم جۆرە هەڵپەڕینە هەرچەشنە ماندوویەتی‌و بێ هیوای لە مرۆڤ دەسڕێ‌و پێداگری دەکا لە ژیانی پڕ لە خۆشی‌و شادی تێکەڵ بە هیوا و ئامانج‌و هەڵپەڕکێ‌یەکی بەزمی‌یە.

فەتاح پاشایی: مێلۆدی ئەم جۆرە هەڵپەڕینە لە سەرانسەری کوردستان‌دا بە یەک شیوەیەو بە ریتمێکی خێرایە. ئەم شێوە هەڵپەڕینە بۆ شوکرانەی بەدەست هێنانی سەرکەوتنەکانەو شوکری خوای گەورەیە بۆ دانی نێعمەت‌و پێداویستی‌یەکانی مرۆڤە.

لەب‌لان: ریتمی ئەم هەڵپەڕینە نەرم‌و لە سەرخۆیەو دوابەدوای فەتاح پاشاییە. لەم شێوە هەڵپەڕینەدا پێویستی مرۆڤ بە جواروجۆری‌و فرەچەشنی لە ژیان‌دا دەبینرێ. دوابەدوای جۆرەکانی گەڕیان، پشت پا، هەڵگرتن‌و فەتاح پاشایی کەسەکان بۆ پشوودان‌و دووبارە خۆ بەهێز کردن دێنە سەر شێوەی لەب لان، ئەم چەشنە هەڵپەڕینە مرۆڤ لە ژێر رکێفی هەستی خیراو نابەجێی رزگار دەکاو لە دوایی قۆناغی پێویستی سەرخۆشی‌و شادی کردن، دێنێتە سەر ئەو هەستە کە دەبێ زیاتر لە ژیان تێ‌ڕامێنێ‌و قووڵتر بیر بکاتەوە، لەم هەڵپەڕینەدا مرۆڤ هەست بە ئارامی‌یەکی تایبەت دەکا.

چەپی: بە واتای لە چەپەوەیە. مێلۆدی ئەم ئاهەنگە بە ریتمێکی نــەرم‌و لە زۆربـــەی ناوچە کوردنشینەکان‌داو زیاتر بە یەک شێوە هەڵپەڕکێ دەست پــێ‌دەکــرێ. لــەم جــۆرە هەڵپەڕینەدا زیاتر لای چەپی مرۆڤ لە جم‌وجۆڵ دایەو لە حاڵەتی کەساسی دێتە دەر.
ئەم جۆرە هەڵپەڕینە زۆرتر لە ناوچەی کرماشان‌و لە نێو ژنانی ئەو ناوچەیە باوە.

زەنگی یان زەنـدی: لەم هەڵپەڕینە، سەماکەران یەک هەنگاو بەرەو پێش‌و هەنگاوێ بەرەو دوا دەنێن. ئەم شیوە تا ئاخری هەڵپەڕکێ بەردەوامە. ئەم





شێوە هەڵپەڕینە زیاتر بۆ لێک دانەوەی ئاکارەکانی مرۆڤو پێویستی بە لەسەرخۆ بوونو بیر لە داهاتوو کردنە.

شەلایی: ئەم شێوە هەڵپەرکێیە، رەزمیە کە پێی سەماکەران بە شێوەی رێ کردنی بە شێوەی شەلان(کەسێ کە لاقی شەلە) تەکان دەدەن کە زیاتر تراژیدیای شکستو دۆڕانە، هەنگاوەکان قایم نینو پێیەکان دەشکێنەوە بە جۆرێ کە بینەران هەست بە شکست خواردنی گرووپی سەماکەر دەکەن.
ئەم شێوە هەڵپەرکێیە جۆرێک هەڵپەڕینی رەزمییەو بە مانای شکست خواردنە لە دوژمنو داوای بەخشینە لە خەڵک.

سێجار: بە ریتمێکی ئارامەوە دەست پێدەکاو لە وردە وردە بەرەو خێرایی دەچێ. لەم شیوە هەڵپەڕینەدا سێ تەکانی پێ لە سێ تەکان بەرەو پێش پێک دێ.

خانەمیری: تێکەڵێکە لە ریتمێکی خێرا کە دەستی کەسەکان لە یەک ئاوەڵایەو دەدەیخەنە سەر شانی یەکو بازنەی سەماکەران بەربڵاوترەو زیاتر ریتمێکە نێوان دەستو پێ. ئەم چەشنە هەڵپەڕینە بە مانای سەرکەوتنە.

سێ پێیی: بە ریتمی خێراو زیاتر لە ناوچەکانی موکریان وەک سەردەشت، پیرانشارو هەوشار باوە.
لە کۆتاییدا پێویستە بۆ هەمووان زەروورەتی ئەو ئەرکە پیرۆزو رەسەنە، لەوەدا ببینرێتەوە کە پاراستنی گەنجینەی فەرهەنگیو هونەری نەتەوەکەمان لە تواندنەوەو هەرەس هێنانی بنچینەیی دەپارێزێ.
بەو هیوایەی کە شۆڕشی ئێمە لەم بوارەشدا وەک بوارەکانی دیکە، لەگەڵ تیشکی رۆشنبیری لەنێو بنەماڵەو پێکهاتەکانی دیکەی گەلەکەمان‌دا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە نیهادینە بکرێو بەرهەمی رووخێنەری «عەیبەو بە سووک» زانینی ئەو دیاردە پیرۆزانە، بگۆردرێو جێگەی خۆی بداتە بیرو عەقڵانیەتێکی سازەندەو بەرهەمهێنەر، وەک زانایان دەڵێن: «هونەرمەند بەرزو بەنرختر لە ئەڵماس هاتە بەرهەم».

ژێدەر:
١: مێژووی مۆسیقای کوردی، حەمەی حەمە باقی!
٢: ماڵپەڕی ویکی پێدیا!



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین!

لە پیاوێکی بەتەمەنیان پرسی تا ئێستا خۆشەویستیت کردوە؟! لە وەڵامدا وتی؛

— لە هیچ تەمەنێکی ژیانمدا سەرنج ڕاکێش نەبووم بەلای کچانەوە، چونکە نە کەسێکی پارەدار بووم، نە درۆم ئەزانی!

//////////////////////////////

جاریک کوڕێک بە کچێک ئەڵێت خۆشم ئەوێ؟! کچەکە ئەڵێ:

— من تۆم خۆش ناوێت! کوڕەکە ئەی گرێو ماچێکی ئەکا. کچەکە ئەڵێ تا ١٠٠٠ ئەڵێم، بەرم نەدەی هاوار ئەکەم!

//////////////////////////

جارێک کابرایەکی لادێی پلەیستەیشن ئەکڕێو زۆری یاری پێ دەکا گەرم ئەبێو دەی خاتە نێو سەلاجەوە، پاشان یاری پێ دەکاتەوە، کە سەیر دەکا ڕۆناڵدۆ بە قەمسەڵەوە یاری دەکا!

//////////////////////////

جارێک ماموستایەک بە قوتابییەکەی دەڵێ؛

— چ گیانلەبەرێک ددانی نیە؟!

قوتابییەکە وەڵام دەداتەوەو دەڵێ؛

— باپیری من!

//////////////////////

جارێک کابرایەک یەکەم جاری دەبێ دەچێتە سینەما، دەبینێ حەیوانات پێشان دەدا. گایەک خەڵکی ڕاو دەنێ. کابراش دەترسێ، هەڵدەستێ بڕوا. خەڵکی نێو سینەمایەکە دەزانن پێی دەڵێن دانیشە ئەوە فیلمە، مەترسە. کابراش دەڵێ؛

— دەزانم ئەوە فیلمە، بەس ئەو گایە چووزانێ فیلم چیە!

//////////////////////

جارێک ماموستایەک بە دوو قوتابی هارو هارجی ئەڵێ، ئەگەر هەروا شلووقی بکەن، یەکتان فڕێ ئەدەمە ڕووباری «دیجلە» و ئەویتریشتان فڕێ دەدەمە ڕووباری فووڕاتەوە! قوتابییەکیش هەڵدەستێتەوەو ئەڵێ؛

— ماموستا ئاخر لە شەتولعەڕەب بە یەک دەگەنەوە!

//////////////////////

جارێکیان مێروولەیەکو فیلێک پێکەوە دەچنە سینەما. پاش ماوەیەک بەچکە فیلەکە دەبینێ دایکی هات، وتی؛

— ئەها دایکم هات!

مێروولەکەش وتی؛

— وەرە لە پشت منەوە خۆت بشارەوە!

//////////////////////////////////

ئەگێڕنەوە پاشایەک بڕیاریدا لەهەر کەسەوە گوێ بیستی وتەیەکی جوان بێ، کە لە پاداشتیدا خەڵاتێکی باشی بکات. ڕۆژێکیان پاشا بەناو ڕەزو باخێکدا گوزەری کرد، پیاوێکی پیری بینی نزیکی نەوەد ساڵ تەمەنی بوو کە سەرقاڵی ناشتنی دار زەیتوون بوو. پاشا بەپیرەکەی وت:

— بۆچی داری زەیتوون ئەنێژی، لەکاتێکدا زەیتوون پێویستی بە بیست ساڵ هەیە بۆ ئەوەی بەر بگرێو تۆش تەمەنت بەرەو کۆتاییە؟!

پیرەکەش وتی:

— پێش ئێمە چاندیانو ئێمە بەرهەمەکەیمان خوارد، ئێمەش دەیچێنین ئێوە بیخۆن.

پاشا وتی:

— وتەیەکی زۆر جوانە، فەرمانی کرد ٤٠٠ دیناری بدەنێ (دیارە ئەم وتەیە زۆر کۆنەو ئەوکات چوار سەد دینار زۆر بووە).

پیرەکەش پارەکەی وەرگرتو زەردەخەنەیەکی کرد.

پاشا وتی:

— بۆچی زەردەخەنەت کرد؟!

پیرەکەش وتی:

— چونکە زەیتوون دوای بیست ساڵ بەر دەگرێ، بەڵام ئەوەی من ئێستا بەری گرت.

پاشا سەری سووڕما لەم وتەیە، فەرمانی کرد ٤٠٠ی دیکەشی بدەنێ.

پیرەکەش پارەکەی وەرگرتو دیسان زەردەخەنەیەکی کرد.

پاشا وتی:

— ئەم جارە بۆچی پێکەنی؟!

پیرەکە وتی:

— ئاخر زەیتوون لەساڵێکدا یەک جار بەر دەگرێ، بەڵام ئەوەی من دوو جاری بەر گرت!

پاشا وتی:

— دەست خۆش، ٤٠٠ دیناریتری بدەنێ، پاشان بەخێرایی پیاوە پیرەکەی جێهێشت.

سەرکردەی سوپاکە وتی:

— گەورەم بۆچی بە خێرایی، پیرەکەت جێهێشت؟!

پاشاکە وتی:

— ئەگەر هەتا بەیانی لای ئەو پیرە بوومایە، ئەوا خەزێنەی پارەکانی من تەواو ئەبوو، بەڵام خەزێنەی قسەکانی ئەو کۆتایی نەدەهات!

//////////////////////////////

# چوارینەی بەهاری

عەباس حەقبین



وا بولبول جاڕ ئەدەن لە شارو شاخان
وەنەوشە سینگی دەشتی کرد چراخان!
دەئاژوێ ڕێژوان چەشنی بەهاران
دەتارێ ژانی دڵی بیماران!



هەنارە کوڵمی کوێستانان تەڕن
بە چەشنی کوڵمی ئاڵی دڵبەرن!
دڵگیر لە سۆزی عەشقی ڕوانی
خوناوە ڕێژنەی لێوی شاپەڕن!



شکا لە وەسفی جوانیت، وەتەن پێنووس و پەنجەم
وەرزی جوانیت بکێشم، لە تەختەی دڵ ژەمو دەم!
کە بوویتە قیبلەگاهم، بۆت هەڵگڕام وەکوو شەم
شیرینە ژینی عاشق، لە تاڵیدا هەموو دەم!



ئەی هیلالی ئاسمانی ئارەزووم
جەوهەری بوونم لە زامی گەل دەسووم!
من و تۆ گەر ئێمە بین ناتوێینەوە
بۆ ڕێژوانی ئارەزوو هەر دێینەوە ئەژێینەوە!

# کۆبوونەوە لەگەڵ یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەلات کوردستان!

ڕۆژی **٢٧** ی مارسی **٢٠١٤** لە قەڵای دێمۆکڕات، سکرتاریای یەکیەتیی لاوان، بە پێی ڕاسپاردەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بەڕێزان مەولوود سوارەو حەسەن حاتەمی لەگەڵ ژمارەیە لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوە.

بەڕێزان سامان فەقێ‌نەبی (سکرتێر)، مەنسوور سەممار (سکرتێری پێشوو)، سەیدجەلال ساڵحی (جێگری سکرتێر)، سمکۆ عوسمانی‌و سیامەند شێخەپوور (ئەندامانی بەڕێوەبەری)، یەکیەتیی لاوان، بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە سڵاو و ڕێزو حورمەتی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بۆ خەبات‌و تێکۆشانی لاوان لە باشووری کوردستان‌و لەگەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لەلایەن حەسەن حاتەمی‌یەوە، باسی ئامانجی کۆبوونەوەکە کرا.

پێوەندی نێوان بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان لە کوردستان‌و درەوەی وڵات، ئاگاداربوون لە پرسی لاوان لە دەروەی وڵات، ئامووزشی لاوانی دەرەوەی وڵات لە کوردستان، کەڵک وەرگرتن لە توانا و وزەی لاوان لە دەوەرەی وڵات لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان‌و کوردستان، هاوکاری یەکیەتی‌یەکانی لاوان‌و ژنان‌و بەشداری لاوان لە ئەنترناسیۆناڵ سوسیالیستدا، خاڵە سەرەکی‌یەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.





# سەردانی هەیئەتێکی کۆمەڵەی جەوانانی کۆما جڤاکێن کوردستان(کەجەکە) لە بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی **١١**ی ڕەشەمەی **٢٧١٣**ی کوردی بەرامبەر بە **٢**ی مارسی **٢٠١٤**ی زایینی، هەیئەتێکی کۆمەڵەی جەوانانی کۆما جڤاکێن کوردستان بە سەرپەرشتی هەڤاڵ جەماڵو هاوڕێیەتی هەڤاڵ ڕۆهاتو هەڤاڵ زەردەشت سەردانی سکرتاریەتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردو لە لایەن بەڕێز سامان فەقێنەبی سکرتێری گشتیو هاوڕێیەتی بەڕێزان سەید جەلالساڵحی جێگر سکرتێرو سمکۆ عوسمانی، ئازاد محەممەدزادەو سیامەند شێخەپوور ئەندامانی بەڕێوەبەرییەوە پێشوازییان لێکرا.

لەم چاوپێکەوتنە دوو کاتژمێرییەدا وێڕای باسێکی تێروتەسەل لە بارودۆخی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتیو هەلومەرجی سیاسیی ڕۆژئاواو باکووری کوردستان بە تایبەتی کراو، پاشان ئاوڕێک لە یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات درایەوەو کۆمەڵێک لە بڕیارو ڕاسپاردەکانی هاتنە بەرباسو تاوتوێ کران. تەوەرێکی دیکەی ئەو دانیشتنە باسی کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی کوردستان بوو کە میوانداریەکەی لەسەر شانی لاوانی ڕۆژهەڵاتە. هەر دووک لا بە تێروتەسەلی پێداگریان لەسەر هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسو، تەئکیدیان کردەوە کە جارێکیتر تووشی ئەو بەڵایەی کە لە کۆنفڕانسی سێ بەسەری هات، نەیەتەوەو بە باشترین شێوە بەڕێوەبچێو، بیکەینە هەوێنی یەکگرتوویيو یەکڕیزی هەرچی زیاتری هەموو لاوانی چوار پارچەی کوردستان!

لە کۆتایی ئەو دیدارەدا یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو، کۆمەڵەی جەوانانی کۆما جڤاکێن کوردستان پێداگری زیاتریان لەسەر هەرچی پتەوترکردنی پێوەندی نێوانیان کردەوە.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١١ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی
٢ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی






# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات
# بۆ کۆنفرانسی چوارەمی لاوانی چوار پارچە!

لە درێژەی کۆبوونەوەکانی لێژنەی هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات بۆ ئامادەکاری چوارەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی کوردستان، سەرلە بەیانی ڕۆژی شەممە **٢٤**ی خاکەلێوەی **٢٧١٤**ی کوردی بەرامبەر بە **١٢**ی ئاپریلی **٢٠١٤**ی زایینی لە بنکەی سکرتاریەتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا هەردووک لێژنەی ڕێکخستن‌و پێوەندی‌یەکان راپۆرتی کاری ئەو ماوەیەی خۆیانیان داوەو بە تێروتەسەلی باسی لەسەر کراو پاشان باسێکی گشتییش لەسەر کۆنفرانس کرایەوەو قەرارە شەممەی داهاتوو رێکەوتی **٣٠**ی خاکەلێوەی **٢٧١٤**ی کوردی بەرامبەر بە **١٩**ی ئاپریلی **٢٠١٤**ی زایینی سمینارێک لە سلێمانی بە بەشداری نوێنەری هەموو ڕێکخراوەکانی لاوانی چوار پارچەی کوردستان ببەسترێ. لەو سمینارەدا هەموو باسێکی پێوەندیدار بە کۆنفرانسەوە دێتە بەرباس‌و هەر هەموو شتێک دەبڕدرێتەوە. جێی ئاماژەیە کۆبوونەوەکە کاتژمێر **٤**ی پاش نیوەڕۆ لە کەشێکی دۆستانەدا کۆتایی پێ‌هات.

لێژنەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات
بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی پێوەندیدار بە چوارەم کۆنفرانسی
نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەوە!

٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧١٤ی کوردی
١٢ی ئاپریلی ٢٠١٤ی زایینی



# بەڕێوەچوونی سمیناری ئامادەکاریی بۆ چوارەمین کۆنفرانسی
# لاوانی چوار پارچەی کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە **٢١**ی گوڵانی **١٣٩٣**ی هەتاوی بە بەشداریی بە بەشداریی دەیان ڕێکخروای لاوان لە هەر چوار پارچەی کوردستان سمینارێک لە کاتژمێر **٢:٣٠**ی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی دیالۆگی ناوەندی چاودێر لە سلێمانی بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاگاداربوون لە چۆنیەتی کاروبارەکانی پێوەندیدار بە ئامادەکاریو هاوئاهەنگیی زیاتری هەموو لایەک بۆ بەڕێوەبردنی چوارەمین کۆنفرانسی لاوانی چوار پارچە بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکە بە پێشکەشکاریی هاوڕێ جەلال ڕەوانگەرد دەستی پێکردو بە دوو پانێل بەردەوام بوو. پانێلی یەکەم کردنەوەی باسو خستنەڕووی ڕێکەوتنو پێشنیارەکانو پانێلی دووهەمیش تایبەت بە هەڵبژاردنی لێژنەکانی ئامادەکاریو دیاری کردنی کاتو شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسو ڕێژەی بەشداربووانو، هەروەها پەسندکردنی سیستمی کۆتای ٤٠٪ بۆ ڕەگەزی بەرامبەری ئەندامانی بەشداربوو.

پەسندکراوەکانی سمینارەکەی ئەمڕۆ:

١: کۆنفرانسەکە لە نیوەی یەکەمی مانگی ٦ی زایینیدا بەڕێوە دەچێ.
٢: شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە هەڵەبجەی شەهید دەبێ.
٣: بەشداربووان بە کچو کوڕەوە پێویستە لەو ڕۆژەدا جلی کوردی لەبەر بکەن.
٤: تەمەنی بەشداربووان ١٨ بۆ ٤٠ ساڵ بێ.
٥: ماوەی کۆنفرانسەکە ٢ ڕۆژە.
٦: بۆ هەر پارچەیەک ٥٠ کەس لەبەر چاو گیراوە.
٧: سیستمی کۆتا بۆ ڕەگەزی بەرامبەر.

لێژنەی هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات
١١ی مای ٢٠١٤ی زایینی
٢١ی بانەمەڕی ٢٧١٤ی کوردی






# بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە سمیناری لاوانی چوار پارچە لە سلێمانی!

ڕۆژی یەکشەممە **٢١**ی بانەمەڕی **١٣٩٣**ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرشتی بەڕێز سەید جەلالساڵحی جێگری سکرتێری گشتیو هاوڕێیەتی بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری پیشوو و سمکۆ عوسمانی ئەندامی بەڕێوەبەری بەشداری سمیناری ئامادەکاری بۆ چوارەمین کۆنفڕانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان بوون لە هۆڵی دیالۆگی ناوەندی چاودێر لە سلێمانی. ئەم سمینارە بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاگاداربوون لە چۆنیەتی کاروبارەکانی پێوەندیدار بە ئامادەکاریو دانی ڕاپۆڕتێکی گشتی لەسەر کۆنفڕانس لە لایەن لێژنەی لاوانی ڕۆژهەڵاتەوە کە ئەرکەکەی لەسەر شانی لاوانی ڕۆژهەڵاتەو ماوەیەکی دووردرێژە خەریکی ئامادەکارین بۆ کۆنفڕانس، بە نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوەکانی چوار پارچە. دیارە هەیئەتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکانە بەشداری باسەکانی نێو سمینارەکە بوونو دیارو بەرچاو بوون.






# بەرەو چوارەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچە
# لە ژێر دروشمی
# «لە پێناو یەک گوتاری نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی کوردستان»دا

بە پێی بڕیاری یەکەم کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچە کە لە ٢٠١١/٣/١٦ی زایینی لە ئامەد(دیاربەکر)، باکووری کوردستان بەسترا، ساڵانە هەر پارچەیەکی کوردستان میوانداری کۆنفرانسێک دەکا. هەر بە پێی ئەو بڕیارە کۆنفرانسی ئەم ساڵ لەسەر ئەرکی لاوانی رۆژهەڵاتە. بۆ ئەوەی کۆنفرانسەکە بە باشی بەڕێوەبچێ‌و تووشی هیچ جۆرە قەیرانێک نەبێ ئێمە خۆمان وەک لاوانی رۆژهەڵات بەر لە هەموو شتێک کورد وتەنی: «ماڵی خۆمان رێک خست». بۆ ئەو مەبەستەش لە ٢٩ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠ی دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵاتمان لە ژێر دروشمی «یەکڕیزی لاوان، بەرەو داهاتوویەکی گەش» بەڕێوەبردو لەو کۆنفرانسەدا هەموو وردەکاری‌یەکانی پێوەندیدار بە خۆمان‌و بە کۆنفرانسیشەوە تاوتوێ کرد.

هەر لەسەر ئەو قەرارە سەرەتا وەک لاوانی رۆژهەڵات لە رێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری ٢٧١٣ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤ی زایینی، لە بنکەی سکرتاریەتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری نوێنەری سەرجەم رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵات، یەکەم کۆبوونەوەی خۆمان بەڕێوەبردو کاروبارەکانی پێوەندیدار بە چوارەم کۆنفرانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان تاوتوێ کراو لێژنەیەکی ٩ کەسی بە ناوی «لێژنەی هاوئاهەنگی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان»(کاوە کەریمی، سەید جەلال ساڵحی، جەلال رەوانگەرد، ئەمین قادری، رێباز شەریفی، هەڵگورد کامیارانی، ئارام مورادی، سەردار وەکیلی‌جاف، فوئاد جەعفەری) پێک هات. ئەو لێژنەیە بوونە دوو گرووپ. گرووپێکی پێنج کەسی بۆ راپەڕاندنی کاروباری پێوەندی‌یەکان‌و هەروەها گرووپێکی چوار کەسیش بۆ کاروباری رێکخستن.

هەر لە درێژەی کۆبوونەوەکان‌دا لە رێکەوتی ١٩ی رەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٠ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی لە بنکەی سکرتاریەتی رێکخراوی لاوانی پێشڕەو هەر دووک لێژنەکە دانیشتنەوە بۆ تاوتوێی زیاتری کاروباری لێژنەکان. لەو کۆبوونەوەکەدا باس لەسەر دیاری کردنی میکانیزم‌و شێوازی هاوئاهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی لاوان لە پارچەکانی دیکەو کات‌و شوێنی ئامادەکارییەکان کرا.
لەگەڵ ئەوەی کە لێژنەی رێکخستن وەشوێن کاروباری خۆیان کەوتن‌و ئەو ئەرکەی کە پێ‌یان سپێردرابوو بە رێک‌وپێکی بەڕێوەیان برد، لێژنەی پێوەندی‌یەکانیش بە دانیشتن‌و پێوەندی گرتن بە رێکخراوەکانی پارچەکانی دیکەوە بە شێوەی خوارەوە ئەرکەکەیان بەڕێوەبرد. لەگەڵ ئەوەی پێوەندی‌یان بە زۆربەی رێکخراوەکانەوە گرتوە، بەڵام بۆوێنە ئاماژە بە چەند رێکخراوێک دەکەین کە سەردانمان کردوون‌و لەگەڵیان دانیشتووین. دیارە بۆ لای هەر رێکخراوێک چووبین لەنێو خۆمان‌دا کەسێکمان وەک وتەبێژ داناوەو ئەو وتەبێژە سەرەتا باسێکی لەسەر کۆنفرانس‌و کارەکانی پێوەندیدار بە کۆنفرانسەوە کردوەو پاشان هاوڕێیانی دیکە راو سەرنجەکانیان خستۆتەڕوو.

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٦ی رەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی سەردانی لاوانی «شیوعی، یەکگرتوو، کۆمەڵ‌و گۆڕان»مان لە هەولێر کرد.
سەعات ١٠ی سەرلە بەیانی چووینە سەردانی لاوانی حیزبی شیوعی‌و لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشوازیمان لێ‌کرا:
١: سامان قەرەچۆغی، سکرتێری گشتی رێکخراو!
٢: هەژار شەوقی، سکرتێری لقی هەولێر!
٣: دارا قەرەنی، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت!
٤: بەرهەم فەتحوللا، ئەندامی پێوەندی‌یەکانی ناوەند!
٥: زانا خالید، ئەندامی پێوەندی‌یەکانی ناوەند!

٦: ئارام ڕەزا، ئەندامی پێوەندی‌یەکانی ناوەند!

هەروەها پاش نیوەڕۆش سەعات ٢ سەردانی «لاوانی یەکگرتووی ئیسلامی»مان کردو لە لایەن بەڕێز کاک «شێرزاد»ەوە پێشوازیمان لێ‌کرا لە سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان. پاشان سەعات ٣:٣٠ چووینە لای لاوانی کۆمەڵی ئیسلامی لە سەنتەری پەرەپێدانی لاوان‌و لە لایەن ئەم بەڕێزان «نەبەز عەلی، تالیب خالیدو هیمداد بابەکر»ەوە پێشوازیمان لێ‌کرا. لە کۆتایی ئەم دیدارو چاوپێکەوتنانەی ئەمڕۆمان سەعات ٥ی ئێوارە چووینە سەردانی «ڕایەڵەی گەنجانی گۆڕان»و لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشوازیمان لێ‌کرا:

١: عەبدوڵڵا تەها، ڕێکخەری ڕایەڵەی گەنجان‌و خوێندکارانی بزووتنەوەی گۆڕان!
٢: یاوەر خدر(یاوەر عەڕەب)، ئەندامی گەنجان‌و خوێندکارانی بزووتنەوەی گۆڕان!
٣: هیمداد محەممەد، ئەندامی ڕایەڵەی گەنجان‌و خوێندکارانی بزووتنەوەی گۆڕان!
٤: زیاد زرار، ئەندامی ڕایەڵەی گەنجان‌و خوێندکارانی بزووتنەوەی گۆڕان!

لەم دیدارو چاوپێکەوتنانەدا ڕوانگەو بۆچوونی خۆمانمان بۆ باس کردن‌و تێمان گەیاندوون کە دەمان هەوێ چ بکەین‌و چۆن کۆنفڕانس بەڕێوەبەرین‌و ئێوەش هاوکارمان بن، چونکە بە هەموو لایەکمان دەتوانین کۆنفڕانسێکی باش‌و سەرکەوتوو بەڕێوەبەرین، هەموومان دەست لەنێو دەستی یەک دەتوانین کۆنفڕانسێکی یەک دەست‌و سەرکەوتوومان هەبێ. دیارە هەڵویستی زۆربەی ئەم لایەنانە بەهۆی هاودەنگی‌و یەک‌ڕیزی لاوانی ڕۆژهەڵاتەوە لایان زۆر گرینگ بوو و ئامادەی هەر جۆرە هاوکاری‌یەک بوون‌و ئامادەیی بەشداربوونیان دەردەبڕی‌و بۆ سەرکەوتنی کۆنفڕانسەکە حازرن بۆ هەموو کارێکی کە لە دەستیان بێ.

هەر لە درێژەی ئەو سەردانانەدا کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٧ی ڕەشەممە ١٣٩٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٨ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی چووینە سەردانی ڕێکخراوی لاوانی ئازادی کوردستان(یەکێتی نیشتمانی) لە سلێمانی‌و لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشوازیمان لێ‌کرا:

١: هێمن عەمید، سکرتێری گشتی ڕێکخراو!
٢: شیروان شەوکەت، ئەندامی سکرتاریەت، بەشی پێوەندی‌یەکان!
٣: ڕۆژان عەبدوڕەحمان، ئەندامی سکرتاریەت، بەشی پلان!
٤: باخان عەدنان، ئەندامی سکرتاریەت، بەشی وەرزش!
٥: جەماڵ ئەحمەد، ئەندامی سکرتاریەت، بەشی دارایی!
٦: فریشتە مەسفی، ئەندامی سکرتاریەت، بەشی ئامار!

کۆمەڵێک پیشنیاری وەک، هەر حیزبێک یەک ڕێکخراو بەشداری بکا. هەر ڕێکخراوەیەک «سی ڤی» خۆی هەبێ‌و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بن نەک «ئێن، جی، ئۆ». سیستمی کۆتا بە کار ببرێ‌و.... .

هەروەها لە درێژەی سەردانەکانی ئەمڕۆدا کاتژمێر ٢:٣٠ی پاش نیوەڕۆ چووینە سەردانی ڕێکخراوی لاوانی کوردستان(حیزبی سۆسیالیست)و لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشوازیمان لێ‌کرا:

١: مەریوان جەبار، سکرتێری گشتی!
٢: مەستوورە مستەفا، ئەندامی سکرتاریەت!
٣: هیوا عومەر حەمەعەلی، بەرپرسی ناوەندی سلێمانی!
٤: تابان خان، ئەندامی سکرتاریەت!

ئەمانیش بە نۆبەی خۆیان کۆمەڵێک پێشنیاری جوانیان خستەڕوو وەک: هەیمەنەی هیچ لایەنێک زاڵ نەبێ. پێویستە لایەنی پارچەکانی دیکە پابەندی ئەسڵەکانی لایەنی ڕۆژهەڵات بن‌و ... .

هەروەها لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتن‌و سەردانانەدا ڕۆژی شەممە ٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی لەگەڵ لایەنەکانی سەربە پەکەکە لە قەندیل کۆبووینەوەو ئەم سەرنج‌و تێبینی‌یانەیان هەبوون وەک: کارەکان لەسەر بنەمای کۆنفڕانسی سێ نەبێ. هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەڵات بەشدار بن. لێژنەی ئامادەکار لەهەر چوار پارچەکە هاوبەش بێ. هەر لایەنێک نەی هەوێ بەشدار بێ، پێوەندی بەخۆیەوە هەیە. قەناعەت هێنان بە هەموو

لایەنەکان بکرێ. پرەنسیپ بۆ ئێمە لە هەموو شتێک گرینگترە! لێژنەی چوار پارچە دیاری بکرێ ئەوجار بڕیار لەسەر کارەکان بدەن. بەرژەوەندی نەتەوەیی لە پێش بەرژەوەندی حیزبی‌یەوە دابنرێ... . دیارە لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشوازیمان لێ‌کرا:

**١:** هەڤاڵ جەماڵ
**٢:** هەڤاڵ باران
**٣:** هەڤاڵ شیمال
هەڤاڵ ساوشکە

هەروەها لە درێژەی ئەو سەردانانەدا سەعات **١١**ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ‌شەممە **١٢**ی خاکەلێوەی **١٣٩٣**ی هەتاوی بەرامبەر بە **١**ی ئاپریلی **٢٠١٤**ی زایینی لە هەولێر سەردانی لاوانی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستانمان کردو لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشوازیمان لێ‌کرا:

**١:** ئومید خۆشناو، سکرتێری گشتی
**٢:** محەممەد حەمید!
**٣:** ڕووخۆش سەعید محەممەد!
**٤:** حوسێن گۆران!
**٥:** تەیموور تەیموور عەبداڵ!

پێداگر بوون لەسەر هێندێک شت دەکردەوە وەک:
تەنیا ئەو لێژنەیە دەناسین‌و جیا لەو لێژنەیە هیچ لێژنەیەکی دیکەمان قەبووڵ نیە. هەر دووبەرەکی نەکەوێتە نێو کۆنفرانس هیچمان ناوێ. لەهەر شوێنێک بێ بۆ ئێمە فەرق ناکاو چمان پێ بکرێ لە ڕاستای باش بەڕێوەچوونی کۆنفرانس حازرین بۆ هەموو هاوکاری‌یەکو... .
پاشان سەردانی ئەنجومەنی نیشتمانی لاوانی ڕۆژئاوامان کرد(تەڤگەرا جوانێن کورد)و لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشوازیمان لێ‌کرا:

**١:** سیپان زوبێر ئیسماعیل!
**٢:** چالاک ئەحمەد سلێمان!
**٣:** عیماد بەرچوو!
**٤:** کەنداڵ سبیخی!

ئەوانەش کۆمەڵێک پێشنیاری جوانیان کردو لەسەر یەکڕیزی لاوان زیاتر پێداگر بوون.
هەروەها کاتژمێر **٣**ی پاش نیوەڕۆ سەردانی لاوانی «بەدەپە«مان کردو لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشوازیمان لێ‌کرا:
**١:** باوەڕ باتمان!
**٢:** هێلبرین بایرام!
**٣:** میرزا بیلان!
کەسێکیش بە ناوی کاک ئارام گۆران دیلمانجمان بوو.

ئەوانەش پێشنیاری خۆیان خستەڕوو وەک: ئێوە وەک ڕۆژهەڵات یەکڕیزی خۆتان بپارێزن. ئەساسی کۆنفرانس یەکیەتی‌یەو لەسەر ئەو یەکیەتی‌یە ئێمە حازرین هاوکاریتان بکەین‌و .... .
لە درێژەی ئەو سەردانانەدا چوارشەممە **٢٠**ی خاکەلێوەی **١٣٩٣**ی هەتاوی بەرامبەر بە **٩**ی ئاپریلی **٢٠١٤**ی زایینی لە هەولێر لەگەڵ بەڕێز ڕەمەزان نوێنەری لاوانی «هاک پار» لە باکوور بوو، دانیشتمان کردو ڕاو بۆچوونەکانی سەبارەت بە کۆنفرانسمان پێ‌وت‌و گوێ بیستی سەرنجو پێشنیارەکانی ئەویش بووین. زیاتر پێداگربوو لەسەر؛ بەرژەوەندی نەتەوەیی تێدا حاکم بێ نەک ڕێکخراوەیی یان حیزبی. هەموو کەس بەشدار بن‌و کەس خۆی بە خاوەنی نەزانێ. هەر پارچەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیەو بە تایبەتمەندی خۆیەوە بێ جوانە.... .

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە **١٧**ی خاکەلێوەی **١٣٩٣**ی هەتاوی، سەردانی لاوانی پژاکیشمان کردو لە لایەن هەیئەتێکی

لاوانی سەربە پژاک لە شاری قەڵادزێ پێشوازیمان لێکرا.
دیارە لەو سەردان‌و چاوپێکەوتنانەدا سەردانی زۆر ڕێکخراوی دیکەمان کردوون‌و سەرنجو تێبینی‌یەکانی لێژنەمان پێڕاگەیاندوون، گوێشمان بۆ ویست‌و داخوازی‌و رەخنەو پێشنیاری ئەوانیش گرتوە.

لێژنەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵات
بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی پێوەندیدار بە چوارەم کۆنفرانسی
نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەوە!

٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧١٤ی کوردی
١٢ی ئاپریلی ٢٠١٤ی زایینی












## وتووێژی کوردکاناڵ سەبارەت بە ئاکامی سمیناری نوێنەرانی لاوانی چوار پارچە لەگەڵ سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دیمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری چوارەمین کۆنفرانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان!

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی بانەمەڕی ٢٧١٤ی کوردی کورتە وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز سەید جەلال ساڵحی لە بەشی هەواڵەکانی کوردکاناڵدا کرا. لەو چاوپێکەوتنەدا بەڕێزیان ئاوڕێکی گشتی دایەوە سەر کۆنفرانسەکانی پێشوو و پاشان راپۆڕتێکی گشتی سەبارەت بە سمیناری ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی‌بانەمەڕی ١٣٩٣ی‌هەتاوی کە نوێنەری سەرجەم ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان تێی‌دا بەشدار بوون بۆ باسو راوێژی هەرچی زیاتر سەبارەت بە چوارەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچە، دایەوەو باسێکی لە سمینارەکە کرد کە چەند بڕیارێکی سەبارەت بە شوێنو جێگاو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکەی تێدا دران. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە لەسەریەک سمینارەکە بەو هەموو ئایدیۆلۆژی‌یە جیاوازیانەوە لە کەشێکی دۆستانەدا بەڕێوەچوو.



# پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان ڕۆژی «لاوی کورد»!



هاونیشتمانانی خۆشەویست!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

لاوانی خۆڕاگرو نیشتمانپەروەر!

ئەمڕۆ ١٢ی جۆەزەردان، ٣١مین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ٥٩ ڕۆڵەی تێکۆشەری کوردە کە بەدەست جەللادە بیرتەسکو سەدە ناوەڕاستی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سێدارە دران.

بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی ئەو لاوە تێکۆشەرانەو ڕێزگرتن لە خەباتو تێکۆشانی نەتەوەی ستەملێکراوی کورد، لە یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات کە لە ٢٩ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاویە بەشداری هەمووڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتبەسترا، لە بڕیارێکی مێژوویی‌دا، ڕۆژی ١٢ی جوەزەردانیان وەک ڕۆژی لاوی کورد، دیاری کرد.

دیاریکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆەزەردان وەک رۆژی لاوی کورد، ئەگەرچی لەلایەک ڕێزگرتنە لە فیداکاریو خۆنەویستی ئەو ٥٩ لاوە قارەمانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە هەوێنێکە بۆ یەکڕیزیو تەبایی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان کە بە وزەیەکی زیاترەوە بەرەوڕووی بیری دیکتاتۆڕیو دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

١٢ی جوەزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی وەبیرهێنەرەوەی خۆڕاگریو نیشتمانپەروەری‌یە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە مرۆڤایەتی‌یەکان بەبێ چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشو خەڵاتێک.

١٢ی جوەزەردان بۆ لاوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بیری جەهلو نەزانی‌یە کە لەگەڵ ئەندیشەی مۆدێڕنو سەرەڕۆیانەی لاوانی کورد، بە هیچ جۆرێک گونجانی نییە.

ئێمە ڕیکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات لەم ڕوژە مێژوویی‌یەدا، وێڕای ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستانو ئەو ٥٩ لاوە خەباتگێڕەی نەتەوەکەمان، بەڵێن دوویات دەکەینەوە کە زیاتر لە ڕابردوو بە هاوکاریو هاوخەباتیمان لە پێناو وەدیی‌هێنانی ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەمان بە گشتیو لاوانی کورد بە تایبەتی هەنگاو هەڵبگرین.

جێگای خۆیەتی لێرەدا بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو ٥٩ لاوە، لە بەرەبەری نێزیک بوونەوەی چوارەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانیچوار پارچەی کوردستان،هەموو ڕێکخراوەکانی چوار پارچەبە ئەزموون وەرگرتن لە کۆنفڕانسی سێهەم، بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدەن ئەم کۆنفڕانسەمان تووشی هیچ کێشەیەک ببێو بە توندترین شێوە، بەرەنگاری هەر چەشنە بیرێکی پاوان‌خوازیو بەرژەوەندی‌خوازی ببنەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو ٥٩ لاوە شەهیدەو هەموو شەهیدانی نیشتمانەکەمان!

بەرزو پیرۆز بێ یەکڕیزیو تەبایی!

ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی

٢٠١٤/٦/٢ی زایینی

ناوی ڕێکخراوەکان:

١:یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران!

٢: کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات!

٣: یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

٤: ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو!

٥: ناوەندی لاوانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران!

٦: لاوانی پارتی سەربەخۆیی!

٧: ڕێکخراوی لاوانی یاری کورد!

٨: گرووپی کاری لاوانوقوتابیانی پارتی ئازادیی کوردستان!

# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ١٢ ی جۆزەردان، ڕۆژی لاوی کورد

لاوانی خۆڕاگر!

کیژان‌و کوڕانی وڵاتپارێز!

بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی **٥٩** لاوی خۆڕاگری وڵاتەکەمان لە ڕۆژی **١٢**ی جۆزەرداندا، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی‌و مرۆڤی سەری ڕێزو نەوازش بۆ رووحی پاکی سەرجەم ئەو ئوستوورانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنوێنین‌و بەڵێنی ئەمەگناسی‌و وەفاداری بۆ ڕێبازی پڕ لە شانازی ئەو لاوە نیشتمان‌پەروەرانە دووپات دەکەینەوە.

ڕۆژی **١٢**ی جۆزەردان لە ڕۆژمێری نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هێماو نوێنگەی خۆڕاگری‌و باوەڕبەخۆبوونی لاوانی کورد لە بەرامبەر داگیرکاران‌و دوژمنانی نەتەوەی کوردەو هەر بەو پێیە ئەم ڕۆژە لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە توێژی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو «ڕۆژی لاو» دیاری کراوە.

بێ‌گومان دیاری کردنی **١٢**ی جۆزەردان وەکوو «ڕۆژی لاو» هەنگاوێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هاوکات هەوڵێکە بۆ زیندوو ڕاگرتنی قارەمانییەتی ئەم پۆلە لاوە شەهیدە لە حافیزەی مێژوویی نەتەوەی کوردا.

یەکیەتی لاوان لە ڕۆژی **١٢**ی جۆزەرداندا هیواخوازە کە لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەست بە بەرپرسیایەتی نەتەوەیی‌و نیشتمانی خۆیان‌و هەروەها بە نیشانەی ئەمەگناسی بۆ سەرجەم لاوانی شەهیدی وڵاتەکەمان بە هەمووشێوازو میکانیزمێک بەردەوامی بە خەبات‌و تێکۆشان دژی داگیرکەرانی نیشتمان بدەن.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی

# ئاوڕدانەوەیەک بەسەر مێژووی جامی جیهانیدا
# {٢٠ خولو ٢٠ فیناڵ}




ئا: س.ج. سالحی

بەڕێوەچوونی جامی جیهانی گەلاڵەیەک بوو کە ساڵانێک «ژوول ریمە»ی فەڕانسەوی، سێهەمین سەرۆکی فیفا لە زەینیدا بوو و بیری لێ دەکردەوە. بەرلە جامی جیهانی، کێبەرکێ نێونەتەوەییەکانی تۆپی پێ تەنیا لە چوارچێوەی ئۆلەمپیکدا بوو واتە، تۆپی پێ کەوتبووە ژێر سێبەری وەرزشەکانی دیکەی ئەم یارییانەدا.

لە ساڵی **١٩٢٩**ی زایینیدا فیفا بۆ بەڕێوەچوونی یەکەم خولی جامی جیهانیو دیاری کردنی شوێنی بەڕێوەچوونی یارییەکان لە دانیشتنێکیان لە بارسلۆن بڕیاریان دا کە ئۆرۆگۆیە قارەمانی «تۆپی پێ»ی ئۆلەمپیک لە ساڵی **١٩٢٤**دا، بۆ ساڵی دواتر ببێتە خانەخوێی یەکەم خولی جامی جیهانی.

کورتە ئاوڕدانەوەیەک بەسەر **٢٠** خولی ئەم یارییانەو فیناڵی خولەکانی پێشوو واتە، لە قارەمانەتی ئۆرۆگۆیە لە وڵاتی خۆیان تا سەرکەوتنی ئاڵمان لە ماڵی برازیل دا؛

بەشی تیمەکانی ئامریکای باشوور (برزیل، ئارژانتینو ئۆرۆگۆئە) لە بەدەست هێنانی جام بۆ وڵاتەکەیان **٩** جار بووەو **١١** جاریش ئوروپاییەکان (ئیتالیا، ئاڵمان، ئینگلستان، فەڕانسەو ئیسپانیا) شانسی بردنەوەی ئەو جامە بەنرخەیان بووە.

**١: جامی جیهانی ئۆرۆگۆیە (١٩٣٠):**

لە یەکەم فیناڵی مێژووی جامی جیهانی کە لە ڕێکەوتی **٣٠**ی ژوئیەی **١٩٣٠**ی زایینیدا لە «مونتەویدئو»، پێتەختی ئۆرۆگۆیە بە بەشداری **٩٣** هەزار تەماشاچی لە نێوان دوو تیمی ئارژانتینو ئۆرۆگۆیەدا بەڕێوەچوو کە لە یارییەکی پڕ گوڵدا، خانەخوێ سەرکەوت، یانی ئارژانتینی **٤** بە **٢** شکست داو نازناوی یەکەم قارەمانی مێژووی جامی جیهانی بۆ خۆی تۆمار کرد. شوێنی بەڕێوەچوون یاریگای «سنتەناریو» لە «مونتەویدئو» بوو.

دوایین گوڵی ئۆرۆگۆیە یاریزانێک بە ناوی «هکتور کاسترو» کە لە **١٣** ساڵیدا بەهۆی مشاری کارەباییەوە دەستی قرتابوو، لێیدا.

«گیرمو استابیلە»ی ئارژانتینی بە لێدانی **٨** گوڵ لە **٤** یاریدا بۆوێنە گوڵێک لە فیناڵدا، بووە باشترین گوڵزەنی ئەم کێبەرکێیانە.

لەم خولە یاریانەدا تەنیا **١٣** تیم بەشدارییان کرد کە بەشی سەرەکی ئەوانە تیمەکانی ئامریکای باشوور پێکیان دەهێنا. لە ئوروپادا تەنیا تیمەکانی بێلژیک، یۆگۆسلاوی، ڕۆمانیو فەڕانسە توانییان لە یارییەکاندا حوزووریان هەبێ.

**٢: جامی جیهانی ئیتالیا (١٩٣٤):**

یارییەکانی **١٩٣٤**ی زایینی بە خانەخوێی ئیتالیا لە ژێر سێبەری فاشیزم لەم وڵاتەدا بەڕێوەچووو وڵاتی فاشیستی «بنیتو موسولینی» لەم کێبەرکێیانەدا بۆ مەبەستە سیاسییەکانی خۆی کەڵکی وەرگرت، وەک کارێک کە دوو ساڵ دواتر هیتلێر لە ئۆلەمپیکی مۆنیخدا ئەنجامی دا. ئەم جامە لە ڕێکەوتی **١٠**ی ژوئەنی **١٩٣٤**ی زایینی لە یاریگای «ناتسیوناله» لە ڕۆم پێتەختی ئیتالیا بە بەشداری **٥٥** هەزار تەماشاچی دەستی پێ کرد.

دوو تیمی ئیتالیا و چێکۆسلۆواکی لە فیناڵدا کەوتنە یەک، لە ئاکامدا **١** بە **١** کۆتایی هاتو کار کەوتە کاتی ئیزافی (یەکێک لەو شەش فیناڵەی کە کەوتە کاتی ئیزافییەوە) کە سەرەنجام ئیتالیا بە لێدانی گوڵێک لە لایەن «انجلو اسکیاوو» بووە یەکەم وڵاتی سەرکەوتووی ئوروپا.

www.lawan.com
١٠٣
Lawan j: 53-54 Salî 27141 kurdî

٣: جامی جیهانی فەڕانسە (١٩٣٨):

ئەم جام لە ڕێکەوتی ١٩ی ژوئەنی ١٩٣٨ی زایینی لە یاریگای «المپیک دوکلمب» لە پاریس پێتەختی فەڕانسە بە بەشداری ٤٥ هەزار تەماشاچی ساڵێک بەرلە شەڕی دووهەمی جیهانی بەڕێوەچوو.

ئۆرۆگۆیە و ئارژانتین بە نیشانەی ناڕەزایەتی دووبارەی خانەخوێی ئوروپا بەشداریان نەکردو تەنیا کووبا و بڕازیل لە قوڕنەی ئامریکا نوێنەرایەتی‌یان کردن.

ئیتالیا، قارەمانی خولی پێشووو مەجارستان لە یاری فیناڵدا کەوتنە ڕووبەڕووی یەکتر کە ٤ بە ٢ بە قازانجی ئیتالیا کۆتایی پێ‌هات. بەم شێوەیە ئیتالیا بە ڕێنیشاندانی سەرلەنوێی «ویتور پوتسو» یەکەم تیمێک بوو کە دووبارە جامەکەی بردەوە.

«جینو کوالائوسی» و «سیلویو پیولا» هەرکام ٢ گۆڵیان بۆ ئیتالیا تۆمار کرد.

«لئونیداس دا سیلوا»ی بڕازیلی بە لێدانی ٨ گۆڵ لە ٤ یاری‌دا وەک باشترین گۆڵ‌زەن ناسێندرا. ئەمە دوایین جامێک بوو کە بەرلە شەڕی دووهەمی جیهانی بەڕێوەچوو کە بە دەست پێ‌کردنی شەڕی جیهانی ١٢ ساڵ ڕاگیرا واتە، لە ساڵی ١٩٣٨ تا ١٩٥٠ی زایینی هیچ جامێک بەڕێوە نەچوو.

٤: جامی جیهانی بڕازیل (١٩٥٠):

ئەم خولە لە ڕێکەوتی ١٦ی ژوئیەی ١٩٥٠ی زایینی لە «ماراکانا ریودو ژانیرو»ی بڕازیل بە بەشداری ١٧١ هەزار تەماشاچی بەڕێوەچوو. ئەم خولە لە ڕوانگەیەکەوە جیاواز بوو؛ واتە، تەنیا خولێک کە چوار تیمی سەرەتای قۆناغی گرووپەکە یانی ئۆرۆگۆیە، بڕازیل، سوئێدو ئیسپانیا چوونە سەرێ‌و کەوتنە گرووپی فیناڵیستەکانەوەو ئۆرۆگۆیە بە بەدەست هێنانی زۆرترین ئیمتیاز لە کۆی سێ یاری‌یەکە کەوتە بانەوەو وەک قارەمانی ئەم خولە ناسێندراو تیمەکانی بڕێزیل، سوئێدو ئیسپانیا بەڕیز بوونە دووهەم، سێهەم‌و چوارەم.

تیمە بریتانیایی‌یەکان (وێلز، ئینگلستان، ئیرلەند، ئیسکاتلەند) پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٢٩ی زایینی‌دا بەهۆی نەدانی پارەی یاری‌زانەکانی ئاماتۆر لە فیفا دەرکرا، پاش ٢١ ساڵ دووبارە بۆوە ئەندامی فیفا و ئینگلستان بە حوزووری لەم خولەدا، یەکەم تیمی بریتانیایی بوو کە لە جامی جیهانی‌دا بەشداری دەکرد.

«مارکوس ادمیر» لە بڕازیل‌دا بە لێدانی ٦ گۆڵ لە ٧ یاری‌دا بە باشترین گۆڵ‌زەنی ئەم خولە ناسرا.

٥: جامی جیهانی بێرن (١٩٥٤):

ئەم جامە لە ڕێکەوتی ٤ی ژوئیەی ١٩٥٤ی زایینی لە «وانکدورف اشتادیوم»ی بێرن بە بەشداری ٦٤ هەزار تەماشاچی بەڕێوەچوو کە یەکێک لە باشترین فیناڵەکانی مێژووی جامی جیهانی‌یە کە بە «مۆعجیزەی بێرن» بەناوبانگە. مەجارستان کە بە توانایی‌و ئامادەییەکی تەواوە گەیشتبووە فیناڵ (٢٧ گۆڵ لە ٥ یاری‌دا) لە ژێر بارانێکی توندا، کەوتە بەرامبەر هاوگرووپی ئاڵمانی ڕۆژئاوا (یاری کردنی دوو تیم ٨ بە ٣ بە قازانجی مەجارستان کۆتایی هات)و لە ٨ خولەکدا بە دوو گۆڵی «پوشکاش» و «ژیبور» دوو بە سیفر وەپیش کەوت. ئاڵمانی ڕۆژئاوا هەر دوو گۆڵەکەی لە ١٠ خولەکی دواتردا قەرەبوو کردەوەو لە کۆتایی‌دا گۆڵی سێهەم بەهۆی «هلموت ران» لە خولەکی ٨٤دا تۆمار کرا.

ئاڵمانی ڕۆژاوا کە پاش کۆتایی شەڕی جیهانی‌و جیابوونەوەی لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات‌و خولێک بێ‌بەش بوون لە بەشداری کردن، بۆ یەکەم جار دەهاتەوە نێو یاری‌یەکان، لە یەکەم ئەزموونی بەشداری کردنی لە جامی جیهانی‌دا وەک قارەمانی ئەم یاری‌یە سەرکەوت.

«ساندور کوچیس» لە مەجارستان بە لێدانی ١١ گۆڵ وەک باشترین گۆڵ‌زەن دەست نیشان کرا.

٦: جامی جیهانی سوئێد (١٩٥٨):

ئەم جامە لە ڕێکەوتی ٢٩ی ژوئەنی ١٩٥٨ی زایینی لە یاریگای «ڕاسوندا»ی «سولنا» بە بەشداری ٥٢ هەزار تەماشاچی بەڕێوەچوو.

بۆ یەکەم جار یاری‌یەکان لە تەلەڤیزیۆن‌دا بڵاوبۆوە.

ئەم جامە گۆڕەپانی درەوشاوەی ئەستێرەگەلێکی وەک «ژوست فانتن»، «بابی چارلتون» و «گارینشا» بوو.





ئـەوەی جێی سەرنجە ئەستێرەی تەمەن ١٧ ساڵەی تیمی نەتەوەیی بڕازیل «پلە» یاریزانی ئەفسانەیی مێژووی تۆپی پێی جیهان لەم خولەدا زیاتر لە هەمووان لەسەر زمانان بوو.
بڕازیل بە ئەستێرەگەلێکی وەک «پلە»، «ماریو زاگالو»(دیارە لە ساڵی ١٩٧٠دا لە رۆڵی راهێنەردا بڕازیلی گەیاندە پلەی قارەمانەتی)، «واوا» و «گارینشا» لەگەڵ سۆئێد کەوتنە یەک کە بۆ یەکەم جار گەیشتە فیناڵی جامی جیهانی.
لە یاری فیناڵدا «پلە» ئەستێرەی لاوی بـڕازیـل دوو گـوڵ، «واوا» دوو گوڵو «ماریو زاگالو»ش یەک گوڵ بۆ بڕازیلیان تۆمار کردو بڕازیل پاش ٢٨ ساڵ لە دەستپێکی جامی جیهانیو بەشداری کردنی لە ٦ خولدا بۆ یەکەم جار ئەم جامەی بـردەوە.
«ژوسـت فانتن»ی فەڕانسەوی بە لێدانی ١٣ گوڵ لەم یارییانەدا ناوی خۆی وەک باشترین گوڵزەنی تـەواوی خولەکانی جامی جیهانی لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا تۆمار کرد.
ئەمە تەنیا خولێک بوو کە تیمێکی غەیرە ئورووپایی لەو کێبەرکێیانەی کە لە ئورووپادا بەڕێوەدەچوو، توانی نازناوی قارەمانەتی بە دەست بێنێ.

٧: جامی جیهانی بڕازیل(١٩٦٢):
ئـەم جـامـە لـە رێـکـەوتـی ١٧ی ژوئەنی ١٩٦٢ی زایینی لە یاریگای «ناسیونال»ی سانتیاگۆ بە بەشداری ٦٨ هەزار تەماشاچی بەڕێوەچوو. دوو تیم لە ئورووپای رۆژهەڵات(یۆگۆسلاویو چێکۆسلۆواکی) و دوو تیمیش لە ئامریکای لاتین(بڕازیلو شیلی) چوونە قۆناغی نیوەکۆتایی. چێکۆسلۆواکی ٣ بە ١ لە یۆگۆسلاوی بـردەوەو بڕازیلیش کەوتە بەرامبەر شیلیو ٤ بە ٢ بە قازانجی بڕازیل کۆتایی هات.
لـە یـاری فیناڵدا بـڕازیـل ٣ بە ١ چێکۆسلۆواکی شکست داو بۆ دووهەمین جار بە دووی یەکدا نازناوی قارەمانی جامی مسۆگەر کـردەوە.
